# شانۆناسی

## نیهاد جامی

٢٠٢٠



ناوی کتێب: شانۆناسی

ناوی نووسەر: نیهاد جامی

جۆری کتێب: شانۆیی

دەرهێنانی هونەری: نووسەر

تیراژ: ٥٠٠

چاپ: چاپخانەی رۆشنبیریی

لـــــەبڵاوکراوەکانی بەڕێوبەرایـــــەتی ڕاگەیانـــــدن وچـــــاپ وبڵاوکردنەوەی هەولێر ٢٠٢٠

## دەستپێک

ئاخۆ ئەوە هەولێکە بۆ ناسینی شانۆ؟ یاخود دەرگایەکە بۆ چوونە ژوورەوە لەودیوو ناسینەوە؟

کتێب ناتوانێت دەرگایەکمان بەڕوودا بکاتەوە، بەڵکو ئەوە ئێمەین ئەو درزە دەدۆزینەوە کە چۆن خۆمان بە دەرگاکەدا دەکەین و لێی دەچینە ژوورەوە، ئەو کتێبەش شانۆمان پێ ناناسێنێت، هێندەی لەبەردەم چوار کۆمەڵە ئاراستەی جیاواز رامان دەگرێت، سەرەتا وەك پڕۆسەی نووسین قسە لەبارەی بۆشاییەکانەوە دەکات، تاوەکو بزانین چۆن دەتوانین لەبۆشاییەکانی نووسین تێبگەین، ئەوە مەودای نێوان خوێنەرە لەگەڵ کتێبدا، بۆ ئەوەش قسە لەدوو نووسەری شانۆیی دەکات، ئەوانیش سارا کەین و محەمەد یەعقوبیە، دوو نووسەری سەر بە دوو کولتووری جیاواز، تاوەکو بتوانین لەو دوو دنیابینیەوە لەو بابەتە نزیك بکەوینەوە.

وەك چۆن هەمیشە قسەمان لەشانۆی کلاسیك کردووە وەك مەعریفەی سەرەتایی، بەڵام نەمانتوانیووە لەو باسانە نزیك بکەوینەوە کە لەناو ئەو شانۆیەدا بوونی هەبووە، کە سەرەتاکان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بۆیە لەبەشێکی سەربەخۆ بۆ ناسینی شانۆ دێینە سەر ئامادەبوونی مال لەشانۆدا،



ئەو سەفەرە بە ئۆدیب دەست پێدەکات و بەناو تێکستە مۆدێرنەکان درێژ دەبێتەوە.

ئەو کتێبە چونکە تایبەت نیە بە بابەتێکەوە، بۆیە لەسەرەتاوە کەلەژێر ناونیشانی شانۆناسی خۆی کۆکردۆتەوە، دەیەوێت لەگرنگترتین ئەو باسە فەرامۆشکراوانە بێتە قسەکردن و تیایدا ئەزموونی شانۆکارێك یان شانۆنووسێك وەربگرێت.

بابەتی جەستە و کولتوور ئەو دوو بابەتە گرنگەی ناو شانۆی ئێمەن کەساڵانێکی زۆرە قسەیان لەبارەوە دەکەین و کەمتر لەسەر بنەچەکە و میتۆدەکانی وەستاوین، ئەو بابەتە کە بۆخۆی باسێکی کۆمەڵناسی شانۆییە، بۆیە ئێمەش هەوڵمانداوە لەو ڕوانگەیەوە قسە لەئەزموونی شانۆکاری ژاپۆنی تادداشی سوزوکی و تێگەیشتنە کولتووریەکانی بۆ جەستە بخەینە ڕوو.

بەدرێژایی ئەو کتێبە مەبەستمانە جیاوازیی و دیدی هاودژ نیشان بدەین، بۆیە لەبەشی دواتر لەبارەی چۆنیەتی تیۆر و شانۆ دێینە سەر شانۆنامەکانی نوسەری عێراقی خەزعەل ئەلماجدی و لەسەر تێکست و ڕوانینە شانۆییەکانی دەوەستین.

هەموو ئەوانە دەمانبەنە ناو ساتەوەختێك بۆ بیرکردنەوە، کە پەیوەندی نێوان شانۆ و بیرکردنەوەیە، بۆیە ئەو بەشە لەو کتێبە کەوەك دوا بەشی کتێبەکەیە هەوڵێکیترە بۆ بیرکردنەوەی شانۆیی ئێمە بەتایبەت لەچۆنیەتی گوتاری کوردبوون لەشانۆدا،

**کە ئومێد دەکەم ببێتە ئاراستەیەکیتر بۆ بیرکردنەوە لەچۆنیەتی کارکردنمان بۆ کاری شانۆیی.**

11/9/2019

# بۆشاییەکانی نووسین

کاتێك دەمانەوێت بەدوای بۆشاییەکانی نووسین بگەڕێین, ئەوە کارێکە بێویستی خۆمان گەڕانە بەدوای بەدوای منی خوێنەر و ئەوی نووسەر, ئەوەی دەکەوێتە نێوان ئێمە ئەوە بۆشاییەکانی نووسینە, ئەو بۆشاییانە لەڕێگەی سەر لەنوێ نووسینەوە دەکەوینەوە ناو خوڵقاندنەوەی مانا.

بۆشاییەکانی نووسین هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەساتەوەختی کردەی خوێندنەوە تاوەکو مانا بە تێکست ببەخشینەوە, بەخشینێك وابەستەی خوێندنەوەی بۆشاییەکانە لەڕێگەی نووسینەوە.

ئەوە خوێندنەوەی ڕەخنەیی نیە, هێندەی ئامادەبوونی منی خوێنەر لەبەردەم کردەی خوێندنەوەدا, منی خوێنەر چۆن هەوڵی نووسینەوەی ئەو بۆشاییانە دەدەم کە دەکەونە نێوان من و تێکست, ئاخۆ ئەو نووسینەوەیە ڕزگارکردنی منە لەناو پەیوەندیی نووسەر بە تێکست؟ یاخود ئازادبوونی منە لەناو تێکستدا؟ ئەو کاتەی ئاوا سەیری ئەو پەیوەندیە دەکەم, دنیابینی شانۆیی دوو نووسەر بۆ من دەبنە جێگای سەرنج وتێڕامان, دوو نووسەر لەناو دووکۆمەڵگا وکولتوور جیاوازدا.



سارا کەین بەدوای پێنج شانۆنامە خۆی دەکوژێت و کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێت, ئەو دەمەی شانۆگەری (خولەکێك بێدەنگی) محەمەد یەعقوبی دەخوێنمەوە, کارەکتەری شانۆنامەکەی بەهۆی شانۆنامەکان و نووسینەکانی ڕووبەڕووی کوشتن دەبێتەوە.

لێرەدا بیرۆکەی بۆشاییەکانی نووسین دێتە بوون, بۆ ئەوەی نووسەر لەناو تێکست بەرینە ناو پڕۆسەی ئازادبوونی بیرکردنەوە, ناتوانین تۆماری مێژوویی و بیبلۆگرافیای ژیانیان ئەنجام بدەین, ئەوە کاری ئێمە نیە, ئەوە کاری ڕۆژنامەنووسانەکان و دەزگا ئەرشیفیەکانە.

ئەوە لەپڕۆسەی بیرکردنەوە منی خوێنەر ڕووبەڕووی تێکست ڕادەگرێت, کە بۆشاییەك دەکەوێتە نێوانمان, ئەوە بۆشاییەکانی نووسینە, بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییانە بخوێنینەوە, دەبێت بگەڕێینەوە ناو تێکستی نووسەرەکان و لەوێوە کردەی خوێندنەوە دەچێتە سەر ئەو دنیابینیە شانۆییانەی کە نووسەرەکان بنیاتیان ناوە, دنیای شانۆیی تایبەت بەوان, کە ئێمە لەڕێگەی خوێندنەوەو چارەسەریە درامیەکان دەمانەوێت ببن بە دنیای شانۆیی ئێمە, دنیای خەون و خەیاڵاتەکانمان, دنیای ڕاستەقینەی بوونی ئێمە, لە کێشوەری ڕاستەقینەی بوون, کە کێشوەری شانۆیە, لەڕێگەی ڕەنگ و خەون و مرۆڤی

ڕاستەقینە بێ دەمامکی ئەخلاقی و ترس لەدەسەلأتە تۆقێنەرەکان.

## شەڕ و سێکس و مەرگ لەدنیابینی شانۆیی سارا کەین

سەیرکردنمان بۆ تێکستی شانۆیی، زادەی تێگەیشتنە بۆ لۆژیکی درامی، بەلأم ئەو لۆژیکە درامیە ڕێسایەکی نیە تاوەکو لەوێدا جێگیر ببین و ئیدی ئەو لۆژیکە لەناو ڕێسایەکی دەست نیشان کراو بمێنێتەوە، بەتایبەت ئەو دەمەی ڕووبەرووی فۆڕمێکیتری نووسین دەبینەوە، ئەوە وامان لێدەکات لەئاستی جیاواز و لەدنیابینی تێکستەوە بێینە ناو جیهانبینیە شانۆییەکەوە، تێکستە شانۆییەکانی سارا کەین کە پێنج شانۆنامەیە و باران لە سویدیەوە کردوویەتی کوردیی، ڕووبەرووی ئەو تێگەیشتنە شانۆییەمان بۆ تێکست دەکاتەوە، کە نووسین لەناو فۆڕمی تێکستی شانۆنامە لەچەند ئاستێکی بیرکردنەوەی شانۆیی دەمانباتە ناو بونیادی زمانەوانی و دەلالی و پرسیارکردن لەشوناسی ئەخلاقی زمان.

گەر بپرسین نووسەر کێیە؟ ناچینە سەر تێگەیشتنی نووسەران بۆ وەلأمی ئەو پرسیارە، هێندەی بەرەو ڕەوانیەکی ڕوونی پرسیار دەلێین نووسەر ئەو



ناوەی ئیمزاکەی دەچێتە سەر تێکست، لێرەدا ژنێکە کە پێنج شانۆنامە دەنووسێت و دواتر خۆی دەکوژێت، دواهەمین شانۆنامەشی وەك دەستنووسی تەواو نەکراو بەجێ دێلێت، لێرەوە خوێندنەوەی پەیوەندیی نێوان نووسەر و تێکست هەمیشە دەیەوێت ئەو کەلێنی پەیوەندییە بە خوێندنەوەی بیۆگرافیانە پڕ بکاتەوە، کە نووسەر لەناو تێکست بڕیاری داوە کە خۆی بکوژێت، یاخود تێکستی خۆکوژی بنووسێت.

ئەو دەرەنجامانە بڕیاری پێشووەختەی خوێندنەوەن، کە پشت بە خوێندنەوەی ژیاننامەی نووسەر دەبەستن، کە چارەنووسی ڕاکردن بووە لە یادەوەریەك کە دۆخە دەروونیەکەی پالٚیناوە بەرەو خۆکوشتن، لەهەندێك تۆماری مێژوویی باس لەو لاقە کردنە سێکسیەی دەکرێت کە لەتەمەنێکی بەراییەوە لەناو خانەوادەکەی خۆی ڕووبەرووی بۆتەوە.

ئەوانە تۆماری مێژووین، ئێمە فیلمی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیانی نووسەر درووست ناکەین، تاپشت بەو دیکۆمێنتانە ببەستین، بەلٚکو دەمانەوێت لەناو بونیادی تێکستەوە پرۆسەی خوێندنەوە و ئاستەکانی زمان و مانا بدۆزینەوە،

بۆیە بەهیچ جۆرێك بەرەو ژیاننامەی نووسەر ودیکۆمێنتەکانی ئەو ژیاننامەیە نایەین, کارمان تەنها لەگەڵ تێکستە و تێکستێکیش وەك بونیادی زمانەوانی سەربەخۆ سەیر دەکەین, ئەوەش لەدەرەنجامدا ئێمە ڕووبەرووی خوێندنەوەی پێنج تێکستی شانۆیی دەکاتەوە کە سارا کەین نووسیویەتی.

شانۆگەری "تەقینەوەکان" کاتێك ڕووداوەکانی لەهاتنی ژن وپیاوێك بۆ ئوتێلێك دەیبینین, تێدەگەین لەوەی جەنگ بەتەنیا جەستەی مرۆڤەکان بەرەو مەرگ نابات, هێندەی مرۆڤ تەنیا دەکات, تەنیایی مرۆڤ لەجەنگدا, دوورخستنەوەیەتی لەتەواوی ئەو ئارامیە ڕۆحیە, ژیانی تەسلیمی ساتەوەختێکی نادیار دەکات, ترس ونیگەرانیەکانی مرۆڤ, ڕۆیشتنە بەرەو مەرگ, مەرگێك ئەوان لێی ڕادەکەن, کەچی بۆخۆیان لەگەڵ لەدەرگادان مەترسی ڕووبەروو بونەوەی دەکەن.

کەشی ئوتێلەکە وێنەی ناخی ئەو مرۆڤانەیە کە بەرەو ڕووی دێن, لەبوونی سیسەمێك کە بۆ خەوتن وئارامی نیە, هێندەی بۆ ساتەوەختێکی سێکسیە, چونکە هەموو موفرەدەکانی تر بەرزدەبنەوە بەرەو لای ئەو پرۆسە سێکسیە, لەبوونی "سیسەمێکی دوو کەسیی گەورەی لێیە. بارێکی بچکۆلە وبتڵێك شەمپانیا لە دەفرێکدا.



تەلەفۆنێك. چەپکێك گوڵی گەورە. دوو دەرگا- یەکێکیان دەچێتەوە سەر ڕاڕەوی هوتێلەکە ئەوی تریان دەرگای گەرماوە" **تەقینەوەکان/ سارا کەین, وەرگێڕانی: باران, دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم, 2016, لا 15**

چەپکە گوڵ وەك ئاماژەیەك بۆ خۆشەویستی لەڕێگەی سیمبولی دڵداری وەك جوانی و بۆن, بارێکیش بۆ ئەوەی ئەو سیمبولە بەرەو مەستی بیانبات و مەست بوونێك بە سێکسکردن کۆتایی بێت, ئەوە بۆ وروژاندنی سێکس نیە, هێندەی ناخی ترساوی کارەکتەرە, لەپێداویستیەکانی کە لەڕێگەی ترسەوە دەیەوێت بەجۆرێکیتر وێنای بوونی ترساوی خۆی بکات.

کرداری کارەکتەرەکان لەگەڵ کەشی ژوورەکە کردەیەکی هارمۆنی دەخولقێنن, کە ئەوان ئەو ڕاکردووانەی ناو جەنگن, کە هیچ چێژێك لەژیانیان بوونی نەماوە, جگە لەگەڕان ودەرفەت بەدوای حەزە ناخیە پەنگخواردووەکان, کە ناخی کارەکتەر و دیمەنی ژوورەکە یەك وێنەی ئیرۆتیکی بەرجەستە دەکات.

ئیان هەست دەکات جەستەی بۆگەنی گرتووە, خێرا بەرەو گەرماوەکە دەڕوات, ئەوە پاککردنەوەی جەستەیە لەپێناو بیرکردنەوەو بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەیەکی سێکسی.

ئەوەی لەو سەرەتایە جێگەی تێڕامانە، مەیلی سێکسی وترسە لە مەرگ ئەو دووانە وەك مۆتیڤێکی ناو دیمەنەکە وێنای تەواوی بونیادی نەستی کارەکتەر دەکەن، بۆیە دەمانچەکە وەك دەلالەتێکی ترس خۆی دەخاتە ڕوو.

ئێمە لە فرۆیدەوە ئەوە فێر بووین مرۆڤی تۆقیوو ئەو کەسە ترساوەی کە بە فۆبیا ناوی دەبات، لەساتی هێرشکردندا بۆ ئەوە هێرش دەکات، تا پارێزگاری لەناخی ترساوی خۆی بکات، واتە هێرشکردنی داکۆکیکردنە لەبوونی خۆی، ئیان لەهەستکردن بە نێرایەتی نیە کە دەمانچەکە هەڵدەگرێت، بەڵکو ترس لەمەرگ بەرەو ئەو چەکەی دەبات.

ئەو ترسە بەتەنیا لەوانە نیە کە هێزی چەکدارن، بەڵکو ترس لەغەریبەکان هۆکاری توڕەییەتی، واتە ئەو حالەتە فۆبیاییە هێرشکردنی جەستەیی و ڕەمزیە، جەستەیی لەڕێگەی بەکارهێنانی دەمانچە و ڕەمزیی لەڕێگەی قسەکردن بەغەریبەکان "ڕقم لەم شارەیە. بۆگەنی گووی لێ دێت. دۆم وپاکستانی گرتویانەتەوە" تەقینەوەکان، لا 18

مەیلی سێکسی کارەکتەر بەرەنجامی سەرسامی وخۆشەویستی نیە، هێندەی ترس لەتەنیایی دەیەوێت ئەو کارەی بۆ ئەنجام بدات، ئەوە شکستی خودی کارەکتەرە کە ڕێگا نادات شتێك ڕوو بدات خۆی بۆ کیت ڕووت دەکاتەوە، کیت کە گۆشتی بەراز



ناخوات ڕەنگە سەخت بێت لە گۆشتی جەستەی ئەو بۆ وروژاندنی سێکسی بخوات، ئەوە بۆ کیت هیچ مەیلێکی سێکسی تیا نیە، هێندەی وێنەیەکی کاریکاتۆریە "ئیان سەیری جلەکانی خۆی دەکات دەچێتە ئەو لاوە، هەموو جلەکانی دادەکەنێت و بەڕووتی لەبەردەمیدا دادەنیشێت) بیخە دەمتەوە. (کەیت دەحەپەسێت. پاشان دەست دەکات بەپێکەنین) ئیان: نایکەی؟ نا. چونکە بۆنم ناخۆشە؟ (کەیت ئەوەندەی تر پێدەکەنێت) ئیان خەریکە جلەکانی لەبەر دەکاتەوە، بەڵام لەشەرمەزاریدا، بەهەڵە قۆپچەکان دادەخات، جلەکانی کۆ دەکاتەوە ودەچێت لەگەرماوەکە خۆی دەگۆڕێت" تەقینەوەکان، لا 22

کیت لەدۆخێکی دەروونیدایە و توانای سێکسکردنی نیە لەگەڵ ئیان، بۆیە خۆی لێ بەدوور دەگرێت، ئەو خۆ بەدوورگرتنە بۆ ئیان وەك ئازارێك وایە، ئەوە هۆکارێکە کە هەرچۆنێك بێت دەستی کیت دەباتە ناوگەڵی خۆی تا دادەمرکێتەوە.

لێرەدا ئەو وێنەیە بۆ مەیلی سێکسی لەلای کیت تەواو لەناو ترس و ئازارێك کاڵبۆتەوە، نووسەر ئەو وێنەیە ناخاتە ناو وێنەیەکی مەجازی زمان و دەلالەتێکی هونەریەوە، هێندەی وەك وێنەیەکی سرووشتیانەی سێکسی ناو ژیان دەنووسێتەوە، سێکس لەو وێنەیەدا لەنزمە منی بگۆ دێتە ناو ئاخاوتن، ئەو وێنەیە پەردە لەسەر دەمامکە ئەخلاقیەکانی کارەکتەر لادەبات،

**که سێکس نەکردن و نەبوونی مەیل لەلای کیت بۆ ئیان، دوو نهێنیمان بۆ دەخاتە ڕوو، یەکێکیان ئەوەیە کە پێشتر ئەوان پێکەوە خەوتوون، ئێستا بۆ ئامادەی ئەوەی تیا نیە؟ ئاخۆ ئەو نەخەوتنە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کیت پەیمانی بە کارەکتەرێکی نادیار داوە بەناوی شاون کە ئیتر هی ئەو بێت؟ ئایا شاون هۆکارە یاخود دۆخێکی دەروونی هۆکارە؟ یا نهێنیەکە لەکوێدایە؟**

**ئێمە بۆ ئەوەی بگەین بەوەڵامی ئەو پرسیارە لەسەر دوو ئاست دەوەستین، یەکەمیان ئەوەیە کە کیت ئێستا شاون لەژیانیەتی ئەوە هۆکارێکە کە ڕێگا بەخۆی نادات لەگەڵ ئیان بخەوێت "کیت: من چیتر دەزگیرانی تۆ نیم" لا** 31

**تائێرە دۆخێکی سرووشتیە، کە ئەوە هۆکاری نەخەوتن بێت، بەڵام لێرەدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە گەر وایە بۆ لەگەڵی هاتووە تا لە ئوتێل بمێنێتەوە؟ ئێمە لەسەرەتاوە ئەوان وەك دوو خۆشەویست دەبینین، ئیان ووتەنی بۆ دەیرووژێنێت کە نایەوێت لەگەڵی بخەوێت؟**

**هەڵبەت کیت ڕاستگۆیە لەوەی بۆ ماچی کردووە، بەڵام ئەو ماچەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە خۆشی ویستووە، لێرەدا خۆشەویستی خۆی بۆ ئیان ناشارێتەوە، هەر بەو هۆیەشەوە ماچی کردووە، کەچی لەگەڵیشی ناخەوێت بە بیانوی ئەوەی ئێستا پەیمانی بەکەسێکیتر داوەو دەزگیرانی ئەوە، ئەوەش**



**ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە کیت سەرباری ئەوەی هەست بەتەنیایی دەکات و دەیەوێت لەڕێگەی دوو پەیوەندیی خۆشەویستیەوە هەست بە دڵنیایی بکات، لەهەمانکاتدا تووشی دووفاقی کەسێتی هاتووە بەوەی دوو پەیوەندیی وەك تەواوکردنی هەستە سۆزداریەکانی خۆی دەیبینێت.**

**بوونی ئەو کەسێتیە دووفاقیە پەیوەستە بەدۆخی دەروونی کارەکتەرەکان، وەك لەپەیوەندیە بەردەوامەکانی ئیان هەستی پێدەکەین، زمان لەو ساتەدا هێشتا نزمتر دەبێتەوە، ئاخاوتن زمان ڕووت دەکاتەوە لەحەقیقەتی بوونی کارەکتەر، بۆیە هەریەکەیان لەسەر هاوڕەگەزبازی دەیانەوێت پرسیار لەوەی تر بکەن، کە تاچەند ئەو کارەیان لەژیاندا ئەنجامداوە.**

**لێرەوە تەواوی دیمەنەکە دەچێتە سەر وێنەیەکی ئیرۆتیکیانە و خاڵی دەبێتەوە لەسەر ماناکانی عەشق، هێندەی ئیرۆتیکای جەستە دەبێتە تاکە پاڵنەرێك بۆ قسەکردن لەخۆشەویستی و هۆگربوون بەویتر.**

**ئەوە لەپاڵ مەرگ دەبنە مۆتیڤێك کە سەرەنجام وەك دوالیزمی سێکس و مەرگ تەواوی ئەو دیمەنە داگیر دەکەن، هەمیشە ئەو دوو کارەکتەرە دەبنەوە دوالیزمی یەکتری (سێکس/ مەرگ)، (خۆشەویستی/ خۆشنەویستن)، (بوون/ نەبوون)، (حەز/ ڕق لێبوونەوە).**

مانەوەیان لەشەودا دەریدەخات کە کیت لەلایان ئیان لاقەکراوە، لاقەکردنێك بەپێی مەیلە سێکسیەکانی ئیان ئەنجامدراوە کە ئازارێکی تەواوی بە کیت بەخشیووە، ئەوە بۆ کیت وەك توندوتیژیەك کاریگەریەکەی دەرکەوتووە نەوەك وەك مەیلێك بۆ چێژ ولەزەت، چونکە ئەو لاقەکردنە بەدرێژایی ئەو شەوە بەچەندین شێوە دووبارە بۆتەوە.

کەیت: ناتوانم میز بکەم. هەر خوێن دێت.

ئیان: ئاو زۆر بخۆرەوە.

کیت: پیساییش ناکەم. دێشێت.

ئیان: بەم زوانە چاك دەبێت. لاپەڕە 54

جەنگ لاقەکردن و برسێتی وەك ئاکارێکی ژیان وێنا دەکات، بۆیە هاتنی سەربازەکە بۆ ناو ژووری ئوتێلەکە بۆ خۆی ئەو وێنەیە نیشان دەدات، کە سەربازەکە و ئیان ئیتر سەر بەیەك ئەخلاقی بیرکردنەوەن، دوو مرۆڤی تۆقیو لەژیان ئیان پەلاماری جەستەی کیت دەدات، سەربازەکەش پەلاماری گۆشتی بەراز دەدات تا بیخوات.

ئەو برسێتیە ترسی مەرگە لەوەی ژیان لەدەست بدات، بۆیە ئاستەکانی چێژ زەوت دەکات، تاوەکو



لەدەستی نەچێت، وەك چۆن سەربازەکە باس لەوە دەکات کە چۆن سواری ئافرەتەکان بووە، بەواتای ئیان و سەرباز سەر بەیەك سیستمی ئەخلاقین، نێربوونیان ڕەوایەتی و چەك و لاقەکردنیان پێدەدات، ئەوان حەز بەیەکیش نەکەن هەر یەکەیان ئەویتر بەدوژمنی خۆی بزانێت سەرەنجام یەك بیرکردنەوەو سیستمی ئەخلاقی کۆیان دەکاتەوە.

کوشتن و سێکس لەلای سەرباز سەر بەئارەزووی تاڵانکارین، بۆیە وەك وێنەیەکی تاڵانکردنی ئەویتر دەیبینێت، کە هیچ بەهایەکی نیە، ئەوە لەلای نووسەر چەندە هۆکاری شەڕە هێندەش ئەوە نێرەکانن سەر بەو هێزە تاڵانکاریەن.

سەرەنجام دەیانەوێت خراپەکاریەکانیشیان وەك پاڵەوان بوون سەیر بکرێت، پاڵەوانێکی گوناهباری بێگوناه، وەك لەلای سەربازەکە دەیبینین کە داوا لە ئیان دەکات مادام ئەو ڕۆژنامەنووسە بۆچی باسی چیرۆکەکانی ئەو ناکات لە ڕۆژنامەدا، لەهەمان کاتدا ئیان هەندێك چیرۆکی تر باس دەکات، کە هەمان وێنەن، بەڵام باس لەنهێنی سێکسی ناو جەنگ ناکات.

دیدی سارە کەین بۆ سێکسس و مەرگ و شەڕ تەواو نزیکە لەکتێبە دەروونشیکاریەکەی فرۆید لەو سیانەیە، تێگەیشتنەکانی بۆ مەرگ و سێکس ڕوانینێکی شەڕخوازانەیە، نەك لەوەی هێزە سیاسی و گروپە چەکدارەکان ئەنجامەی دەدەن، بەڵکو شەڕ وەك ئەو ئەخلاقە وێرانکاریەی ناخی مرۆڤ کە تەواو دنیای یەکتریان پڕ کردووە لە وێرانکردن.

ڕووداوەکان وەك یەکن، لەسەرووی هەر یەکێکەوە دەسەڵاتێکیتر هەیە، ئەوە ئەخلاقی شەڕە، ئیان کە شەوی ڕابردوو بە دەمانچەیەکەوە کیت ناچار دەکات کە سێکسی لەگەڵ بکات، ئێستا بەهەمان شێوە سەربازەکە سێکس لەگەڵ ئیان دەکات.

سێکس کە بازنەی ناو ڕووداوەکانی شانۆنامەکەی داگیر کردووە، بەڵام چەقی ئەو بازنەیە سێکس نیە، بەڵکو شەڕە، شەڕ تیرەیەکی بۆ مەداری بازنەکە کێشاوە بە سێکس.

ئەو بازنەیەکە لەنێوان سێکس و شەڕ، پانتایی مەرگە، مەرگێك لەسەر خۆ کە بەئەشکەنجەی جۆراو جۆر تەواو دەبێت، سەربازەکە هەردوو چاوەکانی ئیان دەخوات، لێرەوە ئیان دەبێتە کوێرێك، بەڵام کوێریی لەئەدەبیاتی کلاسیکدا بەتایبەت لەلای ئۆدیب کاردانەوەیەکی ئەخلاقیە لە ئاشکرا بوونی تاوان، کەچی



لێرەدا گەیشتنە بالای لوتکەی شەرانگێزیەتیە، وێنەیەکی سادیانە بۆ جەستەی ئەویتر بنیات دەنێت.

مرۆڤەکان چەندە خولقێنەری کارەساتن، سەرەنجام ساتەوەختێك هەیە هەست بەخراپی خۆیان بکەن، سەربازەکە وەك پاڵەوان خۆی وێنا دەکات، لەکۆتاییەکانی دیمەنی سێیەمدا ئێمە ئەو وەك مرۆڤێکی سادی دەبینین، ئیان وەك ماسۆشیەك، بەهۆی ئەوەی ڕازی نیە باس لەو مرۆڤە سادیە بکات لەناو ڕۆژنامەدا ئەو کارەش ڕووبەرووی لاقەکردن و دەرکردنی چاوەکانی دەکاتەوە.

کەچی ئەو وێنە توندوتیژیە لەسەرەتای دیمەنی چوارەم دەچێتە ئاستێکیترەوە، ئاستێکی ئەخلاقی تیایدا پاڵەوان هەست دەکات هیچ نیە، جگە لە مرۆڤێکی گاڵتەجار، ئەو گاڵتەجاربوونەی کردوویەتیە پاڵەوانی کاریکاتۆریی، کە کێی ویست دەیکوژێت لاقەی دەکات ئەتکی دەکات، بەڵام دوای ئەوانە چی؟ هەر ئەوەیە وای لەسەربازەکە کردووە لەسەرەتای دیمەنی نوێ بە دەمانچەکە خۆی کوشتبێت و مێشکی لەناو ژوورەکە ڕژابێت.

دیمەنی سێیەم ئەگەرچی هەمان ئوتێلە، بەڵام لەڕاستیدا هاوتاکردنەوەی دنیای دەرەوەی ئوتێلەکەیە، چونکە ئیتر کیت لەوێ نادۆزرێتەوە، بۆیە ئەو دنیایە هاوتاکردنەوەیە بە دەرەوە، بەواتایەکیتر شوێنێك نیە ئارام بێت بۆ مرۆڤ، هەموو شوێنەکان هەڵگری دەلالەتی مەرگە.

ئوتێل کە تەنیا شوێنی موسافیرەو سبەینێ بەجێی دێڵێت, بەڵام لێرەدا ئەو شوێنە لە دەلالەتێکی واقعیەوە دەچێتە سەر دەلالەتێکی ڕەمزیی, ڕووداوەکان هەر لەوێ بەبێ کیت ڕوو دەدەن, پرسیارەکە ئەوەیە ئەو جەنگە بۆ هێندە درێژە؟ ئەی ئەوە نیە کاتێك سەربازەکە خۆی کوشتووە و ئیان کوێرکراوە, کیت بە مناڵێکەوە دێتەوە.

ئەو سەرەتایە هەوڵی ئیانە بۆ خۆکوشتن, بەر لەوەی بیر لەوە بکەینەوە, ئاخۆ ئەو مناڵە خەونی ئایندەی مرۆڤەکانە, مناڵەکە دەمرێت, دیمەنەکە بەرەو قوڵایی کۆتاییەکی سریالیانە هەنگاومان پێ دەهاوێت.

دیمەنی پێنجەم و کۆتایی, کۆتایی هاتنە بەهەر دەلالەتێکی واقعی, بەوەی شوێن پانتایی بوونە, بۆیە مناڵە مردووەکە لەژوورەکە دەنێژرێت, ململانێکە لەو دوالیزمەی دەگۆڕدرێتە سەر (کوێریی/ برسیەتی) کە هەردووکیان لەسەر سێکس کۆدەبنەوە, کیت برسیەتی ناچارە بچێتە دەرەوە جەستەی خۆی ببەخشێتە سەربازەکان تا لەبرسیەتی ڕزگاری بێت, ئیان کوێرو نابینایە, بیر لەخۆبەتاڵکردن دەکاتەوە و پەنا دەباتە بەر دەستی خۆی, ئەو دەستانەی لەناو گەڵیەتی دوای خاوبوونەوە دەیەوێت خۆی پێبکوژێت.



ناتوانێت ئەو کارە بکات.. خۆی پیس دەکات.. باوەش بە سەربازە مردووەکە دەکات.. گۆڕەکە هەڵدەکەنێت.. لەگۆشتی منداڵە مردووەکە دەخوات.. کیت دێتەوە خواردن و خواردنەوەی هێناوە, دەزوولەی خوێن بەناو ڕانیدا دێتە خوارەوە, هەمان وێنەی سێکس و مەرگ ئەو کۆتاییە داگیر دەکات, بەڵام لەدنیایەکی بیکیتیانە زیاتر نزیکە, لەو هەموو جولە و ڕووداوە بێهودەییانەی ئەنجامی دەدات, ئەگەرچی هێشتا سەرباری دڵڕەقی ئیان لەلاقەکردن و سرووشت لەکوژرانی مناڵەکەی و ڕزگاربوون لەبرسێتی لەلایان سەربازەکانەوە لەڕێی ئەو هەموو ئازارە جەستەیی و توندوتیژیە, کەچی هێشتا سۆزو میهرەبانی بەرجەستە دەکات و "کە لەنانپێدانی ئیان دەبێتەوە, بە چیچکانەوە بۆ گەرمی, کەمێك لەولایەوە دادەنیشێت, لە جنەکە دەخواتەوە, پەنجەی دەمژێت" لاپەڕە 88

سوپاسکردنی لەلایان ئیان و بارینی باران سەرەتایەکیترە, سەرەتایەکی نادیار, سەختە شتەکان وەك خۆیان لێبێتەوە, گەر ئەو کۆتاییە بۆ کۆتایی هاتنی جەنگ بێت, ئاخۆ چی لەژیانێك بکەین, پیاوەکان لاقەکران و چاویان کوێرکرا و ژنەکان بەقەد ژمارەی سەربازەکان پەلامار دران و ڕووبەرووی ئەشکەنجە کرانەوە, ئایا ئەوە بێمانایی بوونی مرۆییمان نیە لەلای سارا کەین وەك تەقینەوەکانی

بوونمان؟ یان کۆتاییەکە بۆ ماناکانی ژیاندۆستی و خراپەکاری هەموو شتێکی لێ پیس کردین و بوونی خۆمانی لێ زەوت کردین؟ ئەوە کارەساتی سەرەکی و ماڵوێرانی ئێمەیە لەو دنیایە کە مەرگ لەڕێگەی شەڕ وسێکسەوە بۆی بەرهەمهێناین.

ئەو تێگەیشتنە فرۆیدیە, بەناو تێکستی تردا درێژ دەبێتەوە, بەتایبەت لەشانۆنامەی "ئەڤینی فایدرا" کە گەڕانەوەیە بۆ ئەفسانەی ئۆدیب, ئەوەش لەتێگەیشتنی فرۆیدەوە دەیەوێت ئەوینی کوڕ و دایك وەك گرێیەکی مرۆڤی مۆدێرن بخاتە ڕوو, ئەوەی لەم شانۆنامەیەدا دەردەکەوێت هۆگری ژنە بۆ کوڕی هاوسەرەکەی دوای ئەوەی شووی پێکردووەو کە دەبینێت کوڕی پیاوەکە نەخۆشی سێکسی هەیە, هەرچەندە کچەکەی خۆی ئامۆژگاری دەکات, بەڵام ژنەکە (فایدرا) ئەڤینی خۆی بۆ کوڕ (هیپۆلیتۆس) ناشارێتەوە.

سارا کەین نایەت سەرلەنوێ ئەفسانەی ئۆدیب بنووسێتەوە, هەڵبەت نووسینەوە ئەنجام نادات, هێندەی مەیلی سێکسی ئۆدیب بۆ بنیاتی کارەکتەر لای هیپۆلیتۆس دەخوڵقێنێت, لەهەمانکاتدا بەهەمان ئەو مەیلە سێکسیە بونیاتی کەسێتی



فایدرا دەکات, بۆیە گفتوگۆکانی کوڕ لەگەڵ باوەژنەکەی لە سنووری سێکس دەرناچێت, ئەو وێناکردنەی پەیوەندیە لەبارەی سێکسەوە وای کردووە ئەدەبی کەین وەك ئەدەبی لۆرانس لەناو سێکسدا ببینین, بەڵام ئەدەبێك لەدەرەوەی زمانێکی بارگاویی بە دەمامك و یان مەجاز و دەلالەتی هونەری, هێندەی زمان گێڕانەوەی چیرۆکێکە بەشێوەیەکی سادە وەك ئەوەی لەژیاندا ڕوو دەدات.

ئەو دوو مرۆڤە مەیلیان بۆ سێکس وەك یەکتریە, بەڵام ئامانجیان تەواو جیاوازە فایدرا لەسێکسدا دەیەوێت خۆشەویستی وەدەست بێنێت, هەرچی هیپۆلیتۆسە تەنیا مەبەستی تێپەڕینی ڕۆژەکانە, کردەی سێکسیش وەك فایدرا بە درێژکردنەوەو وابەستەکردنی پەیوەندیی نابینێت, هێندەی وەکو مەرگی زمان و پەیوەندیی سەیری دەکات.

"هیپۆلیتۆس: ئەگەر جووت بین, ئیتر هەرگیز قسە لەگەڵ یەکتر ناکەینەوە.

فایدرا: من لەوانە نیم.

**هیپۆلیتۆس: بەڵام من وام" ئەڤینی فایدرا/ سارا کەین, وەرگێڕانی: باران, دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم, 2016, لا 27**

ئەو ئەوینەی فایدرا مەیلێکی پڕ لەسێکس و ڕووبەرووی جەستەی زڕ کوڕەکەی دەبێتەوە, کوڕ هەرچەندە نەیەوێت ئەوە ڕوو بدات, بەڵام ئەو نەك تام لەجەستەی وەردەگرێت, بەڵکو دەیەوێت دووبارەش ببێتەوە.

پەیوەندیی فایدرا و کچەکەی (ستڕۆف) بە هیپۆلیتۆس پەیوەندیەکی سێکسی ڕوونە کە هەریەکەیان لەوەدەست کەوتنی ئەودا بوونە, سەرەنجام کە دەستیان نەکەوتووە, بێئومێد بوونە, ئەوە بە پلانێکی دایك (فایدرا) دەچێتە بازنەیەکی سێکسی ئەخلاقیەوە, بەوەی وا بڵاو دەکاتەوە کە هیپۆلیتۆس لاقەی کردووە.

لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە هەردووکیان پێی دەڵێن وەك باوکتی, ئەو دەستەواژەیە دەریدەخات پەیوەندیی ژنەکان بەپیاوەکان لەماڵ هەوڵدانە بۆ وەدەست کەوتنی سێکس, چونکە کچەکەی فایدرا هەوڵی داوە لەگەڵ هاوسەری دایك سێکس بکات, ئەوەش دواتر لەدەیالۆگێکیتردا تەواو ئەو گومانەمان دەبێتە یەقین "هیپۆلیتۆس: بەڵێ. ئاماژەم بەوەش کرد کە تۆ لەگەڵ مێردەکەیدا بوویت" ئەڤینی فایدرا, لاپەڕە 36



کاتێك ستڕۆف بابەتی لاقەکردن بە هیپۆلیتۆس دەڵێت ئێمە لەبەردەم مەعریفەی زانینی ڕووداوێك نین, کە زمان ببێتە هۆکارێك بۆ تێگەیشتن, بەڵکو زمان دەبێتەوە ناوەندێکی ترازاو کە سەختە مرۆڤەکان بیانەوێت سەرباری سادەبوونەوە بتوانن لەیەکتری تێبگەن.

ئەو لەیەکتر تێنەگەیشتنە بۆمان دەخاتە ڕوو, کە فایدرا لەو ئەوینە بێسوودەدا نەیتوانیووە بەردەوام بێت, بۆیە خۆی لەسێدارە داوە, بۆ ئەوەی هیپۆلیتۆس بیگوناه لەو کارە دەرنەچێت, کاغەزێکی جێهێشتووە, گوایە هۆکاری خۆکوشتنی ئەو بووە چونکە لاقەی کردووە.

لێرەدا ئێمە ڕووبەرووی قوربانیەکی ئەو ئەڤینە دەبینەوە, قوربانیەکی عاشق, کە شێتانە تا ئاستی مەرگ عەشقێکی ویستووە, عەشقێك بەهیچ شێوەیەك لەئاستی کۆمەڵایەتی قبووڵ کراو نەبێت, بەڵام لەئاستی ئێرۆتیکیدا مافێکی ڕەوای فایدرایە, بەبێ ئەوەی ئەوەمان بیر بچێت, ئێمە لەبەردەم گوناهبارێکی بێگوناهداین.

کچ و قەشە هەردووکیان دەیانەوێت کوڕ نکوڵی لەو تاوانە بکات, تاوەکو لەزیندان ئازاد بێت, چونکە ئازاد نەبوونی دەبێتە هۆی لەدەستدانی عەرشی پاشایەتی, بەهۆی ئەوەی ئەوی شازادە لاقەی باوەژنەکەی کردووە, کەچی ئەو تاکە کەسێکە کە ئامادە نیە بڵێت ئەو کارەم نەکردووە.

لەهەموو ئەمانە سەیرتر ئەوەیە چارەسەری درامیەکەی ئەو دیمەنەی نێوان هیپۆلیتۆس و قەشە ئەویش بە چارەسەرێکی سێکسی بەهەمان وێنەی فایدرا تەواو دەبێت, بۆ ئەوەی قەشە بڵێت منیشی لاقە کرد, بەڵام ئەو وێنە نائەخلاقیە سەیرە هەمان دیدی کامۆییانەی کالیگۆلامان بیر دێنێتەوە, کە بۆچی سێکس سەر لەنوێ بەبێ هیچ هۆکارێك دەیەوێت وێنەیەکی نائەخلاقی بەو کارەکتەرە ببەخشێت؟

لەڕاستیدا پرسیاری لەم چەشنە دەکرێت ببردرێتە ئاستی گومانەوە, چونکە نووسەر مەبەستیەتی ئەو فەزا سێکسیە بکاتە دەروازەی تێگەیشتن لەبونیادی درامی شانۆنامەکانیدا, بۆیە ئەو دیدە کامۆییە هەمان دیدگای سارا کەین بۆ شانۆنامە دەیخوڵقێنێتەوە, کە سێکس تەواوی دنیابینی وجیهانبینی کارەکتەر داگیر دەکات و دیمەنە شانۆییەکان بە مژینی چۆکی کوڕ دەباتە لوتکە.

تەنانەت کاتێك حەشاماتەکە کۆ دەبنەوە بۆ کووشتنی, دیسان چارەسەرەکان ململانێکە بەکوشتنی سێکس تەواو ناکەن, چونکە کوشتنی کوڕ کۆتایی هاتنە بەو دەنگۆی لاقە سێکسیە, بەلأم لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە هەندێك تاوانەکانیان دەرنەکەوتووە بۆیە بێگوناهن, لەنمونەی باوك (تیسیوس) دەنا ئەو لەگەڵ کچی هاوسەرەکەشی



سێکسی کردووە, کچ (ستروف) لەگەڵ هیپۆلیتۆس بەهەمان شێوە.

باوك دەستی ناچێتە کوشتنی کوڕەکەی, چونکە دەزانێت ئەو گوناهبارە بە گوناهەکانی خۆی, ئەوەش سەر لەنوێ ململانێکە دەباتەوە ناو سێکس, ئەو دەمەی ستروف ناهێڵێت هیپۆلتۆس بکوژن, کەچی هیپۆلتۆس بەبەرچاوی خەڵکەکەوە لاقەی دەکات.

ئەوە دڵنیاکردنەوەی خەڵکە کەچۆن کچەکەی لاقە کرد ئاواش دایکەکەی لاقە کردووە, بەتایبەت دوای لاقەکردنی ملی دەبڕێت "ستروف: تیسیوس. هیپۆلیتۆس بێتاوانە. دایە. ئۆ دایە" ئەڤینی فایدرا, لاپەڕە 53

کچ لەسەرە مەرگدا دایك بەگوناهبار ناودەبات, ئەوەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە کچ وەك دایك عاشقی هیپۆلتۆس بووە, عەشقێك تیایدا ئەوان دەبنە قوربانی و دەیەوێت عاشقەکەی خۆی و دایکی بەزیندوویی بمێنێتەوە.

ئەوە کۆمەکی ڕزگار بوونی ناکات, وەك چۆن خۆشی نایەوێت ئازاد بێت, ئەو دەمەی بەئەشکەنجەوە جەستەی دەبڕن و سووکایەتی پێدەکەن, بەهاتنی پۆلیسەکان واتە کۆتایی ڕووداوەکە, بەلأم کۆتاییەکە لەو وێنەیە تەواو نابێت, بەڵکو ئەوە کۆتایی عەرش و دەسەلأتیشە, ئەویش بەهۆی هەستی گوناهباری باوك (تیسیوس) لەبەردەمی تەرمی کچدا دانبەوە دەنێت کە ئەوی نەناسیوەتەوە, دەنا ڕێی بە لاقەکردن و کوشتنی

نەدەدا, وەك چۆن ئەو ڕقەی ململانێی نێوان باوك و کوڕ, بۆ هیپۆلیتۆس نیشان دەدات, ئەو کۆتاییە کۆتایی هاتنی عەرشی دەسەلاّتی سێکسوالیێتی خانەوادەییە کە لەڕێی مەرگی هەموانەوە تەواو دەبێت, دالّی لاشەخۆر لەجەستەی هیپۆلیتۆس دەخوات, ئەوە بوونە یادەوەری و کۆتایی هاتنە بە دەسەلاّتی سێکسی ئەوان, دەسەلاّتێك پڕ لە سێکس, کە هەمان پرۆژە بەردەوامیەکەی نووسینە لای سارا کەین لەنێوان "شەڕ وسێکس و مەرگ"

لەشانۆنامەی "ڕزگار بوو" ئەو سیانەیە دەچنە ناو ئاستێکیترەوە, بەهۆی ئەوەی قسە لەدۆخێکی بەرایی ژیانی مرۆڤ دەکات, کۆمەڵە گەنجێك لەزانکۆیەکدان, شوێن باخچەی زانکۆیە, بەلاّم لەڕاستیدا لەزانکۆ ناچێت هێندەی لەنەخۆشخانەیەکی دەروونی یان زیندانێکی مرۆڤە ئالّودەبووەکان دەچێت, لێرەدا شوێن دەلالەتێکی مەجازیانە بەخۆی دەبەخشێت کە ڕووبەری کۆکردنەوەی لاوانە بۆ مەعریفە, بەلاّم لەشوێنی مەعریفە ئەفیوون بوون ئەوان داگیر دەکات, ئەوە سەرەتای ترسە لەخۆشەویستی و چوونی هەندێکیترە بەرەو خۆشەویستی, ئەو دامەزراوە بۆ خۆی مەعریفە وەك جۆرە ئەفیوونێك دەخاتە ڕوو, لێرەدا ئەو وێنە مەجازیەی زانکۆ وەك شوێنی ئالّوودە بوون و بیرکردنەوە لەدەرەوەی ئەو سیستمە ئامادەبوونی هەیە.



نەك هەر هێندە, بەڵکو سڕکردنی مرۆڤەکان و ڕووتکردنەوەیان و گۆڕینی پۆشاکیان و شاردنەوەی دۆسیەی مردووەکان وەك بەشێکیتری ئەو دامەزراوە, زانکۆ وەك دامەزراوێکی مۆدێرن ڕووبەرووی ترسمان دەکاتەوە لەدنیای مۆدێرن.

گرەیس هاتووە هەواڵی گراهەمی برای بزانێت, کەچی پێی دەووترێت کە ئەو مردووە و کاتێك داوای پۆشاکی براکەی دەکات دەبینێت لەبەری ڕۆبینە, لەپۆشینی پۆشاکی براکەی وەك گراهەمی لێدێت, لێرەدا لەڕوویەکەوە مەسەلەی ژێندەر لەو بابەتە دەخرێتە ڕوو کە پۆشاك هۆکاری لابردنی ڕەگەزی وجیاوازیەکانیەتی.

لەڕوویەکی تریشدا ئەوە ئەو ئەخلاقەی دنیای مۆدێرنە کە فەیلەسووفێکی وەکو میشێل فۆکۆ لە کتێبی "چاودێری و سزا" باس لەوە دەکات پۆشاك وەزیفە بەکارەکتەر دەبەخشێت, داری دەستی پۆلیس و بەڕێوبەری نەخۆشخانەکان وەك دوو پرۆسە و دەسەلاّت ناو دەبات.

لێرەدا ئەو نمونە فۆکۆییە تەواو دەسەپێت, بەهۆی ئەوەی شوێن بەشی نەخۆشی سیلی زانکۆکەیە, تینکەر کە لەسەرەتای شانۆنامەکە هیرۆین گەرم دەکات و دەیدات بە گراهەم مومارەسەی پزیشك

دەکات وەك دەسەڵات, کاتێك گرەیس جل وبەرگی برا مردووەکەی لەبەر دەکات ئەویش وەك نەخۆشی لێدێت بەهۆی پۆشینی جل وبەرگەوە, دیسان تینکەر وەك دەسەڵات مامەڵە دەکات, لێرەدا زانکۆ پەیوەندیی دەسەڵاتێکە بە مەعریفە, کە بەندە لەسەر سەرکوتکردن و زەوتکردنی خواستی ئەوانیتر.

دەسەڵات دەبێتە مەعریفەی سەرکوتکردن, زانکۆش ناوەندێك دەبێت بۆ مەعریفەی دەسەڵات, ئەو تێگەیشتنە فۆکۆییە بۆ دەسەڵات ومەعریفە بەتەواوی لەناو ئەو شانۆنامەیەدا ڕەگ دادەکوتێت.

ئەو دەسەڵاتە لەبنەڕەتدا جەستە وەك ئۆرگانێك بۆ بوون سەیر دەکات, کە فۆکۆ لەبەرگی یەکەمی سیانەی "مێژووی سێکسوالێتی" بەناوی "ئیرادەی مەعریفە" ئەوە ناوی دەبات بە "ئیتیکا" زانکۆ لێرەدا گرفتی گەورەی لەگەڵ ئیتیکا هەیە, تینکەر نوێنەری ڕاستەقینەی دەسەڵاتی زانکۆیە, بۆ ئەوەی جەستە توانای خوڵقاندنی بوونی نەبێت, دێت کارڵ بەهەموو شێوەیەك ئەشکەنجە دەدەن و دوا قسەکردنیشی دانپیانەکەیەتی بەعەشق و کۆتایی هاتنە بە زمان لەڕێگەی بڕینی زمانی, بەواتای ئەو موستیلەیەی کە کارڵ بەدڵخۆشیی و سووربوونەوە ڕۆد گۆڕیەوە ئیدی دەبێت بزانێت ئەوە وەك مەرگێکی مەجازی وایە "تینکەر مقەستیکی گەورە دەهێنێت, زمانی کارڵ ی پێ



دەبڕێت. کارڵ پەل دەهاوێژێت, دەمی پڕە لە خوێن, هیچ دەنگی نایەت. تینکەر موستیلەکەی پەنجەی ڕۆد دادەکەنێت و دەیخاتە دەمی کارڵ ەوە, تینکەر: قووتی بدە. کارڵ مووستیلەکە قووت دەدات" **ڕزگار بوو/ سارا کەین, وەرگێڕانی: باران, دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم, 2016, لا 23**

ئێمە دواتر دەزانین و دەبینین کەوا گراهەم زیندووەو نەمردووە, تەنانەت لەگەڵ گرەیس دەردەکەوێت, ئەوەش ئەو درۆیەی دەسەڵاتە دەیکات بۆ ئەوەی ئەوانیتریش کۆنترۆڵی ژێر سیستەمەکەی خۆی بکات, لێرەدا لەو شوێنەدا کە پەیوەندیی سرووشتی نێوان ڕەگەزەکان سەرکوتدەکرێتەوە, لەهەمان کاتدا ئێمە ئەوان دەبینین بەیەکەوە سێکس دەکەن, ئەو سێکسکردنە گەڕانە بەدوای ئیتیکا بۆ هەستکردن بە بوون و دڵنیابوون لەوەی مەرگ داگیری نەکردوون, شەڕ بریتییە لەو هێزەی دەسەڵات کە پەیوەندییەکانی نێوان شوێن زانکۆ (نەخۆشخانە) و دکتۆرەکانی دەیخوڵقێنن.

گرەیس بەسزای سێکسکردن لەگەڵ براکەیدا ڕووبەرووی ئەشکەنجە دەبێتەوە, چونکە دەزگاکانی سەرکوتکردنەوە وایان کردووە هەموو چاودێربن بەسەر ئەو دیسپلینە ئەخلاقییە, زانکۆ ئەو دامەزراوەی مومارەسەی دەسەڵات

دەكات، لەڕووی ڕەمزیەوە بۆمان دەردەكەوێت دەسەڵاتێكە بۆ خوڵقاندنی سزا، فۆكۆ ئەوەی فێركردین پەیوەندیی نێوان (كۆنترۆڵ/ سزا) پەیوەستە بە دامەزراوەكانی دەسەڵات، كەچۆن مرۆڤەكان ڕووبەرووی ئەشكەنجە دەكاتەوە، كۆنترۆڵكردنی گراهەم بەسزادانی گرەیس تەواو دەبێت.

كاڕڵ نموونەی مرۆڤێكی ڕاستگۆیە، بۆیە وەك قوربانیەكی سەرەكی لەبەردەم دەسەڵات دەوەستێتەوە، لەلایەك هەوڵێكی زۆر دەدات تا دەزگیرانەكەی وەدەست بێنێت، لەڕوویەكیتردا زمان بڕینیشی ناتوانێت وای لێبكەن دەست لە عەشقەكەی هەڵبگرێت، ئەوە هۆكارێكە بۆ ئەوەی ئەو لەبەردەم سزایەكی بەردەوامدابێت و هەر جارەی بەشێكی جەستەی ڕووبەرووی ئەشكەنجە ولەناوچوون ببێتەوە.

سێكس لەناو ئەو ڕووبەرەی دەسەڵاتدا چالاكیەكی ئۆرگانی لەزەت بەخش نیە، هێندەی ئۆرگانێكی ئەشكەنجەندانە، سزایەكە بۆ ئەوانیتر، سێكس وەك فۆڕمێكی لاقەكردن ئەشكەنجەیەكە لەبەردەم ئەواندا، بۆیە قامچی و سێكس لەو ساتەوەختەدا یەك مانایان هەیە ئەویش بەخشینی زەبروزەنگە بەویتر، ئەو سێكسەی كە بۆ لەزەت و خۆشەویستیە سزاكەی مەرگە وەك لە سێكسكردنی ڕۆد و كاڕڵ دەیبینین.



بۆیە سێكس وەك بابەتی جیاوازی ڕەگەزی هەوڵێكە بۆ كووشتنی ماناكانی لەزەت و لەزەت لە سێكس سزاكەی ئەشكەنجەدانە، كە بەپێی پلەكانی سزا لە بڕینەوەی ئەندامەكانی جەستەوە تا دەگات بە بڕینەوەو نەشتەرگەریكردن بۆ ئەندامە سێكسیەكانی بۆ ئەوەی چیتر وەك ژن نەبینرێت، ئەوە ترسناكترین وێنەی ناو ئەو شانۆنامەییە كە ژنەكان ئەندامە سێكسیەكانی جەستەیان دەبڕدرێتەوە، ئەو ئەندامانەی كە چێژ بەپرۆسەی سێكسی دەبەخشن، چیتر خاوەنی نینە و وەكو پیاو وان.

تینكەر كە نوێنەری ئەو دەسەڵاتەیە بۆ سەركوتكردنەوە، كەچی بۆخۆی لەودیو سەركوتكردنەوە مەیلێكی فانتازیانەی سادیانەی هەیە، كە لەگەڵ ڕەگەزی خۆیدا وەك هاوڕەگەزبازێك دەردەكەوێت، ئەوەش وێنە ڕاستەقینەكەی دەسەڵاتی مەعریفەی ئەو دامەزراوەیە كە وەك هاوڕەگەزباز وێناكراوەتەوە.

لێرەدا مەرگ و شەڕ ئەو دوانەیەن، كە مەرگ وەك سزایەك بۆ سێكس دەردەكەوێت، بۆ ئەوەی كۆنترۆڵی ناو دامەزراوەكانی بكات، شەڕیش شەڕی ڕەگەزیە، هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی، تاوەكو سێكس لە لەزەتەوە بگۆڕدرێتە سەر پێویستی و

بە ئامێربوونی ویستەکانی مرۆڤ, نەك هەوڵدان بێت بۆ دۆزینەوەی ئیتیکای خۆشەویستی.
گرفتی زمان زۆرجار ڕووبەرووی کارەکتەرەکانی نێو شانۆنامەکانی سارا کەین دەبێتەوە, بەلاّم بەهیچ شێوەیەك بەو بەدگومانی و ناتێگەیشتنە نەکەوتوونەتەوە, وەك ئەوەی لەشانۆنامەی "تینوویّتی" ڕووبەرووی کەسیّتیەکان بۆتەوە, کە لەبەرگی دواوەی وەرگێرانە کوردیەکە نووسراوە "کارێکی جیاوازە و قسەکەرەکان تیایدا کارەکتەر نین, بەڵکو ڕۆڵن. ڕۆڵەکان بۆ کیّ قسە دەکەن وئاراستەی باسەکانیان ڕوو لە کوێیە؟ ئاشکرا نییە" **تینوویّتی/ سارا کەین, وەرگێڕانی: باران, دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم, 2016**
ئەو تێگەیشتنە بۆ ئەو تێکستە بەر لەخوێندنەوە ڕاماندەکێشێتە ناو بونیادی دەنگی ڕۆڵەکان, بەلاّم نەبوونە بە سیمای کارەکتەر, بەواتای خەسڵەتەکانی کارەکتەر تیایدا وونن, پێویستە جۆرە کارەکتەرێك هەبێت تا بتوانین خەسڵەتی تایبەتی کەسێتیەکان بناسین, هەڵبەت گەڕان بەناو دیالۆگەکان نەك کارێکی زیرەکانە نیە, بەڵکو ئەو پەڕی بێمانایيە, چونکە ئەگەر بەشی کۆتایی ئەو چەند دێرەی بەرگی دواوەی شانۆنامەکە وەربگرینەوە کە دەڵێت "دەکرێت لێکدانەوەیەکی



نمایشەکە ئەوە بێت کە ئەو ڕۆلاّنە لەسەر تەختەی شانۆ بگەڕێن بۆ نووسەرێك بیانووسێتەوە" هەمان سەرچاوە
ئەو بۆچوونە خەیاڵمان بەرەو شانۆنامەکەی براندیللۆ دەبات لەژێر ناوی "شەش کارەکتەر بەدوای نووسەرێك دەگەڕێن" بەلاّم گرفتی ئێمە لەو تێکستەی کەین ئەوەیە کە ئەوانە کارەکتەریش نین, بۆیە پووچیە دەیالۆگەکان کۆ بکەینەوە سەر یەکتری تاسیمای کارەکتەریان بۆ بدۆزینەوە.
کۆی دەیالۆگەکان فۆڕمێکی ئەبسێردانە بەزمانی شانۆنامەکە دەبەخشێت, ئەوە پووچگەرایی زمانە لەساتەوەختێکدا کە توانای گوزارشت کردنی نامێنێت, کە پێشتر یۆژین یۆنسکۆ لەشانۆنامەی "وانە" زۆر بەڕوونی ئەو گرفتە دەخاتە ڕوو.
ئێمە کاتێك لەناو دەیالۆگی شانۆنامەی "تینوویەتی" دا لەگەڵ ڕۆڵەکان هەنگاو دەنێین, تێدەگەین ئەوە کۆمەڵێك دەنگی یادەوەری نووسەرە, بەلاّم گرفتی ئەوەیە کە ئەو مرۆڤانە کێن؟ چ سیمایەکیان هەیە؟ ئایا ئەوانە بەرهەمی ساتەوەخت و خەونێکی نەستی نین, کاتێك بە ئاگا دێینەوە ئەوەی لەیادمانماوە کۆمەڵە دەنگێکە, بەلاّم

کەسێتیەکان ناناسینەوە, نازانین ئەوان کێ بوون؟ چۆن ڕەفتاریان دەکرد؟ ئەوەی هەیە تەنیا دەنگی ناو خەونەکەمانە.

دەنگەکان وەك بونیادی نەستی عەقڵی نووسەر دەردەکەون, وەك چۆن ئەو دەنگانەی هەمیشە ترسی لەعەقڵی ئەو درووست کردووەو بوونەتەوە نەستی زمانی قسەکردن لەسەر پڕۆسەی نووسین ڕەنگیداوەتەوە.

هەڵبەت مەسەلەی ژێندەرو سێکس ئەو دوو بابەتە گرنگەن لەناو شانۆنامەکەدا بەتایبەت ئەگەر دەنگەکان لەسەر شانۆ بەچوار ئەکتەری ژن ببینین, ئەو کاتە جیاوازی ڕەگەزی نێوان نێر ومێ نامێنێت, کاتێك ئەکتەری ژن نوێنەرایەتی دەنگ وجەستەی پیاویش دەکات.

ئەوان لەشوێنێکی نادیارن, شوێن کە لەلای نووسەر هیچ کاتێك وەك خۆی نامێنێتەوە, ناگۆڕێت کەچی گۆڕاوە, بۆیە نادیاری ئەو شوێنەش ڕێك لە شێتخانەیەك دەچێت و چوار ژنی نەخۆشی دەروونی گرتبێتە خۆی.

دەنگەکان پەیوەندیەك لەگەڵ ئەویتر درووست دەکەن, بۆ ئەوەی بیانەوێ نزیکی و چیرۆکێك بخوڵقێنن, کەچی لەڕاستیدا هیچ پەیوەندیەك



بەیەکەوەیان نابەستێتەوە, وەك چۆن هەر یەکەیان خاوەنی چیرۆکێکە, کەچی لەبنەڕەتدا هیچ چیرۆکێك نیە بیگێڕنەوە, جگە لەو دەنگانەی یادەوەری کە کۆمەڵە ترسێکن لەدەرەوی سیستمێکی ڕێکخەری زمان باس دەکرێن.

لەبونیادی کۆنەستی دەنگەکان, مێژوویەکی نادیار هەیە نەك هی ئەوان نیە, گریمانەیەکە لەهەندێك ساتدا دەگەڕێتەوە بۆ بەر لەدایك بوونی ئەوان, ئەوەش ئەو چیرۆکانەیە کە وەك حیکایەتی زارەکی بیستوویانە و دواتر وەك بەشێك لەبوونی سەرکوتکراوی خۆیان باسی دەکەن "بەنێو مەزاری گوڵاڵە سوورەکاندا ڕامکرد, لەپشت باخەکەی بابە گەورەمەوە. کە لەدەرگای چێشتخانەکەوە ڕامکرد, بینیم لای دایە گەورەمەوە دانیشتبوو. لێوەکانی ماچ دەکرد وسنگی دەگرت. سەریان هەڵبڕی و منیان بینی. بە شڵەژانەکەم پێکەنین. کاتێك دوای زیاتر لە دەساڵ ئەمەم بۆ دایکم گێڕایەوە, بەسەرسوڕمانەوە لێی ڕوانیم و پێی ووتم ئەم ڕووداوە بەسەر تۆدا نەهاتووە, ئەوە بەسەر مندا هات. پێش ئەوەی تۆ لەدایك ببیت, باوکم مرد. کە ئەوە ڕوویدا من بەتۆ دووگیان بوو بووم, بەڵام من تا

ڕۆژی ناشتنی باوکم بەوەم نەزانیبوو" **تینوویێتی/ سارا کەین، وەرگێڕانی: باران، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، 2016 ، لاپەڕە 13**

ئەو دەنگانە هەست بە شەڕ دەکەن، هەستێك مەترسیانە لەمەرگ، بۆیە "سێکس و شەڕ و مەرگ" ئەو سیانەن یان ئەو هەرەمی سێگۆشە فرۆیدیەن کە سارا کەین لە هەرەمێکی سێگۆشەییەوە دەیکاتە بازنەیەکی شانۆنامە.

ئەو دەنگانە بۆ تێکست لەڕاستیدا تەواو بوونی ئەو سیستمەی بیرکردنەوەیە لەنووسین، ئیدی گێڕانەوەی چیرۆکی شانۆنامەکان لەتوانای نووسین نین، لەناو فۆرمێکدا چڕ ببنەوە، بۆیە وەك کۆمەڵە دەنگێك بەرجەستە دەبن، ئەگەر لەسێ شانۆنامەکەی پێشوو، دەنگ و کارەکتەر بەرجەستەی کەسێتی ژنێکی دەکرد، ئەوا لێرەدا دەنگەکان لە خودی مرۆییەوە دەپەڕنەوە بۆ ئێمەی قوربانی، ئێمە بێگوناهی گوناهبار، ئەوە سەرەتایەکی ترسناکی کۆتاییە، کۆتاییەك لەمانا ڕەمزیی و ئەخلاقیەکەی دوورکەوتنەوەیە لە زمانی شانۆ و دەکرێت لەژانری ئەدەب وهونەری جیاواز سەر دەر بکاتەوە، لەمانا واقعیەکەشی بیرکردنەوەو کۆتایی هێنانە بە ژیانێك کە بە خۆکوشتن کۆتایی دێت، وەك لەلای فەیلەسووفی فەرەنسی ژیل دۆلۆز بەدوای کتێبی "فەلسەفە چیە" دەیبینینەوە، کە سارا کەین، لەو تێکستە سەرەتایەك بۆ ئەو کۆتاییە دادەنێت، بۆیە دەنگەکان نائاگایی



نووسەرە لەئاگایی زەمەندا کە کۆتاییەك بەنووسین و ژیان دێت "سی: ئەو (مێ) کۆتایی بەمە دەهێنێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە کۆمیدیای ڕۆژانەکەی کە تێپەڕاندنی چەند سەعاتێکی داهاتووە" **تینوویێتی/ سارا کەین، وەرگێڕانی: باران، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، 2016، لا 41**

شانۆنامەی "شێتەکەی سەعات 48: 4" ئەو دیدە زیاتر دەسەپێنێت، کارەکتەر وەك مرۆڤ بوونی نیە، ئێمە لەبەردەم دەستنووسی خۆکوشتنداین، بەڵام ئەوە نابەستینەوە بە یادەوەری نووسەر، هێندەی وەك بونیادی ناوەندی زمانی تێکست خۆی سەیری دەکەین.

تێکستێکی تەواو نەکراو وەك دەستنووسێك بەدوای خۆی جێدێڵێت کە ئەوەیان دەکرێت تێکستی کۆتایی یادەوەری نووسین بێت لەناو شانۆنامەکانیدا، کە مانا ئەخلاقیەکەی بۆ ئێمە جێبێڵێت و مانا واقعیەکەش بۆ خۆی بباتە ناو کۆتایی ژیان.

شانۆنامەی "شێتەکەی سەعات 48: 4 " ئەمجارەیان نەك بەتەنیا کارەکتەر بوونی نیە، بەڵکو ئەو ڕۆڵەش نیە کە بەدوای کارەکتەر بگەڕێت، ئەوەی هەیە مەنەلۆژێکی درێژە، گەڕانەوەیە بۆ ناو

ناخی خۆی و ئەو وێنە زهنیانەی لەیادەوەری ئەودا جێماون, بۆ ئەوەی بۆی هەبێت لەگەڵ نەستی خۆی بدوێت, هەوڵیداوە مەنەلۆژەکە لەناونیشانەوە بباتە ناو دنیای نەستی شێتێکەوە, بۆ ئەوەی مافی ئەوە بدات کە ووتراو لەژێر چ لۆژیکێکەوە ئەو ناسنوریەتە دەبەخشێت بە پەیوەندیی و تێگەیشتن و ڕوانینەکان.

ئەوە وادەیەکە بۆ خۆکوشتنی شێتێك لەکاتێکی دەست نیشان کراو کە کۆتایی بە ژیانێك بێنێت کە تەواو تیایدا نائومێدە لەبوونی خۆی و لەبوونی دنیاو پەیوەندیەکانی "من بەرەو مردنی خۆم هەڵدێم/ من لەوەرگرتنی چارەسەر دەترسم/ ناتوانم خۆشەویستی بکەم/ من ناتوانم سێکس بکەم/ من ناتوانم بەتەنیا بم/ من ناتوانم لەگەڵ کەسی تردا بم/ سێبەندەکانم پانن/ حەزم لە ئەندامە زایەندیەکانم نییە/ من نامەوێت بژیم/ ئینجا سەعات چوار و چلوهەشت/ کاتێك بێئومێدی دێت بۆ سەردان/ خۆم هەڵدەواسم" شێتەکەی سەعات 4:48/ سارا کەین, وەرگێڕانی: باران, دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم, 2016, لا 11



لەبوونی ئەو چارەسەرە پزیشکیانەی کە لەناو نووسین وەك ئازارێك بۆ مەرگ و ئەفیوون کردن تاقی کردۆتەوە, ئیدی ئەو تووشی دۆخێك هاتووە نەدەتوانێت تەنیا بێت و نە لەگەڵ کەس بژیێت, ئەوە ململانێی نێوان پێکەوە بوون و ڕەتکردنەوەیە, بیرکردنەوەیە لەخۆکوشتن و مانەوە لەگەڵ خۆشەویست, ئەوە ئازاری مرۆڤە لەژێر دەرمانە بێهۆشکارەکان.

هەستی گوناهباری کۆی خراپەکاریەکانی سەر زەوی هەمووی دەگرێتە ئەستۆی خۆی ئەوە ڕەوایەتیدانە بە مردن, مردن کە پانتاییەکە تەواوی نووسینی کەین داگیر دەکات, لەپاڵ شەڕ وسێکس ئەو سێگۆشەیە تەواو دەکەن, کە بەر لەو لەئاستی تیۆریی فرۆید شیکارێکی دەروونی ئەو سێگۆشەیە خستۆتە ڕوو, کە سارا کەین ئەو ئاستە سێگۆشەیە دەکاتە بازنەیەکی درامی بۆ ڕووداو, کە لەو تێکستەدا ئەو بازنەیە بەرەو داخرانی تەواو دەرگا بەسەر خۆی دادەخات "من گازم بە جوولەکاکاندا کرد, کوشتاری کوردەکانم کرد, بۆمببارانی عەرەبەکانم کرد, سواری منداڵی بچووك بووم لەکاتێکدا داوای بەزەییان دەکرد, گۆڕەپانی جەنگی

"پڕ لە مردووەکان هی منن" شێتەکەی سەعات 48:4/ لا 36.

هەڵبەت بەبێ ویستی ئێمە وسەپاندنی بەناو تێکستدا, بەڵام دەبێت ئەوەش بەهەند وەربگرین, کە لەشانۆنامەی "ئەوینی فایدرا" کەین دەیەوێت تۆڵە لە باوك بکاتەوە, ئەوەی ئەو لەژیاندا بەرامبەری کردی, بەڵام ئەو لەناو نووسیندا و لەڕێگەی ئەفسانەیەکی گریکیەوە لەڕووی ڕەمزیەوە باوك وەك بەدڕەوشترین کارەکتەر وێنا دەکات, تاوەکو ببێتە نمونەیەك بۆ کارەکتەرێکی بەدڕەوشت, وەك چۆن لە شانۆنامەی "شێتەکەی سەعات 48:4" سەرباری ئەو هەموو تاوانەی کارەکتەرەکە دەیخاتە ئەستۆی خۆی, خۆی وێنا دەکات بە خراپترین مرۆڤەکان, بەڵام هەرگیز نایەوێت وەك باوکی خۆی بێت "لەڕاستیدا من چیم ڕێك وەك باوکم/ ئۆه نا ئەوە نا ئوه نانانا" لاپەڕە 53.

ئەو جۆرە خوێندنەوەیەی بونیادی دەرەوەی نووسین بەناو نووسین دەبەستێتەوە, بەتایبەت لەخوێندنەوەی دەروونشیکاریانە دەتوانێت ئاسۆیەکی تر لەپەیوەندیی ژیانی نووسەر بە



تێکست بکاتەوە, کە ئەوە ئامانجی ئەو نووسینەی ئێمە نەبووە, هێندەی خۆمان لەتەواوی ئەو تێگەیشتنە بەدوور گرتووە و تەنیا ویستوومانە لەناو بونیادی زمان و ناوەندگەرێتی تێکستەوە جیهانبینی نووسەر بخوێنینەوە, بەتایبەت لەبارەی سێکس و شەڕ ومەرگ.

لەئێستادا بەر لەوەی دەرگا لەدنیای ئەو نووسەرە لەناو ئەو نووسینە دابخەین, پێویستە لەسەر ئەوە بووەستین کە ئاخۆ شانۆنامەکانی سارا کەین پێویستیەکن بۆ شانۆی ئێمە؟ ئایا دەکرێت بکەونە سەر تەختەی شانۆکانمان؟ چارەسەری درامی ئەو شانۆنامانە لەکردەی دەرهێنان چۆن نمایش دەکرێت؟ بەتایبەت لەکۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردیی کە سێکس یەکێکە لەبابەتە تاپۆکان؟ ئەو پرسیارانە دەکەین وێستگەیەك تاوەکو هەڵوەستەیەك بکەین و لەو ڕێگەیەوە دەرگا لەسەر ئەو بازنە شانۆییەی سێکس و شەڕ و مەرگ دابخەین.

لەڕووی بابەتەوە ئێمە شتێکی نامۆ و هەژێن نابینین, چونکە ئەوانە ئەو بابەتانەن کە ڕۆژانە چێرۆکی جیاوازی لەناو کۆمەڵگای کوردیی

پێدەبیستین, بەلاَم کەس ئارەزووی ئەوە ناکات ئەوە لەسەر شانۆ بینێت, چونکە نهێنی وحەقیقەتی نێوماڵەکانە, جگە لەوەی زمانی سادەی کەین لەنووسینی دەیالۆگ دوو هۆکارن بۆ دوورکەوتنەوە یەکێکیان کۆمەلاَیەتیەو ئەویتر کولتووریە.
هۆکارە کۆمەلاَیەتیەکە ئەوەیە کە ئەوە گرفتی نێو ماڵەکان و چیرۆکە بەدرەوشتەکانی سێکسی لادەر پێشتر بیستمان و ئارەزووی بیستنیان ناکەینەوە, هۆکارە کولتووریەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە, ئێمە لەشانۆدا بیر لەزمانی ئاڵۆز و دوورکەوتنەوە لەزمانی سادە بەکاری خۆمان دەزانین, هۆیەکەشی سادەبوونی بێفکری ناو تێکستە کوردیەکانمان وایان لێکردین بیر لەزمانی سادە نەکەینەوە, چونکە دەربڕینێك بوو هیچی بەرهەم نەدەهێنا, هەڵبەت ئەزموونی سادە دەربڕینی سارا کەین تەواو جیاواز لەو دۆخە, بەلاَم گرفتی سادەیی بەتەنیا لە ووتراوی زمان نیە, بەڵکو لەدیمەنی ڕەوانی سەر شانۆیە, کولتووریی کوردیی توانای قبووڵ کردنی ئەو دیمەنانەی نیە, مەگەر وێنەکان لەوێنەی واقعیەوە بگوازینەوە بۆ وێنەی سیمبولی و دیمەنە سێکسیەکان لەواقیع بوون دابماڵدرێن, وەك وێنەی سیمبولی کاریان تیا بکەینەوە, ئەوەش بۆخۆی دوورکەوتنەوەیە لەشانۆنامەکانی نووسەر, ئیدی هەست دەکەین لەناو جیهانبینیەکیتردابن, نەك لەناو دنیای شانۆیی نووسەر.



ئەو پێنج شانۆنامەیە ڕەنگە سەخت بن بکەونە سەر تەختەی شانۆکانمان, مەگەر لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی بوێر یاخود درووست کردنی گروپێکی شانۆیی تایبەتمەند کە بێباك بێت لەکاردانەوەی کۆمەلاَیەتی و بوێرانە کار لە تێکستەکان بکات, ئەوەش پێویستی بەر لەپڕۆڤە بە مەعریفەی فەلسەفی و دەروونشیکاری هەیە بەتایبەت لەبارەی مێژووی سێکسوالێتی میشێل فۆکۆ و دەروونشیکاری سیگمۆند فرۆید بەتایبەت لە کتێبی سێکس و شەڕ و مەرگ کە دەروازەی تێگەیشتنتە لەدنیابینی سارا کەین.

## چارەسەری دەرهێنانی شانۆیی لەخوێندنەوەی تێکستدا

خوێندنەوەی تێكستی شانۆیی وێناكردنی ڕووبەری نووسراوە بۆ وێنەی زهنی، وێنەیەك لە كردەی دەرهێناندا دەرهێنەر دەیەوێت لەڕێگەی ئەكتەرەوە وێنەی نوسراو بگۆڕێت بۆ دنیای بینین، دنیایەك لەسەر كاغەز نەمێنێتەوە وبیگۆڕێت بۆ ڕووبەرێك كە بینەر وەك ژیانی كۆمەڵگایەك لەسەر شانۆ ئاشنا بێت پێی.

ئەكتەر لەڕێگەی نواندن وپەیوەندیی مرۆڤەكان بەیەكتری، كە پەیوەندیی كۆمەڵایەتی مرۆڤەكان بەیەكەوە دەبەستێتەوە، ئەوە وا دەكات نواندنی سەر شانۆ ببێت بە ژیانی كۆمەڵگایەك، ئەو كۆمەڵگایەی بینەر دەیبینێت لەنێوان دوالیزمێكدایە "ئاشنابوون/ نامۆ" ئەگەر ژیانی كۆمەڵگای سەر شانۆ لەژیانی ئەو چوو، ئەوا هەست دەكات ئاشنایە بە كۆمەڵگایەك و كۆمەڵگای سەر شانۆ بە بەشێك لەكۆمەڵگای خۆی دەزانێت.

ئەو كاتەی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانی سەر شانۆ بەنامۆ دەبینێت، وێناكردنی بۆ كۆمەڵگایەكی نامۆیە كە ژیانی كولتووریان لەژیانی ئەو ناچێت، لێرەوە جیاوازیە كولتووریەكانی خۆی لەگەڵ



كۆمەڵگای ئەكتەرەكان دەخوێنێتەوە، بۆیە چارەسەری دەرهێنەر بۆ خوێندنەوەی تێكست وەك پرۆسەیەكی كۆمەڵناسیانەیە كە دەبێت بەگرنگ وبایەخەوە چارەسەرە دەرهێنانیەكانی بۆ تێكست بخاتە ڕوو.

ئێمە لەو نووسینەدا تێكست وەك چارەسەری دەرهێنانی سەیر دەكەین، وەك ئەوەی پلانی كردەی دەرهێنان كە چۆن كار لەتەك تێكستێكدا دەكەین، نەك وەك ئاراستەیەكی تیۆریی هێندەی وەك ئیشكردنەوە لەگەڵ تێكستدا، بەواتای پلانی كردەی دەرهێنان دەنووسینەوە، بەوەی خوێندنەوە بكەینە بەشێك لەچارەسەری دەرهێنان لەناو گوتاری ڕەخنەییدا.

ئێمە بۆ ئەوەی ئەو كارە ئەنجام بدەین، تێكستە شانۆییەكانی شانۆنووسی ئێرانی محەمەد یەعقوبی هەڵدەبژێرین، بەر لەوەی خوێنەر پرسیار لەهۆكاری هەڵبژاردنەكە بكات و لەناوەڕاستی ئەو نوسینە خەیاڵی بۆ ئەو پرسیارە بچێت، لەو سەرەتایەوە خۆمان دەپرسین: بۆچی لەناو ئەو هەموو تێكستە شانۆنامەكانی محەمەد یەعقوبی هەڵدەبژێرین؟

ئەو پرسیارەی تۆی خوێنەرو منی نووسەر هەردووكمان لەسەری ڕێككەوتووینە، هەر

لەسەرەتای ئەو ڕێگایە بەزهنی هەردوولامان دێت، پرسیارێکی گرنگ وڕەوایەتی خۆی هەیە بۆیە دەبێت لەسەری بووەستین.

هەڵبژاردنی ئەو تێکستانە ئینتیما دەکات بۆ کۆمەڵگای ئاشنا نەك نامۆ، چونکە نمایشنامەکان نزیکیەکی تەواوی لەتەك کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، کێشە کۆمەلآیەتیی وکولتووریەکان تەواو لەکێشەکانی ئێمەوە نزیکە، ئەوە وادەکات کە دەرهێنەرانی شانۆییمان بتوانن زیاتر بیر لەو تێکستانە بکەنەوە و بیانخەینە سەر شانۆ، چەند جارێکیش کە لەسەر تەختەی شانۆکانمان بینیوومانە هەستمان کردووە ئەوانە تەواو لەدنیای ئێمە نزیکە، دەرهێنەریش دەتوانێت لەچارەسەری درامی زیاتر لەکێشە کولتوورییەکانی مرۆڤی کوردیی نزیکی بکاتەوە، بەتایبەت کە هاوڕێی ئازیزمان مەریوان هەڵەبجەیی تائێستا شەش تێکستی ئەو نوسەرەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی و لەناو کتێبخانەکانماندا بوونیان هەیە.

ئەوە تاکە هۆکارێك نیە بۆ هەڵبژاردنی ئەو تێکستانە، بەڵکو هۆکارێکی تەکنیکیشی هەیە کەوابەستەی چارەسەری دەرهێنانیە، کە مەبەستی



سەرەکی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی ئەو تێکستانە، کە دەرهێنەر دەتوانێت چارەسەری کردەی دەرهێنان بەلابردنی چەندین دیمەن لەناو شانۆنامەکان بکات بەبێ ئەوەی کار بکاتە بونیادی درامی، بەڵکو وەك بەشێکی ناو ڕووبەری نوسراو نمایشی بکات، ئەو تەکنیکە شانۆییەی نووسەر پیادەی کردووە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆکاری خۆی، کە لەناو نوسین بیرکردنەوە لەشانۆ بوونی هەبووە، پرۆسەی بیرکردنەوە لەشانۆ گەڕانە بەناو فۆڕمی جیاواز و کردەی دەرهێنانی.

ئەو دوو هۆکارەش وەك وەڵام بۆ پرسیارەکە دەرگای ئەوەمان لێدەکاتەوە بەرەو ناو تێکست هەنگاو بنێین و لەڕووبەری نوسینی شانۆنامەکە بێینە ناو چۆنیەتی ئیشکردنەوەو چارەسەرە دەرهێنانیەکان بۆ کردەی درامی شانۆ و خستنە ڕووی کێشە کۆمەلآیەتەیەکان وەك بابەتێکی زیندووی ناو کۆمەڵگا، کە تەختەی شانۆ ببێتە کۆمەڵگای ئێمەی بینەر، ئێمەیەك کە بەهیچ لایەکمان نامۆ نەبێت و ئەکتەر و بینەر بەیەکەوە بەشداری لەنوسینەوەی بونیادە کولتووریەکانیان بکەن و دیدی کۆمەڵناسیانەی دەرهێنان پەیوەندیی

نێوان هۆڵ و شانۆ وەك پەیوەندیەكی كۆمەڵناسیانە بخوێنینەوە.

كێشەی نووسەر وەك شانۆنامەنووس كێشەیەكی خودگەراریە, لەلایەك كە خۆی ڕووبەرووی مەترسی كوشتن دەكاتەوە, لەلایەكیتر ئەو كۆمەڵگا نووسراوەت شانۆییەی نوسوییەتی دەیەوێت بۆ خۆشەویسترین كەسی بیخوێنێتەوە, ئەوە وەك دیاریەك پێشكەشی خۆشەویست دەكرێت.

ئەو تێگەیشتنە ڕووبەری سێ شانۆنامەی یەعقوبی داگیر كردووە, لەسێ شانۆنامە, بەڵام لەسێ دنیابینی كە هەریەك لەوان كۆمەڵێك كێشە وگرفتی تایبەتی دەخولقێنێت, ئەوەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەخاتە ڕوو, كەنوسینی شانۆنامەكان لەلای نوسەری شانۆنامەكان كە بۆ هاوسەرەكانیان دەیخوێننەوە, دەرخەری ئەو ڕاستییە كە كێشەو گرفتەكانی ناو ماڵ لەپشت نووسینی شانۆنامەكانن, كمە ئێمە لێرەدا لەسەریان دەوەستین.

شانۆنامەی "خولەكێك بێدەنگی" دوو چیرۆك بەدوو ئاراستەی تەریب لەتەك یەكتر دەڕۆن, یەكێكیان نووسەرێكە لەتەك هاوسەرەكەی دەژێیت كە



ماوەیەكە ژیانی هاوسەریان پێكهێناوە, ئەو نووسەرە خەریكی نوسینی شانۆنامەیەكە بەناوی "خواحافیز نازانم تا كەی" لەپڕ تەلەفۆنی بۆ دەكرێت وهەڕەشەی كوشتنی لێدەكرێت, ئەو هەڕەشەیە بەمەرگی نوسەرەكەو تیرۆركردنی تەواو دەبێت و بەر لە كۆتایی شانۆنامەكەی دەكوژرێت و دوادیمەنەكانی شانۆنامەكەی وەك دەستنووس دەمێنێتەوەو تەواو ناكرێت.

چیرۆكی دووەمی ناو ئەو شانۆنامەیە كە لەپاڵ چیرۆكی نووسەرەكە تێدەپەڕێت, شانۆنامەی "خوا حافیز نازانم تاكەی" ئەوەی نووسەرەكە دەینووسێت, دیمەنەكانی بۆ هاوسەرەكەی دەخوێنێتەوە, ئەو خوێندنەوەیە وەك دیمەنی شانۆیی ئێمە دەیبینین, بینینێك چیرۆكی سەربەخۆی لەناو شانۆنامەكە خوڵقاندووە, بەواتای ئێمە لەناو ئەو تێكستە دوو شانۆنامە دەخوێنینەوە, یەكێكیان ئەوەیە كە نووسەرەكە نووسیویەتی و باس لەو دۆخە كۆمەڵایەتیەی كۆمەڵگا دەكات, كە ساڵەكان تێدەپەڕن و ڕووداوەكان خێرا ڕوو دەدەن, هەر هێندەی كارەكتەری شیوا خەوی لێدەكەوێت و بۆ چەند

ساڵێك بەئاگا نایەتەوە کۆمەڵێك گۆڕانکاری سەیر ڕوویان داوە.

چیرۆکی دووەم ژیانی نووسەرەکەیە کە هەردوو ئاراستەکە لەڕێگەی ناونیشانی شانۆنامەکە چڕ دەکاتەوەو ناوی دەنێت خولەکێك بێدەنگی, ئەوەش بەدوای مردنی نووسەرەکە "دەنگ لە بڵندگۆی سەر تەختەی شانۆوە: بینەرانی ئازیز, شانۆنامەی "خواحافیز تا نازانم کەی" لەبەر کوژرانی نووسەرەکەی بە ناتەواوی ماوەتەوە. تکا دەکەین پێش چوونە دەرەوە لەهۆڵی شانۆکە, بەیادی ئەم نووسەرە و ئەو نووسەرانەی تریش کە کوژران, ڕاوەستن و خولەکێك بێدەنگ بن" **خولەکێك بێدەنگی/ محەمەد یەعقوبی, وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەیی, پڕۆژەی وەرگێڕانی شانۆنامەی بیانی, سلێمانی 2015, لاپەڕە 148**

ناونیشان هەردوو ئاستە ڕووداویەکە چیرۆکەکان کۆدەکاتەوە سەر یەکتر, هەڵبەت ئەو تەکنیکە کە بەشی زۆری شانۆنامەکانی یەعقوبی داگیر کردووە, لەبنەڕەتدا تەکنیکێکی ڕۆمانیە نەك شانۆیی, بەڵام ئەو نووسەرە ئەو تەکنیکەی ڕۆمان دەگوازێتەوە بۆ ناو شانۆنامە, کە پەیوەندیەکی گرنگ لەتەك ڕووداو و فرە چیرۆکی دەخولقێنێت.



کاتێك بمانەوێت لەدیدی دەرهێنانیەوە ئەو تێکستە بۆ شانۆ دەربهێنین, ئێمە دەکەوینە بەردەم فرە دیدگایی خوێندنەوە, بەوەی چارەسەری دەرهێنانی ئێمە بۆ شانۆنامەکە چیە؟ ئاخۆ هەردوو چیرۆکەکە وەك نمایشێك بەناوی (خولەکێك بێدەنگی) نمایش دەکەین؟

ئەوە لەو کاتەدا ئەو تەکنیکە گرنگەی شانۆنامەکە و پەیوەندیی کردن لەگەڵ بینەر لەفرە دنیابینی ئێمە دەخرێتە ڕوو, کە لەبەردەم شانۆنامەیەکی گرنگ و پەیوەندیەکی وابەستەی ژیان بێت, لەهەمان کاتدا دەکرێت یەکێك لە چیرۆکەکان بۆ نمایشی شانۆیی هەڵبژێرین' ئێمە دەتوانین تەنیا شانۆنامە نووسراوە تەواو نەکراوەکەی نووسەر نمایش بکەین کە بەناوی "خوا حافیز نازانم تاکەی" ە, چونکە بۆخۆی تێکستێکی شانۆییە دەتوانێت لە تێکستی ژیانی نووسەرەکەش جیا بێتەوە.

لەهەمان کاتدا دەتوانین واز لە شانۆنامە نوسراوەکەی بێنین, بەبیانووی ئەوەی شانۆنامەیەکی ناتەواوە و تەنیا ئەو دیمەنانە هەڵبژێرین لەبارەی ژیانی نووسەرەکە (سوهراب) لەگەڵ خۆشەویستەکەی (هەستی) واتە

نمایشنامەیەك بریتی بێت لە دوو کارەکتەر و دەسبەرداری تەواوی کارەکتەرەکانیتر بین, لەو کاتەشدا دیدی دەرهێنانی جەخت لەسەر کوشتنی نووسەر و هەڕەشەی دەسەڵات بکاتەوە, دەتوانین ئەوەش هەر بەناوی شانۆنامەکە ناو بنێین "خولەکێك بێدەنگی" لەو کاتەدا بینەر لەبڕی ئەوەی خولەکێك هەستێتەوە سەر پێ, ئەوە وەك پرسیارێکی نادیار بۆی دەمێنێتەوە, کەبۆچی خولەکێك بێدەنگی ناونیشانی شانۆنامەکەیە, ئەو دەمەی ئەو پرسیارە لەخۆی دەکات تێدەگات مەگەر کوشتنی نووسەرێك شایستەی ئەوە نەبێت ئەو خولەکێك بۆی بێدەنگ بێت.

ئێمە لەم شانۆنامەیە ڕوانینێکی کۆمەڵایەتی دەبینین, کە گرفتی ژیانی هاوسەریە, ئەویش زیاتر لەناو شانۆنامەکەی نووسەرەکە لەپەیوەندیی جیمی و شیرین کە پەیوەندیەکە شیرین بەدیار دراماو تەلەفزیۆنەوە دەیباتە سەر, جیمی کە لەبارەی گیانداران دەخوێنێتەوەو کەسێك نیە لەو ماڵە گوێی لێبگرێت, بۆیە هەمیشە ژمارەیەك لێدەدات کاتێك ژنێك هەڵیبگرێت بە تەلەفۆن دەیەوێت قسەکانی بۆ بکات, لەلایەکیتر ناپاکی کردنی شەیدا و ئیرەج لە



شیوا بەتەنها ناپاکیەك نیە, هێندەی پێمان دەڵێت ژیانی هاوسەری پەنا نیە, بەڵکو تەنیایەکی ترسناکی ئینسانە هەر کاتێك دەکرێت تیایدا بخرێنە بیابانەوە, ئەوەش پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر ژیانی پێکەوەبوون کە زۆرجار وەك لەکارەکتەرەکان دەیبینین زیاتر وابەستەی گرێبەستی هاوسەریە نەوەکو وابەستە پەیوەندیی خۆشویستن بێت, ئەو ڕوانینە لەشانۆنامەی "سەمای کاغەزە دڕاوەکان" زۆر ڕوونتر لەگەڵ کارەکتەرەکان بەرجەستە دەبێت.

تەکنیك و بابەت لەناو شانۆنامەی "سەمای کاغەزە دڕاوەکان" دەبینینەوە, لەلایەك نووسەرێك کە نایناسین و تەنیا دەنگی خۆی وهاوسەرەکەی لەتاریکی دەبیستین شانۆنامەکەی تەواو کردووەو پێشکەشی هاوسەرەکەی دەکات, شاۆننامەکەی لەشوێنێك ڕوو دەدات کە ئۆتێلێکە, هەرچەند کەسێك لە سویتی ژمارە بیست وپێنجی ئەو ئوتێلە بووە یادەوەری شوێن ڕووداوەکانیان دەگێڕێتەوە, بەڵام هەر دیمەنێك وەك کورتە شانۆیەکی سەربەخۆ خۆیان دەخەنە ڕوو, جگە لەیەك شانۆنامەی کورت نەبێت, کە لەسەر داوای ژنی نووسەرەکە ڕووداوەکان پێچەوانەوە دەبنەوە, ئەویش "سوپاس بۆ سەندەویچەکان"

دیمەنە کورتەکانیتر دەکرێت لەڕێگەی بەشداری دەنگی نوسەر وهاوسەرەکەی چەند دیمەنێکیان

نمایش بکرێن وئەوانیتر دەرهێنەر بەکاری نەهێنێت, بەبڕوای ئێمە ئەو تەکنیکە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە, کە لابردنی دیمەن هیچ کار ناکاتە سەر بونیادی گشتی نمایشەکە, هێندە نەبێت ئەگەر یەك دیمەن وەك کورتە شانۆ نمایش بکرێت, ئەوا دەبێت دەنگی نووسەرو هاوسەرەکەی لابردرێت, چونکە ئەو پەیوەندیە ناخولقێت.

ئەوەی لەهەمووی گرنگترە, تەواوی کورتە شانۆنامەکان لەبارەی پەیوەندیی هاوسەری وژیانی ژن ومێردەکانە, کێشەو گرفتە کۆمەلاّیەتیەکان,کێشەی ڕەگەزیی وهەستکردنی مرۆڤەکان بەتەنیایی, لەیەکنەگەیشتن و شوێن دەبێتە ناسینی ڕووی دووەمی پەیوەندیی, دیمەن و کورتە شانۆنامەکان تێدەپەڕن, تا کۆتایی ئێمە نازانین چ پەیوەندیەك بەناونیشانی شانۆنامەکەوە هەیە, تا ئەو کاتەی هاوسەرەکەی لەخوێندنەوەی شانۆنامەکان دەبێت, ئەو کات دوو نهێنی بۆ ئێمە دەردەکەوێت, یەکێکیان بوونی ئەوانە لەناو سویتی ئوتێلەکە وەك کارەکتەرەکان لەوێ بوونە, واتەئەوان کە لەتاریکیدان ونایانبینین ئەوانیش هەر لەهەمان شوێنن.



نهێنی دووەم کە پەیوەستە بەناونیشانی شانۆنامەکە "سەمای کاغەزە دڕاوەکان" هاوسەرەکەی کە بەشێکی شانۆنامەکانی بەدڵ نیە و پێی وایە لەبارەی نهێنی ژیانی خۆیان نووسیویەتی, دەیدڕێنێت کە لەوە دەچێت "سوپاس بۆ سەندەویچەکان" بێت, چونکە نووسەرەکە ناوی ئەو کورتە شانۆنامەیە دەبات, بەڕادەیەك دەیدڕێنێت و ووردی دەکات تا لەناونیشانی شانۆنامەکەی یەعقوبی بەتەواوی تێبگەین کە لەپەنجەرەکەوە کاغەزە دڕاوەکان فڕێدەداتە خوارەوە "دەنگی ژن: ئێستا ئیتر دەبێت هێندە وورد ووردیان بکەم, بەجوانی بڕۆنە خوارەوە (دەنگی پارچە پارچە بوونی کاغەزەکان لە بڵندگۆکانی سەر تەختەی شانۆوە دەبیسترێت, دەنگی هەنگاوەکان وکرانەوەی پەنجەرە) من زۆر حەز دەکەم سەیری سەمای کاغەزە دڕاوەکان بکەم, زۆرم پێ خۆشە! وەرە سەیر بکە!"

**سەمای کاغەزە دڕاوەکان/ محەمەد یەعقوبی, وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەیی, پڕۆژەی وەرگێڕانی شانۆنامەی بیانی, سلێمانی 2015, لاپەڕە 94**

لەشانۆنامەی "زستانی 88" ئەو تەکنیکە قووڵتر کاری تیا دەکرێت, کە بەهەرسێ شانۆنامەکە وەك سیانەیەکی تایبەتی یەعقوبی دەیبینین, لەهەمان کاتدا کێشەی نێوان هاوسەرەکان کە نووسەر (پیاو)

دەیەوێت لەڕێگەی نووسینەوە نهێنی و پەیوەندیەکان بخاتە ڕوو, گوێگر (ژن) تووڕەبوون دەنوێنێت, بەبیانووی ژیانی سادەی ڕۆژانە نووسراوەتەوە, لەشوێنێکی تریشدا تۆمەتباری دەکات کە ئەو تۆماری واقعیانەی ئەو ساڵەی وەك خۆی نەنووسیوەتەوە.

ئەو ململانێیەی ناو ژیانی نووسەر لەتەك هاوسەرەکەی, وەك دەنگ بەشداری لەناو شانۆنامەکەی نووسەر دەکەن, راماندەگرن, لەناو ڕووداوەکان ژنەکە دەیەوێت هەندێك ڕستەو دیمەن دەستکاری بکرێت.

هەڵبەت شانۆنامەکەش نەك خاڵی نیە لەو دۆخە, بەڵکو هەمان کێشەی تیایە, کە لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەو ڕەخنەی نووسەرە لەهاوسەرەکەی, هەروەها ئەوە ڕەخنەگرتن نیە لەژن, هێندەی ڕەخنەگرتنە لە ڕیتمی ژیانی هاوسەری, دەنا دایك لەناو شانۆنامەکەی نووسەر داکۆکی لە زاواکەی دەکات وەهەمیشە بەگژ کچەکەیدا دێتەوە, ئەگەرچی کێشەکە ئەوەیە ئەویش پیاوەکەی بەهۆی جەڵتەوە مردووە, کە کچەکەی دایك بەهۆکاری مەرگی باوك دەزانێت, لێرەدا تێنەگەیشتنی ڕەگەزەکان و ئەو



ئاژاوەیەی ناو ماڵ ڕووی ناو شانۆنامەکە بەشێوەیەك دەگرێتەوە, کە نووسەرەکە ویستویەتی بێدەنگی ئاژاوەی پەیوەندیەکەی بنووسێتەوە.

ئەو نووسینەوەیە ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو, کە نووسەری شانۆنامەکەی ناو شانۆنامەکە ویستویەتی لەڕێگەی هەردوو کارەکتەری بابەك و ناهید ژیانی خۆی وهاوسەرەکەی بنوسێتەوە, واتە کێشەکانی ماڵ بکاتەوە بە شانۆنامە, ئەو دەمەی ناهید بە بیر بابەکی دەهێنێتەوە کە کاتی دڵداریی کردنیان نامەی بۆ نوسیووە بەتایبەت لەکاتی سەربازیدا, دەبینین ئەو نامەیە چۆن نووسینەوەی یادەوەری نووسەرە لەڕێگەی بیرهێنانەوەی هاوسەرەکەی "دڵنیام خۆشت باوەڕناکەی نوسینی تۆیە, نوسیبووت کاتێ خوا حافیزیمان لەیەك کرد ومن لەتۆ دووركەوتمەوە, دەستم کرد بەگریان. ئەو کاتانە دەتزانی بگریت. دەتزانی قسەی جوان بکەیت.

دەنگی پیاو: بۆچی پێ دەکەنیت؟

دەنگی ژن: خۆشحاڵم کە ئەو ڕۆژگارە گوێت لە قسەکانم دەگرت. سوپاس وامدەزانی بەس سەیرم دەکەیت و وەك هەمیشە خەیاڵت لەجێگایەکی ترە"

زستانی 88/ محەمەد یەعقوبی, وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەیی, پڕۆژەی وەرگێڕانی شانۆنامەی بیانی, سلێمانی 2015, لاپەڕە 106

دەیالۆگی "بۆچی پێ دەکەنیت" هاتنە دەرەوەیەکی ترە لەناو ڕووداوی شانۆنامەکە و تابزانین پڕۆسەی خوێندنەوەی ڕووداوەکان بەهۆی پێکەنینی هاوسەرەکەیەوە دەوەستێت, لێرەدا بۆ چارەسەری کردەی دەرهێنان دەتوانین ئەوە بخەینە ڕوو, تەواوی دەنگی پیاوەکە کە نووسەری شانۆنامەکەیە لەگەڵ دەنگی ژن کە هاوسەرەکەیەتی, ئەگەر لەناو کارەکە بکەینە دەرەوەش, هیچ خەوشێك ڕوونادات, چونکە پیاوەکە دەنگی بابەکە و ژنەکەش نوێنەرایەتی ناهید دەکات, بەواتایەکیتر لابردنی تەواوی شانۆنامەکە وداڕشتنەوەی لەڕێگەی زمانی گێڕانەوەی ڕووداو دەتوانرێت لەڕێگەی ژن و پیاوەکە نمایش بکرێت, ئەوەش ئەو خەسڵەت و تەکنیکە تایبەتمەندەی ناو دنیا شانۆییەکەی یەعقوبیە کە ئەو دەرفەتە بۆ کردەی دەرهێنان دەکاتەوە, لەهەمان کاتدا ڕوویەکی تری بۆ نوسینی شانۆنامەکانی خۆی و دەنگەکانیش وەك ئاگایی بینەرە لەوەی هەموو ڕووداوەکان ئەو شانۆنامانەن کە نووسراون و نمایش دەکرێن.



هەڵبەت نووسەری شانۆنامەکە دەیەوێت تەواوی ئەو هەستە چەپێنراوانەی لەناو شانۆنامەکەدا ئازاد بکات, بۆیە ترسەکانی کە شاردوویەتیەوە, ئەوا بەدوای دەرخستنی کارەکتەری بابەك بێباکانە بە هاوسەرەکەی دەڵێت

"ناهید:لەمەرگ خراپتر ئەوەیە, مرۆڤ ببێت بەژێر خانووەوە و نەمرێت وتاکۆتایی تەمەنی بە کەمئەندامی بژی, تۆ ناترسی؟

بابەك: نەخێر

ناهید:یانی دەتەوێ بڵێی, بەهیچ شێوەیەك ناترسی؟

بابەك: نەخێر

دەنگی ژن: تۆ نەدەترسایت؟

دەنگی پیاو: زۆر دەترسام, بەڵام شەرمم دەکرد لەوەی کەس بیزانێت" هەمان سەرچاوەی پێشوو, لاپەڕە 108

دیمەنی کۆتایی شانۆنامەکە هێشتا نەنووسراوە, بەڵام نووسەرەکە پلانی بۆ داناوە, کە کۆتاییەکەی مەرگە, هەڵبەت ئەو دیمەنە بەدوای هاتنی سوهەیل و پەروانە بۆماڵەکە, بەرەو ڕووی کێشەی کۆچکردن دەبینەوە, کە مرۆڤ ئیدی لەجەنگدا شوێنێکی نابێت

تیایدا هەست بە ئارامی بکات, بۆیە ئەو دوو مرۆڤە کە پەراگەندەن و ماڵیان جێهێشتووە لەوێش هەست بە ئارامی ناکەن دەیانەوێت ئەوانیش ڕازی بکەن کە لەگەڵیان بڕۆن.

ئەو کۆتاییەی وەك دیمەنی درامی نابیبینین, گوێبیستی نووسەرەکە دەبین کە بەهاوسەرەکەی دەڵێت "بیست خولەك دواتر هەموو ئەمانە دەمرن" زستانی 88, لاپەڕە 123

ئەو مردنە بڕیارێکی نووسەرە لەچارەنووسی کارەکتەرەکانی, تەنانەت دەستی دوو کارەکتەری دراوسێش دەگرێت دەیانهێنێتە ئەو شوێنە تا ئەوانیش بمرن, ئەو مردنە دڵڕەقی نووسەر نیە, بەڵکو ئەخلاقێکی شەڕە, مەرگێك کە بیستن وێنەیەکی سریالی بۆ کۆتاییەکەی دەخولقێنێت, ئێمە لەسەرەتاوە لەگەڵ دایك هەستی ترس داماندەگرێت, کە مەیار لەدەرەوەو لەناو ئەو ئاگر بارانەدایە و بمرێت, کەچی ئەو وێنەیە ڕێك پێچەوانەوە دەبێتەوە "دەنگی پیاو: مەیار بە زیندوویی دەمێنێتەوە. نزیك دەبێتەوە لە ماڵەوە. ئیتر ماڵەکە نەماوە. نزیك دەبێتەوە لەو کەلاوەیەی, تا کەمێك لەمەوپێش ماڵ بوو, گەرووی پڕ دەبێت لە



گریان, کەڵەشێرێك دەبینێت بەسەر کەلاوەکەوەیە و ڕاماوەتە ئەو, ئینجا هەر لەوێدا دەچەمێتەوە ودەگری. لەکۆڵانەکەدا, لەبەردەم کەلاوەکەدا دەگری. ئەمە تەنها کارێکە کە دەیکات" زستانی 88, لاپەڕە 124

کەواتە ماڵ کاتێك بەر بۆردومانەکە دەکەوێت, هیچ شتێك تیایدا ڕزگاری نابێت, جگە لە کەڵەشێرەکەی سوهەیل, ئێمە لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناو پەیوەندیی نێوان بابەك وناهید بەماڵ, پەیوەندی بەسەفەری کارەکتەرە شانۆییەکانەوە هەیە, کاتێك مرۆڤ لە ماڵ دەچێتە دەرەوە, تەنیا بەسەر وێرانەدا دێتەوە, مێژووی ئەدەبیاتی شانۆ و مێژووی ئەدەبی گێڕانەوەو چیرۆك هەمیشە باسی لەو گەڕانەوە تراژیدیە کردووە, ئۆدیب یەکەم مرۆڤی تراژیدیە کە لەدەرچوون لەماڵ نابێت بگەڕێتەوە, گەرانەوەی کوشتنی باوك و سێکسکرنە لەگەڵ دایك, کە کۆتایی ڕوناکیە وەك هەوڵێك بۆ کوێرکردنی خۆی, لە حیکایەتی هەزار ویەك شەوەدا هەمان وێنە بە دەلالەتی ئەخلاقی جیاوازەوە دەبینین, چوونی شەهرەیار بۆ ڕاووشکار لەساتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ دەبینێت شەهرەزاد

لەگەڵ قولە ڕەشەکەی سێکس دەکات، ئەو هاتنە دەرەوەیە لەماڵ، قبوڵکردنی ئەخلاقێکیترە کە کتێبێکی تایبەتمان لەو بارەیە تەرخان کردووە بەناوی "ئامادەبوونی ماڵ لەشانۆدا" لەوێ بەتێروتەسەلی لەسەر ئەو بابەتە وەستاوین.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، سەیرکردنی پەیوەندیی کارەکتەرەکانە بە ماڵەوە، بابەك و ناهید کە دوو مرۆڤن لەماڵ هاتونەتە دەرەوە، ئیدی دەبێت ئەزموونی بێماڵی قبووڵ بکەن، مەیار و ناهید و دایك کە خانوویەکی نوێ دەگرن، هیچ شتێکی ئەو ماڵەیان بۆ ڕێك ناخرێت، مەیار لەداخدا دەڕواتە دەرەوە دایك تا ساتی مردنی خەون بە گەڕانەوەی کوڕەکەی دەبینێت، دایك دەبێت بزانێت کوڕەکەی ناگەڕێتەوە، مەگەر ئۆدیبیانە بەسەر تراژیدیادا بگەڕێتەوە، ئەو بەخەونی گەڕانەوەی کوڕەکەی دەمرێت، کاتێك تۆپ بەریان دەکەوێت.

ناهید لەماڵدا دان بەهەڵەی خۆی دەنێت و داوا لە بابەك دەکات کە بگەڕێتەوە ماڵەوە، بابەك گەڕاوەیەکیترە لەو نائاگاییە دێتەوە، لەلایەك هەمان ڕەفتاری ناهید دەبینێتەوە، لەلایەکیتر نازانێت گەڕانەوە بۆ ماڵ.. گەڕانەوەیە بۆ ناو ئەخلاقی ماڵ، ئەخلاقێك کە هیچ شتێك ناگۆڕێت، ئەوەی نوێ بێت بۆیان تەنیا مەرگە، مەرگێك لەکەلاوەبوونی ماڵەکە دەبێت تەرمەکەیان لەژێر بەردی ناو خانووەکە دەربێنن، ئەوەش مردنێکە هەمیشە نووسەری شانۆنامەکە لێی ترساوە.



گەڕانەوەی مەیار هیچ جیاوازیەکی نیە لەقەدەری گەڕانەوەی ئەوانیتر، هەر وەك سوهەیل و پەروانە وایە، بەڵام بە دەلالەتی جیاوازەوە، ئەو دووانەی تر کە ماڵ جێدێلن بەرەو ماڵێکیتر دێن، بێئاگا لەوەی ئەو ماڵە دەبێتە گۆڕستانیان.

گەڕانەوەی مەیاریش گەڕانەوەیەکی ئۆدیبیانەیە، هاتنەوە بۆ ماڵ هاتنەوەیە بۆ سەر وێنە تراژیدیاکانی ماڵ، وێنەیەك مەگەر تەنیا کەڵەشێری تاکە دەربازبوونی ناو ئەو مردنە ئەو چیرۆکە ترسناکەی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەو تێگەیشتنە بۆ ماڵ دەرفەتی ئەوەشمان بۆ دەکاتەوە لە کردەی دەرهیچنان بتوانین قووڵ کار لەسەر ئەو تێگەیشتنە فەلسەفیە بکەین، کە پەیوەندیی ماڵ و ژیانی هاوسەری و هەستکردن بەتەنیایی لەو ژیانە چۆن ڕووبەرووی ئەزموونی بێماڵیمان دەکاتەوە، کەسمان چارەنووسمان لە مەیار باشتر نیە.

شانۆنامەی "وشە سالّی و درۆ" ئیشکردنێکیترە لەسەر ژیانی هاوسەری، لەڕووی فۆڕمەوە درێژەدانە بە کورتە شانۆنامەیەکیتری نووسەر بەناوی "تۆ جیاوازی لەهەمووان گوڵم" کە کورتە شانۆنامەیەکی ناو تێکستی "سەمای کاغەزە دڕاوەکان" ە، لەبارەی ئەو ئیشکردنەوەیە یەعقوبی لە دیمانەیەکدا مەریوان هەڵەبجەیی وەرگێڕی تێکستەکانی بۆ زمانی کوردیی لەگەڵیدا سازکراوە و لەگەڵ شانۆنامەکەدا بڵاو کراوەتە، یەعقوبی نووسەر دەڵێت "لەدوای نووسینی (تۆ جیاوازی لەهەمووان گوڵم) بیرم لەوە کردەوە دۆخی ئەو کارە زۆر گونجاوە، بۆ ئەوەی بیکەم بەشانۆنامەیەکی درێژ. لە (تۆ جیاوازی لەهەمووان گوڵم) خۆشەویستی پێشووی پیاوێك تەلەفۆنی بۆ دەکات ودەبێتە هۆی ناکۆکی نێوتان پیاوەکە وهاوسەرەکەی، لە (وشکە سالّی و درۆ) دا بیرم لەوە کردەوە باشتر وایە ئەو خانمە هاوسەری پێشووی پیاوەکە بێت" **وشکە سالّی و درۆ/ محەمەد یەعقوبی، وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەیی، پرۆژەی وەرگێڕانی شانۆنامەی بیانی، سلێمانی 2015، لاپەڕە 18**

کاتێك لەو تێکستە نوێیەدا یەعقوبی خۆشەویستەکە دەگۆڕێت بۆ هاوسەری پێشووی، ئیدی دنیابینیەکی نوێ لەناو پەیوەندیی ژیانی



هاوسەری دەدۆزێتەوە، ئەویش درۆکردنی مرۆڤەکانە لەو ژیانە لەگەڵ یەکتری.

یەکێك لەو تەکنیکە شانۆییانەی کە یەعقوبی پیادەی دەکات، وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆی کردو لەناو ئەو تێکستە ئاقارێکی فراوانتری پێدراوە، ئەو تەکنتیکەی ڕۆمانە بۆ گێڕانەوەی ڕووداو، کە کەمتر هونەری شانۆ ڕووداوەکان بەو شێوەیە دەگێڕێتەوە، مەبەستمان لەئەدەبی شانۆیە نەك لەشانۆی بینین کە هەوڵیداوە دیمەنەکان بەدوای یەکدا نەیەن، بەلاّم لەناو نووسینی شانۆنامەدا ئەوە کەمتر بەرجەستە کراوەو وەك خاسیەتی گێڕانەوەی ڕۆمان ناسیوومانە.

لەو شانۆنامەیەدا ئەو تەکنیکی گێڕانەوەیە تەواو پیادە دەکرێت، بەتایبەت لەدوو دیمەنی سەرەتا ئەگەر تێبینی بکەین، کاتێك ئومێد وئالاّ وئاراەش لەنووسینگەی یاسایی کارکردنیاندان و میترا کە هاوسەری پێشووی ئومێدە تەلەفۆنی بۆ دەکات بەهانای بچێت و ژیانی لەمەترسیدایە، لەناو کێشمە کێشی چوون و نەچوون کە ئالاّی هاوسەرە نوێیەکەی قبووڵی نیە، بەلاّم کاتتێدەپەڕێت و هەرهێندەی بوو بە سێی عەسر میترا دەکات.

لێرەدا بونیادی درامی وەك لەتتێكستەكانیتریشدا دەیبینین, لەتاریكیدا دەنگ كاریگەری لەسەر بەئاگاهاتنەوەمان هەیە, بۆیە دەنگ دەیالۆگی ناوەوەی كارەكتەر نیشان دەدات, وەزیفەی دەنگ لێرەدا دەرخستنی هەستی ڕەگەزیە, كە ئارەش لەسەرەتاوە لەخوێندنەوەی كتێبێك باسی دەكات.

ئەو دەنگانە گومانی كارەكتەرە گومانێكی ڕەگەزی كە لەڕێگەی پرسیارەوە خۆی دەخاتە ڕوو, ئەوە ڕووبەرێكی فراوان بە زهنی خوێنەرو بینەر دەبەخشێت بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندەكانی كارەكتەر كە گومانەكانی لەبەرامبەر لەچ ئاستێكدایە.

دیمەنی دواتر ئێمە میتراو ئومێد بەیەكەوە دەبینین لەنیوەشەودا لەماڵەوە سەیری فیلم دەكەن, ئەوە ئەو تەكنیكە شانۆییە كە یەعقوبی لە ڕۆمان وەریدەگرت و وەك تەكنیكێكی تایبەت بە شانۆنامەكانی بەكاری دێنێت, چونكە ئەوە هاتنی میترا نیە, هێندەی گەڕانەوەی ناو یادەوەری و كاتی خۆیەتی كە ژن ومێرد بوون.

خاڵێكی گرنگی ئەو دیمەنە لەوێدایە ئەوان بینەران وەك شاشەی تەلەفزیۆن بەكار دێنن, ئەو دیدە دەرهێنانیە وادەكات پەیوەندیەكی پتەوتر لەنێوان



بینینی ئەكتەر و بینەر بۆ یەكتری ببێتە هۆی ڕوانین لەدنیا, بەهۆی هەموومان سەرقاڵی سەیركردنی چیرۆكی یەكترین, لەو سەیركردنەوە پەیوەندیی ژیانی هاوسەری ڕووبەرووی پرسیارو گومان دەبێتەوە, كە تاچەند نهێنیەكانمان بەدرۆكردن لەویتر شاردۆتەوە.

گێڕانەوە لەو تێكستەدا بە دیمەنێك نامانهێنێتە دەرەوە, بەڵكو بەرەو قولاّیی ناسینی كارەكتەرەكان و یادەوەرییان هە نگاومان پێدەنێت, چونكە ئەگەر لەدیمەنی دووەم ئێمە میترا بناسین و گومان وكێشە هاوسەریەكانی وەك هەر ژنێك بخاتە ڕوو, ئەوا لەدیمەنی دوواتر ئێمە بەو نهێنیەی كارەكتەرێكی وەكو ئالاّ ئاشنا دەبین, كە هاوسەرێكیتری هەبووەو ئەوانیش بەهەمان شێوە كێشەیان هەبووەو ئارش داكۆكی لێكردووەو پشتی گرتووە تا بتوانێت لەهاوسەرەكەی جیابێتەوە.

هەر لەو دیمەنەدا پەیوەندیی نێوان ئارەش وئومێد دەبینین كە هاوڕێی یەكترین, لێرەوە لەچۆنیەتی پەیوەندی كارەكتەرەكان تێدەگەین, داڕشتنەوە لەڕێگەی دوو دیمەندا كۆی پەیوەندیی و یادەوەری كارەكتەرەكانمان پێدەناسێنێت.

ئەوە نامانگەڕێنێتەوە بۆ دیمەنی سەرەتا ئەو نەگەڕانەوەیە وادەکات پێشبینی بینەرو خوێنەر بۆ شانۆنامەکە ڕاست دەرنەچێت و تا دیمەنەکانی کۆتایی ئێمە چاوەڕوانی کۆتایی نمایشنامەکە نەبین، بەڵکو لەناو کونج وکەلەبەری ڕووداوەکانی ناو یادەوەری بین، جاریێ ئەوەمان بیر بچێت کە ئێستا ئالا هاوسەری ئومێدە، دەبێت لەو ڕۆژگارە بژین کە میترا لەشوێنی ئالا بوو، ئەو هاوسەری بوو، ئەو ڕۆژگارەی ئالا کێشەی جیابوونەوەی هەبوو، لەڕێگەی ئارش دەتوانێت ئومێد بناسێت تاکو هاوکاری بکات بۆ جیابوونەوەو دواتر لەنوسینگەیەک کە ئەوان دەیگرن پێکەوە کاربکەن.

ئەوە پێشنیارێکی ئالایە کە سەرەتا بۆ ئارەش دەیخاتە ڕوو "پێتوایە ئەگەر ئێمە نووسینگە بکرین وبێت پێکەوە کاربکەین؟" **وشکە سالی و درۆ/ محەمەد یەعقوبی، وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەیی، پرۆژەی وەرگێڕانی شانۆنامەی بیانی، سلێمانی 2015، لاپەڕە 76**

ئێمە کاتێک ئالا دەبینین لەسەرەتادا وەک هاوسەری دووەمی ئومێد چۆن ڕەفتار دەکات و چۆن ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە میترا ببینێت، چ جۆرە ئیرەییەکی



ژنانە و کێشەیەک دەخوڵقێنێت، گومانەکانی چۆن دەبێتە خوڵقێنەری ئاژاوەی ماڵ، ئەو دەمەی لەناو یادەوەری ئومێددا لەژیانی لەگەڵ میترادا چیرۆکەکە دەبینین، تێدەگەین هیچ شتێکی جیاواز نیە لەژیانی ئومێددا، ژنەکان وەک یەک کێشە درووست دەکەن و ماڵ دەکەن بە ئاژاوە، ئەو دیدگایە بە ڕوویەکیتردا پێمان دەڵێت ئەگەر ئومێد بەقسەی خواستەکانی میترا بکات، واتە خۆی نەبێت، بەڵکو ملکەچی داواکانی ئەو بێت، ئەو کات کێشە ڕوو نادات، هەڵبەت ئەوە وەک وەڵامێکی ژنانە بۆ دیدگای پێشووی پیاو، ئەگەر زیاتر لەسەری بووەستین دەبێت بڵێین ئومێد میترا نەبینێت، ئالا شەڕی چی بە ئومێد دەفرۆشێت، لەو کاتەدا ژن و پیاوەکان هەریەکی جۆرە خۆپەرستیەکی ڕەگەزیان هەیە، ئەوەش دەبێتە هۆکاری کێشە لەژیانی هاوسەریدا، کە لەکورترین مانادا چارەسەر بیرکردنەوەیە لە تەنیایی، بەڵام خۆ هەریەکە لە ئومێد وئالا ڕۆژگارێک تەنیا بوون ئەی بۆ بەرەو ئەو ژیانە ڕۆیشتنەوە؟ ئاخۆ ئەو ترسە لەتەنیایی مرۆڤ نیە، وادەکات میترا دەست بە درۆکردن بکات، بابەتێکی درووست بکات تەنیا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای ئومێد؟ ئەوە ترسی

مرۆڤ لەتەنیایی, لەهەمان کاتدا نەتوانینیشە بەوەی بەبێ ئەویتر هەڵبکات, ئەو بابەتە ڕووبەندێکی فراوانی لەشانۆنامەکانی نووسەر داگیر کردووە, وەك چۆن لە (زستانی 88) هەمان کێشە ڕووبەرووی ژن ومێردەکە دێتەوە.

ئەو بابەتە بۆ یەعقوبی پڕۆژەیەکی شانۆیی بەردەوامە, پڕۆژەیەك کە لە بنەڕەتدا کێشەی نێوان هاوسەرەکانە, کێشەیەك هەمیشە ئاقاری فراوانی ڕووداو داگیر دەکات, کە بتوانێ بچێتە ئاستی دەروونی و کۆمەڵایەتی کارەکتەر لەژیانی هاوسەریدا, لە شانۆنامەی "بەرلین" ئامادەبوونی ئاستی ڕۆشنبیریی کارەکتەر دەبنە سیانەی ئامادەیی کارەکتەر بۆ "دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی"

لەم شانۆگەریەدا ئێمە تا کۆتایی یەك ئەکتەر لەسەر شانۆ دەبینین, کە هاوسەرەکەی لەژووری خۆ گۆڕین دەرگای ژوورەکەی داخستووە, تا نەتوانێت بچێت خۆی بگۆڕێت وبڕوات بۆ ئەو دیمانە تەلەفزیۆنیەی بڕیار وایە لەبارەی فەلسەفەی ئیزا بەرلین پێشکەشی بکات.

بۆیە لەسەرەتاوە دەرفەت لەو کاتە وەردەگرێت تا هاوسەرەکەی دەرگا بکاتەوە, خۆی ئامادە دەکات



کە چۆن لەبارەی بەرلین قسە دەکات و لەسەر چەمکە فەلسەفیەکانی دەوەستێت, ئەوەش وادەکات شانۆنامەکە لەسەرەتاوە وەك وانەیەکی فەلسەفی دەربکەوێت, کەمتر بەلای بونیادی درامیدا بچێت, بۆیە ئەو تێکستە لەئاستی ڕۆنانی درامی تەواو لەتێکستەکانیتری جیاوازە, بوونی ئەو مەنەلۆگە درێژانەی سەبارەت بە فەلسەفەی بەرلین پێویستی بەتوانا وتێگەیشتنی گوتارە فەلسەفیەکەی ئەو فەیلەسووفە لەلایەك و لەکردەی دەرهێنانیش چۆن ئەو تێکستە بەشێوەیەك بۆ ئەکتەر ڕاڤە دەکرێت, کە چۆن بزانێت مەنەلۆگە درێژانە وەك حالەتێکی نواندن لەپێش کامێرایەك نمایش دەکات.

پەیوەندیی کارەکتەرەکە بە دنیاوە لەڕێگەی تەلەفۆن ودەرگایە, تەلەفۆن بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ دنیای دەرەوەو برای هاوسەرەکەی بکات کە تێی بگەیەنێت و فریای بکەوێت "بابە ئەمە چ خوشکێکە تۆ هەتە؟ دەرگای ژووری نووستنی لەناوەوە داخستووە نایکاتەوە. هەموو جلەکانی من لە ژوورەوەیە. دەبێت سەعاتێکی تر لە تەلەفزیۆن بم. مەوعیدی گفتوگۆم هەیە" **بەرلین/ محەمەد یەعقوبی, وەرگێڕانی: مەریوان هەڵەبجەیی, تیاتەر ژمارە (2) بەهاری 2016, لاپەڕە 34**

کاتێك ئەو هۆکارەکەی لێ دەپرسێت, باس لەوە دەکات کە شەو شەیتانی بووە, ئەوە تاکە هۆکارێك بووە کە هاوسەرەکەی لێی تووڕە بێت, لێرەوە تێکستەکە دەبێتە ململانێ لەنێوان کێشەی هاوسەرەکان و فەلسەفەی بەرلین, لەو سۆنگەیەوە باس لە جل وبەرگ دەکات, کاتێك دەیەوێت بە عەباکەی دایکی بەرەو تەکسی بڕوات.

لەچارەسەری کردەی دەرهێناندا, ئەوەی گرنگە جۆری پەیوەندیکردنی ئەکتەرە لەتەك دەرگا وەك ئاماژە بۆ هاوسەرەکەی و تەلەفۆن بۆ پەیوەندیکردن بەکەسەکانی دەرەوەی ماڵ و چۆنیەتی خوڵقاندنی وێنە زهنیەکانە, ئەوانەی دەیەوێت ئەنجامیان بدات.

ئەوەش دەرخەری ئەو حەقیقەتەیە کە پیاوان لە دەرەوە نوێنەرایەتی گوتاری ڕۆشنبیریی دەکەن, گوتارێك لەئاستی دەروونی وەك دەمامکێك بەکار دێت, بەهۆی ئەوەی لەدۆخی کۆمەڵایەتی ئەوان پڕن لەکێشە لەگەڵ هاوسەرەکانیان.

شانۆنامەی "مانگ لە ئاودا" هەمان تەکنیکی تایبەتمەند بە دنیای یەعقوبی دەردەکەوێتەوە, بەڵام ئەو تەکنیکە خوێندنەوە ونووسینی شانۆنامە نیە لەڕێگەی دەنگەوە, بەڵکو دەنگ دەبێتە زەمەنی



ئێستا و دیمەنەکانیش دەبنە یادەوەری, بەواتای دیمەنەکان ئەمجارە بریتی نین لە شانۆنامەی دەنگی نووسەر, هێندەی یادەوەری کارەکتەری سەرەکین کە ناونیشانی شانۆگەریەکە لە کەسێتیەکەدا بەرجەستە بووە,خاوەن دەنگەکە کچێکە بەناوی باران دەڵێت "دایکم ناوی ئای سودا بوو, واتە مانگ لە ئاودا" **مانگ لە ئاودا/ محەمەد یەعقوبی, وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەیی, پڕۆژەی وەرگێڕانی شانۆنامەی بیانی, سلێمانی 2015, لاپەڕە 19**

ئەو سەرەتایە دەرگا لەناونیشان و کارەکتەری ناو یادەوەری دەکاتەوە, ئێمە تابەرەو قوڵایی دیمەنەکان بڕۆین زیاتر دنیابینی کێشەی هاوسەری ئەوە لەسێ تێکستەکەیتردا دەمانبینی, لێی دوور دەکەوینەوە, ئەو شانۆنامەیە لەڕووی بابەت و ململانێی جۆری پەیوەندیی بەتەواوی لەوانیتر جیاوازە, ناونیشان باران دەیگەڕێنێتەوە بۆ هۆگربوونێك کە لەتابلۆیەکی بەرجەستە بووە, تابلۆیەك کە دایکی کێشاویەتی ئەویش خۆشی دەوێت "لەم تابلۆیەدا ژن وپیاوێك بەرامبەر یەکدا وەستاون وتاکەمەریان لەناو ئاودایە. یەکیان ڕاماوەتە مانگەکەی ڕاسەری, ئەویتریشیان ڕاماوەتە

مانگ لەناو ئاوەکەدا. پێم وایە ئەو تابلۆیە چیرۆکی ژیانی خۆی و باوکمە. ڕەنگە چیرۆکی ژیانی هەمووشمان بێت" هەمان سەرچاوە لاپەڕە 20

ئەو ژنانەی یەعقوبی پێشتر لەڕێگەی نووسەری شانۆنامەکان ڕووی شەڕانگێزو خراپەکاریانی نیشان دەدا، کە دەبوونە مایەی ئازارو شەڕنانەوە لەماڵدا، لێرەدا ئەو ڕووەیان لەڕێگەی کارەکتەری نیگار کەمتر ئیشی لەسەر دەکات، ژنێکی وەکو ئای سودا ڕووبەری سەرەکی داگیر دەکات و دەیەوێت کەسێکی وەکو نیگاریش لە بێبەزەییەکەی بەرامبەر بە دایکی خۆی و دایکی ئەو ئاگادار بکاتەوە.

نیگار کە خزمەتکارو پەرستاری لەیلای دلیکی ئاسودایە، ئای سودا لەهەڵەکانی ئاگاداری دەکاتەوە کە دەستی لەیلای بەستووەو چۆتە سەری کوڵان ژوانی لەگەڵ خۆشەویستەکەی هەبووە و دایکی خۆشی حەبی دووگیانی لەناو جانتاکەی دۆزیوەتەوە، پاساوهێنانەوەشی لەدژی دایکی دەگەڕێنێتەوە بۆ ترسی دایك لەتەنیایی "دایکم دەترسێت من ژیانی هاوسەری پێکبهێنم و ئەو بە تەنیا بمێنێتەوە" هەمان سەرچاوە، لا 33

بەلاّم دواتر دوای مەرگی ئای سودا دەبینین، هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کەسە نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ کەسێکیتردا کردوویەتی و ئێستا سێ



منالّیشی هەیە، بەلاّم نیگار لەم شانۆنامەیەدا وەك کارەکتەری پالّەوان کە ڕووداوەکان بەدەوەریدا بخولێنەوە، ڕۆڵ نابینێت، هێندەی وەك دەنگێکی ناو کۆمەڵگاو بەشێکی ژنان دەیبینین، دەنا ئەوەی تەواوی ڕووداوەکان بەدەوریدا دەخولێنەوە، ئەوە ئای سودایە، ژنێکی هونەرمەند و هێمن کە لەهیچ ژنێکی ناو شانۆنامەکانی تری یەعقوبی ناچێت.

کاتێك دەچینە قولاّیی زەمەنی یادەوەری، تێکست ماڵ وەك نمونەی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دەردەکەوێت، کە ڕەنگدانەوەی خەسڵەتی شاربوون بەڕووی کارەکتەرەکانەوە دەبینین، پەیوەندیی کۆمەلاّیەتی زادەی دۆخی مۆدێرن بوونی کۆمەڵگا و لەدایك بوونی فەردە، دەشێت ئەو فۆڕمە کۆمەلاّیەتیە بۆ دۆخی کۆمەلاّیەتی کوردیی نامۆ و لەهەندێك شوێندا گاڵتە جارانە بکەوێتەوە، بەلاّم لە بنەڕەتدا مۆدیلێکی کۆمەلاّیەتیە، لە پەیوەندیی مرۆڤەکان، دەبینین، فەردەکانی ماڵ ئای سوودا دووەم شوویەتی ئالما هاوسەرەکەی جێی هێشتووە بەرەو لای یەکێکیتر ڕۆیشتووەو ئاروین کە برای ئەو دوو خوشکەیە ئەویش ئێستا تەنیایە، ئەو فۆڕمە لەپەیوەندیی و وابەستە نەبوون و بڕیاردان

لەهەڵبژاردنی ژیانیتر، فۆڕمێکی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن لەسەر بنەمای تاك و مانەوە بەندە بە تێگەیشتنی مرۆڤەکان لەیەکتری، بۆیە خوشك و براکە سەرزەنشتی ئالما دەکەن و تەنیا کاتێك پشتگیریی دەکەن کە لەهاوسەرەکەی جیابێتەوە، ئەوە ئارەزوویەکی ژیاندۆستانە و ژیانی ئازادە، تەنانەت ئەو بیرۆکەیەی بەهرام بۆی پێیشنیار دەکات بۆ لەباربردنی منالێك کە باوکەکەی ناگەڕێتەوە لایان، ڕوویەکیتری کۆمەڵگای مۆدێرنە، کە لەکۆمەڵگا خێلەکیەکان کە پەیوەندیی وابەستەی خوێنە ئەو کارە وەك هەڵە وگوناهێك سەیر دەکرێت، ڕێك بەپێچەوانەی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان.
زمانی کارەکتەرەکان لەو تێکستەدا ئاستێکی بالآتر لەوانیتری هەیە، تەنانەت ئاستە زەینیەکانی کارەکتەریش ناشاردرێتەوەو دەخرێتە ڕوو، ئەو ئاستە دەروونیە وای کردووە سیمای کارەکتەر بەهەموو شێوەیەك لەهەردوو ئاستی هەست و نەستدا ڕوون بێت.
هەروەها بەهۆی ئەوەی گەمەی شانۆ لەناو شانۆ تیایدا بەرجەستە ناکرێت، هێندەی ئێمە دەبردرێینە ناو یادەوەری چیرۆکێکی مۆدێرن، کەوابەستەی



کۆمەڵگایەکە، ئەوە ئەو ئاستە کۆمەلآیەتییە کە بینەری ئێمە لە کاتی نمایشدا، ئەوانەی سەر شانۆ وەك کۆمەڵگای نامۆ دەبینێت، ئەوەش دەرکەوتنی دوو ئاستی کۆمەلآیەتی جیاوازە، کۆمەڵگای بینەر کە کۆمەڵگای کوردیە، کۆمەڵگای نمایش کۆمەڵگایەك بەزمانی کوردیی دەدوێن کەچی نۆرم وڕەفتار بۆ بینەر نامۆیە و ئەوەش دەبێتە هۆی خولْقاندنی جیاوازی کولتووریی.
جیاوازی کولتووریی دیدێکی نوێی خوێندنەوەی چارەسەری دەرهێنەرە لەناو ئەو تێکستەدا بۆ نمایشی شانۆیی، کە هەڵگری پرسیارە جیاوازەکان و ناسینی ئاستی جیاوازی کولتووریی وکۆمەلآیەتی بێت بۆ کردەی وەرگرتن.
کردەیەك وەرگر دەباتە نێوان پەیوەندیی زەمەنی یادەوەری چیرۆکی ژیانی ئای سودا و خوێندنەوەی یادداشتەکانی یادەوەری لەئێستادا لەڕێگەی بارانی کچیەوە، ئەوەش ناونیشانی شانۆنامەکە و کۆتاییەکە بەسەر یەك چڕ دەکاتەوە، لەبارەی ژیانی هاوسەری و ماڵئاوایی کردنی مرۆڤ لەیەکتری، کە مرۆڤەکان لەڕێگەی کردە نەستیەکانی خۆیانەوە دابەش دەبنە سەر ژیان، دابەش بوونێك پەیوەستە

بە ئاستی ڕۆشنبیریی و دەروونی وکۆمەڵایەتیانەوە, کە باشتر لەو ئاستانە تێبگەین دوا دەیالۆگی تێکستەکەیە کاتێک باران دەڵێت "ئای سوداش دەیووت: مرۆڤەکان دوو گرووپن: ئەو مرۆڤانەی کە ڕاماونەتە مانگی ڕاسەریان, ئەو مرۆڤانەش کە ڕاماونەتە مانگی ناو ئاو" مانگ لە ئاودا, لاپەڕە 125

ئەوەش هەمان ئەو تابلۆیە کە ئای سودا کێشاویەتی و بۆتە ناونیشانی شانۆنامەکەش, کە هەموو کارەکتەرەکان بۆ چەمکی ژیان بەدەوری خۆیدا دەسووڕێنێتەوە, کە ڕوانینێکی تایبەتە بۆ ئەوەی کۆتاییەک کە ئەو بەرەو ڕووی چوو, دەیزانی ژیان شتێکیتر نیە, یا لەناو ئاو دەڕوانیتە مانگ یائەوەتا لەسەر سەرتەوە لێی دەڕوانیت.

ئەو خوێندنەوەیە بۆ تێکستەکانی نووسەرێک و ئەو گومانەی لەسەرەتادا ڕووبەرووی تۆی خوێنەر دەبێتەوە, لەئێستادا هەست بەگرنگی ئەو شانۆنووسە دەکەیت و تێدەگەیت کە تێکستەکانی چ پێویستیەکی گرنگی ئێستای ئەو دۆخە شانۆییەی ئێمەیە, دۆخێک پەیوەستە بە ژیانی کولتووریمان چ بۆ کێشە و گرفتەکانی ناو



ماڵەکانمان کە هەموومان پێوە دەتلێینەوە, وە چ بۆ ئەو دۆخە شانۆییەی ئێمە لەئێستا تێیداین, ئەو تێکستانە بەڕادەیەکی زۆر نزیکن لەگوتارە شانۆییەکەمان کە دەتوانین لەچارەسەری دەرهێناندا, خۆمان لە لابردن و خستنە سەری تێکست بەدورو بگرین و توانای خۆمان وەک دەرهێنەر بخەینە ڕوو, کە شانۆیەک بێت ئاستێکی هونەری بەرز و نزیک لە ڕۆح و کولتووریی کوردیدا بێت.

# ئامادە بوونی ماڵ لە شانۆدا

نەبوونی سەرچاوەو کتێبی شانۆییمان لەبارەی ئامادەبوونیماڵ لەشانۆدا یەکێکە لەو هەژاریە مەعریفیەی کە شانۆی ئێمە تیایدا دەژیێت، بەهۆی ئەوەی پەیوەندیی ماڵ بە کارەکتەر لە شانۆدا بەتەنها بابەتێکی شانۆیی نیە، بەڵکو بابەتێکی فەلسەفی و پەیوەندیی مرۆڤە بە مەعریفەوە، تەنانەت هەموو قسەکردنێکی بیریاران لە پەیوەندی مرۆڤ بە ماڵ پەیوەستە بە تێکستە شانۆییەکانەوە، ئەو بابەتە لە شانۆوە سەرچاوەی گرتووە، کە دیارە بۆ ئێمە جێگەی نیگەرانیە کە بابەتێك وکتێبێکی کوردیمان لەو بارەیەوە نیە تاوەکو کۆمەکمان بکات.

هەڵبەت ڕەخنەی شانۆییمان لەو ئاستەدا کەمتەرخەمە کە نەیتوانیوە قسە لەو پەیوەندیە بکات، بۆیە ئێمە ووتارێکمان نیە لەسەر ئەو پەیوەندیە بوەستێت، ئەوەی لێرەدا ئێمە ئەنجامی دەدەین هەوڵێکی بەرایی وسادەیە، بەڵام دەکرێ ببێت بە سەرەتایەك بۆ قووڵ بوونەوە لەو بابەتە.

بۆ ئەوەی لەسەر ئامادەبوونی ماڵ لە شانۆدا قسە بکەین، پێویستمان بەوەیە لەسەر ماڵ خۆی قسە بکەین، هەروەها لەسەر ئەو پرۆسەی ئامادەبوونەی بە درێژایی مێژووی شانۆ جێگەی بایەخی نوسەرو



دەرهێنەرە شانۆییەکان بووە، دیارە لێرەدا ئێمە ناتوانین هەڵوەستە لەسەر تەواوی هەوڵەکان بکەین، بەقەد ئەوەی چەند نموونەیەك ئاماژە پێدەدەین و لەبارەیانەوە دەدوێین بۆ ئەوەی بێینە سەر بابەتەکە سەرەکیەکەمان.

ئێمە لەو توێژینەوەیەدا دەمانەوێ لەسەر ئامادەبوونی ماڵ لەتێکستە شانۆیەکاندا بووەستین، لەوەشدا ئۆدیب بەیەکەم کارەکتەر ناو دەبەین کە لەماڵ دێتە دەرەوەو گەڕانەوە بۆ ماڵ ڕووبەرووی تراژیدیای دەکاتەوە، دواتر دێینە سەر ئەزموونی چەندین نووسەری تری وەکو "هنریك ئەپسن وهنری میشۆ وجاك پریڤەر وخۆزیا تریانا" هەریەك لەو نووسەرانە لەڕێگەی هەڵبژاردنی جیهانبینی دەقەکانیان باس لە ئەزموونی ماڵ دەکەین.

هەروەها تێکستە شانۆییەکانی سترێندبێری ولاش نۆرین دەبنە جێگای بایەخی زۆری ئەم توێژینەوەییە، بەتایبەت ئەو تێکستانەی کە زیاتر جەخت لەسەر پەیوەندیەکانی ماڵ دەکاتەوە، لای نۆرین باس لەو چارەسەریە ئۆدیبیە دەکەین کە بەشێوەیەکی سەردەمیانە خۆی دەخاتە ڕوو.

بەدوای ئەوەش دوو نووسەر لەشانۆی عیراقی وەردەگرین، وەك شانۆیەك کە بەردەوام لە ئێمەوە

نزيك بووه ئەوانيش (فەلاح شاكرو عەبدولستار ناسر) ە.
لەدوا دێرەكانی ئەم توێژينەوەيە گەشتێكی خێرا دەكەين بۆ ئەزموونی ماڵ لە بزووتنەوەی شانۆی كوردیی بەتايبەت لە ئەزموونی (بەرزان فەرەج ودانا رەئوف وگەزيزە وشەماڵ عومەر).

## تيێروانينێكی گشتی بۆ ئامادەبوونی ماڵ لەشانۆدا

بۆ ئەوەی ماڵ بناسين دەبیٚ لەو تێڕوانينە سادەيەوە دەست پێبكەين، كە بريتيە لە ديوارێكی دەوردراو بۆ جياكردنەوەی خێزانەكان بەيەكتری، ئەو ديوارەی ماڵەكان لەيەكتری جيا دەكاتەوە بريتيە لەدانانی سنوری مومارەسەكردنی ويستەكانی مرۆڤ كە ڕەوايەتی كۆمەڵايەتی و ئاينی وەرگرتووە، ماڵ جياكردنەوەی ڕووبەرێكە بۆ مومارەسەكردنی ژيانی كۆمەڵايەتی نێوان ژن و مێردێك كە خێزان دروست دەكەن و منداڵ دەنێنەوە، ئەوەش گوزارشت لەكۆمەڵگايەكی بچووك دەكات كە ماڵ دەبێت بە كۆمەڵگای خێزان، هەر بۆيە كاتیٚ بەرەو يادەوەری منالی بگەڕێينەوە ئەو دەمەی لە كۆڵان ياری دەكەين ودنيا تاريك دادێت دايكی ئێمەو دايكی



هەموو منالەكان بانگی منالەكان دەكەن كە دنيا تاريكەو بێينەوە ماڵەوە، ئەو گەڕانەوەيە بۆ ماڵ هەست كردنی دايك و باوكە بە ئارامی بۆ خێزان، ئەوە داڵدەدانە لەترسی تاريكی، تاريكی لێرەدا مانايەكی ڕەمزی هەيە بۆ ئەوەی دادكۆكی لەسيستمی ئەخلاقی ماڵ بكەين، بەهۆی ئەوەی هەر ماڵێك خاوەنی نەريت و ئەخلاقێكی تايبەت بەخۆيەتی.
پەيوەنديە كۆمەڵايەتيەكانيش بەدەوری ئەو سيستمە دەسووڕێنەوە.بەهۆی سيستمی كۆنتڕۆڵ كردن ماڵ دەبیٚ بە بكوژی خەون، بۆ ئەوەی بەخەون بگەين دەبیٚ لەماڵ ياخی بين، ياخی بوونيش بەجێهێشتنيەتی، ئەوەش مانای دەسبەرداربوونە لەو سيستمە ئەخلاقيەی ماڵ ودۆزينەوەی ڕەهەندی دەرەوەی سيستمی ماڵە كە ناتوانين ئينتيما بۆ سيستم بكەين، بۆيە "ئەوەی ماڵ ونبكات ئەخلاقيش وندەكات" (**كۆمەڵگاو منداڵە نامۆكانی/ بەختيار عەلی، گۆڤاری رەهەند ژمارە (13/12) لا 18**)
ئەخلاق لێرەدا پەيوەستە بەو ديسپلينەی ماڵ لەسەری ڕێك كەوتووە، ونكردنی ماڵ.. ونكردنی ئەو ئەخلاقەيە كە ماڵ پيادەی دەكات.
كاتیٚ ماڵ ونكرا، واتە بۆ ئەبەد ئەخلاق ون دەبێت، گەڕانەوەش بۆ ماڵ توانای گەڕانەوەی نيە بۆ ناو

سیستمە ئەخلاقیەکە، چونکە بە دەرچوون لەماڵ بۆ ئەبەد ئەخلاق لەدەست ئەدرێت. هەر بۆیە لەلای پۆل ئیلوار ماڵ دەبێ بەو جوگرافیا خەماویەی سنوری مرۆیی پێك دێنێت، بەواتای ماڵ دەبێ بە جوگرافیای سنوری پەیوەندی مرۆیی، ئەو پەیوەندیانەی ویستەکانمان زەوت دەکەن وسنوریان بۆ دەکێشن، ئەوەش دەبێ بە خوڵقێنەری سرووتێکی خەماوی.

لێرەدا کاتێ باس لە ویستی مرۆڤ دەکەین مەبەستمان بەتەنها غەریزەی سێکسی نیە، ناکرێ ویستی مرۆڤ لەو سیاقەدا بچووك بکرێتەوە، مەبەستمان لێرەدا ئارەزووی ژیاندۆستیە.

ئێمە لەزۆربەی حیکایەتەکان دەبیستین کە پاڵەوان بۆ گەیشتن بە خەونەکانی ناتوانێ لەسنوری ماڵ پێی بگات، بۆیە ناچارە لە ماڵ بێتە دەرەوەو گەشتە فانتازیاکانی دەست پێبکات. ئەوە لەکاتێکدا ماڵ ئەو شوێنەیە مرۆڤ دەتوانێ دڵنەوایی خۆی تیا وەدەست بێنێ.

ئەوەش وای کردووە لەڕووی دەروونیەوە مرۆڤ لەناخی خۆی شوێنەکانی ماڵ پۆلین بکات، شوێنێك هەڵبژێرێت بە باشترین شوێن بۆ کاتی دانیشتن و



حەوانەوەی، تەنانەت لە ژوورێکیشدا شوێنێکی تایبەت دەست نیشان دەکات، ئەوە جگە لەوەی پیرۆزیەکانی ماڵ لە ئاستێکدایە شوێنەکانی وەکو (ژووری نووستن)و (ناندین) ئەو شوێنانەن خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن.

ژن چۆن ئاڵتون بە شتە تایبەتیەکانی خۆی دەبینێ، بەهەمان شێوەش ناندین بە شوێنی خۆی سەیر دەکات، بۆیە بە جوانترین شێوە کەرەستەکانی تیا دەڕازێنێتەوە، تەنانەت ئەوانەی ژنی ماڵیش نین و لەدەرەوە کار دەکەن هەر هەمان وێنەیان بۆ ئەو شوێنە هەیە، یاخود ژووری نووستن کە نەك هەر بۆ ژن ومێرد بە پیرۆزترین شوێن سەیر کراوە، تەنانەت لە یاسای سزادانی عیراقی خەوتنی پیاو لەتەك ئافرەتی دۆست و سۆزانی لەناو نوێنی ژووری نووستنی ماڵەکەی خۆی خیانەتە، بەواتای ئەو یاسایەش سەرباری کۆنەپەرستیەتی و جیاکردنەوەی ژن وپیاو لەجۆری خیانەت کەچی ئەویش ئەو شوێنەی بە پیرۆز زانیووە.

یا کاتێ میوانێکی ئازیز بێتە لامان بۆ ماڵەوە هەموو ماڵەکەی لەخزمەتدا دادەنێین، تەنیا ژووری نووستنەکەمان نەبێت، چونکە ئەو ژوورە بۆ میوان

تەنیا وەکو پیشانگای ماڵ وایە، میوان دوای بینینی خێرا دەبێت ئەو ژووره بەجێ بێڵێت، لەهەر شوێنێکی ئەم ماڵە بۆی هەیە بخەوێت، جگە لەو ژووره کە پیرۆزی خۆی هەیە.

لەوەدا تێدەگەین لەوەی کە ماڵ ڕووبەرێکی پیرۆزکراوی ناو خێزانە، لەناو ئەو ڕووبەرەدا سیستمی بەڕێوەبردن کۆنترۆڵی پەیوەندیەکان دەکات، ئەو پرۆسەیە چۆن لەناو شانۆدا دەرکەوتووە، یەکەم کارەکتەری ناو شانۆ کە لەماڵ دێتە دەرەوە کێیە؟ هەڵبەت ئێمە لەناو تێکستە شانۆییەکاندا زۆر کارەکتەری وامان بەرچاو دەکەوێت، کە لەماڵ دێنە دەرەوەو پەیوەندیە خێزانیەکان ناچاریان دەکات ئەم بڕیارە بدەن، بەڵام یەکەم هاتنە دەرەوە لەماڵ لەناو شانۆگەری (ئۆدیبی پاشا) ی سۆفۆکلیسە.

### گەڕانەوەی ئۆدیب بۆ ماڵ ولەدایکبوونی تراژیدیا

ئۆدیب یەکەم کارەکتەری ناو شانۆیە کە لەماڵ دێتە دەرەوە، هاتنە دەرەوەی لە ماڵ پەیوەست نیە بە بڕیارێك کە خۆی بیدات، بەڵکو پەیوەستە بە قەدەرێك کە بۆی دانراوە، قەدەری بوونی بە باوك



کوژ دەبێتە هۆی دەرکردنی لەماڵ، بەڵام هەڵەی ئۆدیب لەوەدایە کە حەقیقەتی بۆ ئاشکرا دەبێت بڕیاری گەڕانەوە بۆ ماڵ دەدات.

گەڕانەوە بۆ ماڵ جگە لە وەهمی کارەکتەر ناتوانین بە کردارێکیتر ناوی بەرین، چونکە ئۆدیب هەر لە کۆرپەییەوە بەهۆی قسەکانی فاڵگرەوەیەك بووە بە قوربانی سیستمی دەرەوەی ماڵ، کە هەڵگری ئەخلاقێکە.. ئەخلاقی کەسی مەنفیە، ئەو مەنفیەکی ماڵە، گەڕانەوە حەقیقەتی تاوانی ساتی لەدایك بوونە، کە فاڵگرەوە پێشبینی کوشتنی باوکی و خەوتن لەگەڵ دایکی کردووە، سەرەنجام بە گەڕانەوە دەبێ بە بکوژی باوك وچوونە نێو نوێنی دایك.

لێرەدا مەسەلەی یادەوەری ماڵ بۆ ئەو کارەکتەرە ئامادەیی نیە، بەهۆی هاتنە دەرەوەی لەماڵ ئەو خاوەنی یادەوەری ماڵ نیە، ئەوەش دەمانباتەوە سەر پرسیارەکەی بافلۆف کە: چۆن یادەوەری شوێن ڕێکبخەینەوە لەکاتێکدا بە شێوەیەکی تەواو ئەزموون نەکراوە؟ (**حواريات المكان/ ادوارد هال، ترجمه** (طاهر عبدالمسلم) الثقافة الاجنبية، العدد (4/3) لسنة 1997، ص 39 )

بەواتای ئۆدیب یادەوەری ماڵی ئەزموون نەکردووە، بۆیە ڕێکخستنەوەی یادەوەری ئەو بۆ ماڵ ئاسان نیە لە گەڕانەوەی بتوانێ ئینیتما بۆناو ئەو سیستمەی ماڵ بکات، ئینتیما نەکردنیش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ئامادەبوویەکی نائامادەی ماڵ دەبێت، چونکە ماڵ پەیوەستە بە خەون وهەست وساتەوەختەکانی چێژو ئازار کە ئۆدیب ئەزموونکردنی بۆ یادەوەری ماڵ لەدەرەوەی ئەو شوێنەوە بووە، بۆیە ئەزموون نەکردنی ژیان لەناو ماڵ دەبێتە هۆی لەدایکبوونی گوناه ئەوەش "ماڵ ونی ئۆدیب بەرەو گەورەترین گوناهی مێژوو دەبات، ئەویش خەوتن وسەرجێکردنە لەگەڵ دایکدا، ئەوەی ماڵ ونبکات دەشێ هەموو شەرەف وشەریعەت ویاسایەکی زەمین وئاسمان ونبکات، ئەوەی ماڵ ونبکات، ماڵیش ونی دەکات" (**کۆمەڵگاو منداڵە نامۆکانی/ لا19**)

ونکردنی ماڵ ونکردنی حەقیقەتی تاوانە، گەڕانەوە، دەیکاتە گوناهبار، بەڵام گوناهبارێک بە تەواوی لەو دوو گوناهە گەورەیەی پێی هەڵساوە بێئاگایە، بۆیە ئەتوانین ناوی بەرین بە گوناهبارێکی جاهیل بە گوناه، لەبەر ئەوەی "ئۆدیب جاهلترین



گوناهباری مێژووی مرۆڤایەتیە، چونکە زۆر درەنگ تێدەگات چی کردووە وچی گوناهێکی ئەنجامداوە، پەیوەندی گوناه بە جەهلەوە لە ئۆدیبەوە دەبێتە یەکێك لە بابەتە گەورەکانی ئەدەب" (**خوێنەری کوشندە/ بەختیار عەلی، چاپخانەی ڕەنج 2005/ لا99**)

## هاتنە دەرەوەی نورا لەماڵی بووکە شووشە

ئەگەر ئۆدیب لە بێئاگاییەوە لەماڵ بێتە دەرەوەو تا ساتی ڕوودانی تراژیدیاکانی هەست بە گوناهباری خۆی نەکات کە بەدوای هاتنە دەرەوە چیتر ناتوانین بەرەو ماڵ بگەڕێینەوە، ئەوا لەلای هنریك ئەپسن کارەکتەری نورا لە شانۆگەری (ماڵی بووکە شووشە) لەناو ئاگاییەکی تەواو دایە ئەو دەمەی بڕیاری یاخی بوون و بەجێهێشتنی ماڵ دەدات.

ئاگایی کارەکتەر پەیوەستە بە دیوارەکانی ماڵ، کە دەبینین ماتریالە ئامادەکانی ماڵ دەلالەت لە ئاگاییەکی تۆکمە دەکەن، چونکە هەر لەکۆنەوە دیوار وەزیفەی ئاگایی مرۆڤی هەبووە، وەك چۆن مرۆڤی سەرەتایی کاتێ لە ئەشکەوت ژیاوە دیواری ئەشکەوتی بۆ نووسین و نیگار کێشان تەرخان

کردووه، لەو تێکستەی هنریك ئەپسنیش هەمان حالەت دەبینینەوە دیوار بەنەخش ڕازێنراوەتەوە، ئەوە جگە لەوەی بوونی ئامێری پیانۆو پێداویستیەکانی ماڵ ئاستی هۆشیاری کەسەکانی خێزان دەست نیشان دەکات، ئەوەش وامان لێ دەکات لەڕیگەی کەرەستەکانەوە بزانین لەبەردەم خێزانێکی هەژاردا نین، واتە کێشەی ئاستی هۆشیاریش ڕۆڵ دەبینێت.

بوونی ئامێری پیانۆ واتە ماڵێك کە مۆسیقای تیا بژەنرێت دەبێت لەماڵی ئاسایی جیا بکرێتەوە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە پەیوەندیەکانی نوراو هیلمەر تەواو پێچەوانە دەکەوێتەوە، ئەوەش بەهۆی تەواوی ئەو ناکۆکیانەی کە هیلمەر پێی وایە نورا زیادە مەسرەفی دەکاتو ئەو وەك بووکە شووشەیەك سەیر دەکات، کە لەچۆنیەتی پەیداکردنی سەرمایە تێ ناگات، وەك چۆن هەموو ڕوانینێکی لە ئاستی زمانەوانیش بۆ ژنەکەی بریتیە لەناوبردنی بە "کلاّو کوڕە بچکۆلانە، سمۆرە، کچە بچکۆلانە داماوەکە"

نورا دەزانێت ماڵ بۆ ئەو وێنەیەکی کۆنکرێتی هەیە، ئەویش ڕوانینی نێرایەتی باوکی لەکاتی کچێنی و هیلمەر لەکاتی شووکردن وەك هاوسەر



هەردووکیان وەك بووکە شووشە دەیبینن، کێشەی ئەویش ئەوەیە دەیەوێ وەك بووکە شووشە سەیر نەکرێت، ئەو زۆر لەوە دڵنیایە ئازادبوونی لە وێنەی بووکە شووشە بۆ وێنەی مرۆڤبوون پەیوەستە بە بەجێهێشتنی ماڵەکە، ئەگەرچی ئەو کارەکتەرێکی بێئاگا نیە لەبەرامبەر پەیوەندیەکانی ماڵ بەهۆی ئەوەی خاوەنی سێ مناڵە، ئەوەش بۆ ئەو زانینی ئەو حەقیقەتەیە کە "ماڵ بەشێکە لە غەریزەی ژیان، لەدەستدانیشی بەشێکە لە غەریزەی مەرگ" (دلالة المكان في قصص الاطفال/ ياسين النصير، دار الثقافة الاطفال (بغداد) الطبعة الاولى 1985، ص 27)

بەلاّم خۆی تەسلیمی بەشێك لە غەریزەی مەرگ بکات پێی ڕەواترە لەوەی لەناو غەریزەی ژیانی بووکە شووشەیی دابێت، بەوەی لەماڵی باوك مناڵی بووکە شووشەی باوك بووەو لەژیانی هاوسەریشدا ژنی بووکە شووشەی مێرد بووە، دەیەوێ بەر لەوەی دایك وهاوسەر بێت مرۆڤ بێت، مرۆڤبوونیش دەرچوونە لەماڵ، ئەوە بڕیاری هاتنە دەرەوەیە لەماڵ، بڕیارێك یاخی بوون دەنگی قبوولّ نەکردنی بە بووکە شوویی بوونیەتی لەماڵ، ئەوەش شەڕکردنیەتی لەتەك کۆمەڵگا، شەڕی خودە لەگەڵ

ئەوانیتر لەسەر پەیوەندیەکانی ناو ماڵ، بۆیە بۆ ئەبەد ماڵەکە بەجێدێلێت، ئەو ماڵەی هاوسەرو سێ مناڵەکەی تیایە، ئەو ماڵەی هەشت ساڵ تیای ژیاو هەستی کرد لەتەك پیاوێکی غەریبدا دەژییێت، بۆیە دەنگی داخستنی ئەو دەرگایە دێت کە نورا دوای خۆی دایدەخات، ئەو دەرگایەی نورا لەدوای خۆی هەموو شتەکانی داخستوو نایەوێ چیتر پێیدا بێتە ژوورەکانی ماڵ.

ئەو هەموو هێرشەی دەکرێتە سەر ئەپسن بەهۆی کۆتایی شانۆگەریەکەی، بۆیە کە لە ئەڵمانیا نمایش دەکرێت، چەند دێرێك وەك کۆتایی تێکستەکە دەگۆڕێت، ئەویش بریتیە لەو چەند دەیالۆگەی نورا یاخی بوون لەناو خۆی دەکاتە قوربانی مناڵ، بڕیاری مانەوە لەماڵ دەدات، بەڵام ساڵی دواتر کە هەمان تێکست لە ئیتاڵیا نمایش دەکرێت، ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ئەو چەند دێرە لەبڕی یاخی بوون دابنێت وسەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکەی سەرەتا کە نورا ماڵەکە بەجێ دێلێت و دەرگاکە بەدوای خۆی دادەخات، بڕوانە: بيت دمية/ هنريك ابسن، ترجمة (سمير عزت نصار) سلسلة المسرح العالمي، الطبعة الاولى **2007** (عمان) ص **139**



## هاتنە دەرەوە لەماڵ، پرۆژەیەک بۆ ئازادی

هەرچی لەلای (هنری میشۆ) یە لەشانۆگەری (زنجیرە لێکدراوەکان) بەجێهێشتنی ماڵ وهاتنە دەرەوە لەماڵ بۆ نەوەی نوێ وابەستەیە بە پرۆژەیەکی فکری کە ئەویش ئازادبوونیەتی لەدەست دەسەڵاتی نەوەی ڕابردوو، ماڵەکان یەك سیستم و گوتار بنیات دەنێن، جیاوازی ڕەگەزی توانای ئەوەی نیە ئەو گوتارە بگۆڕێت، چونکە سیستمی کۆنترۆڵ کراوی ماڵ پەیوەستە بە سەرکوتکردنی نەوەی نوێ.

بۆیە ئەوە تاکە ڕەگەزێك نیە کە سەرکوت دەکرێت، بەڵکو ئەو سەرکوتکاریە پەیوەستە بەتەواوی ئەو نەوەیەوە.

ئێمە دوو ماڵ دەبینین، ماڵی ژنەکان وماڵی پیاوەکان، ماڵی یەکەم دایك کۆنترۆڵی کچەکەی کردووە. بەهەمان شێوەش ماڵی دووەم باوك کوڕەکەی تیا زیندانی کردووە، لەناو ئەو ڕووبەرەی ماڵ کە وەك زیندان بۆ مناڵەکان دەردەخرێت، ئەو زیندانە نەبۆتە هۆی ئەوەی ئەوان نەتوانن گوزارشت لە هەستەکانی خۆیان بکەن.

کوڕ کاتێ چاوی بە کچەی دراوسێی دەکەوێت عاشقی دەبێت وخۆشی ئەوێت، ئەو خۆشەویستیە عەشقێکی ئادەمیە ئەو دەمەی عەشقی حەوا ئەبێت بەشێك لەو عەشقە پەیوەستە بەو تەنیایە رۆحیەی ئادەم تیایەتی، بەهەمان شێوەش کوڕەکە بەهۆی سەرکوتکردنی لەلایان باوکەوە کچە بەدڵنەوایی بۆ ترسە ناخیەکانی دەبینێت، بەهەمان شێوە کچەش بۆ ڕاکردن لە فرمانەکانی دایك دەیەوێ عەشق بکاتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ ڕزگاربوون.

بەتایبەت ئەو دەمەی دەبینین دایك لەبەردەم پەنجەرەکە پەلکێشی دەکاتەوە بۆ ژوورەوە، لەوێدا پەیوەندی نێوان دایك و کچ دەبێ بە پەیوەندی جەللاد وزیندان، چونکە دایك بەتەنها لەڕێگەی سەرکوتکردنی مومارەسەی دایکایەتی ناکات، بەڵکو سیستمی کۆنترۆڵ کراوی ماڵ پیادە دەکات، ئەو دەمەی کچە بە کوڕە دەڵێت "ئەوە دایکمە لە مامە گەورەکەم دەدات" بەهەمان سیستمیش باوکی کوڕەکەش هەمان وێنەی زیندانی بنیات ناوە.

نابێ ئەوەشمان بیر بچێت کە کچ لێرەدا لەساتی یاخی بوون کارەکتەرێکە لە نورای ماڵی بووکە شووشە دەچێت، سەرەتا بۆ ئازادبوون بە کوڕەی



خۆشەویستی دەڵێت کە لەباوکی بدات، بەلاّم کوڕە دەیەوێ کارێك نەکات لەدەرەوەی سیستمی ماڵ، بۆیە پێی ڕادەگەیەنێ کە ئەوە کارێکی ڕێگە پێنەدراوە، لێرەدا ململانێی نەوەکان لەناو ماڵ بەقووڵی خۆی دەردەخات، کاتێ لەوە دەگەین ئەوەی دایك ئازاری دەدات مامی نیە، بەڵکو پیاوێکی هەژاری بەستەزمانەو لەڕێگا دۆزیویانەتەوەو کاریان لەماڵەوە پێداوە، کەچی لەگەڵ زیاتر ناسین ڕووی کارەکتەرەکانی ناو ماڵ وپەیوەندیان بە ماڵ زیاتر حەقیقەتی ئەو پەیوەندیە ئاشکرا دەبێت ومەسەلەکە لەوە دەردەچێت کە ئەوە کێشەی خێزانی بێت، بەڵکو ململانێی مێژوویی ماڵە، ئەوەتە دەرئەکەوێت ئەو ژنەش دایکی نیە، بەڵکو میراتگری ماڵەکەیە.

ئەو ململانێیە دەگاتە ساتەوەختی تەقینەوە، بەهۆی ئەوەی هەر یەك لەماڵەکان کە دەسەلاّت تیایدا دەگاتە لوتکە ماڵەکەیتریش سنوری پەیوەندیەکانی تۆکمەتر دەبن، ئەوەش وا لە کوڕ دەکات لە سیستمی ماڵی خۆیان یاخی بێت و چیتر بەو فرمانە کۆنکرێتیانەی ماڵ ڕازی نەبێت، بۆیە دەیەوێ لەباوك بدات ئەگەر پێویستیشی کرد لەباتی جارێك دە جار.

کەچی کاتێ باوك لەماڵ دەردەکەوێتەوە شتەکان بە ئاسایی دەردەکەونەوە، کەچی دایك هەست بە هەڕەشەی ئەو نەوەیە دەکات، بۆیە بڕیاری سەفەر دەدات، لێرەدا ڕووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە: ئایا نەوەی نوێ سەرگەرمی شۆڕشن؟ پرسیار لێرەدا پرسیاری شۆڕشە.

ئەوەش ئەو کاتە دەگەین بە وەڵامی پرسیارەکە کاتێ کچەکە دەچێتە ژێر دەستەکانی کوڕ، ئەوەش لەناو پرتەقاڵ خواردن وەك ئاماژەیەکی عەشق لەساتەوەختی دەسپێکی شۆڕشی مناڵەکان بەرجەستە دەبێت، ئەو دەمەی عەشق دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانن ماڵ بەجێبێڵن، ئەو کارە چونکە لەدەرەوەی سیستمی ماڵ پیادە دەکرێت، بۆیە دراوسێکانیان دەکەونە ناڕەزایی دەربڕین مەسەلەکەش ترسیان لەوەی هاتنە دەرەوە لەماڵ و یاخی بوون لەو سیستمە بپەرێتەوە ماڵەکانی ئەوانیش.

لەو کاتەدا باوك دەیەوێ بڕوا بەو یاخی بوونە نەکات بەوەش دڵنەوایی خۆی دەداتەوە کە ڕۆژێك دێ مناڵەکان دەگەڕێنەوە، ئەگەرچی هاتنە دەرەوەی ئەوان لەماڵ پڕۆژەی ئازادبوون و گەڕانە بەدوای



بونیادی رۆحی و فکری خۆیان، گەڕان بەدوای ئەو بونیادانەش لەلای هنەری میشۆ وابەستەیە بە هاتنە دەرەوە لە ماڵ.

## ماڵ ڕووبەرێک بۆ کوشتنی نەوەکان

ئایا ماڵ ڕووبەرێك نیە بۆ ئەوەی نەوە جیاوازەکانی تیا بکوژرێت؟ کوشتنی جەستە کە بەرەنجامی کوشتنی خەونەکانە؟

ئەو پرسیارە دەبەینە ناو شانۆگەری (لەماڵێکدا) ی جاك پریڤەر، لەو تێکستەدا ماڵ دەبێت بە ڕووبەرێك بۆ کوشتن، لێرەدا ماڵ دەبێت بەو شوێنەی خێزان مومارەسەی کوشتنی تیا دەکات، باوك کارەکتەرێکی نائامادەیە بەهۆی ئەوەی دایك کوشتویەتی، دایك و کوڕ وەك دوو بکوژ لەناو ماڵ ڕووبەرووی یەکتری دەبنەوە، بەهۆی ئەوەی کور کەللە سەری براکەی خۆی بەدەستەوەیە کە سەری بڕیبوو.

ئەوەش بۆ دایك دووبارە بوونەوەی مێژووی کوشتنە، چونکە 25 ساڵ پێش ئەو کارەساتە لە مەخزەنەکەدا باوك دەکوژێت وکەللە سەری دەخاتە ئەوێ، ئەوێ کە ئاماژەیە بۆ شوێن، بۆ شاردنەوەی

تاوان وناپاکی دایك، لێرەدا گریمانەی تاوان دەتوانێ بەرەو ئەو تێگەیشتنەمان بەرێت، کە ئەوانەی سەریان بڕدراوە کەسە شەرعیەکانی ناو ماڵن، ئەوەش لەسەر ئەو گریمانەیەی کوڕەی سەربڕدراو ڕۆڵەی شەرعی باوکەو کوڕە بکوژەکە دوای مەرگی باوك لە ئەنجامی ناپاکی دایك لەگەڵ دۆست هاتبێتە دونیا، چونکە بۆ ئازادبوون لە باوك.. دایك هەڵساوە بە کوشتنی.

براکوژ کارەکتەرێکی شەڕانگێزی ناو ماڵە ئەو غەریزەیەشی لە دایکەوە بۆ ماوەتەوە، تاکە بیانوویشی بۆ کوشتن تەنها ئەوەیە هەستێکی لا هەبووە هەستی ئەوەی براکەی لەو زیرەکتر بووە، بۆیە بەو کارە هەڵدەستێ، لێرەدا دەشێ بەرەو گومانێکیتر بڕۆین، دەشێ کاتێ دایك مێردەکەی خۆی کوشتووە ئەویش تەنها هەستێکی لا درووست بووبێت کە مێردەکەی گومانی ناپاکی لێ دەکات، بەڵام چونکە ژنەکە خۆی پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی ماڵ هەبووە، بۆیە پیاوەکەی کوشتووە.

تاوانی کوشتن بەدرێژایی 25 ساڵ لەم ماڵەدا پرۆسەی شاردنەوەی حەقیقەتی ناو ماڵ وچەواشە



کردنی ماڵەکانیترە، بۆیە هەمیشە کەللە سەرەکان دەشاردرێنەوە، براکوژ کەللە سەرەکەی براکەی بۆ دایك هێناوە، بۆ ئەوەی وەك کەللە سەرەکەی تر بیشارێتەوە، بەڵام لەناکاودا برا سەربڕاوەکە بێسەر دێتە ژوورەوە، دایك دەزانێت تازە کوڕەکەی بێسەریش بێت نامرێت.

بۆیە براکان ئاشت دەکاتەوە، دوای ئاشت کردنەوە بە کوڕە تاوانبارەکەی دەڵێت کە لەگەڵ براکەی شۆربا بخوات، بەڵام بکوژ دەزانێ ئەوە کارێکی ئەستەمە کەچی دایك ئامۆژگاری دەکات کە ڕەحەتی بخاتە سەریەوە.

ئەوەش قەدەری ترسناکی ماڵە، کە تا ئەبەد ئەو تاوانە لەماڵ دەمێنێتەوە.

چیتر حەقیقەتی بکوژانی ماڵ لەماڵەکانیتر وون نابێت، چونکە ماڵ کارەکتەرێکی بێسەری تیا دەسووڕێتەوە، ئەوەش ئاشکراکردن و ناشیرین بوونی دایکە لەناو ماڵ تا ئەبەد ئەو وەك ڕەمزی بکوژ بۆخۆی و کوڕە شەڕانگێزەکەی دەمێنێتەوە، ئەگەرچی لە کۆتایدا بیەوێ ئەو تاوانە بخاتە ئەستۆی منداڵەکانی کاتێ دەڵێت "دەبێ من چیم لەخوا کردبێت تا منداڵی ئاوام بداتێ" بەڵام

لەڕاستیدا ئەوە سزایەکی قەدەریە، دراوە بە دایك و کوڕەکەی، بۆ ئەوەی هەرگیز تاوانی کوشتن لە ماڵ لەبیر نەکەن.

## گەمەی کوشتنی دایە وبابە لەماڵ

ماڵ ئەو دەمەی بۆ منالأن دەبێت بە زیندان، خەونی ڕزگاربوون لەو ماڵە دەبێت بە خەیاڵێکی ئاسوودە، بۆیە لەلای نوسەری کوبی خۆزیا تریانا لە شانۆگەری (شەوی بکوژان) منالأن دوای دەرچوونی دایك و باوکیان لەماڵ گەمەی کوشتنی دایەو بابە ئەنجام دەدەن. کوشتن لێرەدا تاوانێك نیە ئەنجام بدرێت، هێندەی گەمەیەکە منالأن بەرجەستەی دەکەن، گەمەی کوشتن بە ئاگاهاتنەوەیە لە پیس بوونی ماڵ، بەدوای کوشتن ئەوەیان بۆ دەردەکەوێ کە ماڵەکەیان چەند پیسە، ئەو پیسیە بۆ مێژووی حوکمڕانی دایك وباوك لەناو ماڵ دەگەڕیتەوە، ئەوە پرسیاری دوای شۆڕشی نەوەی نوێیە "تەماشای ئەو کورسیە بکە، خوا دەزانێ لەکەیەوە پاك نەکراوەتەوە، جالجالۆکەی دنیای تێ ورووکاوە، پیاو قێزی لێ دێتەوە"



ئەو دیدگایە بۆ ئەزموونی ماڵ ڕازی نەبوونە بەو سیستەمەی کە بووە بە مێژووی گوتاری ماڵ، ئەو گەمەیە لە بنەڕەتدا خەونێکی حەقیقەتی نەوەی نوێیە، حەقیقەتێك بیرکردنەوەیانی داگیر کردووە، بەلأم نایانەوێ ئەنجامی بدەن.

هەر بۆیە لەناو گەمەکەدا بیرکردنەوە بەشداری پێ دەکەنەوە "هەموو ڕۆژێ بەخۆم دەڵێم: دەبێ پاکی بکەینەوە، هەر دەبێ، بەلأم هەمیشە شتێکیتر دەکەین" ئەوەش دۆزینەوەی بیانووە بۆ بەئەنجام نەگەیاندن، کە بەرەنجامی ئەو ترسەیە کە بەدوای ئازادبوون ئەوان ونبن، ونبون یەکێکە لەترسەکانی ڕزگار بوون لەماڵ، مێژووی ونبون لە ئۆدیبەوە دەست پێدەکات تا دەگات بە تێکستە مۆدێرنەکان.

لێرەدا ونبون لەناو کەرەستەکانی ماڵ وا دەکات ماڵ بەبێ ئازادی هیچ مانایەکی نەبێت، دەشێ ئەوان وەك گوڵدان یان چەقۆ سەیر بکرێن، ئەوەش گریمانەی ئەوە دەخوڵقێنێ کە لە دواجاردا هەموو کەرەستە بەهاکانی ماڵ بە منالأن ببەخشرێت، بەلأم لەپاڵ ئەوەدا خەونیان دەکوژرێت.

کوشتنی خەون زەوتکردنی ئیرادەی نەوەی نوێیە لەناو ماڵ، ئەوەش کۆنترۆڵ کردنی پەیوەندیەکانە،

که ژیان لەژێر ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیە بەڕێوە دەچێت کە گەورەکان بنیاتی دەنێن، تەنانەت تاوانی کوشتنی دایك و باوکە بێئومێدیەکە بەهۆی ئەوەی بەپێی ئەو گەمەیەی منالآن سازی دەکەن سەرەنجام گەمەکە دەگاتە لێپرسینەوەی پۆلیس ودادگایی کردنیان بەهۆی کوشتنی دایەو بابە، بۆیە ئەوە تەنها وەك گەمەیەك دەمێنێتەوە، بەلآم گەمەیەك ناپەڕێتەوە بۆ واقیع، بۆیە تەنها لەتوانایدایە هەمیشە خۆی لەناو گەمەی کوشتن بهێلێتەوە، ئەگەرچی لەناو ئەو گەمەیەدا هەڵوەشاندنەوەی ماڵ وەك شوێن تاکە ئەلتەرناتیڤێکە بۆ ئازادبوون، بۆیە هەر لەسەرەتای گەمەکەشیان ئەوان دەزانن ئەوەی بووە بە زیندان ماڵە، دەبێ ئەو زیندانە هەڵبوەشێتەوەو تێکبشکێنرێت.

ئەوەش لەدایکبوونی چەمکی فەردە کە دەبێ لەخێزان بێتە دەرەوە، چونکە وەك ببا دەڵێت "پێویستە فەرشەکان هەڵوەشێننەوە، پەردەکان بدڕێنن، هۆڵەکە، هۆڵ نییە، هۆڵەکە ژووری نووستنە، ژوورەکە ژوور نییە، ژوورەکە گەرماوە" ئەوەش بێزاربوونە لەدەست ئەو سیستمی ڕێکخەرەی ماڵ، ئەوەتە شوێنەکانی ناو ماڵ



وەزیفەی خۆیان لەدەستداوەو وەزیفەی شوێنی تریان وەرگرتووە، بۆیە دەبێ ماڵ هەڵبوەشێتەوەو فەرد جارێکیتر خەونەکانی خۆی لەدەرەوەی ماڵ بنووسێتەوە، ئەگەر ماڵ بکوژی خەون بوو، هاتنە دەرەوە لەماڵ نووسینەوەو بنیاتنانی خەونی فەردە.

## هارۆلد پینتەرو گەڕانەوەی مرۆڤی مۆدێرن بۆ ماڵ

ماڵ لەلای هارۆلد پینتەر هەمیشە پێکهاتەی دیمەنی شانۆییە، شوێنی تەواوی ڕووداوەکانە، مرۆڤەکان لەم دنیایەدا گوزارشت لەجیهانێکی بچووك دەکەن، بۆیە ماڵ بۆتە ناوەندێك بۆ کۆبوونەوەی مرۆڤەکان، بەلآم گرنگی پەیوەندیی ئەو بە ماڵ وچارەسەر کردنەکانی لەدیدی مرۆڤی مۆدێرنەوە لە شانۆگەری (گەڕانەوە بۆ ماڵ) دەردەکەوێت، بەهۆی ئەوەی دەتوانین لەڕووبەری ئەو دەقەوە چارەسەری ئیشکالیەتی گەڕانەوە بۆ ماڵ ودنیابینی مرۆڤی مۆدێرن ببینین.

بۆیە هەر لەناونیشانەوە ڕووبەرووی ئەو تێگەیشتنە فەلسەفیە دەبینەوە، سەرباری جیاوازی زەمەنی وئاستی تێگەیشتنی کارەکتەرەکان، مرۆڤ دواجار دەبێت بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە.

ئەگەر ئۆدیب ئەو مرۆڤە بێت لە جەهلی لەدایکبوون و لە جەهلی تاوان بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە، بەلآم تێدی لەشانۆگەریەکەی پینتەر لە جەهلەوە ناگەڕێتەوە، بەڵکو گەڕانەوە بەرەو ماڵ، دڵنیابوونەوەیە بۆ هاتنە دی خەون وبیرکردنەوە لە ئارامی، هێنانی هاوسەرەکەیەتی تا بەخانەوادەکەی بناسێنێت، چەند رۆژێك لە ماڵ بمێننەوە.
ئێمە هەر لەسەرەتاوە ماکس وەك باوکێك دەبینین کە شانازی بەتواناکانی خۆی دەکات لە ڕابردوو، دەیەوێ ڕابردوو وەك هێزێك بۆ ترساندنی لێنی کوڕی بەکار بێنێت، ئەو سەرەتایە لەناو ماڵ کرانەوەیە بەرەو دڵنیابوون لە پەیوەندیەکانی ماڵ، باوك هەمیشە دەیەوێ تەواوی پەیوەندیەکان بەدەوری توانای ئەودا بسوڕێتەوە، لەکاتێکدا بۆ کوڕ باوك پیاوێکە خەریکە دەخڵەفێت.
باوك وەك قسەکەرێك کە پڕە لەگرێی یادەوەری، یادەوەریەك دەیکاتەوە بە هێزی دەسەلآتی ماڵ، لەکاتێکدا ئەو دەسەلآتە بۆ باوك تەنیا لەناو قسەکردن وفرمانە ووتراوەکانیدایە، ئەو کوڕی حیکایەتەکانی خێزانە، حیکایەتی خورافی نا.. حیکایەتی مۆدێرنەی ماڵ، هەر ئەوەش وایکردووە



هەموو شتێك لەدەرەوەی ئەو بێت، ئەوە ئەو خۆیەتی پێی وایە شتەکان لەسنوری ئەودایە، بۆیە کاتێ رووسای خێزانی تێدی کوڕی دەبینێت، بڕوا ناکات کە کوڕەکەی بووبێتە کەسێتیەك لە دەرەوەی ئەو، بۆیە هاوسەری کوڕەکەی بە قەحپە ناو دەبات، ئەوە بڕوای باوکە کاتێ کوڕ دەگەڕێتەوەماڵەوە سۆزانی لەگەڵ خۆی دێنێتەوە، ئەو چارەسەرکردنە ئۆدیبیە بۆ پەیوەندیی سێکسی، ئیشکالیەتی چارەسەرکردنی مرۆڤی مۆدێرنە، کە خۆی پەیوەندیە سێکسیەکانی بۆ ماڵ دابین دەکات، واتە ماڵ تەنیا دەبێتەوە شوێنێك بۆ یادەوەری، تاوانەکەش لەلایان کوڕەوە نیە، بەڵکو باوك دەزانێت تاوانێك هەیە، تاوانی گەڕانەوەی نەوەکان لەسەر نەریتی باوانەوە، ئەویش هێنانی سۆزانیەکە بۆ ماڵ "ئەوە شەش ساڵە قەحپەیەکم نەدیوە. ئەویش، بێ ئەوەی پێمان بڵێت، دەگەڕێتەوە ماڵەوە ودەڵەسەگێکی بەڕەللآی سەر شەقام لەگەڵ خۆی دێنێت ولەماڵی من شەوی لەگەڵ دەباتە سەر" **گەڕانەوە بۆ ماڵ/ هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی (عەلی عوسمان یەعقوب) زنجیرەی (42) شانۆی بیانی دەزگای ئاراس، هەولێر– 2010، لا 100**

ناوبردنی زەمەنی بە شەش ساڵ قەحپەیەکی نەبینیوە لە ماڵ، گرفتێکی دەروونی باوك نییە، هێندەی باوك بەهۆی زیندەگی لەناو زەمەنەکان، باشتر لەپەیوەندییەکان وشوناسی کارەکتەرەکانی ناو ماڵ تێدەگات، وەك چۆن هاوسەرەکەی خۆشی هەر واسەیر کردووە، بۆیە کە هاوسەرەکەی.. دایکی کوڕەکان کە دەمرێت، ئەو ئیتر پێی وایە لەو ڕۆژەوە سۆزانیەکی لەماڵەکەی خۆی نەبینیووە، بۆیە گەڕانەوەی کوڕ بۆ ماڵ.. بە ئامادەبوونی هێزی کوڕ ناو دەبات، پێی وایە ئەوە جۆرێکە لە بەدڕەوشتی، بۆ ڕەوایەتی دان دەپرسێت کە ئاخۆ لێنی برای هیچ کاتێك سۆزانیەکی هێناوەتەوە ماڵ؟

ئەو پرسیارە هەستی تاوانبارکردنی کوڕە لەو پەیوەندیەی بە ژن لە ماڵ، بەڵام بەدوای دڵنیابوون، دەیەوێ باوەش بەکوڕەکەی بکات، ئەو باوەش پیا کردنە چەندە بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز دەربکەوێت، بەڵام باوەشکردنەوەیە بە یادەوەری، بەوەی گەڕانەوە لەژێر کۆنترۆڵی باوکدا دەبێت، هەرچەندە باوك تەنیا خۆی پێی وایە دەسەڵاتی لەژێر دەستدا ماوە، باوك ڕێك لە شالیری شکسپیر ئەچێت تەنیا خۆی پێی وایە خاوەنی دەسەڵاتە، دەنا هیچ دەسەڵاتێك لەژێر دەستی ئەودا نەماوە..



وەك چۆن تێدی هەست دەکات بە مانەوەی لەماڵ رووسای هاوسەری لەدەستی ئەو نامێنێت، دەیەوێت ماڵ بەجێ بێڵن و بڕۆنەوە لای مناڵەکانی خۆیان، هەر واشی لێ دێت بەر لەرۆیشتن لێنی برای داوا دەکات کە سەما لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات، ئەو سەمایە دەگۆڕێت بۆ نزیکبونەوەی لێنی وجۆی لە هاوسەرەکەی، ئەو پەیوەندیە ووتەکەی باوك تەواو جێگیر دەکات، کە هاتنی ژن بۆ ماڵ ئەوان وەك سۆزانی دەیبینن، بۆیە دەیانەوێت پەیوەندی سێکسی لەگەڵ درووست بکەن.

ماڵ لەوێنەیەکی یادەوەریەوە کە هەڵگری مانای پاکیزەییە، بەڵام پاکیزەییەك لەرووکەشدایە، دەنا پڕە لەپەیوەندیی نهێنی وشاردراوە، دەگۆڕدرێتە سەر وێنەیەکی ئەخلاقی تیایدا براکان دەیانەوێ سێکس لەگەڵ براژنەکەیان بکەن، هەر واش دەکەن، پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ درووست دەکەن، دواتریش بۆ بوونی سەرماییەك پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکەن وەك لەشفرۆشیش کار بکات.

لەو کاتەشدا کوڕ دەبێت بەتەنیا لەماڵ بڕواتە دەرەوە، بۆیە گەڕانەوە بۆ ماڵ لەلای پینتەر لەدەستدانی ژن وسەفەرێکیترە بەتەنیا، ئەو دەمەی

لەماڵ دێینە دەرەوە هیچ لەگەڵ خۆمان نابەین وەك ئۆدیب، وەك تێدی، بەهەمان شێوەش لەگەڕانەوەش بەرەو ماڵ هەرچی هەمانە دەبێت سەر لەنوێ دابینێینەوەو جارێکیتر بەتەنیا بڕۆینەوە دەرەوە، وەك چۆن ئۆدیب چاوەکانی داناوتێدی ژنەکەی دادەنێت، بۆیە رووسا لەماڵ دەمێنێتەوە، ئەوە تێدی کوڕە بەتەنیا لەماڵ دەچێتەوە دەرەوە، بەرەو لای منداڵەکانی دەگەڕێتەوە، هەروەك هیلمەر لە ماڵی بووکە شووشەی ئەپسن دەبێت سێ منداڵەکەی خۆی بەخێو بکات.

بەواتای ئەو ناوبردنەی رووسا بە قەحپە لەلایان ماکس، حالەتێك نیە خاڵی بێت لە یادەوەری ماڵەوە، چونکە هەمیشە ژنەکان ئەو وەزیفەییەیان بینیووە، هەستی فرۆشتنی ژنەکانیش وەك لەشفرۆش حالەتێك بووە پیاوەکان قەبووڵیان کردووە، بۆیە ئێستاش ئەو کارە بۆ رووسا دەدۆزنەوە، وەك پێشتر لە پەیوەندی سێکسی جێسی دایکی کوڕەکان وهاوسەری ماکس ڕوویداوە "ماك گریگۆر لەپشتەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەی من لەگەڵ جێسی جووت بوو، ئەو کاتەی گەشتم پێ دەکردن" لا 153، وەك چۆن پێشتریش هەمان وێنە بۆ ماکس وسام کە هەردووکیان بران بوونی هەیە، ئەو کاتەی ماکس خۆیان بە سێ زۆڵ ناو دەبات بەهۆی ئەوەی دایکی خۆشی بە قەحپە وەسف دەکات



"خێزانێکی ئیفلیج وپەککەوتە. سێ کوڕی زۆڵ. ژنێکی دێڵەی قەحپە." لا 108، ئەوە جگە لەوەی ئەوان سێ برا بوون، وەك چۆن ئێستا منداڵەکانی ئەویش هەر بریتین لە سێ برا، کە ئەوەش بازنە درووستکردنەوەی پەیوەندیەکانی ماڵە بە شێوەیەك کە پەیوەندیەکان لەهەموو شتێکدا لەیەك دەچن.

کاتێ کوڕ بەتەنیا دەڕواتە دەرەوە، چیتر دەسەڵات لەماڵ بەدەست باوك نابێت، ئەگەر مەرگی سام مەرگێکی جەستەیی بێت لەناو ماڵ، ئەوا مانەوەی رووسا مەرگێکی فیکریە بۆ باوك، چونکە ئیتر هەموو شتەکان دەکەونە دەستی ئەو ژنە، ئیتر ئەوەی دەسەڵاتی بەدەستە ئەوە رووسایە بە ویستی خۆی هەموویان دەجولێنێت، بۆیە گەڕانەوەی تێدی بۆ ماڵ تەنیا گۆڕینی پەیوەندیەکانی ماڵ ولەدەستدانی ژنەکەی بوو بۆ باوك و براکانی.

## ماڵ لەلای یۆن فۆسە

### وەك شوێنگەی پەیوەندیی کارەکتەر بە یادەوەریەوە

کێشەی چارەسەرکردنی ماڵ بابەتێك نیە خاوەنی دیدێکی ڕەها بێت، بەڵکو لەناو تێڕامان وپرسیاری جیاوازەوە چارەسەری گرفتەکان دەکات، هەمیشە ماڵ ڕووبەرێکی جوگرافی تراژیدیە، ماڵ یا ئەبێت وێرانبکرێت تا هەست بەخەوشەکانی بکەین یا دەبێت سەفەری ڕاکردن ودەرچوون لەماڵ ببێتە خەون وپرۆژەی مرۆڤەکان، هەڵبەت هاتنە دەرەوە لەماڵ سەفەرە بەراییەکانی

تێکستە کلاسیکیەکانی شانۆییە تا دەگات بە تێکستە مۆدێرنەکان.

ئەگەرچی ڕوانینەکان جیاوازن، پرسیارەکان ئامادەبوونەوەی دیدێکی تری مرۆڤە، هەرچەندە پرسیارەکان پرسیارکردنی مرۆڤە لەماڵ، بەڵام ساتەوەختی پرسیار ساتەوەختی ئەخلاقی کارەکتەرە.. ساتەوەختێك نوسەرو دەرهێنەرانی شانۆ دەزانن هاتنە دەرەوە لەماڵ ئازادبوونی مرۆڤ نیە بەقەد ئەوەی وون بونی مرۆڤ ونادیاری چارەنوسە.. ئەو دیدە ئەخلاقیە ئیشکردنەوەیەکیترە لەسەر پرسیاری گەڕانەوە بەرەو ماڵ، بەڵام ئاخۆ یۆن فۆسە چۆن چارەسەری پرسیاری گەڕانەوە دەکات؟ چۆن ڕووبەرووی هاتنەدەرەوەی مرۆڤ دەبێت لە ماڵ؟

فۆسە لە شانۆگەری (کەسێك هەر دێ) نایەوێت دیدێکی ئۆدیبی ببەخشێتە هاتنە دەرەوەی مرۆڤ لەماڵ، بەڵکو نائومێدبوونی ئینسانە لەکۆمەڵگای مۆدێرنەدا.. کە مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا لەئامێربوونی هەموو شتەکانی خۆی لەدەستداوە، ڕووبەرووی جۆرە نائومێدیەك بۆتەوە، ئەوەش وەستانە بەرامبەر بە مەرگ.

ئەو ژن وپیاوەی بەیەکەوە دەژین دوورگەیەکی دوورە دەستی نزیك زەریایەك دەدۆزنەوە خانویەك لەوێ دەکڕن تا بەیەکەوە تیای بژین، شێوازی کۆنی خانوەکە ئاماژەیەکی ڕوونی دۆخێکی جیاوازی ئەو کۆمەڵگاییە کە ئەوان لێی ڕادەکەن، کۆمەڵگایەك کە ئەوانی تووشی تەنیایی کردبوو، بەڵام گرفتی ئەو ژن وپیاوە



ئەوەیە هەر لەسەرەتاوە ترسی ئەوەیان هەیە کە کەسێك بێتە لایان، چونکە هاتنی هەرکەسێك شێواندنی ئەو زیندەگیە فیردەوسییەیانە.. ئەوان کە لەتەنیایی ڕایان کردووە، جۆرە تەنیاییەکیان بۆخۆیان هەڵبژاردووە هاتنی هەر کەسێکیش شێواندنی تەنیاییەکەیانە.

ئەوان دەیانەوێ لەبەدژبوونی کۆمەڵگا خۆیان ئەو کۆمەڵگایە بنیات بنێنەوە، کۆمەڵگایەك کەسی سێیەمی تیا نەبێت تەنیا خۆیان بن و هەموو شتێك پەیوەست بێت بە دیدی من و تۆ.. ئەگەر ئەو تێگەیشتنە لە کۆمەڵناسیدا دیدێکی ناتەواو بێت بەوەی کۆمەڵگایەك نیە بەتەنیا بریتی بێت لە دووکەس، بەڵام لەعەشقدا ئەو کۆمەڵگایە بەهەشتی تایبەتی عاشقە، تەنانەت عاشق لەو کۆمەڵگا بەهەشتیەیدا بیر لە کەسی سێیەم منالیش ناکاتەوە، ئێمە لە هربەت مارکۆزەوە لەوە گەیشتووین هاتنی کەسی سێیەم (منال) کوشتنی عەشقە، چونکە لەو کاتەدا کەسێکیتر بەشداری ئەو پەیوەندیە دەکات، بەڵام ژن وپیاوەکەی یۆن فۆسە ترسیان لەو کەسە هاتنی منال نیە، بەڵکو هاتنی کەسێکی نادیارە، کە بەختەوەریەکەیان کۆتایی پێبێنێت، دەنا لەبنەڕەتدا منال شتێك نیە ئەوان بیری لێ بکەنەوە.

ئەو ترسە بەتەنیا ترسێك نیە لە مرۆڤ، هەندێکجار دەبێتە ترس لە سرووشتیش.. بەوەی هاتنی هەر جولەیەکی فیزیکی ئەشێت جۆرێك لەساردی بخاتە

ناو ماڵ.. ئەویش وابکات ئەو دوانە تەسلیمی ئیرادەی دۆخێکی سرووشتی ببن "بیر لەوە بکەرەوە ناو خانووەکە چەند سارد دەبێ کاتێک با بەنێو دیوارەکاندا تێ دەپەڕێ بیر لەوە بکەرەوە ئێرە چەند دوورە لە خەڵکەوە چەند خامۆش و بێ دەنگ دەبێ" **کەسێک هەر دێ/ یۆن فۆسە، وەرگێڕانی (هاودەم ساڵح جاف) زنجیرەی شانۆی بیانی (15) دەزگای ئاراس، هەولێر- 2008، لا 42**

ئەوە لەکاتێکدا ئەوان خۆیان ئەو دوورگە دووردەستەیان هەڵبژارد تاوەکو تیای بژین، خۆ ئەگەر هەر لەساتی یەکەمەوە جۆرە ترسێک هەبێت بەوەی ئەوان نەیانویستوە لەهەموو کەسێک دوور بکەونەوە دواجار پیاوەکە بیری دێنێتە ئەوان ئەو کارەیان بۆیە کرد تا لەهەموو کەسێک دوور بکەونەوە.

ئەو ترسە بەدرێژایی چون بەرەو ئەو ژیانە نوێیە وەک ترسێکی نادیار ڕووبەرووی ئەوان دەبێتەوە، کە ئاخۆ مرۆڤ ئەتوانێ بێ ئەوانیتر ژیان بباتە سەر؟ ئەوە لەڕاستیدا پرسیاری ئەوان نیە، بەڵکو ترسی ئەوانە لەتەنیاییەک کە لێیان ڕاکردو تەنیاییەک کە ئەکرێت لێیان تێکبدرێت، ژنەکە بەو شێوەیە



پێشبینی دەریاو شوێنەکەی نەکردووە، کەچی پیاوەکە بەئاگاتر سەیری دۆخی ئەوێ و ئێرەی شوێنی ئێستایان دەکات، بەوەی ئەوە ئەوانیتر بوون نەیانتوانیوە قەبووڵی ئەوان بکەن، ترسی ژنەکە زیاترە لەوەی کەسێک بێت وهەموو شتێک بشێوێنێت هەندێکجاریش ترسەکەی چڕدەکاتەوە سەر حاڵەتێکی ڕەگەزیانە بەوەی ژنێک دێت وسەیری چاوەکانی پیاوەکە دەکات.

وەک ئەو ترسەی ئەوان ڕووبەرووی بوونەتەوە سەرەنجام کەسێک دێت، بەڵام کەسەکە ئەوە نیە کە ژنەکە بیری لێدەکردەوە، بەڵکو خاوەن خانووە کۆنەکەیە کە خانووەکەی بەوان فرۆشتەوە، بەڵام ئەوە گرفتێک نیە، بەڵکو گرفتەکە لەبوونی هاتنی کەسێکە کە لەگەڵ ڕۆیشتنیشی جارێکیتر بیر لەوە دەکاتەوە کە بێتەوە، چونکە ئەویش هەرچەندە لەوان دوورە، بەڵام وەک خۆی باسی دەکات لەم نزیکانە دەژیێت، بۆیە ئەو ترسەی پێشبینیەک بوو بە هاتنی ئەو پیاوە ترسەکە دەبێتە ڕاستیەک، ترس لە هاتنی تێکچوونی بەختەوەری.

لەگەڵ یەکەم هاتنی کەسەکە ژن ترسەکەی دەگۆڕدرێت بۆ جۆرێک لە دڵنیایی، ئەوەش ترسی

پیاوەکە زیاتر دەکات، بەوەی ئەو کەسە بتوانێ ژنەکەی لێزەوت بکات، بۆیە ئەو ترسەی ژن هەیبوو لەوەی ژنێك دێت و ئەو پیاوە لەو دەفڕێنێت، لەهاتنی کەسەکە ترسەکەی ژنە پەڕیەوە بۆ پیاوەکەی، بۆیە لەو ترسەوە پیاو دۆخێکی تۆقێنەر بۆ ماڵ دروست دەکات کە هەمیشە لە گومانی هاتنی کەسەکە بێت بۆ ماڵ، هاتنێك کە هەموو خەون بۆ جێهێشتنی کۆمەڵگا شکست دێنێت وسەر لەنوێ ڕووبەرووی هەمان دۆخی پێشوو دەبنەوە، ئەوە سەرباری ئەوەی هاتنی ئەو کەسە دەکرێت تەنیا کردنیشی بێت، بەتایبەت کە گومانی لەلا دروست بووە لەیەکەم بینینەوە ژنەکە مەیلی بەلای کەسەکەوە هەیە.

بەهۆی لانەبردنی وێنەکانی خاوەن خانووەکە ئەوەمان لەلا دروست دەبێت، کە ماڵ لەلای فۆسە بۆتە هۆی پەیوەندیی کارەکتەر بە یادەوەریەوە، ئەوان کە ماڵەکانیش دەفرۆشن، بەڵام ئەوە هێزی یادەوەریە بە توندی بە ماڵ دەیانبەستێتەوە، بۆیە زەمەنی ئەو ژن و پیاوە درێژکراوەی زەمەنی یادەوەری ئەوانە، وەك چۆن زەمەنی خاوەن خانووەکە درێژکراوەی زەمەنی یادەوەری



نەنکیەتی، ئەو بازنەیە بە دەوری یادەوەری پەیوەندیی کارەکتەرەکانە بە ماڵەکە، سەرباری چوونە دەرەوەیان لە ماڵ وفرۆشتنی خانوو کەچی ئەو هێزە ڕابردووخوازیە بەتوندی لەناو هەنوکەدا درێژ بۆتەوە، وێنەکان زەمەنی ئەرشیفکراوی یادەوەرین کە هێشتا بە دیوارەکانەوەن، بۆیە ژن و پیاوەکە دەیانەوێ خۆیان لە یادەوەری ئەوان پاکبکەنەوە، هەڵبەت یادەوەری کەسەکانی پێشووی ماڵ هیچ جوانیەکی تیا نیە وەك ئەو قەعدەیەی نیوەی لەمیزی کۆنی گرتۆتە خۆی.

پیاوەکە ڕقی لەو یادەوەریە دەبێتە سەرەتای ڕقلێبونەوەشی بە گومان لەژنەکە دەستی پێکردووە، بۆیە ئەو دەمەی دەزانێ کەسەکە دێتەوە ژوورەکە بەجێ دێلێت، هاتنی کەسە کە خاوەن خانوەکەی پێشوو هاتنی کارەکتەرێکی خاوەن سەرمایيە کە شانازی بەو سەرمایە دەکات بە فرۆشتنی خانوەکەی دەستی کەوتوە، ئەوەش مۆتیڤێکی هاودژی خوڵقاندووە بەوەی کارەکتەری ناو یادەوەری ماڵ خانوی لەدەستداوە، بەڵام سەرمایەی هەیە، کەچی ژن وپیاوەکە خانوەکەیان وەدەست هێناوە، هەرچی داهاتێکیشیان هەبووە

داویانە بە کڕینی ئەو خانووە، سەرەنجام ئەو مۆتیڤە لەوێوە ماناکانی دەچنە قولاییەوە ئەوەی کڕیویەتی یادەوەری شوێن هیچ مانایەکی لەلایان نیە جگە لە ناشیرینی، بەلاّم ئەوەی شوێنی فرۆشتووەو جێی هێشتوە مانای گرنگی لەلای هەیە.

مرۆڤ کە یادەوەری لەدەست دەدات، هەست بەتەنیایی دەکات، بۆیە ئینتیماکردنەوە بۆ یادەوەری گەڕانەوەیەکە بۆ ڕزگار بوون لەتەنیایی، ئەوەش وا لەو کەسە دەکات بگەڕێتەوە بۆ خانوەکە وداوا لەژنەکە بکات لەگەڵیا دابنیشێتوو بخواتەوەو کەمێك قسەی لەگەڵ بکات، بەلاّم قسەکردنێکی هاوبەش نیە، هێندەی قسەکردنی کەسەکەیە لەبارەی یادەوەری ئەو شوێنەو کارەکتەرەکانی ئەو خانوە، بەلاّم هەڵبەت دەزانیٚ ئەوە شتێك نیە بۆ ڕزگاربوون لە تەنیایی، بۆیە بۆ ژنەکە باس لەوە دەکات لە شوێنێکی وا چۆلدا ئەکرێت ئەوان یەکتری بەرێکەوت ببیننەوە، یاخود بە مەبەستەوە "هەچ کاتێك ویستت دەتوانی بێیتە ماڵەوە بۆ خانووەکەی من، دەتوانی تەلەفۆنیشم بۆ بکەی" لا 117

ئەو جۆرە پەیوەندیکردنەوەیە دەرخستنی دۆڕاندنی ئەو مانایەی خەونی کارەکتەرەکانە، چونکە هەڵگرتنی ژمارەی تەلەفۆنی کەسەکە لەلایان ژنەکە، هەروەها ئەو باس لەوە دەکات دەکرێت کە دەڕوات بەم نزیکانە دەربکەوێتەوە، ئەوەش



پەیوەندیکردنەوەی ژن وپیاوەکەیە بەو دنیایەی کە لێیەوە ڕایانکرد، بۆیە پیاوەکە ئەزانیٚ خەونەکەی ئەوان شتێك نیە جگە لە ئومێدێك کە نایەتە دی، بۆیە دان بەو ڕاستیە دەنێت، ئەو لەسەرەتاوە زانیویەتی کەسێك هەر دێت، بەلاّم هەمیشە ئومێدێکی هەڵخەڵەتێنەرانە هەیە هەریەکە لە ژن وپیاو بەشێوەی جیاواز دەیخەنە ڕوو، ئەوەش ئومێدێکی خۆ فریودەرە، پیاوەکە بەوە بڕوا بەخۆی دێنێت ژنەکە تەلەفۆنی بۆ ناکات، بەوەی ئەگەر کەسەکە بێتەوەش سەرەنجام دەڕوات و ئەوان سەر لەنویٚ بەتەنیا بەیەکەوە دەبن و دەبنە پشت و پەنای یەکتری، ئەوەش تەسلیمبوونی پیاوەکەیە بۆ دۆخی زیندەگیەکی نویٚ، لەنێوان گومان و ترس وخۆشەویستی وێنەیەکی بۆ خۆی درووست کردووە، وێنەیەك لەلای ژنەکە بە زەبروزەنگ سەپاندن و خۆشەویستی تێکەڵ بووە ئەو دەمەی لەکۆتاییدا دەبینین "ئەوی میٚ لە سووچی لای چەپی خانووەکەوە دیٚ، بە چاوێکی نەرمەوە بۆ ئەوی نێر دەڕوانیٚ، ئەوی نێر سەیری ئەوی میٚ دەکاو دەڕوانێتە بەردەمی خۆی، ئەوی میٚ دەچیٚ جووت بەتەنیشتی ئەوی نێرەوە دادەنیشیٚ ودەستێکی بەرز دەکاتەوە ودەیهێنیٚ بە ڕوومەتی ئەوی نێردا" لا 127

ئەو کۆتاییەی فۆسە حەقیقەتی وێنەی خەونەکە بەشێوەیەکی سیمبولیانە دەخاتە ڕوو، کە هیچ مانایەکی ریالیستانە نەگرێتە خۆی، هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو دوو کارەکتەرە خەون ئەبینن بە

دنیایەکی ترەوە، دنیایەک ناشێت کۆتاییەکەی ریالیستیانە بێت، بۆیە بە کۆمەلێك ڕەمز کە لەناو ماناکانی خۆشەویستی وپێکەوە بوون کۆی دەکاتەوە کە بریتیە لە ترس و زەبروزەنگ ودڵنیایی.

## ماڵ لەشانۆی سویدییدا

ئامادەبوونی ماڵ لەشانۆی سویدیدا یەکێکە لەو گرفتە سەرەکیانەی کە وابەستەیە بە گرفت وئامادەبوونی مرۆڤ لە ژیاندا، بۆیە کاتێ قسە لە ماڵ بکەین ئەوا دوانە لە گفتوگۆی ژیانی ئەو مرۆڤە بەواتای دیدێکی ئەنترۆپۆلۆژیانەی شوێنە کە لەبارەی مرۆڤی مۆدێرنەوە ئەدوێت.

مرۆڤێك چەندە وابەستەی دنیایەکی تازەیە، بەلام دنیایەك گرفتەکانی وابەستەی چەمکی مرۆیی و ئەخلاقی ژیانە، ئەوەش وای کردووە وەك ئۆدیب ماڵ بەجێ نەیەلن، بەلام بۆ ڕزگاربوونی ئەو مرۆڤە لەو دۆزەخ وزیندانە باشترین ڕێگا هاتنە دەرەوەیە لە ماڵ دەنا ماڵ ئەو شوێنە تراژیدییە کە تەواوی کارەسات و ئەو دۆزەخە ئەخلاقیەی گرتۆتە خۆی کە بەر لەهاتنمان بۆ ماڵ زۆربەی شتەکان ڕوویانداوە.

مرۆڤ لە ماڵدا بەسەر کێشەکان ئەکەوێت ئەوەش ئەو دیدە تایبەتمەندەیە کە ڕەهەندە جیاوازەکانی



مرۆڤی مۆدێرنی پێ بناسینەوە، مرۆڤێك تەواوی دەزگاکانی بەرهەمهێنان بەشدارن لە پیسکردنی ناخی ئەو مرۆڤە، بۆیە ماڵ ئەبێتە ئەو شوێنەی جێهێشتنی کەرامەت ودیدە ئەخلاقیەی ژیانمان بۆ دەگەڕێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە ئێمە لێرەدا دوو نوسەری سویدی وەردەگرین لەو ڕوانگەیەوە لەسەر ئەزموونی ماڵ لای هەریەکە لە ستریندبێری ولاش نۆرین دەدوێین، هەڵبەت قسەکردن لە ئەزموونی ماڵ لەلای ئەو دوو نوسەرە پەیوەندیی بەوە هەیە کە ئەو دوانە سەر بەیەك کولتورن، بەهۆی ئەوەی هەردووکیان دوو شانۆنوسی شانۆی سویدین، هەریەکەیان سەر بە زەمەنێکی جیایە لەوەیتر، ستریندبێری لەدایکبووی 1849 یە و لە 1912 ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، نەك تەنها لەشانۆی سویدی، بەڵکو وەك نوسەرێك تێکستەکانی تەواوی شانۆکانی جیهانی داگیر کردووە، بەهای ئەو بەڕادەی شکسپیرو ئەپسن و نوسەرە مەزنەکانی شانۆیە، هەرچی لاش نۆرێنە یەکێکە لەنوسەرە نوێیەکانی شانۆی سویدی و لەدایکبووی 1944، هەریەك لەو دوو نوسەرە بەجیاواز سەیری پەیوەندیەکانی خێزانی کردووە لەناو ماڵ، بۆیە ماڵ

بابەتێکی سەرەکی نوسینەکانی ئەو دوو شانۆنوسە بووە، کە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەسەر ئەو پەیوەندیانەو پرۆسەی چۆنیەتی ئامادەبوونی ماڵ و کاریگەریان لەسەر کارەکتەرەکان بکۆڵینەوە.

## چەمکی گوناه لەماڵ
## وخولقاندنی ماڵ وەک شوێنێکی سارد

ماڵ لە شانۆگەرییەکانی ستریندبێری بابەتێکی سەرەکی ناو تێکستەکانە، دەنگی تورەی ناخی کارەکتەر لەبەرامبەر سیستەمە ناشیرینیەکانی ماڵ دەبێتە هۆی ئەوەی بیرۆکەی ڕاکردن لە ماڵ وخەون بینین بە ماڵێک کە ئارامی تیا وەدەست بێنن، کارەکتەرەکان نوقمی ئەو بیرۆکەیە دەکات، لەگەڵ ئەوەی ئەو بیرۆکەیە هەمیشە بە شکست و کۆتایی ماڵ لەناو مردن تەواو دەبێت، ئەوەش وادەکات وێنەی هاودژی ماڵ هاوتەریب بێتەوە بەوێنەی دووبارە بوونەوەی وێنەی گوناه لەناو ماڵ.

بۆیە نهێنی ماڵ شاردنەوەیەتی لەناو خانوو، بەوەی خانوو وەك بیناسازی دەبێتە هۆی داپۆشینی نهێنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خێزان، ئەوەش



لە شانۆگەری (سۆناتای تارمایی) بەڕوونی دەردەکەوێت، بەوەی خانوو بۆ کەسی دەرەوەی ناو ماڵ بریتیە لەماڵێکی قەشەنگ کە هیوای بۆ بخوازین، لەکاتێکدا ماڵ بۆ خۆی تراژیدیای ترسناکی هەیە کە پەیوەستە بە پەیوەندیی ئەندامەکانی خێزانەوە "ژنەکە تۆرا، ئەوەبوو کابرا ژنەکەی دارکاریی کرد، دووبارە گەڕایەوە ماڵەوە، دووبارە شووی پێ کردەوەو وائێستاکە وەکو مۆمیاکراوێك لەنێو ئەو ماڵەدا دانیشتووە" (**سۆناتای تارمایی/ ئاوگۆست ستریندبێری، وەرگێرانی (عەبدوللا قادر دانسان) زنجیرەی (5) شانۆی بیانی، دەزگای ئاراس، هەولێر -2007، لا 50**)

بۆیە ئەو دوو وێنەیەی ماڵ هەیەتی لەنێوان ماڵ وەك ئەوەی لەناویدا دەژین، وە ماڵ بۆ ئەوانەی لەدەرەوە تێی ڕادەمێنین، دوو وێنەی جیاواز ودژ بەیەکن، کە لەنێوان خەون بەماڵ وتراژیدیای ماڵ خۆیان دەنوێنن، بۆیە لەدەوروبەری ئەو ماڵەدا خانوو دەڕووخێت وهیچ ئاسەوارێك دوای ڕووخانی بەجێ نایەلێت.

ئەوەش مەترسی ئەو تراژیدیایە کە ماڵەکان لەئەنجامی پەیوەندیە ناسرووشتیەکان وێران دەبن

"هاتمە ئەوێ، بەرامبەر ئەو خانووەی کەهەرگیز پێشتر نەمبینیبوو ڕاوەستام.. ئەوساتە چاوم بەدرزێك لەخانووەکەدا کەوت، گوێملێ بوو چۆن قرتەیەك لە بنمیچی نێوان نهۆمەکانەوە بەرز بووەوە، ڕامکردە پێشەوەو هاوارم لە منداڵێك کرد بێت بۆ لای من، کە لەبن دیوارەکە ڕێگەی دەکرد.. لەچرکەساتی دوای ئەوە خانووەکەدا ڕما.. من ڕزگار بووم، بەڵام لەباوەشی مندا، ئەو باوەشەی، کە من لەو باوەڕەدا بووم منداڵەکەی تیایە، هیچی تیا نەبوو" لا 52-53

کۆنبوونی خانوو.. بەتەنیا پەیوەست نیە بە کەڕوو هەڵهێنانی باڵەخانەکە، هێندەی ئەوە بەرەنجامی تێکچوونی پەیوەندیەکانی مرۆڤەکانە لەماڵدا "دەبینی، کاتێك خانوویێك کۆن دەبێت، ئەوجا کەڕوو دەگرێت، کاتێك مرۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە دانیشن وئازاری یەکتری بدەن، ئەوسا ئەوان تێکدەچن" لا 75

ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کە مێژووی ماڵ بووە بە مێژووی ئازارو سەرکوتکردن، ئەوەش وا دەکات هەموو شتێك لە ماڵدا ببێتە ڕەمز بۆ مردن، بۆیە ماڵ بۆ دروست کردنی مێژووی ستەم توانیویەتی



کۆلۆنیێل بکات بە ڕەمزێك بۆ زەبروزەنگ، بەڵام کاتێ ئەو دەمامکە هەڵدەماڵدرێ ئیدی لە ساختەیی ئەو کەسایەتیەش ئاشنا دەبین، بەڕادەی ئەوەی کەسایەتیەکە وەك پەیوەندیی ماڵ ساختەکاری بنیاتی ناوە.

بۆیە تەواوی کارەکتەرەکانی نێو ئەو تێکستە لەخوانی تارمایی کۆ دەکرێنەوە، ئەو کۆکردنەوەیە ناوەندگەرێتی زمانە لەناو تێکست، چونکە ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە لەماڵدا کەسمان بێ گوناه نین، هەمووان گوناهبارین، ئەوەش هەستێك نیە پەیوەست بێت بە تاکە ماڵێکەوە، بەڵکو هەموو ماڵەکان پڕن لە گوناه، خوێندکارەکە هەستی گوناهباری تیایە لە ئاست ماڵی خۆیان، بۆیە بەدوای ماڵێك دەگەڕێت کە بەهەشت بێت، ئەو بەهەشتەش بە ماڵی کۆلۆنێل تێدەگات "من لەوێ بووم، ئەوەی لە دواییدا ڕووی دا هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە! .. دایك وباوکم شەڕیان کرد، مێوانەکان بەرەو دەرگاکە ڕایان کردو.. باوکم برا بۆ شێتخانەو لەوێ مرد" لا 121

بەڵام کاتێ دێتە ئەو ماڵەی کە پێشتر وەك بەهەشت لێی ڕوانیووە، تێدەگات لەوەی گوناه ماڵەکان

بۆگەن دەكات.. هیچماڵێك نیە بەهەشت بێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەخنە لەو دیدگایەی ڕابردوو بگرێت كە لە بەرامبەر ماڵ هەیبووە، كە كۆمەڵە پرسیارێكە ئاراستەی كەسایەتیەكانی ماڵ دەكات، بەوەی پاكیزەیی وجوانی وشەرەف وباوەڕ بوونی هەیە؟ ئەوەش گومانە لەتەواوی پێكهاتەی ماڵ، كەوتنی دەمامك ودەركەوتنی ڕووخساری ڕاستەقینەی كەسێتیەكانە.

بۆیە ماڵ تێكەڵی تابلۆی دوورگەی مەرگ دەبێت، چونكە ئەو بەهەشتە خەیاڵیەی خوێندكارەكە بۆ ماڵ هەیبوو، دووبارە بوونەوەی هەمان گوناهی ناو ماڵی خۆیان بوو، بەوەی ماڵەكان نوقمن لەناو گوناه وتەنها مردن لەو گوناهە ڕزگارمان دەكات، بۆیە كارەكتەرەكان بەدوای یەك دەمرن.. ئەوەش وا دەكات ماڵ ببێت بە دوورگەی مردن.

ئەوەش پێمان دەڵێت كە ماڵ لەلای ستریندبێری بەرەنجامی تێكچوونی پەیوەندیەكانی خێزانە، بەهۆی ئەوەی ئەو پەیوەندیانە تووشی ناڕێكیەكی ئەخلاقی بۆتەوە، ئەو ناڕێكیە ئەخلاقیە لە شانۆگەری (كەڵك) زۆر بەروونی دەردەكەوێت. ڕووداوەكان دوای مردنی باوك دەست پێ دەكەن،



ئەو مردنە پەیوەستە بە وون بوونی بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی ماڵ، بەوەی مردن تەنها بەشێك لە یادەوەریەكانی ماڵ لەگەڵ خۆیدا نابات، بەڵكو ئەو مردنە دەبێتە هۆی هەڵمالین بەڕووی هەموو ئەو دەمامكە ساختەیەی دایك لەماڵدا بەسەر هەموو كارەكتەرەكان وپەیوەندیەكانیان لەلایەك، لەلایەكیتریش لە پەیوەندیی ماڵ وەك شوێن لەتەك كارەكتەرەكان.

ماڵ بەهەموو كارەكتەرو شتەكانیەوە بە باوكەوە، ئەو باوكەی لە تێكستەكەدا تەنها یادەوەریەكانی ڕابردووی ماوە، ئەوەش لەڕێگەی نامەیەكەوە كە بۆ كوڕەكەی بەجێهێشتووە، ماڵ لێرەدا تەواوی سنوورو پەیوەندیەكانی داخراون، ئەوەش ویستێكی دایكە لە ماڵدا.

بەدوای مردنیش دیسان دایك ئەیەوێ ئەو دەرگایە دابخرێتەوە، چونكە بە كردنەوەی تووشی پەیوەندیی كردنی ماڵ دەبێت بە مردووی گۆڕستان، كە باوكە، بۆیە دەیەوێ خزمەتكارەكە دەرگاكە دابخات، بۆ ئەوەی بۆنی مردن نەكات، مردن كاتێ لەڕێگەی هەستی بۆن كردن لەڕێگەی دەرگاوە دوور بخرێتەوە، بەڵام لەڕووی دەنگەوە

ئیدی ئەو دەمامکە بە ڕووی ماڵ توانای ئاشکرا بوونی هەیە، نامەکەی باوك لەگەڵ ئەو دەیالۆگەی خزمەتکارەکە دوو دەنگن بۆ وورییا بوونەوەمان لەنهێنی شاردراوەی ماڵ، بەوەی دایك خواردن وشەرابی خراپی کڕیووە، هەرزانترین خۆراکی کڕیووە، بۆیە (مارگریت) ی خزمەتکار پێی دەڵێت "نەئەبوو ئەوەندە دەستت بگرتایەتەوە تا خراپترین وهەرزانترین خورادنیان بۆ بکڕیت" **کەڵك/ ئاوگۆست ستریندبێری، وەرگێڕانی (خەبات عارف) زنجیرەی (6) شانۆی بیانی دەزگای ئاراس، هەولێر- 2007، لا30.**

برسیەتی مناڵەکان وهەستکردن بە سەرما دوو هەستی ڕووکەش نین لەدەرەوەی دەلالەتی ئەخلاقی، بەڵکو برسیەتی پەیوەستە بەو دەیالۆگەو سەرماش هەستکردنە بەو ترس ونەبوونی خۆشەویستیەی ماڵ نەیتوانیووە گەرمیان بکاتەوە، لەکاتێکدا خۆشەویستی بوونی نیە لەنێوان دایك ومناڵەکان، دایك وباوك، کەچی پەیوەندیی دایك بە زاواکەی زۆر پتەوە، ئەو پەیوەندیەش لەسەر بنەمای خۆشەویستی ماڵ نەبووە، بەڵکو پەیوەندیەکی خراپی درووست کردووە (ماڵ



پەیوەندی سرووشتی خۆی دۆڕاندووە بە پەیوەندیی ناسرووشتی، بۆیە دایك پشتی کرۆدتەوە مێردو مناڵەکانی کە ئەوانە پەیوەندیی سرووشتی ماڵە، کەچی پەیوەندی ناسرووشتی هێناوەتە بوون ئەوەش لەڕێگەی پەیوەندیی کردنی بە زاواکەی)

کە لەڕابردوودا هەمیشە باوك بەگومانەوە لێی ڕوانیووە.. نەك هەر ئەوە، بەڵکو کچەکەش بە گومانەوە سەیری پەیوەندیی مێردەکەی بە دایکیەوە دەکات "هەر بەئاواتی بەیەکگەیشتنەوەیەکی تر بوو لەگەڵ دایکمدا.. چونکە وای لێهاتووە بەبێ ئەو هەڵناکات" لا 64، نەك هەر ئەوەش بەڵکو ئەو گومانە بەرەو پرسیاری ئەو پەیوەندییەی ئەبات "بۆ دەرگاکەتان پێوە دابوو" لا53، ئەو پرسیارەش ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ هەمان گومانی باوك لەو پەیوەندییە، ئەوەتە دایك ئاوا باس لەو گومانە ئەکات "مێردەکەم ئەوی خۆش نەئەویست، چونکە ئەگەر نەڵێم ئێرەیی پێ دەبرد، دڵیشی لێ پیس کردبوو" لا33

هەڵبەت ئەوەی دواتریان بۆ چاوبەست کردنی کەسەکانی ناو ماڵە، ئەگەرچی ستریندبێری نەیەوێ

جۆری ئەو پەیوەندیە بەتەواوی بخاتە ڕوو، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو دووانە بەشدارن لەپڕۆژەی پلانەکانی یەکتری بۆ کۆنترۆڵ کردنی ماڵ، ئەگەرچی یاردا تازە شووی کردووە، دەیەوێ شتەکان هەر چۆنێك بن.. کە هەڵبەت نیازخراپی دایکی زۆر بەڕوونی هەست پێدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەلایەوە گرنگە تێکنەچوونی ئەو ژیانە نوێیەتی، تەنانەت کاتێ لە ئوتێل خێرا گەڕاوەتەوە کەهەستی کردووە ژنانێك هەن سەیری پیاوەکەی دەکەن، ئەو هەستی ئیرەییە لای یاردا بەرەنجامی هۆگربوونە بەژیانی نوێی لە ماڵدا، بۆیە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە دایك دەکات بەوەی "هەر کەسێکیش هەوڵی لێکدابڕانمان بدات، مردن نەبێت با چاوەڕێی هیچی تر نەکات.. ئاشکرایە یان نا" لا 55

دۆزینەوەی ئەو نامەیەی باوك بۆ کوڕەکەی نوسیووەو جولانەوەی کورسیەکە مردنی باوك دەگۆڕێتە سەر تاوانی کوشتن، چونکە ئەو نامەیە لەلایەك ساختەکاریەکانی دایك دەردەخات، بەڵام دایك ئەو نامەیە ئەخاتە نێو ئاگردانەکە، لەلایەکیتر ئەو نامەیە باوك مردنی خۆی بە کوشتنی لەلایان



دایك ناو دەبات، دایك و زاواکەی وەك دوو وێنەی ناو ماڵ نیشان دەدات، بەهۆی ئەوەی زاواکەی لێرەدا وێنەی ڕوونی خۆی دەخاتە ڕوو.

ئەو وەك یاردا خۆشی لەو پەیوەندیە هاوسەریە نایەت، بەڵکو پێی وابووە بەدوای مردنی باوك ئەو بەشی میراتی خۆی وەردەگرێت.

ئەو تراژیدیا چاوەڕوان نەکراوە ڕووبەرووی ماڵ ئەبێتەوە، ئەوەش پەردە هەڵدەماڵێت لەسەر نهێنی پەیوەندیی دایك و زاوا.

دایك: مەبەستت لەوەیە لە ماڵەکەی خۆمدا بمکەیت بە کارەکەر، شتی وا نەبووەو نابێت

زاوا: پێویستی ناچارمان ئەکات

دایك: ناپەسند

زاوا: شەرم بتگرێ پیرێژن

دایك: ببم بە کارەکەر! کارەکەری تۆ!

زاوا: هەر هیچ نەبێت ئەوسا هەست بەوە ئەکەیت کە کارەکەرەکانی ماڵەکەت چۆن برسییان ئەبوو، چۆنیش لەسەرماندا هەلئەلەرزین بەس نییە تۆ ناچار نابیت نە برسی بیت ونە لەسەرماندا هەللەرزیت. لا 58

هەست کردنی دایك بە تارمایی باوکی کوژراو، ئەو باوکەی ڕاستەوخۆ نەکوژراوە، بەڵکو وەك زاواکەی

به دایك ئەڵێت "ڕێگە زۆرن بۆ لەناو بردن.. ڕێگاکەی تۆیش ئەوەندە بە کارامەیی هەڵبژێردراوە، ئەوەندە چاك وسەرکەوتوو بووە کە هیچ یاسایەکی تۆڵەسەندنەوە نایگرێتەوە" لا61، دواتر ئەو نامەیەی باوك بۆ کوڕەکەی جێهێشتووە، تەواوی چیرۆکی کوشتنی باوك وەك شاردنەوەی حەقیقەت چیرۆکێکە دەمانگێڕێتەوە بۆ شانۆگەری هاملێت، تەنانەت دەرکەوتنی تارمایی سەلماندنێکیتری ئەو دیدە هاملێتییە، بەڵام ئەتوانین جیاوازیەکە بەوە دەست نیشان بکەین کە "کەڵکی سترێندبێری نەفەسێکی قووڵی هاملێت لەخۆ دەگرێت، بەڵام هاملێتەکەی سترێندبێری لەبڕی کۆشك وتەلاری پادشا، لەنێو خێزانێکی بۆرژوازی داخراودا بەرجەستە دەبێت" (هەمان سەرچاوە/ لا 23)

جگە لەوە ئەگەر تارمایی تاوانی کوشتن بە هاملێت بڵێت، ئەوا نامەکەی باوك حەقیقەتی ماڵ وتاوانی مردن بە کوڕ ئەڵێت، نامەیەك کە کوڕەکەی بە دڕاوی لەناو ئاگردانەکەدا ئەیدۆزێتەوە، ئەو نامەیە حەقیقەتێکی هاملێتییە، بۆیە کوڕ بە هاوسەرەکەی یاردا دەڵێت "بەر لەتۆ، گیانی کەسێکی مردوو لێرە بوو.. هەموو ئێوارەکەیشمان پێکەوە لەگەڵ ئەودا بەسەر برد" لا85



لێرەدا کوڕ نەك هەر لە هاملێت دەچێت، بەڵکو وەکو زهانیەك قسە دەکات، بەوەی دوای زانینی نهێنی توانای زمان وێنای وێنەی نەستە، زهانی کارەکتەرێکە توانای زمان لەلایدا بێسنوورە، ئەگەر کۆمەڵگا پێی وابێت کەسی زهانی تووشی شێتی هاتووە، ئەوا زهانی بڕوای وایە کە لەو پەڕی توانای زیرەکی و عەقڵیەتیی تەنانەت ڕێك بە پێچەوانەوە پێی وایە ئەوەی لەودا شێتیە ڕابردوویەتی نەك ئێستای.

کوڕ: ئا! لەکاتێکدا هەموو سەروەت وسامانەکەمان بە قەرز کەوتوونەتە لای ئەوانەی ناتوانن بماندەنەوە.

دایك: ئەمە چییە! شێت بوویت!

کوڕ: لەوانەیە لەمەوبەر شێت بووبم، بەڵام ئێستا نا (لا 86)

زمانی کوڕ لەو ساتەوەختەدا پڕۆسەی میتا زمانە، بەوەی زمان ناخاتە ناو گەمەکردن لەپێناو شاردنەوەی حەقیقەت، بەڵکو زمانێکە گەیشتۆتە ئەودیوی نهێنی پەیوەندیی دایك بە زاوا، زمانێکە نەست وێنای کارەکتەر دەکات بەوەی ئەو بێئاگا نییە لەو پەیوەندیەی دایك پارەی بە قەرز داوە بە

**زاواکەی، ئەویش لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی وکۆنترۆڵ کردنی ماڵ یاردای کچی هێناوە.**

**زمانی کوڕ.. زمانی زهانیەکە کە هەموو ئەوانە دەخاتە ڕوو، ئەوەش مەترسی دروستکردنە لەناو ماڵدا، چونکە توانای درککردنی هەیە بە ساختەیی ئەو پەیوەندیە هاوسەریەی خوشکەکەشی "ئەوی تۆ هیچوپووچەی کە ئێستا بۆتە مێردی تۆ.. قەت تۆی خۆش نەویستووە، بەڵکو دایکت، دایکتی خۆشویستووە" لا** 80

**کەواتە ئەوەی دایک لە ئەنجامی گەمەی زمان لەتەک کارەکتەر توانای شاردنەوەی ئەو پەیوەندیەی هەیە بۆ دەسخەرۆدانی ئەوانیتر، ئەوا کوڕ زمانی نەستە گەیاندوویەتیە ڕاستی ئاشکرا بوونی پەیوەندیی، ئیدی کە هەموو نهێنیەکان ئاشکرا ئەبن، کوڕ لەگەڵ یاردای خوشکی هەموو ڕاستیەکانیان بۆ دەردەکەوێت، هەردووکیان بەڕووی دایک ئەوەستنەوەو چیتر وەك گەمژەیەك لەناو ڕووداوەکاندا نین، بەڵکو بە ئاگاییەوە ئەچنەوە ناو ڕابردوو، تا لە ئێستادا جارێکیتر ئەو زەمەنە بگەڕێننەوەو هەستی گوناهباری خۆیان لەناو ڕابردوو دیار بکەنەوە.**



**ئاگر کەوتنەوە لەماڵ لەبری مەترسی دروست کردن بۆ خوشك و براکە، ئەوان بۆ یەکەمجارە لەماڵدا هەست دەکەن ئەوان سەرمایان نیە "یاردا هەست ناکەیت چەند گەرم وخۆشە! ئیدی هەڵنالەرزم وسەرمام نابێت.. گوێبگرە چ قرچە قرچێکە لەدەرەوە.. ئێستا ئیتر هەرچی کۆنە، هەرچی کۆن وناشیرین وخراپە، ئەسووتێت" لا**
115

**ئەو ئاگرە چەندە چێژێکی سەیر بە خوشك وبراکە ئەبەخشێت، لەهەمان کاتدا ئاگر خاڵی نیە لە یادەوەری، بەڵکو ڕۆژانی کۆبوونەوەی سەفرەیان لا ئەرووژێنێ، دیارە ئەو ئاگرەش کوڕ وەك کاردانەوەیەکی ئەخلاقی لەبەرامبەر ماڵ ئەیکاتەوە، چونکە باوەڕی وایە ماڵ تەنیا بە ئاگر کۆتایی بە نەهامەتیەکانی دێت، ئەو کۆتایی هاتنە بە نەهامەتی لەڕوویەکیتردا تراژیدیای ماڵە، بەڵام ئەوەی نوێی ئەم ماڵی بەم ئاگرە خۆشحاڵن، چونکە هەست بە گەرم بوونەوەو شادیەکی ڕۆحی دەکەن کە پێشتر ئەم هەستەیان لا دروست نەبووە، بەڵام سەرەنجام ئەو ئاگرە بە سووتانی ماڵ وکۆتایی هێنانی خێزانێك تەواو ئەبێت.**

کۆتاییەك نەوەی نوێ ئەگەر ببنە قوربانیشی، بەڵام نیگەران نین، چونکە گەڕانەوەی خەونە، خەونی ئەو نەوەیە لە ماڵ کە خێزان نەیهێشت بێتە دی، کەچی بەم کۆتاییە خەونەکە زیندوو ئەبێتەوە "لەکوێیە؟ نایبینم؟ ئەم گەشتە بێ دایکمان، هیچ تامێکی تێدا نابێت..! ئەوەتا.. ئەویش گەیشت! ئیتر پشووی هاوینیش دەست پێ ئەکات" لا 117

ئەوەش بەتەنها گەڕانەوە نیە بۆ خەون، بەڵکو خەون دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناو یادەوەری، بەتایبەت یادەوەری قۆناغی مناڵی، یادەوەریەك کە هەمیشە لەسەرکوتکردنەوەکانی ناو ماڵ ویستوویانە ڕزگاریان بێت وڕۆژێك کەشتیەك بێت بۆ شوێنێکی دوور بیانبات، ئەوەش خەون لەڕێگەی یادەوەری پرۆژەی ڕزگاربوون لە ماڵ زیندوو ئەکاتەوە، بەڵام پرۆژەیەك لەناو خودی خەونەکە کۆتایی دێت، چونکە ئاگرەکە هووروژم دێنێت وئەوانیش لەناو ماڵ ئەکەونە سەر زەوی، چیتر توانای بزاوت کردنیان نابێت لە ماڵ، لەو ڕێگەیەوەش ڕزگاربوون لە ماڵ لەڕێگەی ئەو کەشتیەوە ئەبێتە خەونێکی نەوەی نوێ.. خەونێك زیندوو ئەبێتەوە، بەڵام لەناو ماڵدا ئاگر ئەو نەوەیەو خەونەکەی ئەسووتێنێت.



دەرچوون لە ماڵ لەلای ستریندبێری وەهمی کارەکتەرە بەهۆی ئەوەی خەونێکە بەر لەساتی خەون بینین خەونەکە کۆتایی هاتووە، ئەوەش ڕوانینێکی گشتگیرییە بۆ مرۆڤ، نەوەك حالەتێك بێت وابەستەی چینێك وگروپێکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوەی مرۆڤ لە ماڵدا دەیەوێ لێی ڕا بکات ژووری نووستن یاخود چێشتخانەی ماڵ نیە، وەك بەشێك لە شوێن بەقەد ئەوەی پەیوەستە بە کۆی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیەی کە پەیوەندیەکانی لەناو ماڵدا وابەستەی سیستمی کۆنترۆڵ کردن کردووە، تەواوی کۆنترۆڵ کردنی ئەو بونیادانە ماڵ دەکات بەو زیندانەی ئەوەی کۆتی کردووە ئەوە کێشەی چینەکان نییە، بەقەد ئەوەی ئەوە پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە، کە بۆ ئازادبوون لەو سیستمە دەبێ ماڵ بەجێ بێلێت، بەڵام ستریندبێری هەمیشە لەوە وریامان دەکاتەوە کە مرۆڤ ناتوانێ لە ماڵ بچێتە دەرەوە، خەونی بەجێ هێشتنی ماڵ سەفەرێکە بە مردن لە ماڵ کۆتایی دێت، وەك لە شانۆگەری (خاتوو ژولیا) دا دەبینین ژولیا یان دوو کارەکتەری سەر بە دووچینی جیاوازن، دەتوانن لەڕێگەی گەمەی ژیان پێداویستیەکانی یەکتری

دابین بکەن، تا لەڕێگای یەکتریەوە لە ماڵ ڕزگاریان بێت.
تەنانەت سەماکردنی خاتوو ژولیا لەگەڵ یان هەوڵێکیترە بۆ سڕینەوەی ئەو چینایەتیە، ئەوەش پەیوەست نیە بەو ئاگاییە کۆمەڵایەتیەی ئەو کارەکتەرە بەقەد ئەوەی تێگەیشتنیەتی لەبێ مانایی پەیوەندیە ساختەکانی ماڵ، خۆ ئەگەر یان لە تۆمەتی کۆمەڵگا بترسێ بەوەی قسەیان بۆ هەڵبەستێ، بەڵام خاتوو ژولیا بەمافێکی سرووشتی ماڵەکەی دەزانێ کە لەگەڵ کێ ویستی ولەگەڵ کام خزمەتکار ویستی سەما بکات.
خاتوو ژولیا لەو سیستمە ئەخلاقیەی ماڵ گەیشتووە، بۆیە دەیەوێ بەرەو ڕووی سیستمەکە یاخی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێ ئەو یاخی بوونە بیکات بە قوربانی، بەڵکو تەنیا گەمەی ناو سیستمەکە کۆنترۆڵ دەکات.
یان: تۆ بەڕاست وا دەڵێی یان گاڵتە دەکەی؟
خاتوو ژولیا: بەڕاستمە!
یان: کەواتە ماوەیەك پێش ئێستاش هەر بە ڕاستت بوو! تۆ گاڵتە کردنیشت هەر بەڕاستە. ئەمە جێگەی مەترسیە، من لەم گاڵتە کردنە ماندوو



بووم" خاتوو ژولیا/ ئاوگۆست ستریندبێری، وەرگێڕانی (عەلی عوسمان) زنجیرەی (30) شانۆی بیانی دەزگای ئاراس، هەولێر- 2009, لاپەڕە 99-100"
بەڵام یان بەهەمانە شێوە دەیەوێ گەمەی خۆی بکات بێ ئەوەی ببێت بە قوربانی، ئەو سەرباری ئەوەی خزمەتکارە، بەڵام ڕازی نیە ببێتە گەمەی دەستی خاتوو ژولیا، بەڵکو دەیەوێ وەك ئەو ڕووبەرێکی تایبەت بۆ خۆی لە گەمەکە تەرخان بکات، بۆیە خۆی بە عاشقی ناو دەبات، عەشقێك کە هەمان هەستی کارەکتەرەکەی هەزارویەك شەوە بەخۆی دەبەخشێت.
یان خەونی دەرچوون لەماڵ بۆ خاتوو ژولیا دەگوازێتەوە بۆ وێنەی ژیانێکی جیاواز کە دەتوانێ لەوێ میوانخانەیەکی پلە یەك درووست بکات، زیندەگی دوای ڕاکردن وابەستەی دنیایەکی دەکات بۆ بینینی ڕووخساری وزمانی تازە، ئەوەش خەونێکە لەناو ڕاکردن تەواو نابێت، چونکە هەڵگری ڕۆحی سەفەرکردنە بۆ بینینی دنیاو جیهانی کەشف نەکراو، بۆیە سەفەر توانای شکاندنی تابۆکانی ماڵی هەیە کە بتوانێ دنیای نوێ خەونی خوڵقێنراو بێت.

خاتوو ژولیا: یان، ئەمە هەمووی باشە، بەڵام یان تۆ دەبێ هانم بدەی، پێم بڵێی: تۆم خۆش دەوێی! وەرە باوەشم پیا بکە! "لاپەرە 114"

یان دەیەوێ لەژێر ناوی خۆشەویستی خاتوو ژولیا لەماڵ دەرباز بکات بەهۆی دزینی پارە لە ماڵ، بۆیە خەونەکەی لە کۆتاییدا بۆ بوونە ئەو پایە کۆمەلایەتییە کە خاتوو ژولیا هەیەتی، لەکاتێکدا خاتوون کێشەی خۆشەویستی هەیە، بەڵام یان ئامادە نیە ئەوەی پێ ببەخشێت، چونکە گەمەکەی لەژێر ئەو ناوە ئەنجام ئەدات، بەوەی تا لە ماڵ نەچنە دەرەوە ناتوانێ ئەو خۆشەویستیەی پێ ببەخشێت، یان هەست دەکات ئەوەی هەیە خۆشەویستی نیە، بەڵکو ڕزگاربوونە لەماڵ، پێشی وایە خاتوو ژولیاش وەك ئەو وایە، بۆیە پێی دەڵێت "خۆتم لێ مەکە بە فریشتە، ئێستە هەردووکمان لەخراپیا وەك یەك واین" لاپەڕە 120

بۆیە ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی ئەوەی خاتوو ژولیا ناوی بردووە بە خۆشەویستی لەڕاستیدا حەقیقەتی گەمەیەکە، ئەوەش دەرخستنی ستراتیژیی ئەو گەمەیەی ماڵە، کەوتنی ماسکە ئەخلاقیەکانە بەڕووی هەریەك لە یان و ژولیا "گوایە منتان خۆش دەوێ، خۆتان هەڵدەخەڵەتێنن" لاپەڕە 127

بۆیە لەکۆتاییدا خەون دەکەوێتە ناو خەونێکی موگناتیسی یان هەر وەك خزمەتکارێك دەمێنێتەوە ودەیەوێ خاتوو ژولیا بڕوات، داوای لێ دەکات



بڕوات، ئەویش دەچێتە دەرەوە، بەڵام چوونە دەرەوەیەك لە بنەڕەتدا مەرگە لەناو ماڵدا، چونکە چوونە دەرەوەکە ئامادەبوونی ڕۆحە لەناو خەونە موگناتیسیەکەدا.

شکستی خێزان لەڕابردوودا دیدێکی ئەخلاقی بە ماڵ بەخشیووە، بەوەی بۆتە یادەوەری بریندار، ئەوەش سەفەرێکی نێو ئەفسانەیە لە ئەمڕۆدا، بەهۆی ئەوەی ستریندبێری لە شانۆگەری (جەژنی هەڵسانەوە) بۆ قسە کردن لەو دۆخەی مرۆڤی هاوچەرخ تیایدا دەژیێت لە ماڵدا، گەڕاوەتەوە ناو ئەفسانەی یۆنانی. (بۆ تێگەیشتن لەو گەڕانەوەیەی ستریندبێری بۆ ناو ئەفسانە، بگەڕێوە بۆ توێژینەوەکەی کالسۆن کە وەك پێشەکیەك بۆ وەرگێڕانە کوردیەکە کراوە بڵاو کراوەتەوە، جەژنی هەڵسانەوە/ ئۆگۆست ستریندبێری، وەرگێڕانی (خەبات عارف) زنجیرەی (32) شانۆی بیانی دەزگای ئاراس، هەولێر- 2009)

لەوێوە دیدگای مرۆڤی مۆدێرن دەخاتە ڕوو، هەڵبەت جولەی فیزیکی سرووشت گۆڕانی وەرزەکان وهاتنی جەژن تەنیا توانای ڕێکخستنی کەرەستەکانی ماڵی هەیە، بێ ئەوەی بتوانێ

پەیوەندیەکان ڕێکبخاتەوە، چونکە دەرچوون لە ماڵ وگەڕانەوەش بۆی سەرەنجام هەر بەیەك دەرەنجامی تراژیدیی کۆتایی دێت.. کە ڕزگار بوونی نییە، ئەوەش لە کارەکتەری ئێلینۆرا هەستی پێ دەکرێت، کە لەنێوان دوو حالەت دەرچوون لە ماڵ بردوویەتیە شێتخانە وگەڕانەوەشی هەر گەڕانەوەیە بۆ زیندان یا شێتخانە وەك چۆن ئەو ڕەفتارانەش هەمان دەرەنجامیان ئەبێتەوە "ئا، ئەو بەستەزمانە، نیگەرانەو نامەی وا دەنووسێت کە تێکوپێکیان شکاندووم، دەیەوێت لەوێ ڕزگاری بێت وبێتە دەرەوە، بێگومان بۆ ماڵەوەیش" لا 41

دەرکردن لە ماڵ وبردنی بۆ شوێنێك کە چاودێری بکرێت، حالەتێك نیە مرۆڤ تیایدا چاکبکرێت، بەقەد ئەوەی چاککردن پەیوەستە بە ماڵ، چونکە لەگەڵ گەڕانەوە دیسان هەمان مرۆڤ دەبینینەوە، ئێلیس زۆر باش هەست بەوە دەکات کە ئەو گەڕانەوەیە ئیشکردنی هەموانە لەناو یادەوەری برینداری ماڵ "گەورەترین بەدبەختیش لەئێستا بۆ من ئەوەیە کە ببینم لەو دەرگایانەوە بێتە ژوورەوە، هێندە خراپم لێ بەسەر هاتووە" لا 42 بیرکردنەوە لە ڕابردوو توانای بەخشینی کامەرانی هەیە، بەڵام هەر کاتێك بیر لە ڕابردوو بکرێتەوە، مانای وایە بەرەو هەمان ناڕێکی ماڵ دەگەڕێینەوە، چونکە ڕابردوو یادەوەریەکی



برینداری بە ماڵ بەخشیووە، بۆیە هەمیشە ترس لە ساردی ماڵ وێنەیەکی زهنی ناو تێکستەکانی سترێندبێریە، کە مرۆڤەکان لەوە ئەترسن ماڵ سارد بێتەوە، لەکاتێکدا ئەوەی ساردی درووستکردووە ئەوە ڕۆحی ساردی کەسەکانە، نەك ماڵ وەك شوێن، بەڵکو پەیوەندیەکان خوڵقێنەری ئەو ساردیەن.

بۆیە لەم تێکستەدا ون بوونی باوك لەماڵ وەك هەر تێکستێکیتری شانۆیی سترێندبێری کێشەیەکیتری سەرەکیە لەسەر چەمکی ون بوونی باوك, ون بوونێك لەتێڕوانینی دایکەوە باوك قوربانیە، دەبێت حەقیقەتی قوربانی بوونیشی لەداهاتوودا دەربکەوێت، بەڵام ئەوە لەبنەڕەتدا دۆخێکی دەروونی بۆ ماڵ دوروست کردووە کە ماڵ وەك زیندان وشێتخانە سەیر بکرێت، هەڵبەت هەریەکە لەو دوو شوێنە سیستمێکی تایبەتمەندی هەیە کە کۆمەك بەیەکتری دەکەن بۆ سەرکوتکردنەوە، ماڵیش بۆتەوە بە کۆکردنەوەی ئەو دوو شوێنە لەناو یەکتری، بەواتای ماڵ بۆخۆی مۆتیڤی شێتخانەو زیندان پێکدەهێنێت، گەڕانەوەی ئێلێونۆرا لە شێتخانەوە بەرەو ماڵ لەبنەڕەتدا گەڕانەوەیە بۆ زیندان، چونکە یەك سیستمی کۆنترۆڵکراو فرمان بە شوێنەکان دەکەن.

ئەو ئاستە ئەخلاقیەی هێیەست تیایدا دەژی جۆرێکە لە شێتی، ماڵ ئەو شێتیە دەکات بە زیندان، ئێلیس وکریستینا لەلایەك نەیانویستووە

بۆ ئێرە بێن ولەلایەکیتریش هاتنی لیندکڤیست بۆ ماڵ بە مەبەستی داواکردنەوەی قەرزەکانی خوڵقاندنەوەی زیندانێکیترە لە ماڵ، کە ماڵ ئەو ڕووبەرە کارەساتەیە جوگرافیایەکی خەمناك دەخولقێنێت بۆ پەیوەندیەکانی خێزان.

ئەوەی ئەو تێکستە لەتەواوی تێکستەکانی تری ستریندبێری جیا دەکاتەوە ئەو کۆتاییە کە تراژیا کۆتایی هاتن نیە بە پەیوەندیەکان بەقەد ئەوەی ئەو فریادڕەسەی هەمیشە وونە لەو تێکستەدا دەردەکەوێت، لەلایەك میهرەبانی گولفرۆشەکە لە کچەکەیان خۆشدەبێت وبەرەو زیندان نایبات لەلایەکیتریش لیندکڤیست کە هاتنی بۆ ماڵ ئەو ترسە دەروونیەی خوڵقاندبوو ئەو خاوەنی ئەو وێنەیە نیە چونکە پێکهاتەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی باوك بە وان و ئێلیس بە پێتروس دۆخی ترسناکی ماڵ دەگۆڕێت بە خۆشنوودی، بەڵام خۆشنودێك وابەستە نیە بە رووبەرێکی جوگرافیەوە، بەڵکو دەرچوونی مرۆڤەکان لە ماڵ خاڵی جەوهەری ئەو خۆشنوودییە، کە لە کۆتاییدا دوای چاککردنی هەموو گرفتەکان، ئەبێت ماڵ وەك ڕووبەرێکی جوگرافی بەجێ بهێڵدرێت "ئێستا تۆ



دەبێت سوپاسی خوا بکەیت، کە یارمەتی داین بەرەو لادێ، بەرەو دەرەوەی شار بڕۆین" بەڵام ئەوە هەر بەتەنها بێنیامین نیە دەبێت سوپاسگوزار بێت، بەڵکو تەواوی کارەکتەرەکانی ماڵ دەبێ سوپاسگوزار بن کە ڕزگاریان بووە لەلایەك وەك ئەو گوناهەی باوکی خستە زیندانەوە بە تۆمەتی دزیکردنەوە.. لەلایەکیتر ڕزگاربوونی کەسەکانی ناو ماڵ وەك ڕزگاربوونی مرۆڤەکان لەو شوێنە ساردە.

## لاش نۆرێن لەنێوان گرێی ئۆدیب
## و دۆزینەوەی ماڵێک بۆ کوێرەکان

ماڵ بنەمایەکی سەرەکی تێکستە شانۆییەکانی لاش نۆرێن پێك دێنێت، کارەکتەرەکانی ناو ماڵ هەست بەبێمانایی پەیوەندیەکانیان دەکەن، ئەوەش پەیوەستە بە یادەوەری ئەوان بە شوێنەوە، ئەو یادەوەریەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کارەکتەرەکان ناتوانن لەناو پەیوەندیەکانی ماڵ جێگیربن، جێگیر نەبوون لەناو ماڵ بەتەنها جێهێشتنی نیە، هەندێکجار ئەوان وەك جەستە لەماڵەکە ماونەتەوە، بەڵام لەناو پەیوەندیەکان جێگیر نەبوونە، گۆڕانی خێرا بەسەر پەیوەندیەکانی ژیانیان دێت، ئەوانەش

دەبنە هۆی ئەوەی لەیادەوەری شوێن خۆیان ڕزگار نەکەن، بەقەد ئەوەی مێژوویەکیتر بۆ ئامادەبوونیان لەناو شوێن بنووسنەوە.

ماڵ لەلای لاش نۆرێن نووسینەوەی دنیایەکی مۆدێرنە دنیایەك کە ململانێ وپەیوەندیی کۆمەڵایەتی بە ئاستێك دادەبەزێت هەموو شتێك بێ بەها دەکات بەتایبەت لەشانۆگەری (شەڕ) دا، دوای دەرچوونی باوك لە ماڵ سیستمی ڕێکخەر هەڵدەوەشێتەوە، خێزان بەئاقاری بێ حورمەت کردن بە پەیوەندیەکان دەمێنێتەوە، موقەددەس چەمکێکە بوونی نامێنێ، وەك چۆن لە (مۆسیقای بێدەنگ) دوای مردنی کورەکەیان پەیوەندیی نێوان یوهانە وئۆلۆڤ بەتەواوی دەپچڕێت وماڵ هەڵدەوەشێتەوەو ماڵێتر دروست دەکرێت. لە (جورئەتی کوشتن) ماڵ تەوەری ململانێیە، کاتێ فەرزەند ماڵ بەجێ دێڵێت، کەچی باوك ئەچێتە ماڵەکەی و بۆ ئەوەی ئەوانەی کوڕ هەیەتی زەوتی بکات، ئەوەش جارێکیتر بە کوشتنی باوك کۆتایی دێت، کوشتنیش پڕۆسەیەکە درەنگ یا زوو ئەنجام ئەدرێت، ئەوەی دوای دەخات تەنها نەبوونی جورئەتە.



یوهانە وئۆلۆڤ لەشانۆگەری (مۆسیقای بێدەنگ) **مۆسیقای بێدەنگ/ لاش نۆرێن، پێشەکی وپەراوێز بۆ نووسین و وەرگێڕانی (دانا ڕەئووف) زنجیرەی (1) شانۆی بیانی، دەزگای ئاراس (هەولێر) 2007**

دوای مەرگی کوڕەکەیان، ماڵ بۆ ئەوان مانایەکیتری دەبێت، ماڵ بۆ ئەو دوو کارەکتەرە لەگەڵ مەرگی مناڵەکەیان، ماڵ وەك بوونێکی ڕەمزی پەیوەندیەکەیان بوونی نامێنێت، بەدوای نووسینەوەی مێژوویەکیترەوەن بۆ ماڵ.

هەڵبەت ئەوەش بەرەنجامی پشکنینی شوێنە تایبەتیەکانی ماڵە، بەوەی لەڕووی جوگرافیەوە هەموو ژوورەکان شوورەیەك کۆیان دەکاتەوە بۆ ماڵ، ژووریش جۆرێك تایبەتمەندی وسنور بۆ کارەکتەرەکان دروست دەکات، هەرچەندە بۆ یۆهانە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی کردبێتی بە ژنی ئۆلۆڤ، بەڵام لەژووری هاوسەرەکەی هەست بەو ئارامیە ناکات، هەر ئەوەشە وای لێ دەکات دان بەو ڕاستیە بنێت "لێرە هەست ناکەم لەماڵی خۆمدابم" لا 43

ئەو هەست نەکردنە پەیوەندیی نیە بە دیواری ژوورەکان، بەڵکو مانەوەی هاوسەرە وەك نامۆیەك،

ناتوانێ بوونی ئۆلۆڤ وەك ماڵی خۆی سەیر بکات، ئەوەش وای لێ دەکات بیر لەگەڕان بەدوای ماڵی تر بکاتەوە، چونکە ئەوەتە لەسەر گێڕانەوەی ڕابردووی ماڵیش، هەردووکیان یەك چیرۆك دەگێڕنەوە، بەڵام هەمیشە یەکێکیان لە گێڕانەوەدا ئەویتریان بەهەڵە ناو دەبات، بۆ ئەوەی گێڕانەوەکەی خۆی بەتاکە گێڕانەوەی چیرۆکی ماڵ دەربخات.

لەنێوان هەست نەکردن بەماڵ بۆ خودو فرە گێڕانەوەیی لەناو چیرۆکێکدا، وادەکات ماڵ هەڵبوەشێتەوەو ماڵی تر دروست بکرێت، دوو ماڵ هەڵدەوەشێتەوەو ئاڵوگۆڕی پەیوەندیەکان دوو ماڵی تر دروست دەکەن، لەو ماڵە نوێیەدا یوهانە بووە بە هاوسەری یوناس و کارینی هاوسەری پێشووی یوناس دەبێ بە ژنی ئۆلۆڤ.

پڕۆسەی گۆڕینی ماڵ.. پڕۆسەیەکی کەشفکردنی ڕۆح وجەستەی مرۆڤی بەرامبەرە، ماڵی نوێ ڕۆحی نوێیە، چەمکی ڕۆح لێرەدا دەلالەت لەزیندەگیەکی خوڵقێنەری بونی کارەکتەرە، هەریەك لەو چوار کارەکتەرە پێویستیان بە ماڵی تر هەیە، چونکە هەست دەکەن ئەو ماڵانەی هەیانە ئارامی تیا



وەدەست ناکەوێت، بۆیە چەندە لەهەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی هاوسەری دەیەوێت لەماڵ ڕابکات، بەهەمان شێوە جارێکیتر دەیەوێ ماڵ دروست بکاتەوە، چونکە مرۆڤ بێ ماڵ گەریدەیەکە ناتوانێ لەشەقامدا بمێنێتەوە، بۆیە ماڵ دەبێتەوە بە شوناسی هەریەك لەچوار کارەکتەرەکە.

ئەگەرچی ئەو شوناسە بۆ بوون هەمیشە لەناو ناجێگیربووندا دەمێنێتەوە، بەوەی بوونی ماڵ کارێکی چێژ بەخشە، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ فریای ماڵ ناکەوێت، وەك کارین دەڵێت "شتێکی خۆشە پیاو ماڵێکی هەبێت، ڕووی تێ بکات.. هەرچەندە مرۆڤ فریای ئەوە ناکەوێت هێندەی خۆت ئارەزوو دەکەیت لەوێ بیت" لا 56

هەر ئەوەش لەکۆتایدا دەیگەیەنێتە قەدەری بەتەنها مانەوە لەماڵ، یوهانە ئەگەرچی دەزانێ ئەزموونی بێ ماڵی سەختەو مرۆڤ بێ ماڵ توانای ژیانی نیە، بەڵام ماڵیش بۆ ئەو خاوەنی هەمان شکستە، چونکە سیستمێکی پیادە کراو هەیە، ئەوەی دەگۆڕێت لەناخدا سیستمەکە نیە، بەڵکو کەسەکانە، ئەگەر پێشتر مناڵێکی مردبێت ولە ژوورەکە هەست بە ئارامی نەکات، ئەوا لەگەڵ یۆناسیش هەمان کێشەی هەیە "هەرگیز دڵم بەم ژوورە نەکراوەتەوە" لا 61

هەروەها منداڵێکی تریشی مردووە، بۆیە هەر پیاوێك لەژیانی ئەودا مەرگی منداڵێکی هەڵگرتووە، بۆیە بە ئۆلۆڤی هاوسەری پێشووی دەڵێت "هێشتا ئەوی تۆ، هەر یەك منداڵە کە بیری لێ بکەیتەوە.. من دوانم مردوون" لا 70.

ژوورو منداڵ ئەو دووانەیەن لەماڵدا هەردووکیان وەك دوو بونیاد پێکهاتەی دەلالەتی شکستی کارەکتەرە، ژوور وەك شوێن ومنداڵ وەك خەونی نوێی ماڵ، توانای خولقاندنی دنیایەکی نوێیان هەیە، دنیایەك کە پێشتر ئەزموون نەکراوە، بەڵام ژوور ئەو شوێنەیە وەك ژووری پێشوو یوهانە دڵی پێی ناکرێتەوە.

واتە ژوور دەلالەتی زیندەگی دەگۆڕێت بۆ گۆڕستان، بەهۆی ئەوەی منداڵ خەونی نوێی ماڵ هەمیشە دەمرێت، ئەو مردنە وەستانی هەموو شتێکە تەنانەت زەمەن تێشناپەڕێت بۆ پیریی "گەر مرۆڤ منداڵی بمرێت، پیر نابێت، چونکە هەموو شتێك ڕادەوەستێت"لا 74.

مردن ڕوویەکی دیار لەناو تێکستەکە داگیر دەکات، بەڕادەی ئەوەی لەکۆتاییەکاندا هەست بە مردنی یوهانە دەکەین، کەچی بەپێچەوانەوە ئەوەی



دەمرێت پیاوەکانن، ئۆلۆڤ ویۆناس ماڵ بەجێدێلن وبۆی ناگەڕێنەوە، مردن لێناگەڕێت جارێکیتر ئەوان بگەڕێنەوە ماڵەوە، بەڵام چونکە کارین ویوهان لەحەقیقەتی مردن گەیشتوون ودەزانن مردن هەمیشە لەماڵدایە، بەتایبەت بۆ یوهان کە دوو منالی و دوو مێردی هەردووکی مردوون.

هەر بۆیە ئامادە نیە ئەو پرسیارانە لەخۆی بکات کە دوای مردنی ئازیزێك زیندووەکان دەیکەن لەجۆری "چۆن بتوانین ئەو کەسە خۆشەویستە لەیادبکەین؟ چۆن بتوانین یادەوەرییەکانمان لەبیر بچێتەوە؟ چۆن بتوانین لەژیاندا بەردەوام بین؟ چۆن بتوانرێت ڕێگای ژیانە ڕۆژانە ئاساییەکەی بەر لە کارەساتەکە بدۆزینەوە" هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 24

ئەوە ئارەزووی ژیاندۆستی ناو کارەکتەرە کە نایەوێ تەسلیمی مردن بێت، چونکە ئەوەی مردووە تەنها کەسێك نیە، ئەوە قەدەری تراژیدی مرۆڤی مۆدێرنە، کە مردن بەشێوەی پیریی ونەخۆشی لەئازیزەکانی دووری دەخاتەوە، بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت کارین لەناو ماڵ بەتەنیا دەمێنێتەوە، کەچی یوهان پێی وانیە لەڕێگەی ئەو یادەوەرییەوە بەردەوام بێت، هێندەی

ئەو چەندە لە فەزای مردن و وەرس بوون لە ژوور گەیشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ویستوویەتی پیاوێك هەبێت لەماڵەوە، بۆیە دوای مردنی یۆناس ئەو ماڵی لەتەك پیاوێکیتر درووست کردووە، ئەوەش دووبارە بوونەوەی زەمەنی بە تەواوی ڕووداوەکانی ژیانی دەبەخشێت "ئێستە پێویستە من بڕۆم، ئێمە لە هوتێل ستراند دەژین، ئێستە هێنرێك حەتمەن لەسەر بارەکە دانیشتووەو چاوەڕوانی منە، دەچین سەردانێکی دایکە پیرەکەی دەکەین لە لیدنیگۆی، خواحافیز کارین.. بێگومان پەیوەندیمان دەبێت؟" لا 81

کەچی لەتێکستی (شەڕ) **شەڕ/ لاش نۆرێن، وەرگێڕانی (دلاوەر قەرەداغی) زنجیرەی (9) شانۆی بیانی، دەزگای ئاراس (هەولێر) 2007** دا، دۆزینەوەی ماڵێك بۆ کوێرەکانی دوای شەڕ، دەبێتە چارەسەرێکی ئەلتەرناتیڤ دوای گەڕانەوەی باوکێکی جەنگاوەری کوێر بۆ ماڵ، لەو تێکستەدا شەڕ هۆکاری سەرەکیە بۆ لەدایکبوونی تراژیدیا لەناو ماڵ، چونکە شەڕ باوك ناچار دەکات لەماڵ بێتە دەرەوەو بچێت بەشداری لە شەڕدا بکات، ژنەکەی و هەردوو کچەکەی بەتەنیا لەماڵەوە بەجێ



بێلێت، لەولاشەوە ئیڤانی برای بێباکی لەهەموو شتێك لەشەڕدا ڕادەکاتو خۆی دەخزێنێتە ناو مالیانو پەیوەندیی سێکسی لەتەك ژنەکەی دەبەستێت، (بێنینا) ی کچی دوای دەرچوونی باوك لە ماڵ بووە بە لەشفرۆش.

ئەو وێنە گشتیە هێلە سەرەکیەکانی ئەو تێکستە پێك دێنێت، دوای ئەوەی باوك بەهۆی شەڕەوە ماڵ بەجێ دێلێت، سێمیرای کچە بچووکی کە تاکە کارەکتەرێکی ئەو ماڵەیەو دەیەوێ باس لە پیس بوونی ماڵ بکاتو خەون بە گەڕانەوەی باوکی بۆ ماڵ دەبینێت، هەست بە پیس بوونی نوێنی ماڵەکە دەکات، بۆیە ڕوو دەکاتە دایکی و پێی دەڵێت "ئەریێ ناتوانین سەرچەفی تازە بکڕین؟ ئەمانە پیسن، گوو ومیزو تووکی سەگیان پێوەیە" لا 19

پرسیاری سێمیرا.. پرسیارێکی تایبەت نیە بەسەرچەف وەك قوماش، بەڵکو ئەوە کۆکردنەوەی جەستەی ماڵە لەتەك جەستەی حەرام، "چەمکی حەرام بۆ جەستە پەیوەست نیە بە دیدێکی ئاینیەوە، هێندەی حەرام وەك دیاردەیەکی ناسرووشتی بۆ سێکسی دەرەوەی خێزان سەیر دەکرێت"

ئەو پەیوەندییە جەستەییە ماڵی پیس كردووە، ماڵ بووە بە شوێنێك كە پاشماوەی پیس بوونی پەیوەندیی ناسرووشتی گرتۆتە خۆی، نەك هەر ئەوەندەش بەڵكو هەریەك لەدایك وبێنینا بۆ كاری سێكسی بەكاری دێنن، چونكە دایك بەتەنیا لەتەك ئیڤان پەیوەندیی سێكسی نەبەستووە، با سەیری ئەو دێرە بكەین كە بێنینا ئاراستەی دایكی دەكات "گەر بیانەوێت ڕابوێرن ئەوا بەهەر حاڵ خۆیان بۆ ئێرە دێن، ئەوان حەزیان لە گەنجی گێلۆكەی وەك تۆیە، چونكە هێشتا گیرۆدەی نەخۆشیگەلی درمی ئەوتۆ نەبوون" لا 25

باوك بەدوای ئەوەی لەماڵ دەچێتە دەرەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ وەك وون بوویەك ناگەڕێتەوە، كەچی ڕۆژێكیان بە كوێری خۆی دەكاتەوە بە ماڵەوە، بەڵام گەڕانەوە ئاشكرابوونی تراژیدیای خێزانە، پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر پەیوەندییەكانی ماڵ، باوك سەرباری كوێری كاتێ هەست دەكات كچە گەورەكەی سووراوی كردووە، ئەو كارە بە گریمانەیەكی خراپ دەبینێت، بەڵام ئەوەی باوك بە گریمانە دەیبینێت "خۆ تۆ قەحپە نیت" و"ئەوە تەنها قەحپەكانن كە سووراو وسپیاو دەكەن بڕۆ



دەم وچاوت بشۆ" و"منداڵەكانم نابێ لە قەحپە بچن" لا30

لەڕاستیدا ئەوە گریمانە نیە، بەڵكو حەقیقەتی كچەكەیەتی، هاتنە دەرەوەی باوك لە ماڵ هەموو شتەكان تێكدەدات، باوك گەڕاوەتەوە سەر پەیوەندیی نوێ، ئەو پەیوەندیانەی پێیان ئاشنا نیە، ئەو دەیەوێ ژنەكەی بەر لەچوونە دەرەوە لەماڵ لەگەڵی چۆن پەیوەندیی بەستووە ئێستاش وا بێت لەگەڵی، چونكە ئەو نامۆیە بەو پەیوەندییەی كە ئێستا براكەی دۆستی ژنەكەیەتی، بۆیە ژنەكەی ڕاستەوخۆ پێی دەڵێت "شتەكان وەك جاران نین.. منیش كەسەكەی جاران نیم" لا43

ئەوەش پەیوەندیی بەو پەیوەندییە هەیە كە دایك ئێستا خۆی بە عەشیقەو ژنی ئیڤان دەزانێت، بۆیە پێی وایە مێردە كوێرەكەی چیتر خاوەنی ئەو ماڵە نیە، لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕدا ئەو ماڵی دۆڕاندووە، ئێستا دەبێ ئەو بیر لەماڵێك بكاتەوە كە تایبەت بێت بەو توێژەی وەك ئەو كوێرن "ڕەنگە ماڵێك بۆ ئەو هەبێ.. ماڵێك بۆ كوێرەكان" لا 61

دیارە ماڵ بەرەنجامی درووست بوونی خێزانە، ئەویش دەیەوێ خێزان بەرەنجامی بەشداری كردنی

نێو نوێنی بێت لەتەك ئیڤان، ئەگەرچی دەزانێت ئەوەیان خۆ خەڵەتاندنێکە، چونکە حەقیقەتی خۆی دەناسێت بەوەی ئیڤان تەنها بۆ کات بەسەربردن سەیری دەکات "جێم دێلیت.. ئاخر چیت لە پیرەژنێك داوە بەدوو کچە تیوەوە؟ خۆ من جوانیش نیم، تەنها پەیکەرێکی ئێسکیم، من هیچ نیم" لا 61

لەگەڵ ئەوەشدا مێردەکەی دەخاتە سەر توێژێکیتر توێژی کوێرەکان بۆ ئەوەی بتوانێ لەماڵ دووری بخاتەوە، ماڵێك بۆ کوێرەکان تەنها پێشنیارێکی خۆخەڵەتێنەرە بۆ ڕازیکردنی دۆستەکەی، چونکە کوێرەکان لەماڵەکانی خۆیان دەمێننەوە، ئەوە ئەو بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕ کوێر بوو دەرگای ژووری نووستنەکەی بۆ ئیڤان کردەوە، دەرگایەك لەگەڵ گەڕانەوەی باوك هەموو شتەکان هەستی گوناهباری بۆ دایك دەردەخەن، بۆیە دەیەوێ درۆیەك بدۆزێتەوە بۆ ڕەوایەتی دان بەو گوناهەی ئەنجامی داوە، ئەو چەندە بیەوێ ئیڤان بە مێردو خۆشەویستی خۆی سەیر بکات، بەلاّم ئەوە ئیڤانە ئەو وەك خۆشەویست نابینێت.

گەڕانەوەی باوك نەك تەنها دەبێ بەهۆی ئاشکرابوونی تاوانەکانی ناو ماڵ، بەڵکو پاکی



شتێکە لەگەڵ شەڕ ماڵی بەجێهێشتووە، ئەوەش لەو دەیالۆگەی بێنینا تەواو دەردەکەوێت "ئیدی هیچ منداڵێك لەئارادا نییە" لا76

نەبوونی منداڵ نەمانی هەستی پاکێتی کەسەکانی ناو ماڵە، بەوەی هەمووان وەك یەك پیس بوونە، چرکە دوای چرکە ڕووداوەکان خێرا تێدەپەڕن وزیاتر لەوە دڵنیا دەبینەوە، پێش ئەو دەیالۆگە لەڕێگەی دایك لەوە گەیشتین، کە ئەو وەك کچەکەی لەشفرۆشەو تەنانەت کەی ویستبێتیان لاقەیان کردووە "پیاوانێك بوون.. پیاوانی ئاسایی، وەك تۆ.. هەندێکیشیان قوتابی خۆم بوون" لا 71

هەموو ئەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە نەك پاکێتی دۆڕاوە، بەڵکو پیسی هەموو ماڵەکەی داگیر کردووە، ماڵ بووە بە ڕووبەرێك بۆ ناشیرینکردنی پەیوەندیە خێزانیەکان، هەمووان جگە لە سێمیرا بەشداری پیسیەکان دەکەن، بەشداری نەکردنی ئەویش بۆ تەمەنەکەی دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی ئەویش لەڕێگەی بێدەنگیەوە بەشدارە، چونکە ئەو دەیتوانی باوك لەهەموو ناشیرینەکانی ماڵ ئاگادار بکاتەوە، یاخود بەشداری ئەو درۆیە نەکات کە ئیڤان مردووە، هەروەها ئەویش کاتێ بەدوای خوشکەکەی

رۆیشتووە لەوێ پیرەژنێك ڕازی دەکات بەوەی "هەر کاتێ بمەوێ دەتوانم بچم بۆ ئەوێ وپاشان گووتی کە من لەگەڵ پیرەمێردەکە بچمە ژوورێکی بچووك کە لەوێ تەنها دۆشەکێك لەئەرزەکەدا ڕاخراو وپاشان ئەو هاتە ژوورەوە، پاشان ئیشی خۆی لەگەڵدا کردم، بەڵام گوتی ئارەزووی لێ نییە" لا89

لەولاشەوە ئیڤان ودایك بەیەکەوە لەژووری نووستن دێنە دەرەوە، ماڵ بەگەڕانەوەی باوك ناتوانێ بچێتەوە دۆخی خۆی، بەڵکو پیسی ڕۆژ بەرۆژ ناخی هەمووان داگیر دەکات، بۆیە دوای دەیالۆگەکەی بێنینا باوك تێدەگات لەوەی ماڵ بەجۆرێك شێواوە چیتر نە ئەو خاوەنی ژنەو نە خاوەنی کچ، ئیدی ماڵ شوێنی پاکی نیە، بەڵکو گەڕانەوە بۆ ماڵ بۆخۆی بەشداری کردنە لەهەوەسی لەش، ئەوەش جۆرێك لە شکاندنی ئەو کۆتە ئەخلاقیە گەورەییە کە پەیوەندیی مرۆڤەکان لەماڵدا لەڕێگەی سیستمێکی کۆنترۆڵ کراو دەڕوات بەڕێوە، بەڵام شێواندنی ئەو پەیوەندیەو نەمانی ئەو سیستمە وادەکات باوك لەهەموویان بەدڕەوشتر لەتەك کچەکەی ڕەفتار بکات.

"باوك: مەمك وهەموو شتێکت هەیە



بێنینا: نا

باوك: من دەستی لێ دەدەم

بێنینا: دێشێت

باوك: ڕاوەستە، تکایە.

بێنینا: بەرم دە.

باوك: لەلام بمێنەوە

بێنینا:باوکە

باوك:دەبێ یەکێك لەلام بمێنێتەوە

بێنینا: باوکە، مەکە

باوك: تۆ هیچ باوکت نییە، تۆ هیچت نییە، هەروەها منیش

بێنینا: هەی دزێوی قورمساخ، تۆیش ڕێك وەك ئەوانی تر وایت" لا 78

بۆ باوك ئیدی گرنگ نیە لەتەك کێ هەوەسی دادەمرکێنێتەوە، گرنگ کەسێك هەوەسی بەتاڵ بکاتەوە، بێنینا لەوە تێدەگات باوکیش وەك ئەوانیتر بوو بە بەشێك لە بەدڕەوشتیەکانی ماڵ، ئەو ناسینی کەسەکان گەیاندیە ئەو ئاستەی کە هەموو ئەوانەی لەناو ماڵدان پاکیان دۆڕاندووە، دەنا بۆچی باوکێکی کوێر بێئەوەی ئاگادار بێت ژنەکەی لەباوەشی ئیڤانی برایەتی، وخۆشی داوا لە

کچەکەی دەکات "دەوەرە ئێرە، وەرەو دەسپەڕم بۆ بکە" لا79

هەموو ئەو پیسیانە دەوری ماڵەکەی داوە، ئیڤان دەزانێ دەبێ بۆ پاکبوونەوە لەو هەموو پیسیە تاکە ڕێگای بەردەمی تەنها سەفەرو دەرچوونە لەماڵ، سەرەتا پلان لەگەڵ دایك دادەنێ، بەڵام دواجار بێنینا قەناعەتی پێ دێنێ کە ئەو لەگەڵ خۆی بەرێ، دوای ئەوەی لەماڵ دێنە دەروەو دایك ئەیاندۆزێتەوە هاتنە دەرەوە لەماڵ دەبێ بە حەقیقەتێکی کۆمەڵی، بۆیە بەدوای سێمیرا ئەینێرن کەچی باوك لەماڵەوە هەستی پێدەکات، دوای ماڵئاوایی لەیەکتری سێمیرا ڕەفزی ئەوە دەکاتەوە کە ماڵ بەجێ بێڵێت، هەڵبەت قسەکردنی ئیڤان ئاشکرابوونی پیلانەکەیە ،بۆیە مانەوەی سێمیرا دەیەوێ دڵنیامان بکاتەوە کە ئەو قوربانیە نەك گوناهبار، بەڵام لەماڵێك کە هەمووان پیس بووبن بە باوکیشەوە چ سیستمێك جارێکیتر ماڵ ڕێك دەخاتەوە؟

بۆیە ماڵ بەمانەوەی باوك و سێمیرا توانای بەرێوەچوونی نییە، بەڵکو بۆ گەڕانەوەی حورمەت بۆ بوونی مرۆیی هەریەکێکیان دەبێت سێمیرا لەگەڵ



ئەوانیتر ماڵ بەجێ بێڵێت، ئەوە تەنها باوکە لەماڵ بمێنێتەوە تا هەست بکات ماڵ وەك چاوەکانی تاریکە، هەڵبەت ئیڤان لەتوانای دایە کە سێمیرا بە ڕاکێشانیش بێت لەماڵ بکاتە دەرەوە.

لاش نۆرێن کە ئەوەی نەکردووە ویستویەتی دیدی دەرهێنان چارەسەری ئەو کۆتاییە بکات، بەڵام ئەوەی لەماڵ دەمێنێتەوە تەنها باوکە بۆ ئەوەی ماڵ بۆ باوك ببێت بەو شوێنەی کە دایك پێشنیاری ماڵی کوێرەکانی بۆ کرد، ماڵ بۆ باوك دەبێت بە ماڵی کوێرەکان.. ئەو ماڵەی تەنها ئەوی کوێر لەناوی دەمێنێتەوە هەموو شتێك تاریك و تەنیایە لەماڵی کوێر.

ئەو پڕۆژەیە بۆ ماڵ لەناو تێکستیتر درێژ دەکاتەوە، ئەمجارە دەیەوێ ململانێی باوك وکوڕ لەماڵًدا بکاتە تەوەرێکیتری پرسیاری کارەکتەرەکانی ناو ماڵ، دیارە ململانێی نێوان باوك وکوڕ هەر لەشانۆی گریکیەوە تاوەکو دواین تێکستە شانۆییەکانی بابەتی سەرەکی بووە، ئێمە پێشتر بەدرێژیی لەسەر زۆربەی ئەو هەوڵانە وەستاین، بەڵام ئەوەی لای لاش نۆرێن لە (جورئەتی کوشتن) **جورئەتی کوشتن/ لاش نۆرێن، وەرگێرانی (هیوا قادر) زنجیرەی (27) شانۆی بیانی، دەزگای ئاراس (هەولێر) 2009**

دەبینین لەتەواوی ئەو تێکستانە جیاوازە، جیاوازیەکەش لەسەردانی باوکە بۆ لای کوڕ، بەواتای ئەوە باوکە دێتەوە ماڵ، نەوەك نەوەی نوێ بگەڕێنەوە ماڵ، هەرچەندە چوونی باوك وەك گەڕانەوەی باوك لە (شەڕ) دا لەدایکبوونەوەی تراژیدیایە، بەڵام تەواوی دنیای ماڵ لەنێوان ئەو دوو تێکستە بەتەواوی لەیەك جیاوازن، ئەمجارە باوك خۆی هەڵدەقورتێنێ لەژیانی تایبەتی کوڕەکەی، لەبەرامبەر ئەوەدا کوڕ زۆر توندڕەوانە لەتەك باوك ڕەفتار دەکات.

رقی کوڕ لەباوك بەتەنها بەهۆی ئەوە نیە کە باوك خۆی هەڵئەقورتێنێتە ژیانی کوڕەکەی، بەڵکو بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیوارە ئەخلاقیەی کە باوك چۆن هەموو شتەکان زەوت دەکات، ئاواش دایك داگیر دەکات بۆ هەوەسی خۆی، ئەو بینینە ئاشکرا کردنی هەموو ئەو نهێنینە ئەخلاقیەی ماڵە.. ئەوە پەردە هەڵماڵینە بەڕووی درۆیەکانی باوك لەماڵدا بۆ فەرزەندی دەکات، نەك هەر ئەوە، بەڵکو باوك بۆ مومارەسەکردنی خۆی بۆ چێژ هەموو سنورو کۆتە ئاینی وکۆمەڵایەتیەکان تێکدەشکێنێت، چونکە سیستمە ئەخلاقیەکانی ماڵ



بەرهەمی کەسایەتی باوکە "ئێوارەیەکیان من تۆم بینی کە لەسەر ئەرزی هۆڵی نانخواردنە گەورەکە بەسەر کارەکەرەکەوە بوویت.. من گلۆپەکەم داگیرساند وئێوەم بینی.. تۆ ڕاکشا بوویت وئەتگا" لا26

لەپاڵ ئەوەدا کە زەمەن بەسەر ڕووداوەکان تێدەپەڕێ، دیسان سیستمی پیادەکراوی ماڵ دەگەڕێندرێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە باوك هەڕەمی فەرمانڕەوایی ماڵ لەدەست نەدات، بۆیە دەیەوێ ڕووداو بە گومانێکی کوڕ ناو بەرێت.. نەوەك بە حەقیقەتێکی خۆی، ئەوە وەك تۆمەت داتاشینێك سەیر دەکات.

ئارەزووی زەوتکردنی هەموو شتەکانی ماڵ ویستی سەرەکی باوکە، بۆیە بەردەوام دەیەوێ بگات بە (ڕادکە) ی خۆشەویستی کوڕەکەی، هەمیشە داوای وێنەو ڕووخساری دەکات و پەلەیەتی بۆ بینینی، ئەوەش حەزی داگیرکردنی جوانی سەروەتی کوڕەکەیەتی، ئەوەش لەسەر ڕووخاندنی ئەو دیوارە ئەخلاقیەی ماڵ وەستاوە، ئەو دیوارەی بووە بە سیستمی کۆنترۆڵ کردنی پەیوەندیەکان، بەڵام لەهەمووی سەیرتر ئەوەی ئەو سیستمە دەرووخێنێت باوکە نەوەك کوڕ بێت.

ڕووخاندنی ئەو دیواری ئەخلاقە بینینی ڕووی دووەمی کارەکتەرە، بەواتا داماڵینی ئەو ماسکەیە کە سیستمی ئەخلاقی ماڵ کەسایەتیەکی تری بۆ کارەکتەر درووست کردووە، ئەو کاتەی ئەو سیستمە ئەخلاقیە لەنێوان باوک و ڕادکە لەداواکردنی باوک بۆسێکس یاخود لەدیمەنی ئاشکراکردنی کوڕ کاتێ باوک سێکس لەتەك کارەکەرەکە ئەنجام دەدات، ئەوەش ڕووخاندنی ئەو دیوارە ئەخلاقیەی ماڵە، ڕووخانیشی واتە "ئەتوانین لەبەردەم دوو ئینساندا بووەستین بەهەموو یادەوەری وشکست وخۆشەویستی وتەنهایی وڕقیانەوە بۆ یەکتری، چونکە ئەوەی مۆڕاڵ ئەیکات جۆرێکە لە دیوار درووستکردن لەبەردەم ناسینی ئینساندا" **ل اش نۆرێن وجورئەتی کوشتن/ هیوا قادر، شانۆکار، ژمارە (7/6) ی 2009، لا 69**
ئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی بیرۆکەی کوشتنی باوک لەلایان کوڕ بێتە ئاراوە، بەلاّم بۆچی ئەو کوشتنە دوا دەخرێت؟ ئاخۆ کوڕ پێی وایە عەقڵیەتی باوک گۆڕانی بەسەردا دێت؟ هەڵبەت دواخستنی کوشتن بەهۆی ئومێدێك نیە بۆ گۆڕانی عەقڵی باوك، هێندەی ئەو هەر لەمناڵیەوە خەون بە کوشتنی باوک



دەبینێت، کوشتنێك بەندی کردووە بە ئازادبوونی، بەلاّم ئەوەی وا دەکات ئەو پڕۆسەیە ئەنجام نەدات ئەوە نەبوونی جورئەتە بۆ ئەوەی بە پڕۆسەی کوشتن هەڵبستێت "لەوەتەی منداڵ بووم ئەم جۆری تۆنی قسەکردنە لەنێوانی من وتۆدا هەیە، چونکە ئەوە تەنها هەستێکی ڕاستەقینەیە کە من بەرامبەر بەتۆ هەمە، بەلاّم من جورئەت ناکەم" لا88
ئەوەی ناشیەڵێ ئەو هەستەی بمرێ ئەو ئارەزووی زەوتکردنەی دنیای کوڕە، کە باوك بە هەموو شێوەیەك دەیەوێ ڕادکەی هاوڕێی کوڕەکەی داگیر بکات، لەڕێگەی ڕازیکردنی بە پەیوەندیی سێکسی، زەوتکردنی لە کوڕەکەی بە بیانووی ئەوەی کە ئەستەمە کوڕەکەی بتوانێ خۆشی بوێت، هەموو ئەو هەوڵە بۆ نزیکبوونەوە لە کچە کوڕەکەی دەیبینێت، ئەوەش وا دەکات بێ جورئەتی کوڕ سنوورەکانی تەسکتر بنەوە، چونکە ئیدی پێویستی بەوەیە سنوورێك بۆ ئەو بێحورمەتیە زۆرەی باوك دابنێت، ئەوەش تەنیا خۆ ڕزگارکردنە لە باوك "دەبێت من خۆم ڕزگارکەم لەتۆ.. تەنیا هەر ئەمەیە وبەس، دەبێ من لەتۆ بێمە دەرێ" لا108
هەڵبەت هاتنە دەرەوە لەباوك پاکبوونەوەیە لەناو تارماییە کوشندەکانی کارەکتەری باوك، بەهۆی ئەوەی ئەو ڕۆحە دیکتاتۆریەتە پاوانخوازیە لەناو

ئەودا بوونی نەبێت، هەڵبەت پاکبوونەوەو خۆڕزگارکردن بەهەڵاتن مەیسەر نابێت، بەڵکو بە کوشتنی جەستەی باوک و دواتر تفانەوەی دڵی باوک تەواو دەبێت، ئەوەش بەدوای بینینی دیمەنی شەوی پێشوو نیە کە دەستی بۆ لەشی ڕادکە دەبرد هێندەی پرۆسەیەکە هەمیشە پێی وایە دەبوو زۆر زووتر ئەو ئەوکارەی بکردایە "هەرگیز پێویست نەکات چیتر من سڵ لەهیچ شتێکی تر بکەمەوە.. ئەو کاتە ئەمتوانی من برشێمەوە ودڵی تۆ بەیەکجاری بهێنمەوە، ئەبوایە ئەوەم بکردایە" لا89

ئەوەی ئەبێتە هۆی ئەنجامدانی ئەوە ئامادەبوونی جورئەتە، ئەو ئامادەبوونەی بەدرێژایی تەمەن نەیبوو ئێستا لەناویدا درووست بوو، کە بووە هۆی کوشتنی باوک، ئەو کوشتنەش خۆڕزگار کردنە لەباوک بەهۆی ئەوەی هەست ئەکات حالەتێکی دۆنادۆنی لە پەیوەندیی نێوان هەردووکیان هەیە "هەرگیز زاتی ئەوەم نەکردووە ڕوخساری خۆمت پیشان بدەم، هەرگیز.. لەترسی ئەوەی نەبا چاوم بەو ترسە بکەوێت کە لەڕووخساری تۆدا هەیە.. ترسی تۆ لەمن"لا 116، ئێمە بەتایبەت دوای هەردوو تێکستی (شەڕ)



و(جورئەتی کوشتن) ئەوە بەڕووی دەبینین کە لاش نۆرێن دەیەوێ چیرۆکی گرێی ئۆدیب وگەڕانەوەی ئۆدیب بۆ ماڵ بگێڕێتەوە، ئەوەش بەبێ گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ شانۆی گریکی، بەڵکو لەدیدی مرۆڤی مۆدێرنەوە چارەسەری ئەو گرێیە دەکات وەهەروەها گەڕانەوە بۆ ماڵ بە کۆمەڵێك دەرەرنجامی کەشفنەکراو دەگەیەنێت.

هەڵبەت چیرۆکی کوشتنی باوك وگەڕانەوەی ئۆدیب بۆماڵ، گێڕانەوەی یەکەم چیرۆکی شانۆییە، کە کارەکتەر لەگەڵ گەڕانەوەی بەرەو ماڵ تراژیدیای کوشتنی باوك و سێکسکردن لەگەڵ دایك دەخولقێنێت، ئێمە کاتێ سەیری هەردوو تێکستەکەی لاش نۆرێن دەکەین جارێکیتر چیرۆکی ئۆدیب بۆ ماڵ وکوشتنی باوك دەنووسنەوە، بەڵام نووسین بەتەواوی لەناو هەموو مانا ئەفسانەییەکان دایماڵیووە، لە (شەڕ) دا ئێمە ئۆدیبێکی نوێمان بۆ دەنووسرێتەوە، کە بارگاویە بەکولتوری گریکی، بەڵام لەناو مانای جیاوازدا، ئەوە داڕشتنەوەی کولتورو خولقاندنەوەیەتی، لە مانا ئەفسانەییەکانەوە بەرەو مانا شانۆییە جیاوازەکان.

لەڕاستیدا ئێمە چیرۆکی ئۆدیب نابیستین، بەڵام هەست دەکەین لەبەرامبەر نووسینەوەی چیرۆکی تراژیدیای ئۆدیب دەرکەوتووینەتەوە، باوك وەك

ئۆدیب کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئەو سەفەری گەڕانەوەیە لەدایکبوونی تراژیدیایە، ئەگەر بۆ ئۆدیب گەڕانەوە بریتی بێت لە کوشتنی باوک و سەرجێکردن لەگەڵ دایک و مناڵنانەوە بێت، ئەوا لە (شەڕ) دا گەڕانەوەی باوک پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر ئاشکرا بوونی نهێنیە ئەخلاقیەکانی ماڵ، بەوەی هاوسەرەکەی بووە بە دۆستی برا بچووکەکەی و کچە گەورەکەی بووەتە سۆزانی، تەواوی مێینەکانی ماڵ لاقە کراون.

ئۆدیب لەکۆتایی چیرۆکەکەدا تێدەگات لەوەی ئەو پاڵەوانێکە تاوان دەکات وقەبارەی تاوانەکەی خۆی نازانێت، وەك کاردانەوەیەکی ئەخلاقی هەردوو چاوی خۆی هەڵدەکۆڵێ، کەچی (باوك) لای لاش نۆڕێن، لەدەرەوەی مێژووی تاوانەوەیە هاتنە دەرەوەی لە ماڵ بووەتە هۆی لەدەستدانی ئەخلاقی مێینەکانی ماڵ.

هەڵەی ئۆدیب و باوك ئەوەیە کە لەماڵ هاتوونەتە دەرەوە، دواتر دەیانەوێ بگەڕێنەوە ماڵ، درك بەوە ناکەن ئەو گەڕانەوەیە لەدایك بوونی تراژیدیایە بۆ ماڵ، ئەوەتە ئۆدیب لەگەڵ دایك دەخەوێ وچوار مناڵیشیان دەبێت، باوك بەهەمان شێوە چۆن



ژنەکەی لەدەستداوە بەهەمان شێوە کچەکانیشی دۆڕاندووە، توانای ئەوەی نیە پەیوەندیەکان وەك خۆی لێ بکاتەوە، ئەگەر ئۆدیب چاوەکانی هەڵدەکۆڵێت، ئەوا باوك لەبێدەسەڵاتیدا دەیەوێ ئەویش ببێتە بەشێك لەپیسیەکانی دنیای ماڵ بۆیە دەیەوێ لاقەی کچەکەی خۆی بکات.

ئەگەر ئۆدیب دوای ئەو تاوانە نەیەوێ ئیدی ڕوناکی ببینێت، ئەوا باوك بەکوێری دێتەوە وهەموو چیرۆکەکان بە کوێری دەبینێت، ئۆدیب دەزانێ گەڕانەوەی بۆ ماڵ هەڵەیەك بوو، هەڵەیەك پڕبوو لە نەزانین، بۆیە بڕیاری بەجێهێشتنەوەی دەدات، ئەو ئیدی بە کوێری دەچێتە سەر شەقام و لەماڵ نامێنێتەوە، ماڵ بۆ چاو ساغەکان بەجێ دێڵێت، کەچی باوك وەك ئۆدیب دەزانێ نەدەبوو بگەڕێتەوە ماڵەوە، چونکە دنیای ماڵ بەتەواوی گۆڕاوە، بەڵام تا کۆتایی نەیتوانی پەیوەندیی ناو جێی براکەی وژنەکەی بۆ کەشف بێت، ئەوی کوێر لەماڵەوە دەمێنێتەوە، ئەوەی ماڵ بەجێ دێڵێت ئەوە چاو ساغەکانن.

ئەوەش نووسینەوەی چیرۆکی گەڕانەوەی ئۆدیبێکی مۆدێرنە بۆ ماڵەوە، ئۆدیب وەك مانایەکی

مەجازی نەوەك وەك مانایەكی ئەفسانەیی بۆ شانۆی گریكی، هەڵبەت ئەوەش بەتەنها لەناو ئەو تێكستەدا لای نۆرێن نامێنێتەوە، بەڵكو لە (جورئەتی كوشتن) تاوانی كوشتنی باوك لە ئەفسانەیەكەوە دەگوازێتەوە بۆ دنیاییەكیتر، كوشتنی باوك پڕۆسەیەك نیە لە بێئاگاییەوە ئەنجام بدرێت، بەڵكو لە ئەنجامی بێزاربوون لە ڕەفتارەكانی و خەونی داگیركردن و زەوتكردن وا لەكوڕ دەكات هەڵبستێ بە كوشتنی باوك، كوڕ كوشتنی باوك بە مەترسیەك دەبینێ كە لای لاش نۆرێن ئەو مەترسیە پەیوەستە بە جورئەتەوە.

نەبوونی جورئەت بووە وای كردووە هەمیشە كوڕ لەكوشتن سڵ بكاتەوە، ئەگەر ئۆدیب بەكوشتنی باوك هەست بەتاوان بكات، ئەوا لەو تێكستەدا كوشتنی باوك ئازادبوون وخۆپاككردنەوەی كوڕە لە تارمایی باوك، ئەوەش بۆ نۆرێن لەو دوو تێكستەدا توانیویەتی پڕۆژەیەكی مۆدێرن بۆ ئۆدیب بنووسێتەوە.

بەوەی كوشتنی باوك تاكە ڕزگاربوونێك بێت لەبەردەم فەرزەندەكان، چونكە ئەوە باوكانن بەر پرسن لەو پڕۆسەیە بەهۆی ئەوەی هەمیشە



دەیانەوێ خەونی منالآن زەوت بكەن، خۆیان هەمیشە وەك سەنتەری ماڵ ببینن، بۆیە ماڵ لای لاش نۆرێن بووە بە شوێنی تاوان، هەموو گەڕانەوەیەك بۆ ماڵ لەدایكبوونی تراژیدیای تایبەت بەخۆیەتی، بۆیە بەدوای هاتنە دەرەوە لەماڵ چیتر ناتوانین بۆ ماڵ بگەڕێینەوە، ئەوەی ئۆدیب وهەردوو باوكەكەی تێكستی (شەڕ وجورئەتی كوشتن) لەخاڵێكی جەوهەری كۆ دەكاتەوە ئەوەیە ئەوان گەڕ دوای هاتنە دەرەوە لەماڵ نەگەڕابانەوە، تراژیدیای مرۆیی كوشندەیان نەدەخوڵقاند.

گرێی ئۆدیب و كارەكتەری ئۆدیب بۆ لاش نۆرێن تەنها لەناو ئەو دوو تێكستە ئامادەبوونی نیە، بەهۆی ئەوەی گفتوگۆكان لەبارەی پەیوەندیەكانی ماڵە، بەڵكو ئەو لەناو تێكستی (پەرجوو) **پەرجوو/ لاش نۆرێن، وەرگێرانی (دلاوەر قەرەداغی) زنجیرەی (16) شانۆی بیانی، دەزگای ئاراس (هەولێر) 2008** شدا دیسان ئۆدیب دەگەڕێنێتەوە، كاتێ یەكێك لەو سێ كارەكتەرە یەكێكیتر بە ئۆدیب دەشوبهێنێ.

"كول: ئەوە ئۆدیبۆسە

كیر: ئۆدیبۆس كێیە؟

كول: بەڵێ

كيير: ئەوە كێيە؟

كول: ئا، بە ئاشكرا ديارە كە ئەو خاوەن كۆنترۆڵێكى خۆيى خراپ بووە، چونكە باوكى خۆى لەوێ لە پاتيقەى چياكەدا، لەو شوێنەى كە يەكتريان بينى، كوشت.

كيير: كوشتى؟ ئەدى بۆ؟

كول: ئا، كوشتى چونكە كێشەكە كۆنترۆڵى خۆيى بوو، هەڵبەت دەيتوانى وا نەكا ودەست لەكەسێك نەكاتەوە كە لەخۆى بەتەمەنتر بوو" لا 60-61

ئەوە گەڕانەوەيە بۆ چيرۆكە ئەفسانەييەكەى ئۆديب، ئەو گەڕانەوەيە پێمان دەڵێت كە ئەو چيرۆكە بۆ لاش نوۆڕێن كاريگەرى لەسەر تێكستە شانۆييەكانى هەيە، تا ڕادەى ئەوەى يەكێك لەكارەكتەرەكانى پەرجوو دەيەوێ وەك ئۆديب بێت و ببێت بە ئۆديب لەڕێگەى گەڕانەوە بۆ منداڵدانى دايك "من لەوێدا بەباسكە نەفرەتييەكانمەوە خۆم دەترنجێنمە ڕەحمێكى ڕەشەوە، خۆم دەترنجێنمە كوزێكى نەفرەتيى قووڵ وڕەق وڕووتەوە، كوزێكى درێژو ڕەق وڕووت.. من ئەوێم دەوێت، من ئەوێم دەوێ" لا67



هەرچەندە ئەو تێكستە ئيشكردن نيە لەسەر ماڵ وەك وێنەيەكى بينراو، بەڵام كۆلاژێكى خەمى مرۆييە لەنێوان ناوى كارەكتەر كە بۆ هاوڕێكانى مەسيح دەگەڕێتەوە، هەر بۆيە هەندێكجار دەيانەوێ وێنەى خاچ ومەسيح بەرجەستە بكەن ودوا دێرى مەسيح بەسەر خاچەكەوە دەڵێنەوە، لەلايەكيتريش دەيالۆگ لەو تێكستەدا نزيكمان دەكاتەوە لەتێكستە شانۆييەكانى بيكت. چ لەڕووى پرسيارى كارەكتەر ياخود لەهەندێك بابەتى وەكو گفتوگۆكردن لەبارەى پێڵاو كە دوو ديمەنى بەتەواوى بۆ تەرخان كردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەفەرى ئۆديب بۆ ماڵ چيرۆكى سەر زارى ئەو سێ كارەكتەرەيە، وەك سەفەرى گەڕانەوەى مرۆڤ بۆ ماڵ، پرسيارى ڕێزگرتن لەوانەى لەخۆمان گەورەترن پرسيارى ئەو كارەكتەرانەيە، بەڵام ئەوان لە سێ مرۆڤ دەچن كە لەماڵ هاتوونەتە دەرەوە بەڵام چونكە ئەزموونى گەڕانەوە بۆ ماڵيان نيە بۆيە ناتوانن لەهەستى باوكوژى ئۆديب تێبگەن، ئەو كاتەى لەكۆتايى تێكستەكەش دەگەڕێنەوە ماڵەوە "ئەو كۆتاييە لە تێكستدا يەكەم دەركەوتنى ماڵە دواى گەڕانەوەى ئەوانەى لەماڵ دەرچوونە"

سێ زینی گەورەی ئەسپ ئاماژەیە بۆ ئەو سەفەرەی ئەوان لەدەرەوەی ماڵ، لەو گەڕانەوەیە نەك تراژیدیا دێنن، بەڵکو گەڕانەوە بۆ ئەوان دەبێتە لەسێدارەدانیان ئەوەش لەڕێگەی هاتنە خوارەوەی سێ قولاپی قەسابی لە بنمیچی ژورەکەدا، ئەوەش چارەسەرێکیترە بۆ سەفەرو هاتنە دەرەوەی مرۆڤ لەماڵ جەخت کردنەوەیە کە گەڕانەوە دەرەئەنجامەکەی مردنە، وەك چۆن مردن لەنێوان بەرجەستەبوون ومانای ڕەمزی یەکێکیان لەخۆ دەگرێت، ئەگەر لە (شەڕ) دا مردن بۆ باوك مانایەکی ڕەمزیی هەبێت، ئەوا لە (جورئەتی کوشتن) و (پەرجوو) وێنەیەکی بەرجەستەکراوی هەیە، وێنەیەك ڕوویەکی دنیای نۆرێن پێك دینن و بەهەمووشیان دنیای شانۆی ئەو درووست دەکەن.

## عەبا بۆ شاردنەوەی نهێنیەکانی ماڵ

ئەو دەمەی نوسەری عیراقی فەلاح شاکر ئەو بیرۆکەیەی یوسف ئەلسائیغ دەگۆڕێت بۆ تێکستێکی فراوان بەناوی (عەبا) لەناو ئەو تێکستەدا ماڵ دەبێت بەتەوەری سەرەکی پەیوەندیە هاوسەریەکان، ئەوە قسەکردنەوەیە لەشێوەی بنیاتنانی خێزان و ئیشکالیەتەکانی ناو ئەو پەیوەندیە



هاوسەریە، بەتایبەت کە دەبیین عەبا وەك ناونانی دەق ودەلالەت پارچە قوماشێکی ڕەشە بۆ شاردنەوەی لەشی ژن، بەکارهێنانیشی لە ماڵێکدا کە لەبنمیچی ژوورەکە هەڵواسراوە دوو دەلالەتی جیا لەخۆ دەگرێت.

یەکەمیان شاردنەوەی نهێنی مێینەیە، ئەویتریش کە بوونی عەبا لەو ماڵە بۆ شاردنەوەی ئەو شکستە کۆمەڵایەتییە کە جەنگ هەڕەشە لە مرۆڤەکان کردووە، بەدوای جەنگ مرۆڤەکان عەوداڵی ئەوەن بتوانن بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان بگەڕێننەوە، ئەوانەی بەهۆی جەنگەوە لەدەستدرابوو، چونکە ئەگەر لەماڵەکەوە سەیر بکەین، دەبینین ماڵێکی ترسناك وشڵەژاوە بەدوای گەڕانەوەی پیاوەکە لەجەنگ هێندەی مەترسی گەورە هەڕەشە لە داهاتوو دەکات بەهیچ شێوەیەك ئومێدێك بۆ ژیانێکی خۆشگوزەران نیە، ئەو ترسە لە داهاتوو ترسی ئۆدیب لەگەڕانەوە بۆ ماڵمان بیر دێنێتەوە، لێرەدا ئەوەی دەبێت بە زمانی تێکست عەبا نیە، بەڵکو ماڵە دەبێت بەبونیادی ئەو زمانە.

کەسەکانی ناو ماڵ بریتین لە ژن ومێردێك کە هەریەکەیان لەدەرەوەی یادەوەری ئەویتر دەژیێت، تەنانەت بەدوای گەڕانەوەش دەبینین هێشتا ژنەکە هەر کچە وتاوەکو ئێستا لەگەڵ مێردەکەی

**نەخەوتووە، هۆکاری سەرەکیش بۆ جەنگ گەڕاوەتەوە، ئەوەش وای لەژنەکە کردووە لەیەکەم ساتی ئەو پەیوەندیە زمان لەدەست بدات، یا خۆی بیەوێ بێدەنگ بێ، بێدەنگی ژنە پەیوەستە بە بێدەنگی ڕەگەزی لەساتەوەختی شەڕدا، بێدەنگی ئەو لەناو ماڵدا کوشتنی ئارەزوویەتی لەژیان، ئەوە هەڕەشەی نێر وجەنگەکەیەتی کە ماڵ وەك ڕووبەری تراژیدی دەبینێت، ژنە لەوە دڵنیایە ئەو ناتوانێ زیندەگی ناوماڵەکەی لە جەنگ دوور بخاتەوە، بۆیە کە زمان دەسەڵاتی نەبێت بێدەنگ بوونی پێ باشترە.**

**مەترسیەکانی جەنگ هێندە تۆقێنەرن دوای تەواو بوونیشی ترسەکانی لەیادەوەری ژن ماوەتەوە، بۆیە لەناو دۆخی بێدەنگی دەسوڕێتەوە، لەو دۆخی دوای جەنگە هەریەکە لە ژن و پیاو لەناو ماڵێکی تۆقێنەردان، بەڕادەی ئەوەی ئەگەر لەدۆخی ئاسایی نێرینە هەڵگری سیفاتی شەڕانگێز مومارەسە بکات، کەچی لێرەدا چەوسێنەرە، وەك مێ دەچەوسێتەوە، ماڵ ئەو شوێنەیە لەهەر دەرفەتێکدا دەیەوێ نێرایەتی خۆی تیا بگەڕێنێتەوە "مەوەستە بەهێمنی ئەوە سەما نییە".**



**ئەو دەرفەتە بێدەنگانەی ژنەکەی هەڵدەقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئامادەبوونی جەستەیی لەماڵدا نیشان بدات "دەی بابەیەکەوە سەما بکەین.. بۆ چ دانیشتووی، ئەم هەموو ساڵە ئارامم گرت"**

**بەواتای دەبێ دوای شەڕ ماڵ سەرلەنوێ ڕێکبخەینەوە، بەڵام هێشتا فەزای شەڕ یادەوەری ژنەکەی بەجێ نەهێشتووە، بەڵام ئاخۆ بەدوای شەڕ دەتوانین ماڵ بنیات بنێینەوە؟ ئەوە پرسیاری سەرەکیە لەو تێکستەدا، بەهۆی ئەوەی ئەوان لەنەوەی شەڕن، ئەوان ئەو نەوەیەن دوای شەڕ دەبێ جارێکیتر شتەکانی ژیانیان ڕێکبخەنەوە، ئەو غەریزەی ژیاندۆستیە لەلای ئەوان سەرەتا لەسەمای ژنەکە هەستی پێدەکەین، بەهۆی ئەوەی بیرۆکەی ئەو تێکستە لەچیرۆکێکی فۆلکلۆریی عیراقیەوە وەرگیراوە، بەڵام بەتەواوی گوازراوەتەوە بۆ ساتەوەختێکی هەنووکەیی ناو ئەو زەمەنە، هەر بۆیە چارەسەری زەمەنی مێژوویی پەیوەستە بە زەمەنی ئەفرێنەر، بۆ ئەوەی هێل بۆ دەلالەتەکان بکێشێ وماناکان بدۆزێتەوە.**

**لەو سەرەتایەوە کاتێ ژنەکە خۆی لەدەست مێردەکەی دەرباز دەکات، واتا ڕازی نییە بێتە ژێر**

ئاویتە بوونی جەستەیی، لەهەمان کاتدا هاودژبوونیەتی لەتەك جولەکانی، هەرچی پیاوەکەیە دەیەوێ کۆتایی بەو بێدەنگیەی ژنەکەی بێنێت و چیتر ئەوان دوو جەستەی دوور لەیەك نەبن لەناو ماڵ، گریان وهاواریش هاوارێکی کپکراوی ناخە لەنەبوونی دەسەڵات، هەروەك چۆن گریانە بۆ مێژووی خود، کە خود وەك تاکێکی ناو ماڵ پێویستی بە بنیاتنانەوەی ماڵ هەیە لەڕێگەی زمانی قسەکردن و زمانی جەستە.

"لەسەرەتای تێکستەکە تاوەکو کۆتایی تەنها پیاوەکە قسە دەکات، ژنەکە بەهۆی دەیالۆگەکانی ئەو دەجولێتەوەو ڕەفتار دەکات، ئەو کاتانەی دەیەوێ قسەیەك بکات ئەوا لەڕێگەی جولەوە زمانی خۆی دەست نیشان دەکات، لەکاتێکدا پیاوەکە واتێگەیشتووە ژنەکەی کەڕولاڵە دواتر دوای ئەوەی بەپێی قسەکانی ڕەفتار دەکات وکۆمەڵێك دانپیانانی شکستی خۆی لە جەنگ وهەستەکانی بەیان دەکات تێدەگات کە ژنەکەی گوێی لەهەموو قسەکانی بووە، کەچی هیچ قسە ناکات"

بەواتای بە قسە هاتنەوەی ژنەکەی وپەیوەندیی سێکسی لەنێوانیان درووست ببێت، چونکە ئەو



کەسێك نابینێ کەوا متمانەی بکاتە سەر "دوایین هاوڕێم مرد، دوایین دیوار کەوا پشتم پێی دابوو، محەمەد شەهید بوو" لێرەدا پیاوەکە کاتێ هاوڕێکەی وەکو دیوار بۆ پەنا ناو دەبات، هۆیەکەی ئەوەیە کە محەمەد بۆ ئەو ماڵێکی ڕەمزی بوو، ئەو کە لەدەرەوەی ماڵیش بوو بەهۆی موحەمەدەوە هەستی بە بوونی ماڵ دەکرد، بەڵام بە مەرگی هاوڕێکەی پێویستی بە ئامادەبوونی ماددیانەی ماڵ هەیە.

ژن وەك ڕەگەزێکی مرۆیی بۆ ڕێکخستنەوەی ماڵ لەشێکی نەجولاوە، کە هەستەکانی پەنگی نەخواردۆتەوە، ئەوەش نەك لەنەبوونی ئیدراکی مێینە، بەڵکو ترسی لە دەسەڵات، چونکە ئەگەر دەسەڵات عەقڵێکی نەوەستاندبێ ولەشیشی کڵۆم نەدابێ، ئەوا هەر لەسەرەتاوە باری ڕووداوەکان ئاسایی کەوتوون کە ئەوان پرۆسەکە بەرجەستە دەکەن، بۆیە کاتێ "ئافرەتەکە لێی نزیك دەکەوێتەوەو دەست بەسەریدا دێنێ" ئەو حالەتە سۆزو لاوانەوەیەکی ساتییە بۆ ئارامگرتن وبەگژداچوونەوەی واقیع، ئەو سۆزەی چرکەییەو مێینە جارێکیتر دەچێتەوە ناو بێدەنگیەکەی خۆی.

کەچی ئەو دەست بەسەرداهێنانە بەلای پیاوەکە جوانترین سۆزە، تەنانەت پێی وایە زۆر قوڕسە دوای ئەو سۆزە دوور بوونیان لەیەکتری، ئەگەر ئەو دەست بەسەردا هێنانە زیاتر دەلالەت لەجۆرە ماچێکی بەزەیی ژنەکە بکات بۆ پیاوەکەی، کە ئەو هەموو ساڵە جەستە ئامادە نەبووە ونەهاتۆتە ناو پڕۆسەی سێکسیەوە، ئەویش چونکە شەڕەکانی دەسەڵات و وێرانەکانی ڕێگەی ئەوە نادەن، ماڵ بنیات بنرێتەوە، بۆیە دەشێ تەنها بۆ پیاوەکە لەزەمەنی وێرانەی شەڕ خۆشنوودیەکی ڕۆحی چرکەی چێژی تیا ببینرێ، بەڵام گوێنەدانی ژنەکە جۆرە مەکرێکی ژنانە بەرجەستە دەکات بۆ فێڵ کردن لەڕەگەزی بەرامبەر، لەخوێندنەوەیەکیتردا دەتوانین بڵێین ئەوە بێبڕوایی ژن بێت کە دوای ئەو هەموو ئاشووب وکارەساتە تازە ماڵ بنیات نانرێتەوە.

بۆیە وا نیشان دەدات کەتووشی بەدحاڵی بوون هاتوون لەگەڵ یەکتری، پیاوەکەش تا ساتەکانی کۆتایی بەو گەمەیەی ژنەکەی نازانێت، بەڵکو بە لەدەستدانی زمانی دەزانێ، لەو هێلی پچڕانی پەیوەندیەش لەنێوان ژن ومێردەکە، دەبینین ژنە



بێدەنگبوون هەڵدەبژێرێت، چونکە دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕ بە ئەستەم نازانێت، هەر بۆیە لەکۆتایی کاتێ پیاوەکە لەسەرهەڵدانەوەی شەڕ تووشی شۆك دەبێ، ژنە زۆر بە ئاسایی پاڵ دەکەوێت، وەك ئەوەی ئەو هەر لەدوای شەڕی پێشوو خۆی بۆ شەڕیتر ئامادە کردبێت، ئیدی ئەو قەدەری خۆی دەداتە دەست سرووشت، بۆیە مردن بەفەنا سپاردنی جەستەیە، ژیانیشی مانەوەی جەستەیە لە سرووشتدا.

ژنەکە وەك جەستەیەکی بێلایەن هیچ هەڵچوونێك لەبەرامبەر کردارەکان نانوێنێ، تەنانەت بۆ ئەو کردارانەش کە خود چێژی تیا وەدەست بێنێت، ئەوەتە دوای جەنگیش ئامادە نیە لەگەڵ مێردەکەی لەیەکتری نزیك ببنەوە، بۆیە هاوسەرەکەی پێی دەڵێت "ئەم هەموو ساڵە هەوڵ دەدەم سەرنجت بۆخۆم ڕابکێشم وتۆش خۆت بێباك کردووە، چیم کردووە تا وام بەسەر بێت" بەبەردەوامی خوێندنەوەی تێکست ماڵ ڕووبەرووی چەندین پرسیاری جیاوازمان دەکاتەوە، پرسیاری ئەنترۆپۆلۆژی لەبارەی پەیوەندی مرۆڤەکان بە ماڵەوە، کە پەیوەندیەکی ڕواڵەتخوازانەیە، ئەوان هەر بەتەنها هەڵگری ناوی ژن ومێردن.

ئەو هەموو کارەساتە چۆن ڕوو بەرووی کەسێك دەبێتەوە، یاخود بۆ ئەو کەسانە لەیەك جیا نابنەوە؟

مانەوە بەم شێوەیە گومان لەبوونی غەریزە دروست دەکات "من کەڕولاڵێکم خواست بۆ ئەوەی بێتوانایی خۆم دابپۆشم، من بێتوانام؟
ئای ئەگەر لەگەڵ هەوریشدا بخەوتبام وەك باران منداڵی لێ دەباری" لێرەدا بەتەواوی ماڵ لەئەنجامی پرسیارکردن لەپەیوەندیی مرۆڤەکان دەمانگەیەنێ بە ناسینی ناخی مرۆڤەکان بەوەی پەیوەندی (مێرد- گومان) و (ژن- کەڕولاڵ) ئەو ململانێیەی نێوان مرۆڤێکی گوماناوی دەیەوێ بگاتە پرسیار لەبەرامبەر کەڕولاڵێك ئەوە سەرەتای بەدحاڵی بوونە بەیەکتری، بەڵام کاتێ گومان دەیگەیەنێت بەحەقیقەتی ژنەکەی ئیدی دڵنیایی لەماڵ دروست دەبێت، بەڵام دوای چی دوای دەست پێکردنەوەی شەڕێکیتر.

بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر ڕەهەندەکانی ئەو پەیوەندییە بوەستین دێین لەسەرچۆنیەتی ڕەفتار لەماڵەوە قسە دەکەین، نزیك نەبوونەوەی ژنەکە لە جەستەی مێردەکەی، هەموو خەونەکانی مێرد کە ئاواتی بۆ دەخواست لەژیاندا دەپووکێتەوە،بەڵام لەبەر بوونی عەشق ناتوانێ دەستبەرداری بێت لەوەوە لەناخی کارەکتەری مێرد دەگەین کە



عەشقێکی ڕۆحی بۆ هاوسەرەکەی هەیە، بەڵام بۆ خودی خۆشی ناتوانێ ئەو پرسیارە ئاشکرا بکات، کە هۆی ئەم عیشقە چییە، ئەوەش زیاتر لەبەر ئەو هۆکارەیە کە ئەو لەناو عەشقی موقەددەس دەژێیت و ئەو موقەددەسەی بۆ کەشف نەبووە، عەشقێك کە تەنها پەیوەستە بە ڕۆحەوەو لەدەرەوەی سێکسەوەیە، بەخەیاڵێکی فانتازی مێشکی دەووروژێنێ، تەنانەت لەکارەساتی شەڕیشدا ئەو خەونانە بەشێك دەبن لەبیرکردنەوەی ئەودا.

بەدوای بەشداری کردنی لەجەنگدا دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئەو کە لەدەرەوەی ماڵ وەك پاڵەوان سەیر دەکرێ ولەماڵەوەش لەناو وونبوونی ناسنامەی پیاوبوونە، دەیەوێ ئەو پرسیارە غەریزەییە بگۆڕێت بۆ پرسیاری سۆسیۆلۆژی، بەڵام بەبێ تێپەڕینی بەو قۆناغە ناتوانێ ئەو پرسیارە بگۆڕێت، هەر بۆیە ناتوانێ زاڵ بێت بەسەر گرفتی دەسەڵاتی تاك وتێکەڵبوون بە تاکی بەرامبەر، ئەوا هەست بە توانەوەی جەستەی خود دەکات

"هەر کە دێمە ژوورەوە چاوەکانت دەبینم بچووك دەبمەوە بچووکتر لە مێشوولەیەك، هەموو شتێك بچووك دەبێتەوە، هەموو شتێك" بۆیە لەو بچووك بوونەوەیەی هەست کردنە بە نەبوونی

دەیالۆگ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، کە ناچار دەبێ خۆی دوو کەسێتی بێ لەنێو جەستەیەکدا کە بۆخۆی وەڵامی کۆمەڵە پرسیارێکی وەهمی بداتەوە، دەکرا لەشوێنەواری شەڕەکان لێی بپرسیبا، کەچی لەو شێوە ئاخاوتنەش دڵنیایە کە ئەوە جۆرە شێتیەکە، چونکە کەسی بەرامبەر بەبەردەوامی بێدەنگەو نادوێت، بەشداری لە ئاخاوتنەکانی تاك ناکات،

بۆیە پیاوەکەی دەوێت بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو بونیادە ئیفلیجەی ماڵی بنیاتناوە، بە زەمەنێکی وەستاو بمێنێتەوە، بۆ ئەوەش هەوڵ دەدات دەنکە شقارتە لە گوێچکەکانی ژنەکەی ڕا بکات، بۆ ئەوەی نهێنیەکانی ماڵ بپارێزرێ، چونکە تازە زمان لەڕێگەی ئاخاوتنەوە نهێنی شاردراوەی ناخی ئاشکرا کردووە، هەڵبەت بە کەڕبوونی ژنەکەی چیتر کەس بە نهێنیەکانی نازانێت، هەر ئەوەشە لەکاتی هەڵچوونی بەرامبەر بە جولەی ژنەکەی گومان لەڕوانینەکانی دەکات و دەڵێت "ئاوا سەیرم مەکە، ئەگینا چاوەکانت هەڵدەکۆڵم"

بەرزایی ماڵ عەبایەکی گەورە داپۆشیووە لەکاتی دابەزینی تەواوی ماڵەکە دادەپۆشێ، جەستەی ژن ومێردەکە دەکەوێتە ژێر عەباکەوە چەندین جولەی جیاواز ئەنجام دەدەن، تا سەرەنجام پیاوەکە بە نائومێدیەوە لەژێر عەباکە دێتە دەرەوە، لە کۆتاییدا ژن ومێردەکە باوەش بەیەکدا دەکەن، بەلاّم دوای چی دوای.. دوای ئەوەی دەنگی تەقە دێت وئەوشەڕەی ماڵ چاوەڕوانی بوو



سەرلەنوێ هەڵدەگیرسێتەوە، ژنەکە دەیزانی ڕێکخستنەوەی ماڵ لەدوای شەڕ گەمەو وەهمێکە بۆیە خۆی ئامادە دەکات بۆ خەوتن لەتەك مەرگ یاخود بۆ خەوتنی ئەبەدی لەتەك هاوسەرەکەی، یەکەمین و دواهەمین پەیوەندیی سێکسی، بۆ ئەوەش عەباکە ڕادەخات ولەسەری ڕادەکشێ، بەخۆشیەوە چاوەکانی دادەخات.

کەچی هاوسەرەکەی بەو کارە سەرسامە، ئەوەش تێگەیشتنە لە بێدەنگی ژن لەناو ماڵ، لەدوا دێر نووسەر دەنووسێت (خەون) ئەوەش خەونی ماڵێکی نێوان شەڕەکانە، دەتوانین ناوی بەرینەوە بەوەی یادەوەری مرۆڤەکانی جەنگ پاکنەبۆتەوە، بۆیە هەموو شەوێك جەنگ دێتە خەونیان ئەوەش ترسە لە بەجێهێشتنەوەی جارێکیتری ماڵ.

## ماڵ شوێنێک بۆ خوێندنەوەی دنیای کارەکتەر

لەناو تێکستە شانۆیەکانی چیرۆکنووس و شانۆنووسی عیراقی عەبدولستار ناسر ماڵ ڕووبەرێکی فراوانی داگیر کردووە، ماڵ ئەو شوێنەیە کە ڕەهەندی سۆسیۆلۆژی کارەکتەری تیا دەناسرێت، ماڵ لەزۆربەی جار لەشێوەی ژوورێك دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی لەسەر دوو هێلی تەریب بخوێنرێتەوە.

ئەویش پەیوەندیی ماتریالەکانە بە شوێنەوە، دواتر هێلەکەی تر هێلی یەکەم دەبڕێ ئەویش کۆکردنەوەی کەسێتیەکانی ناو تێکستە

**شانۆییەکەیە، وەك لە شانۆگەری (ئاوا باشترە ئەی مەروان) ماڵی عەونی لەهەر ماڵێکی ئەم کۆمەڵگایە دەچێت، کە بەو واقیعە کۆمەڵایەتیە ڕازین، کاتێ (مەروان کازم) ی بێژەری تەلەڤزیۆن لە شەوێکی بارانـاوی بۆ یەکەمجار ڕوو دەکاتە ماڵەکەیان تاوەکو لەتاوانی کوشتنی ژنەکەی خۆی حەشار بدات.**

**هاتنی بۆ ئەو ماڵە دەلالەت لە ئارامبەخشی ماڵەکە دەکات، ئەوەش وای کردووە کەسێتی عەونی بەهۆی ماڵەوە ڕاڤە بکەین، یاخود تێڕوانینی مەروان کازم لەکەرەستەکانی ماڵ، ئەو تێڕوانینە لەپڕۆسەی خوێندنەوە ئاشکرا کردنی دەلالەتەکانی ماڵە، ئەوە ئیرەیی بردنە بە ژیانی پیاوێکی پەنجا ساڵی، کە بۆچی ئەو لەو جۆرە ژیانە بێبەشە، ئەوەش چەمکێکی نەوتراوی تێکستە کە خوێندنەوەمان بۆ ماڵ ئاشکرای دەکات.**

**بۆ ئەوەی چەمکی شوێن لەناو تێکستە شانۆییەکانی ئاراستەی هێڵی وەرگرتن بەرەو دووبارە بوونەوە نەبەن، هەوڵ دەدا تێڕوانینی جیاواز بۆ ماڵ وەك شوێن بنیات بنێت، وەك لەتێکستی (یەکەم شەڕی جوان) پیاوێك لەبەردەم دەرگای ماڵێکی گەورە وەستاوەو دەیەوێ بڕواتە**



**ژوورەوە، بەر لەجەنگ ئەو خانووە ماڵی ئەوان بووە، بەڵام دوای جەنگ خانمێکی خاوەن دەست وپێوەند لەماڵەکەدایە دەرگای ماڵەکەش کلۆم دراوەو ئەو بۆی نیە بچێتە ناوی، بەڵام هەموو هەڕەشەکانی کارەکەرەکان توانای ئەوەیان نیە ئەو لە ماڵەکە دوور بخەنەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی یادەوەری خۆی بەماڵەکە دەگێڕێتەوە ئەو دەمەی باپیرەی نەنکی لە ژێرزەمینەکە ئەشکەنجە دەدا ئەو ژێر زەمینەی نەنکی ترشیات و کووپەی خواردەمەنی تیا دەپاراست.**

**بۆیە پێی وایە کە ئەو تاکە کەسێکە شەرعیەتی هاتنە ناو ماڵی هەیە کەچی خەڵکانێك دەبینێت دێنە ماڵەکەو ئەو بۆی نیە بێتە ناوی.**

**لێرەدا پەیوەندی کارەکتەر بە ماڵ ڕەهەندێکی سیاسی وەردەگرێت، بەهۆی ئەوەی ماڵ دەبێ بە ڕووبەرێکی جوگرافی داگیر کراو، کە خاوەنە ڕاستەقینەکانی ماڵ لێی بێبەشن تیایدا بێنەوە ناو ماڵ، دواتر کە خانم کلیلەکەی بۆ تێدەگرێ تا دەرگاکە بکاتەوە کلیلەکە گۆڕاوەو دەرگاکە ناکرێتەوە، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هاتنە دەرەوە لەماڵ بەتەنها دەرچوون نیە لە ئەخلاق، بەڵکو لەدەستدانی ماڵە وەك شوێنی یادەوەری، هەرگیز ناتوانین جارێکیتر بەو دەرگایەدا بێینەوە ژووری، کاتێ جەنگ**

هەڵدەگیرسێ و لەدەرگاکەی دێینە دەرەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانین بەو دەرگایە بگەڕێینەوە ماڵەوە، چونکە ماڵ داگیر کراوەو ئێمە بەبێ ماڵ گەریدەیەکی بەردەرگای ماڵێکی داگیر کراوین.
پەیوەندیی مرۆڤ بە ماڵ لە تێکستی (کۆماری قەیرەکان) پەیوەندیەکە بەندە بە گەڕانەوەی یادەوەری، بەڵام بەبێ هاتنەوەی ئەوانەی ماڵیان بەجێ هێشتووە ناتوانرێ ماڵ لەو گۆشەگیریی و کۆمارەی قەیرەکان ڕزگار بکرێت، بۆیە نۆ قەیرە لەماڵێکدا کۆبوونەتەوە دوای زەمەنێکی درێژ لە دەرگا دەدرێت کە دەرگا دەکەنەوە کابرایەکە تۆزێك دەشەلێت لە زیندان ڕای کردووە، هەریەك لە قەیرەکان چاوی تێدەبڕێت، دوای ململانێیەکی زۆر قەیرەکان لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون کە پیاوەکە بۆ هەموویان بێت، لەکۆتایدا سەر شانۆ پڕ دەبێت لە دەنگی منداڵ.

## ئامادەبوونی ماڵ لەشانۆی کوردیدا

ماڵ وێنەیەکی تەبای ناو دنیای شانۆی کوردیە، ئەو وێنەیە هەر لەهەوڵە سەرەتاییەکانەوە ئامادەبوونی هەبووە، ماڵ هەمیشە بەسەر دوو جۆر پۆلین کراوە، (ماڵی گوند)و (ماڵی شار) لەیەکەمیاندا ماڵ دیمەنێکی ئاسایی هەبووە، ئەو ماڵە هەمیشە بریتی بووە لەسرووشتێکی



فۆلکلۆریی سادە کە گوزارشت لە دیمەنی ئەو چینە بکات کە زیاتر بەکاری شوانکارەیی وکشتووکاڵی خەریك بوونە، تەنانەت لە هەفتاکاندا لەشاری هەولێر تیپێکی گەرۆك درووست کراوە بەناوی (تیپی شانۆی لادێ) ئەوەش بنیاتنانەوەی وێنەی ماڵ بووە لەسەر تێگەیشتنی لادێ و بەپیرۆز ڕاگرتنی ئەو وێنەیەو گواستنەوەی شانۆ بۆ ناو ئەو چینە.
ئەوەی ماڵی شێواندووە بریتی بووە لەکەسانی دەسەڵاتدارو زۆردارو ئاغاکان، دیارترین هەوڵەکان بۆ ئەم جۆرەی ماڵ شانۆگەریی (راوچی) حەیدەر عەبدولرەحمان، (شاجوانی دەربەند فەقەرە) ی لەیلان، جۆری دووەمی ماڵ لە شاردا بووە، ئەوەش گوزارشتی لەهۆشیاری ئەو توێژەی ناو شار کردووە، کە وێنەی ماڵ هەر لەڕووی زەخرەفەییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا ئاستی گۆڕان لە زمانی کارەکتەرەکان، ئەگەرچی دواجار بیرکردنەوەکانی ناو ئەو ماڵە نەیتوانیووە داکۆکی لە جیاوازیەکانی خۆی بکات، ئەو جۆرەی ماڵ لەلای عومەری عەلی ئەمین و ئەمینی میرزا کەریم و تەحسین شەعبان و تەلعەت سامان و........ دەیبینین.

**هەڵبەت ئێمە لە تێکستە هاوچەرخەکانماندا نمونەی جیاوازمان هەیە، بەڵام پێویستیان بەهەوڵ وپرۆژەی درێژخایەن هەیە، تاوەکو بتوانن ماڵ لەوێنەی زەخرەفەیی بگوازنەوە بۆ وێنەی دەلالی، ئەگەرچی تاڕادەیەك توانراوە ئەو وێنە باوەی ماڵ تێکبشکێنرێ.**

**لەلای دانا رەئوف لە تێکستی (ئەفسانەی ڕێگای هات ونەهات) دوای هاتنە دەرەوەی کوڕ لەماڵ، دایك دەبێ بەگەریدەیەك بۆ دۆزینەوەی کوڕ، چونکە کوڕ بەهاتنە دەرەوە لەماڵ وون ئەبێت، پڕۆژەی دایك لێرەدا پرۆژەی ڕزگارکردنی کۆرپەکەیەتی لە وون بوون، کەچی ڕێکەوتی چەندین تارمایی دەکات، سەرەنجام لەوە تێدەگەین هاتنە دەرەوەی دایك لەماڵ نەك توانای ڕزگارکردنی ڕۆڵەکەی نیە، بەڵکو تەسلیم بوونی خۆشیەتی بە گۆڕستان، چونکە هاتنە دەرەوە لەماڵ هاتنە بەرەو گۆڕستان.**

**هەڵبەت لەلای گەزیزە ماڵ شوێنی تراژیدیاو کۆبوونەوەی خەمی ژنە، وەك لە (دارتووەکە) دا دەبینین دایك لەچاوەڕوانی سەفەری وون بوونی هیوا گیرۆدەیە، بەڵام زۆر پەیوەستیشە بەتەواوی بیناسازی ماڵ، ئەوەش پەیوەندیی وابەستە**



**کردۆتەوە بە (هیوا/دارتووەکە) لە بەشێکی تایبەتی کتێبی (گوتاری رەخنەی شانۆی کوردیی) لەسەر ئەزموونی ئەو شانۆکارە هەڵوەستەمان کردووە، بۆیە لێرەدا لەسەر ئەو ئەزموونە ناوەستین، دەنا شایەنی ئەوەیە زیاتر لەسەر پەیوەندیی ماڵ لەو تێکستانەدا بدوێین.**

**لەکاتێکدا لەلای بەرزان فەرەج لە (خەونە ترسناکەکانی یوسف) ماڵ دەبێ بە شوێنی ململانێی براکان، ماڵ لەکۆتاییدا پاکیی یادەوەری دەدۆڕێنێت، ئەوەش ماڵ لە بەهەشتێکەوە دەکات بە کەلاوەیەك، کەچی لای دەرهێنەر شەماڵ عومەر ماڵ لەوە دەرچووە پەیوەست بێت بە شوێنێکەوە کە تیایدا بگیرسێتەوە، ئەوە ڕەنگە بەشێکی پەیوەست بێت بە دیدی ئەو شانۆکارە کە بووە بە گەریدەی شانۆ.**

**ئیدی ماڵ بۆ ئەو بریتیە لە هۆڵی شانۆ نەوەك لەشوێنی بنیاتنانی خێزان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئەوەش وای لێ دەکات ئاوا بۆچوونەکانی لەسەر ماڵ بخاتە ڕوو "من هەموو رۆژێك ئەم کورسیانە بۆ بینەر خاوێن دەکەمەوە، ناوی ئەوێم ناوە ماڵی بینەران، تۆ وەك بینەرێك**

لەماڵی خۆت دانیشتووی و پێویستە ئاسودەبیت، بەلاّم منیش بۆخۆم لە تەختەی شانۆدا ماڵێکم هەیە، من لەهۆڵی نمایشدا دوو ماڵ دروست دەکەم، ماڵی بینەر و ماڵی ئەکتەر کە هەردوو لەیەک فەزادان، کاتیٚ کورسی زیادە لەماڵەکەمدا هەبێت وەکو ئەوەیە ماڵەکەم داگیر کرابێت و جێگای هەناسەدان و بزاوتی من گیرابێت" **شانۆکار، ژمارە (7/6) ی 2009**

ئیدی شەماڵ ماڵی خۆی وەك فەرد و ماڵی بینەرەکانیشی لەو شوێنە دەبینیٚ کە هۆڵی نمایشەکەیەتی، ئەوەش دیدێکی تازەو نامۆیە بۆ تێگەیشتنی ئێمە بۆ ماڵ، کە ئەو کاتەی هۆڵی شانۆ وەك ماڵ سەیر بکەین، دەبێت ئەو شوێنە وەك ڕووبەرێکی سۆسیۆلۆژی بۆ شانۆ سەیر بکەین کە ئەوەی ڕوو دەدات نەهونەرەو نە لاسایی کردنەوەی ژیانە، بەڵکو ژیان خۆیەتی، ئەوە خودی ژیانە کە لەشانۆدا دەیبینین.

# تاداشی سوزوکی:

# کولتوور جەستەیە

ئێمە چۆن دەتوانین رەهەند و گوتارێکیتر بە شانۆ ببەخشین؟ ئایا شانۆ بریتیە لە پرۆسەیەکی کۆنکرێتی وهاوکێشەیەکی ماتماتیکی؟ هەمیشە ئەوە گومانە بەرەو پرسیاری جیاوازمان دەبات، ئەوە پرسیارە لە ئەزموونە جیاوازەکان نزیکمان دەکاتەوە، ئێمە هەمیشە خەونی گەڕان نایەڵێت وێستگەیەك بدۆزینەوە بۆ پشوودان، بەڵکو خەون بەرەو پانتایی ڕەنگە جیاوازەکانی شانۆ ئاشنامان دەکات.

هەر کاتێ ئەزموونێك سنووری خۆی دەست نیشان کرد، ئەوە مردنی ئەزموونەکە ڕادەگەیەنێت، ئەزموونکاریەت هەمیشە لە گەڕان و پرسیاری جیاوازدایە، هەر بۆیە دەرچوون لە یاسا باوەکان هەوڵدانە بەرەو گەڕان بۆ ئەزموونی نوێ و ناتەبا، ئەوەش پێویستی بە ئاگاییەکی شانۆیی قووڵ و گەڕانە بەناو تیۆر و میتۆدە جیاوازەکان، قسەکردنەوەیە لەسەر پەیوەندی نێوان شانۆ و زانستە مرۆییەکان، ئەوانەی لەو پەیوەندیە دەدوێن، دەبێت کەسانێکبن بێئاگا نەبن لە زانستەکان، چەندە دەبێت لە شانۆ نزیك بێت هێندەش پێویستی بە ئاشنا بوونی ئەو زانستانە هەیە،



زانستەکان توانای ئەوەیان هەیە هەمیشە بەرەو بیرکردنەوە لە ئەزموونی جیاواز بمانبات، ئەو پەیوەندیە سەرەنجام لەناو ئەبستمۆلۆژیای ڕەخنەیی چڕ دەبێتەوە، ئەگەر ئەو پەیوەندیە لای ئەنتوان ئارتۆ بریتی بوو بێت لە پەیوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و شانۆ، تا لە دواجاردا ئەو پەیوەندیە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆی خوڵقاند، ئەوا زانستەکانیتر بێلایەن نەبوون لە ئاوێتە بوونیان بە شانۆدا، دیارترینیان کە مەبەستی ئەو نووسینەی ئێمەیە ئەزموونی شانۆکاری یابانی (تاداشی سوزوکی) ە.

تاداشی سوزوکی لە دایکبووی ساڵی(1939) ی شاری شیمیسی یابانیە، لەماڵێك پەروەردە بووە کە مۆسیقای کلاسیکی خۆرئاوایی ئەبیستێ، وەك چۆن گوێبیستی گۆرانیە سوننەتیەکانی شانۆی بووکە شوشە بووە، لە ساڵی 1958 لە زانکۆی تۆکیۆ زانستی ئابوری سیاسی ئەخوێنێت و لە ساڵی1964 بڕوانامەی دەرچوون وەرئەگرێت، ئەوە وای لێ دەکات ببێت بە خاوەنی بیروبۆچوونی چەپخوازی، لە ماوەی خوێندنی زانکۆدا پەیوەندی دەکات بە یانەی شانۆیی کە سەربە زانکۆ بوو، کە

به شانۆی (دا سیدای ئازاد) ناوی دەرکردبوو، له سەر میتودی ستانسلافسکی لێکۆڵینەوەی کردوو چەند دەقێکی چەپخوازی کە لەلایەن نوسەرانی ڕووسیەوە نوسرابوون بۆ شانۆ دەریهێنان، ساڵی(1960–1961) سوزوکی کرا بە سەرۆکی لیژنەی شانۆی ئازاد، زۆر توندبوو لەسەر خەمە هونەرییەکان زیاتر لە خەمە سیاسیەکان، پێنج دەقی دەرهێنا سیانیان هی ئارسەر میللەر و چیخۆف و سارتەر بوون، دووانەکەی تریشی هی هاوکارەکەی بوو لە یانەی شانۆی (مینۆرا بیتسۆ یاکۆ).

دەقەکانی نوسەرانی شانۆی ئەبسێرد (یونسکۆ و ئەداموۆف و ئەرابالْ و ئیدوارد ئەلبی) لەوکاتەدا بڵیسەیەك بوو تەواوی خەیاڵگەی ئەوی داگیرکردبوو، نەخوازەلە بەکارهێنانی تەکنیکە ئەزموونگەریەکان ئەوەی پەیوەندی بە توخمی شوێن و کاتی شانۆییەوە هەبوو، لە ساڵی(1961) سوزوکی و بیتسۆ یاکۆ تیپی خۆیان دروست کرد، ئەو تیپە بەشێك بوو لەو ماوەیەی کە دەرکەوتبوون بە(شانۆی نهێنی) ناسرابوون، سوزوکی بەدوای ڕێگایەکدا ئەگەڕا بۆ ڕزگاربوون لە واقعیەتی شانۆی



(شینگیکی) هاوچەرخ، کەخاوەنی کاریگەریەکی خۆرئاوایی بوو، توانی شێوازێك بهێنێتە کایەوە کە زیاتر ئەندیشە ئامێز بێت و دووربێت لە واقیعەوە.

دەقەکانی (بیتسۆ یاکۆ) خاوەنی زمانێکی خوڵقێنراو ودرەوشاوەیە، ڕێبازی دەرهێنانی سوزوکی متمانەی کردبووە سەر تەقاندنەوەی تواناکانی جەستە، ئەویش یەکی گرتبووەوە بۆ خوڵقاندنی نوسینەوەیەکی نوێ، کاریگەری ووریاکردنەوە بوو بۆ ماوەی نێوان (1962–1967) ئەوەش ئەو ماوەیەیە کە سوزوکی پێنج شانۆگەری بیتسۆ یاکۆی دەرهێنا، ناسراوترینیان شانۆگەری (فیل) بوو لە ساڵی(1962)، سوزوکی بە شێوەیەکی هاوسەنگ شانۆگەریە کۆن و هاوچەرخەکانی دەردەهێنا، دواترینیان (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە)ی تنسی ولیامس ساڵی(1967) بوو.

ساڵی (1966)سوزوکی ناوی تیپەکەی گۆڕی و ناوینا (تیپی شانۆی واسیدای بچووك) بەرنامە سەرسوڕهێنەرەکەی بە دەقێکی بیتسۆ یاکۆ دەستی پێکرد، بەناونیشانی(دەرگەوان) هەر لەو ساڵەشدا شانۆگەرییەکی تری هەمان نوسەری دەرهێنا بەناوی (شوکردنی مناڵێکی بچوك)، ئەو نمایشە

سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا بۆ نوسەر و دەرهێنەرەکەی، ئەو ڕۆژەیان هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی شانۆییە بچوکەکەیان لە سەر قاوەخانەی تۆکیۆ، کە (120) کورسی ئەگرتە خۆی، لەو تاقیگە بچووکەدا سوزوکی پەنای ئەبردە بەر فێڵی شانۆیی.

ئەو بۆ ئەوەی ئەکتەرەکان بتوانن تا ئەو شوێنەی شیاوە گوزارشت بە جەستە و دەنگیان بکەن، ئەو شێوازەکەی خۆی نزیک دەکردەوە لە شێوازی شانۆی هەژاری گرۆتۆفسکی، سوزوکی لە کۆتایی شەستەکاندا بڕوای وابوو کە نواندن بۆ ڕووبەروو بونەوەی ئەکتەرە بۆ توانا گوزارشتە زاتیەکانی و نەوەک بۆ ڕاڤەکردن یان وەرگێڕانی دەقی شانۆیی بۆ نووسەر.

لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی وجوودی سوزوکی ڕاڤەی ئەکتەری ئەکرد لە ڕووبەرووبونەوەی لەگەڵ بینەر، ئەوەش جۆرێک بوو لە خۆ سەپاندنی خود، لە ئەنجامی ئەو ڕووبەرووبونەوەیەی بینەر و ئەکتەر، هەردوولا مرۆڤایەتی هاووبەشیان بۆ ئاشکرا ئەبێت، کە بارگاوی کراوە بە ڕووخان و وێرانە. تیپەکەی سوزوکی کۆمەڵێک نمایشی ئەزموونگەری بەرهەم



هێنا کە لە دەقی خۆرئاوایی و یابانی و هەروەها لە کابوکی وەریگرتبوو، سوزوکی لەو باوەڕەدابوو کە گرنگی دەرهێنەر و پرۆسەی دەرهێنان لەگەڵیائامانجی هاوکاری کردنی ئەکتەرە بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندی کەسێتی بەڕۆڵەکەی، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو شێوازە داهێنراوە زیندووەی وا دەکات، ڕۆحە نووستوەکان لەناوەوە بەئاگابێنێت.

ئەکتەر لێرەدا پلەیەکی بەردەکەوێت، بەبەراورد بە دەقی شانۆیی، (ئازارە دراماتیکیەکانی گەورەمان مەسیح)لە ساڵی1969) نمایشێک بوو بووە جێگەی سەرسوڕمانی هەموولایەک، کە گوزارشت کردن بوو لەکۆلاژکردنی دیمەنە ناسراوەکانی شانۆی خۆرئاوایی و کابوکی، بە شێوازی سوریالی ڕێکخرابوو، ساڵی(1970) بەشی دووەمی ئازارەکانی مەسیحی نمایش کرد، لە کۆتایی حەفتاکاندا کاروچالاکیەکانی تیپەکەی بەرەو کۆتایی چوو.

بۆیە ساڵی(1980) هەوڵی سەر لەنوێ دامەزراندنی لە تۆکیۆی پایتەخت دایەوە، لە ساڵی(1982) فیستیڤاڵی جیهانی (تۆگۆ)ی سازکرد کەتیایدا

زۆربەی هونەمەندە ناسراوەکانی جیهانی بانگهێشت کردبوو، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك دەقی یابانی دەرهێنا، لەوانە(کلیت منسترا)و(دیۆن زۆس) لە ساڵی1990 (ڕوخانی ماڵی ئاتریۆس) کە لە دەقی کلیمنسترا ئامادەکرابوو، لە ساڵی1983 لە هۆڵی شانۆیی ئیمپراتۆری (فادەن 1900 کورسی) نمایش کرا. هەروەها هەردوو دەقی(باخوسیەکان و کلیمنسترا) ی بە هەردوو زمانی یابانی و ئینگلیزی نمایش کرد.

سوزوکی لەکارەکانیدا بەرەو مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا) کاری نەکردووە، بەڵکو لەناو کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا) وە پەیوەندیەکەی خوڵقاندۆتەوە، هەموو پرسیار و گومانەکانی بەرهەمی ئەو پەیوەندییە، هەر بۆیە ئەو لە کارکردن زیاتر لەسەر چەمکە کۆمەڵناسیەکان کار دەکات، بە تایبەتی کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان دەکاتە سەرچاوەی سەرەکی کارەکانی، کولتوور وەك چەمکێکی کۆمەڵناسی کاریگەریەکی گەورەی لەسەر بیرکردنەوەو میتۆدی کارکردنی هەیە، ئێمە هەوڵ دەدەین لەسەر چەند رەهەندێکی ئەزموونەکەی بدوێین، هەروەها چەمك و زاراوەکانی



تاچەند بە مانای نویٚ بارگاوی کراوە؟ شانۆکەی لەناو چ پۆلین کاریەکە؟ دەچێتەوە سەر چ قۆناغێك و ڕەخنەکانی ئاراستەی کویٍّ دەکات؟ ئایا ئەو ئەزموونە بە تەنیا ئەزموونێکی خۆرهەڵاتی یا ڕاستر بڵێین یابانیە؟ ئەو ئەزموونە توانای خۆناساندنێکی سەربەخۆی هەیە بەوەی وەك ئەزموونێکی دەوڵەمەند بیناسین کە بتوانین سوود لە تێروانینەکانی وەربگرین؟ ئێمە هەوڵ دەدەین لە تەواوی ئەو نووسینەدا لەسەر ئەو پرسیارانە ئیش بکەین.

## سوزوکی لەنێوان کولتوور و شانۆ

ئیشکردنی سوزوکی لە شانۆدا گەڕانەوەیە بەرەو چەمکی کولتوور بەهۆی ئەوەی ئەو چەمکە لەناو دەلالەتی سۆسیۆلۆژیەوە (کۆمەڵناسی) بارگاوی کراوە، بۆیە ئەویش هەر لەناو ئەو زانستەوە سەیری ئەو چەمکە دەکات، ئەگەر کولتوور خاوەنی چەندین پێناسەی جیاواز بێت، لە جۆری "کولتوور بریتیە لە گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و زانیاری و هونەرو، هزر و بیروباوەڕ و یاسا و دیسپلین و دابونەریت و ترادسیۆنەکان، بە کورتی گشت ئەو

فێربوون و عادەتانەی کە مرۆڤێك وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگا وەریدەگرێت"(1)

بەڵام بەهۆی ئەوەی سوزوکی زیاتر بایەخ دەدات بە کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان و جەخت لەسەر بۆچوونەکانی ئەوان دەکاتەوە، بۆیە دەبینین لە تێڕوانینەکانیدا ئەو پێناسەی کۆمەڵناسی ئەمریکی سامنێر زۆر بە ڕوونی هەست پێدەکەین کە دەڵێت "کولتوور بریتیە لە کۆمەڵێك داب ونەریت و ترادسیۆن و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی" (2)

گەڕانەوەی ئەویش بۆ شانۆی کۆنی یابانی بەرەنجامی ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵناسییە، بەڵام لەوە دەچێت پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین، کە بۆچی بایەخ بە کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان دەدات؟ بەر لە هەر شتێك ئەو جیاکاریەی کۆمەڵناسە ئەمریکەکان دەیکەن لە نێوان دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و دیاردە کوولتوریەکان بۆخۆی دۆزینەوەی ئاراستەیەکی نوێیە بۆ کاری شانۆیی کە بتوانێت دیاردەی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە شانۆدا جیا بکاتەوە، کۆمەڵناسی ئەمریکی "زیاتر بایەخ بە (پەیوەندییەکان) دەدات نەك (بونیاد) و (دامەزراوە)، کێشە تایبەتەکانی کۆمەڵگای ئەمریکایی، واتە



ململانێی نەژادی، کەمایەتیەکان و تاوانکاری (بە تایبەت تاوانکاری لاوان) زەمینەی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بووە و دەبێت، کەم کتێبی کۆمەڵناسی ئەمریکایی هەیە باسی کێشەی نەژادی نەکردبێ" (3)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی سوزوکی بایەخ بە کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان دەدات، بەوەی بایەخدان بە پەیوەندیەکان بەلایەوە گرنگترە، بەلام پەیوەندیەکان لای ئەو چیە؟

ئەوەیە ئەوپرسیارەی پێویستە بە دوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین. پەیوەندی هەریەك بە جەستەکانەوە، خولقاندنی پەیوەندی گروپێکی کۆمەڵایەتیە کە دەیەوێ لە ڕەفتارەکانی ژیانی ڕۆژانەوە بیگوازێتەوە بۆ پەیوەندی کردن بە گروپێکی شانۆیی، ئەو پەیوەندیە بەرەنجامی کوشتن و لابردن و نەمانی جیاوازیە جەستەییەکانە، کە نمایش جەستەی تاك دەگۆڕێتە سەر جەستەی کۆ، ئەو کۆیە شوناسی کۆمەڵایەتی گروپی ئەکتەرانە، ئەوەش دەبێتە لەدایکبوونی کۆمەڵگایەك کە بەزمانی خۆی بە (کۆمەڵگای ڕۆشنبیری) ناوی دەبات.

کێشەی شوناسی کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرنگی ئەو ئەزموونکارەیە، بۆیە بۆ دوو جۆر لە ووزە پۆلینی دەکات (ووزە ئاژەڵیەکان) و(ووزە نائاژەڵیەکان) ئاژەڵیەکان دەگوازێتەوە بۆ جەستەی مرۆڤ و گیاندار هەرچی ووزە نائاژەڵیەکانە بە ووزە تەکنەلۆژیەکان ناوی دەبات

ئەو پۆلینکاریە شوناسی ئەزموونەکەمان تێدەگەیەنێت بەوەی لەو ڕێگەیەوە ڕەخنە ئاراستەی مۆدێرنیتی دەکات، ڕەخنەگرتنی لە مۆدێرنیتی گەڕانەوەیەکی نۆستالۆژی نیە بۆ سەردەمی شانۆی بەر لە مۆدێرنیتی، ڕاستە ئەو ئاماژە بۆ شانۆ کۆنەکانی یابانی دەکات، بەڵام ئەو باسکردنە هێندەی ئاماژەکردنە بۆ ووزەیەکی ئاژەڵی کە توانای خوڵقاندنی شانۆی هەبووە، مەبەست گەڕانەوە نیە بۆناو گریمان و دەلالەتەکانی جیهانی سوونەتی ئەو ئەزموونانە، بەڵکو دژ وەستانەوەیە بەرامبەر بە مۆدێرنیتی بەوەی نەیتوانی شانۆ بەرەو پێشەوە بەرێت، چ لەڕووی تەکنیکی هونەریەوە، چ لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەوە تەکنەلۆژیا بوو باڵی تەواوی بەسەر سەرجەم پەیوەندی و تەکنیکەکان و هونەردا گرتبوو، بۆیە



ئەو دژایەتیەی بۆ مۆدێرنیتی سوزوکی دەکات بە یەکێك لەو شانۆکارانەی ڕەخنە ئاراستەی مۆدێرنیتی دەکەن و میتۆدی کارکردنیشی ئاراستەیەکی نوێی تیا دەخوڵقێنێت بۆ شانۆی پۆست مۆدێرنیتی.

میتۆدی کارکردنی بریتیە لەسەر لەنوێ ئامادەکردنەوەی ئەکتەر، لە ڕێگەی هەستەکانی جەستەوە، بە تایبەت بایەخدانی تایبەتی بە قاچەوە لە ڕێگەی لێدان لە زەوی، ئەوەش هەر زوو پەیوەندی جەستە و زەوی دەکات بە پەیوەندیەکی ئەزەلی بەوەی جەستە تەنانەت لە مردنیش دەسبەرداری ئەو پەیوەندیە نابێت، چونکە بۆ زەوی دەگەڕێتەوە، ئەو پەیوەندیە پرۆسەیەکە بۆ لابردنی جیاوازی ڕەگەزی ونەژادی، بەکار هێنانەوەی یادەوەری لەلایان ئەکتەر و گەڕانەوە بۆ کولتووری جەستەی خۆی، بە مانای ئەکتەر خاوەنی کولتوورێکی تایبەتە کە ئەو کولتووره شوناسی ئەوی بنیاتناوە، لەو میتۆدەدا ئەکتەر ئەو کولتووره دەگەڕێنێتەوە نێو ساتەوەختی کارکردنیدا، مۆسیقا لەڕاهێنانی ئەکتەردا بە دوو قۆناغ تێدەپەڕێ، سەرەتا بۆ دەربڕینی هەموو ئەوانەی ناخی بۆ بەتاڵ

بوونەوەو لێدان بە قاچەکان لە زەوی، تا بە تەواوی خاو دەبێتەوەو بە تاڵ دەبێت لەهەر توڕە بوون و گرژی و دڵە ڕاوکەیەك.

بەدوای خاوبوونەوە قۆناغی دووەمی ڕاهێنانەکە مۆسیقا لە ڕێگەی ڕەزمێکی سلۆ و نەرمەوە هەڵی دەستێنێتەوە، ئەوە پرۆسەیەکی سەرەکیە بۆ ئامادەکردنی ئەکتەر، دیارە ئەو میتۆدە جەختی زۆر دەکاتە سەر شانۆی ژاپۆنی بە تایبەت لە گەڕانەوەی بۆ ئەو ڕابردووە، کە کەسانێکیش بە میتۆدێکی تایبەت بە ژاپۆنی دەیبینن، کە بۆ شانۆکارانی تر پەیڕەو کردنی زەحمەتە، بەلاّم سوزوکی پێداگریەکی زۆر دەکات لەوەی ئەو میتۆدە تایبەت نیە بە ژاپۆنیەکان، بۆیە زیاتر ئەو پێداگیریە لەگەڵ ئەکتەرە ئەمریکیەکان دەکات "هەندێك لەوانەی چاودێری ڕاهێنانەکانمیان کردووە، وای دادەنێن بە تەواوی ژاپۆنیە ولەگەڵ ئەکتەرە ئەمریکیەکان ناگونجێت، بیانوی دروستکراو ئەوەیە کە قاچەکانی ئەوان لە قاچی ژاپۆنیەکان درێژترە، لە واقیعدا مەسەلەکە قاچی درێژی نیە"(4)

بەڵکو بەلایەوە لەدەستدانی ووردبینیە لەلای ئەمریکیەکان، بە تایبەت ئەو کاتەی هەموو



خەیاڵیان لای قاچدانە لەزەوی، پێی وایە ئەو کاتە ئەکتەرە ئەمریکیەکان ئەو ووردبینیە لە دەست دەدەن، ئەو ئەزموونە وەك لە ووتەکانی سوزوکی دەردەکەوێت دەکرێت وەك ئەزموونێکی جەستەیی بگوازرێتەوە بۆ شانۆی کولتوورەکانی تر، بە تایبەت بۆ ئەو گروپ وکولتووره جیاوازانەی کە کارکردنیان لە شانۆدا بەدژی ڕێرەوی شانۆی مۆدێرنیتیە، مەرج نیە ئەو تێڕوانینانە هەمووی وەك ئەوەی ئەو خوازیارە پەیڕەو بکرێت، بەلاّم میتۆدێکە دەتوانیّ سەر لەنویّ لە پرۆسەیەکی جیاوازدا ئەکتەر ئامادە بکاتەوە.

دیارە سوزوکی سەرباری ئەوەی دەیەوێت کۆمەڵناسیەکی تایبەتی لە شانۆدا بخولقێنێت، بەلاّم لەو زانستە شانۆییە پۆست مۆدێرنیتیەدا نەیتوانیووە بە تەواوی دەستبەرداری ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ و تێڕوانینە ئەنترۆپۆلۆژیاکان بە تایبەت بۆ مرۆڤی ژاپۆنی واز بهێنێت، بۆیە زۆر جەخت لەسەر بۆچوونەکانی ئەنترۆپۆلۆژیستی یابانی شنۆ بۆ ئۆریگاکی دەکاتەوە، بە تایبەت لە ڕووی پەیوەندی جەستە بە زەویەوە، ئەگەرچی ئەوە مانای وانیە کە ئەو نەیتوانیبێت بەرەو زانستێکی

شانۆیی نویٚ ڕێگا ببڕێت، بەڵکو میتۆدەکەی ئەو بە تەنیا خولقاندنی زانستێکی شانۆیی نیە، بەڵکو بنیاتنانی ریبۆرتوارێکی شانۆیی ئەزموونگەریشە کە دەتوانرێت پیادە بکرێت، ڕیبۆرتوارێك هیچی کەمتر نیە لە ریبۆرتواری ئەزموونکارە مەزنەکانی شانۆ و دەرگا کردنەوەیەکی جدیشە بۆ پرۆسەی ئامادەکردنی ئەکتەر بەر لە مەشق و خولقاندنی تواناکانی، ئەوەش نووسینەوەیەکی نوێیە بۆ ڕاهێنان و میتۆدی شانۆیی.

## کردەی نەستی و بەشێتخانە بوونی شانۆ

سوزوکی دەیویست شانۆی ژاپۆنی لەو وێنە واقعیە دەرباز بکات کە لە شانۆی شینگیکی هاوچەرخ دەرکەوتبوو، ئەم شانۆیە لەژێر کاریگەری شانۆی خۆرئاوایی بنیات نرابوو، بۆیە دەیویست ژاپۆنیەکان لەناو کولتووری کۆمەڵگای خۆرهەلاّتیەوە شانۆی خۆیان بنیات بنێن، بۆ ئەوەش دوو ڕێگای گرنگ لەکارکردنی شانۆیی ئەودا دەردەکەوێت، کە هەردووکیان پەیوەندیەکی وابەستەیان هەیە بەویتریانەوە، یەکێکیان تێگەیشتنێکی تیۆریە کە بڕوای وایە هێزی



بزوێنەری پرۆسەی خولقاندن لەنمایشی شانۆیی پەیوەستە بەو تێگەیشتنەوەی کە دنیا بریتیە لەشێتخانەیەك وئێمەش هەموومان لەو شێتخانەیەداین.

بۆیە شانۆ بەلایەوە کردەیەکی نەستیە ئەوە تەقاندنەوەی خەیاڵە، چوونە ناو دنیای شێتیە، کاتیٚ مرۆڤەکان بوون بەشێت بەمانای کۆمەلاّیەتی نیە بۆ کردەی شێت بوون، بەڵکو ئەوەش دەرکەوتنی ڕێگای دووەمە ئەوەیان پراکتیکێکی شانۆییە کە پەیوەستە بە دەرهێنانی شانۆییەوە، بۆیە "شێوازی دەرهێنانی کە سوزوکی متمانەی بکاتە سەر تەقاندنەوەی توانا جەستەییەکانە" (5)

ئەو دوو ڕێگایە میکانیزمە شانۆییەکانی شانۆی ئەو پێك دێنن، لەپێناو ڕزگارکردنی شانۆ لەو کاریگەریە خۆرئاواییە، بۆیە شێتی وتوانا خەفەکراوەکانی نەست هێزی خولقاندنەوەی نمایشی شانۆیی پێك دێنن، دنیا وەك شێتخانە.

بەواتای خەون بینینی بێسنوری مرۆڤ لە شوێن ئەوە وادەکات لۆژیك تەسلیمی سیستمی ئاخاوتنی ئاکار نەبێت، بەمانایەکیتر شێتی لەشوێن کە شێتخانەیە پەیوەست نیە بەوێنەی کۆمەلاّیەتی بۆ

شێتی کە عەقڵی مۆدێرنیتی شێتەکانی لەڕێگەی کەشتیەکەوە لەکۆمەڵگا دووری دەخستنەوە، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ پەیوەندیی نێوان عەقڵ وشێتی.

چونکە ئەو شانۆ سوونەتیەی ئامادە بووە لەژێر لۆژیکی سەیرکردنی خۆرئاوا وەك شانۆیەکی عەقلانی سەیر کراوە، دیارە عەقڵ بەدوای بیرۆکەی کوشتنی یەزدان دەرکەوت، ئەو کاتەی نیتچەی فەیلەسووف بیرۆکەی کوشتنی یەزدان دێنێتە پێشەوە، بەواتای لەدایکبوونی دەسەڵاتی عەقڵە، بەڵام کاتێ عەقڵ وەك حیکایەتێکی مۆدێرنیتی دەردەکەوێت، ئیدی هەموو دامەزراوەکانی مۆدێرنیتی لەسەر پایەکانی عەقڵ بنیات دەنرێت.

دامەزراوێکی کولتووریی وەکو شانۆش کە چووە سەر سیستمێکی عەقڵانی مانای وایە دەبێتە بەشێك لەدامەزراو وفەرهەنگیەکان کە شانۆ بە حیکایەت دەکات، ئەوەش بۆ شانۆکارانێك کە خەون وگەڕان بەدوای نەزانراو هەنگاویان پێ بهاوێت، حیکایەت تووشی جۆرە وەستانێکی دەکات، بۆیە شێتی هاتنە دەرەوەیە لەو سیستمە عەقڵانیە، ئەوەش مەترسی مۆدێنریتیە لەشێتی، بۆیە



شێتەکانی لەکۆمەڵگا کردە دەرەوە، بۆیە شێتی وەك ئەوانەی نەخۆشی پێستیان هەبوو لەکۆمەڵگا دەکرانە دەرەوە، بۆیە باسکال ئەو کارەی مۆدێرنیتی وەك جۆرێکی تری شێتی سەیر کرد بەوەی "شێتەکان بەڕادەیەك شێتن، کە ئەگەر بێتومرۆڤ وابزانێت کەشێت نییە، ئەوا بەجۆرێکی دی شێتە" (6)

لەم ڕوانگەیەی باسکال گەر سەیری بابەتەکە بکەین، ئەوا مانای وایە هەموو مرۆڤێك جۆرێك لەشێتی هەیە، بەڵام ئەو سیستمە عەقلانیە شێتی لێ دەشارێتەوە، بەلام سوزوکی لەشانۆدا دەیەوێت ئەو دەمامکە لەسەر ڕووی عەقڵ لابەرێت وئەو شێتیەی مرۆڤەکان بگوازێتەوە ناو ڕاهێنانە شانۆییەکان تاوەکو ئەکتەر ئازاد بێت وبتوانێ لەو کردە نەستیەوە خۆی بنیات بنێت، بەڵام کولتووری خۆرهەڵات کاتێ دەکەوێتە ژێر کاریگەری شانۆی خۆرئاوا بەتەنیا لەوێوە نەهاتووە کە خۆرئاوا وەك سێنتەرێکی شانۆیی سەیر دەکات، بەڵکو ئەوە ترسە لەکولتوورەکەی خۆی، ترسێك کە نەتوانێت چۆن کولتوور بخوێنێتەوە، ئاخۆ ڕووبەرووی چەمکی موەقەددەس نابێتەوە، ئەو ترسە لەخۆی

ڕاکردنە بەرەو کولتووری خۆرئاوا، خۆرئاوایەك وەك فۆکۆ لەتێزەکەی بەناوی (مێژووی شێتی لەسەردەمی کلاسیکی) بەتەواوی لەسەری دەوەستێت، کە مرۆڤی خۆرئاوایی مرۆڤێکە شێتەکان لەخۆی دەکاتە دەرەوە.

سوزوکی لەڕێگەی بینینی دنیا وەك شێتخانەیەك بەواتای کۆتایی هاتنی گەمەیەکی سواو لەشانۆدا کە پەیوەستە بە سیستمێکی عەلانی کە لەشانۆی شیگنکی ژاپۆنی بەناوی واقعیەت خۆرئاوا دەیخوات، بۆ ئەوەش جەستە ودەنگ دەبنە ئەو دوو بونیادە پتەوەی شانۆ، وەك لەنمایشی (ئەلیکترا) دەبینین.

ئەوە بەتەنیا گەڕانەوە نیە بۆ کولتووری گریکی بەقەد ئەوەی کولتووری ژاپۆنی وەك ئەزموونکردنی مرۆڤەکان لەشێتخانەیەك دەبینین، هەموویان ئازادن کە جەستە ودەنگ چۆن سەر لەنوێ بوونی خۆیان لەبۆشایی بنیات دەنێنەوە، بەدڵنیاییەوە جۆرێك لێکچوون لەگەڵ گرۆتۆفسکی دەبینین، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە ئەوە خاسیەتە کولتووریەکانە مانایتری پێ دەداتەوە، کە بەرەو خەسڵەتە جیاوازەکانی هەنگاو بنێت، کە پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان شانۆ وکولتوور.



بۆ ئەو دۆخەش دەگەڕێتەوە ناو چیرۆکە کۆنەکانی ژاپۆنی، لەناو ئەو چیرۆکانەوە ئاراستە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایە دەدۆزێتەوە، ئەوەش جیابوونەوەیەتی لەو شانۆ سوونەتیەی ژاپۆنی کە چیتر بەرەو ڕاڤەکردنی تێکست ناڕوات بەقەد ئینتیماکردنی بۆ توانا نادیارەکانی ئەکتەرە لەناو کولتوور، کە تێکست دەکاتە ڕووبەری دۆزینەوەی نادیارەکانی کولتوور.

## شانۆی کابوکی وەک یادەوەریەکی کولتووریی

پێویستە لەپڕۆژەو پشکنینەکانی سوزوکی ئەوە فەرامۆش نەکەین، کە ئەو دەرهێنەرە دژی شانۆی ئامادەی ژاپۆنی نەبوو، بەقەد ئەوەی پێی وابوو ئەو شانۆی شینگیکی کە شانۆیەکی واقعیی بوو لەژێر کولتووریی خۆرئاوایی هاتبووە بوون، دەیزانی ئەو شانۆیە لەتەك خواست وخەونی کۆمەڵگای ژاپۆنی یەکناگرێتەوە، دەنا ئەو دژایەتی میراتە شانۆییەکەی ژاپۆنی نەدەکرد. بۆیە هەندێك دەیالۆگ کە تێکستی شانۆی کابوکی ژاپۆنی بوو، وەریدەگرتەوەو لەناو پشکنینە شانۆییەکەی بەکاری دەهێنا، بۆیە ئەو شانۆیە وەك یادەوەریەکی

کولتووریی بۆ سوزوکی کاریگەری خۆی بەسەر شانۆکەی بەجێ دێلێت، بەلاّم ئەو کاریگەرییە دەبێتەوە هێزێکیتر بۆ هێزی ئامادەی یادەوەریی کە چۆن ئەو هێزە ببێتە ووزەی بیرکردنەوەیەکیتر بۆ ئەو زەمینە شانۆییە، بۆیە "ڕاگوزەر ئامانج لێی گوزارشتکردن نیە، وەك ئەوەی نووسەران لەڕێگەی دەیالۆگەکانیان ئەو مەبەستەیان هەیە، بەڵکو تەوزیفکردنە بۆ پەیوەندیکردنی ئەکتەرەکان بەووشەکانی ئەو تێکستەوە، ئەوشە لەسەر ئاستێکی دەرەوەی ئاگاییە، لەسەر ئەو بنەمایە ووشەکان وئەو ڕێگایەی لەتێکستەکەدا بەرجەستە دەبێت لەڕێرەوکردنی پڕۆسەکە، دەلالاتی نوێ وچاوەڕواننەکراو وەردەگرێت" (7)

ئەو بەشانەی لەتێکستی کابوکی وەریدەگرێت، بریتی نیە لەگوزارشتکردنی ئەکتەر لەکردەی مەبەست، بەڵکو دۆزینەوەی پەیوەندیەکە لەنێوان ئەکتەر ووشە بەبێ ئەوەی مانای ووشەکان بەرجەستە بکات، بەقەد ئەوەی دەرهێنەر کۆمەکی ئەکتەر دەکات تاوەکو ووشەکان دەلالەتی نەدۆزراوە بۆ مانای ووشەکان بدۆزێتەوە، کە بەهیچ جۆرێك چاوەڕوانی ئەو جۆرە کردارو مانایانە نەبووینە، ئەوەش پڕۆسەی خوڵقاندن دێنێتە کایەوە.



خوڵقاندن لەنێوان ئەکتەرو ووشە پڕۆسەی لەدایکبوونەوەیە، بۆیە ووشەکان لەبەکارهێناندا بەرەو قوولاّیی بینینمان دەبەن، ئەوەش مەبەستێکی سەرەکیە بۆ ڕامانەکانی دەرهێنەر بۆ جەستە، لێرەدا هەست بە تێڕوانینی ئارتۆ دەکەین، لەڕوانینی ووشە وەك کیمیا، بۆیە ئەوە کیمیایە لەنێوان پەڕینەوەی ووشە بۆ وێنە.

ئەو چونکە شانۆکەی لەبنەڕەتدا پڕۆژەیەکی کولتووریەو پەیوەستە بەکۆمەڵگای ژاپۆنی، بۆیە هەوڵیدا لەڕووی تەکنیکیەوە چۆن سوودی لەشانۆی کابوکی وەرگرت، بەهەمان شێوە سوودمەندبوون لەتەکنیکی شانۆی (نو) ی ژاپۆنیش، بەتایبەت کاتێك لەسەرەتای هشەتاکانی سەدەی ڕابردوو فێستڤاڵێکی شانۆیی بەناوی تۆگۆ دامەزراند، کەلەخانوویەکی ناوەڕاستی کێڵگەیەك بوو، تەختەی شانۆکە تاڕادەیەکی زۆر لەتەختەی شانۆی (نو) نزیك بوو. ئەو بەتەنیا پەیوەست نەبوو بەو دوو شانۆیە وەك تەکنیك، بەڵکو بۆ تەکنیك دەگەڕایەوە ناو کولتووری ژاپۆنی وبەتایبەت لەهونەری شەڕکردنی ژاپۆنیەکان، کە بۆ مەشقە

جەستەییەکان بەکاری دەهێنایەوە، ئەوە داڕشتنەوەی کولتوور بوو لەناو شانۆدا.

جەستە ودەنگ لەلای سوزوکی دوو بونیادی هاوبەش نین کە یەکتری تەواو بکەن، بەڵکو یەک بونیادن، ئەوەش تەکنیکێکی کولتووریی دینی ژاپۆنیە، کە گەر گرۆتۆفسکی ئەکتەر وەك قەدیس سەیر بکات، ئەوا سوزوکی ئەکتەر وەك کاهینێك ناو دەبات کە بە شامان ناسراوە.

بۆیە ئەکتەر لەلای ئەو دەبێت بە شامان، ئەوەش پەیوەستە بەو ڕیتواڵە پیرۆزەی شانۆ، نەك وەك مانایەکی دینی، یاخود جادوویی بیبێنێت، ئەو پیرۆزیە بۆ ئەکتەری بردەوە ناو ئەفسانە، بۆیە کەوتە کارکردن لەتێکستە گریکیەکان وکارەکتەرە ئەفسانەییەکان، ئەوە بەتەنیا هەوڵێکی ئەو نیە لەتەك تێکستی گریکی لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵکو گەر لەسەرەتای هەشتاکان ژنانی تەڕوادەی یۆرپیدس وکلیتمنیستراو باخۆسیەکانی دەرهێنابێت، ئەوە یەکێك لەدوا کارەکانی شانۆگەری ئەلیکترا بوو.

بۆیە تێکستە گریکیەکان وەك کارەکتەری شێتی وایە، چۆن شێت کارەکتەرێکە لەزۆربەی



شانۆگەریەکانی بوونی هەیە، هەمیشەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکستە کلاسیکیەکانی شانۆی گریکی، بەلأم گەڕانەوەیەك پەیوەستە بە کولتووریی مرۆڤی ژاپۆنی وپەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکانی ئەو مرۆڤە لەناو ئەو کولتوورەوە دەدۆزێتەوە، کە پەیوەندیەکی نوێی نێوان کولتووری ژاپۆنی وکولتووری تێکست بێت.

## کاریگەریەکانی جەنگ لەسەر کولتووری ژاپۆنی

بەکۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ئەو جەنگە بەتەواوی بەسەر کولتووری کۆمەڵگای ژاپۆنی ڕەنگی دایەوە، پەیوەندیی نێوان جیهان وسرووشت بۆ ئەو کۆمەڵگایە وێنەی دڕەندەیەکی بەربەری بوو لەبەرامبەر سرووشتدا.

هەستەکانی مرۆڤ شاهیدی ئەو وێرانکاریە بوون، کە ئەو هەستانە مرۆڤەکانی وا لێدەکرد کە چۆن جارێکیتر سەیری شەڕکردن بکەنەوە، چونکە ئەگەر کولتووری ژاپۆنی هونەری شەڕکردنی دەزانی و بەتایبەت کارەکتەرێکی وەکو ساموورای لەکولتوورەکەی ناسیووە، ئەوا ئەم جەنگە تەواوی ئەم کولتوورەی خستەوە ژێر بەرپرسیاریەتیەکی

ئەخلاقی، ئەوە جەنگی سامورای نیە، ئەوە جەنگێك بوو بۆ سووتاندنی سرووشت، جەنگێك لەهەموو بەها ئەخلاقیەکانی داماڵدرابوو، بۆیە تاداشی سوزوکی وەك مرۆڤێکی نێو ئەو کۆمەڵگایە هەستی بە کاریگەری ئەو جەنگە دەکرد، دەیویست ڕووبەروو بوونەوەکانی ئەو سووتان ووێرانکاریەی نێوان جەنگ وکولتوور لەپرۆسەیەکی سەر لەنوێی کۆمەڵناسیانە بخوێنێتەوە.
ڕزگارکردنی سرووشتی سوتاو، گەڕانەوەی ئەو کۆمەڵگاییە بۆ ناو ژیان، ئەوەش پەیوەندیی جەستەی مرۆڤەکانە بە کولتوورەوە، ئەو پەیوەندیە هارمۆنیەی نێوان جەستە وکولتوور پەیوەندیەکی کۆمەڵناسیانەیە.
بۆیە سوزوکی لەتوێژینەوەیەکی شانۆییدا ئاماژە بۆ شێوازەکانی دەربڕین دەکات، کە بەدەربڕینی جەستەیی وزمانەوانیی ناوی دەبات، لەدەربڕینی زمانەوانییدا ئەو مەعریفەیەمان بیر دێنێتەوە کە تێکستی نووسراو لەپرۆسەی خولقاندن وەك وەرگێڕانی تێکستی شانۆییە، کە مەبەستی گواستنەوەی تێکستە لەنووسراو بۆ نمایش، ئەوەش دەربڕینی زمانەوانیە، بەڵام دەربڕینی



جەستەیی وەك پلەی بالاّ لەنمایش دەبینێت، لەکاتێکدا تێکست وسوونەتی ئەدەبی درامی وەك ڕێگایەك بۆ کارکردن سەیر دەکات.
ئێمە لێرەدا گەر کەمێك بووەستین، لەمانا جەوهەریەکانی شانۆکەی بەڕوونی تێدەگەین، بەوەی ئەو نایەوێت تێکستی نووسراو بخاتە سەر شانۆ، بۆیە جەستە وهەستەکانی بینین دەکاتە کەناڵی پەیوەندیی جەستە بە کولتوورەوە، ئەوەش دەرخستنی پەیوەندیەکی نوێیە، پەیوەندیی نێوان جەستە وتێکست، بەشداریکردنی جەستەیە بەو ئاگاییە کولتووریەوە لەناو تێکست، بۆیە ئەکتەر ڕێگایەك نیە بۆ گواستنەوەی تێکستی نووسراو بۆ نمایش، بەڵکو ئەکتەر ئامادەبوونی کولتووریەتی لەناو تێکست بەشداری نمایش دەکات.
بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی کۆمەڵناسیانەی کۆمەڵگاکەی، کاتێ جەنگی دووەمی جیهانی تەواو دەبێت، بەتایبەت لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم گۆڕانکاری وگەشەسەندنی ئابوری دەردەکەوێت، بوونی پەترۆڵ وکارەبا بەشێوەیەك دێتە ناو کۆمەڵگا، کە ئیتر دەتوانن شێوازەکانی ژیانیش بگۆڕن، ژیانی لادێنیشنیەکان بەهۆی

**جەنگەوە بەشێوەیەك سرووشتی لادێ سووتاوە، ئیدی مرۆڤەکان ڕەوی گروپگەلی گەورەو بچووك بۆ شارەکان دەست پێدەکەن.**

**ئەو کۆچە بۆ شارەکان یەکەم گۆڕانکاری لەڕووی بیناسازی شێوەی ماڵ لەو مرۆڤە درووست دەکات، چیتر مرۆڤەکان ناتوانن لەو ماڵە کولتووریەی ژاپۆنی بژین، ئەویش بەهۆی ئەو کۆچە فراوانە بۆ شارەکان ناچار سەرمایەداران بە پاڵپشتی دەوڵەت دەکەونە درووستکردنی ئاپارتمان وباڵەخانەی بچووك، کە شێوە ژیان مرۆڤ ناچار دەکات بۆ خۆی بەتەنیا ژوورێکی هەبێت، ئەوە سەرەتای جیابوونەوەی کولتووریی ئەو مرۆڤەیە کە جەنگ بەسەریدا دەیسەپێنێت.**

**چیتر ئەو مرۆڤە کارەکتەرێك نیە لەڕێگەی شێوەی ماڵ جەستەی هەڵگری خاسیەتە کولتووریەکانی بێت، چونکە ئیدی ئەو جەستەیە جیا دەبێتەوە لەنەریتی کۆمەڵی وڕووبەرووی کولتوورێکیتر دەبێتەوە، کە بەمانا کۆمەڵناسیەکەی دەتوانین وەك شێوە ووردە کولتوور سەیری بکەین، کە کولتوورێکی ئامادە بووە لەناو کولتووری ژاپۆنی، کە پێشتر گروپە تایبەتیەکانی شارەکان پیادەیان کردووە.**



**سوزوکی کاریگەریەکی تر بەسەر ئەو کۆمەڵگایە بەدەرکەوتنی شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاری ناو دەبات، ئەو دوو کاریگەریە بەتەواوی وەك هۆکار بۆ سەر جەستەی ژاپۆنی دەبینێت، چونکە ئەو جەستەیە لەو نەریتە ڕابردووەی ژیان وچۆنیەتی کارکردنی دەچێتە دەرەوەو بەشێکی زۆری چالاکیە مرۆییەکانی لەدەست دەدات، بەرەو جۆرێکیتری چالاکی هەنگاو دەنێت، ئەوە کردەی فیزیکی مرۆڤ دەگۆڕێتە سەر کردەی زمانەوانی.**

**ئەگەر شانۆی کابوکی یان نو شوێن تیایدا ماڵی ژاپۆنی بێت، بەلاّم بەدەرکەوتنی ئەو کاریگەریە کولتووریانە ئیدی ماڵ وخێزان ئەو مانایانە لەدەست دەدەن، ئەو جۆرە تاکگەرایەی ژیان وهاتنە دەرەوە لەخەسڵەتە کولتووریەکانی کۆمەڵگا بەتەواوی ڕووبەرووی جۆرێك لەکارکردنێکیتری دەکاتەوە لەئاستی شوێن وبنیاتی کارەکتەرەوە.**

**هەستی جەستەیی ئەکتەر وەك مرۆڤێك بەتەواوی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، دەتوانین بوونی کارەکتەری شێت بە بەردەوامی لەنمایشەکانی وەك دەرکەوتنی هێزی ڕابردووی کولتوور بێت بەسەر عەقلانیەتێکی هەنووکەیی کە بۆ خۆی بۆ کولتوور جۆرێکیترە لە شێتی.**

## ئامادەبوونی جەستە لە نائامادەبوونی تۆکۆنۆما

ئەکتەر لەشانۆی ژاپۆنی هێزی بوونی پەیوەست بوو بەو باگراوندەی دواوەی کە شێوە هەرەمێکی دەسەڵاتخوازی وەرگرتبوو، بەواتای دواوەی شانۆ بیناسازیەکی هەبوو، کە دەگەڕایەوە بۆ بیناسازی ماڵی ژاپۆنی، کە بە تۆکۆنۆما ناسراوە، جگە لەوە ژووریتر هەیە ناو دەبرێت بە رۆکا، دیارە ژانۆی نو و شانۆی کابوکی ئەو شوێنانە وەك بونیادی ئەو کۆمەڵگایە دەگەڕێننەوە، بەهۆی ئەوەی خەسڵەتە کولتووریەکانی ئەو مرۆڤە لەشوێن، نەك لەشێوەی ژوورو خانوو لەناو دیمەنە شانۆییەکە ئامادەیی هەیە، تەنانەت ئەو فەرشەی سەر زەوی کە ژاپۆنی لەسەری دادەنیشێت وبە تاتامی ناوی دەبات، بوونی هەیە، ئەو بوونە بۆ ئەو شانۆیە هەمان خەسڵەتە سوونەتگەراکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگاییەی هەیە.

سوزوکی بەتەواوی بەگژ ئەو بونیادە سوونەتگەرایانەی ماڵدا دەچێتەوە، ئەکترە لەبۆشاییدا دەوەستێت، چیتر ئەو لەدواوەی خۆی هەرەمێکی نیە بۆ دەسەڵات ئەو لۆژیکە عەقڵانیە بۆ کولتوور تێکدەشکێنرێت، ئەو شێتێکەو فڕێدراوەتە



ئەو شێتخانەیەوە، لێرەوە بوونی ماددیانەی خۆی دەسەڵات لەجولەکردن و دەنگدا بونیاد دەنێت نەك لەبیناسازی سوونەتی خانوو، کە ئالماژە بێت بۆ دەسەڵاتی ئەو، ئەوە تەنیا فەرش وڕایەخ نیە شوێنی دانیشتنی ئەو مرۆڤەیە، ئەو مرۆڤە بەهۆی کردە نەستیەکانیەوە هەموو شوێنێك بۆ ئەو شوێنی دانیشتنیەتی.

لێرەوە لەگرنگی ئەو ستراتیژە شانۆییەی سوزوکی تێدەگەین کە بۆچی زۆربەی کات کارەکتەرێکی شێت لەنمایشەکانی بوونی هەیە وبۆچی ڕووبەروی نمایش وەك نەخۆشخانەیەکی دەروونی دەبینێت.

ئەو کردە نەستیەی بە ئەکتەری دەبەخشێت وایکردووە بواری ئەوە بدات تەواوی ئەو لۆژیکە عەقلانیەی کولتوور تێکبشکێنێت ولەدیدێکی نەستیەوە بنیاتی بنێتەوە، بنیاتنانەوە زادەی ئامادەبوونی جەستەیە لەدەرەوەی ناشوێنی تۆکۆنۆمی.

لەلایەکیتریش بەهۆی کاریگەری تەکنەلۆژی وڕەوکردنی ئەو مرۆڤانە بۆ شار، بەواتای ئەو مرۆڤە بۆ خۆی دەسبەرداری بەشێك لەنەریتەکانی ڕابردووی بووە، بۆیە ئەوانە دەبنە هۆکار بۆ

**ڕەوایەتیدان بۆ ئەو نائامادەبوونی شوێنە، وەك چۆن بۆ پاڵپشتی خۆی دنیای کارەکتەرەکانی بیکت بە نموونە دەهێنێتەوە.**

**ڕەنگە هۆکاریتر هەبێت بۆ ئامادەبوونی ئەو گۆڕانکاریانەی لەشانۆدا کردوویەتی، بەڵام دوو خاڵی گرنگ کە هەبێت، ئەویش مەسەلەی شوێن و زمانە، بۆیە پێی وایە لەم سەدە نوێیە زەحمەتە ژاپۆنی بتوانێت لەم خانووانە بژین، کەیەکێك لەهۆکارەکان بە بەرزبوونەوەی نرخی خانووەکان ناو دەبات، کە دیارە پێشتریش باسمان لەوە کرد بەدوای دووەمین جەنگی جیهانی ئەو مرۆڤانە دەستیان بە کۆچکردن کردبوو بۆ شار.**

**ئەوە ئەگەر بۆ داڕشتنەوەی شوێن شانۆکەی بکات بە ئازاری مرۆڤی هاوچەرخی ژاپۆنی، ئەو مرۆڤە دیسان زمانەکەی بەربەستی بۆ درووست دەکات "قسەکردن بە زمانی ژاپۆنی، بەتایبەتی قسەکردن لەبۆنە گشتیەکان، خوازیاری تەکنیکێکی هەناسەدانە کە ناو دەبرێت بە (هەناسەدانی زگ) ئەوشە سیفاتێکی تایبەت نیە بە مرۆڤی ژاپۆنی، بەڵکو ئەوە جیاکەرەوەیەکی تایبەتە بە زمان، کە خواستی هەناسەدانی قووڵە لەشوێنی زگەوەکە**



**دەکەوێتە ژێر ئەو داپۆشراوە بەربەستە بەمەبەستی چوونە ژوورەوەی هەناسەی قووڵ بۆ زگ بەبێ لەخۆکردنی شانەکان یان سینگ"** (8)

**بۆیە ئەو مرۆڤە کە وەك مرۆڤی هاوچەرخ زمانەکەی بۆ خۆی کێشەی بۆ درووست دەکات، لەشێوەی چۆنیەتی قسەکردن وپەیوەندیی هەناسە بە جەستەوە، ئەوا ئەو زمانە لەشانۆدا توانای تەوزیف بوونەوەی هەیە بۆ تێگەیشتنی ئەوانیتر، لێرەوە دەنگ وجەستە توانای گوزارشتکردنی ئەو مرۆڤەی هەیە لەکولتوور وشانۆ، پەیوەندیی نێوان کولتوورو شانۆ، لەدایك بوونی پەیوەندیەکی کولتووریی نوێیە کە نەست لەزاکیرەی ئەو مرۆڤە و کولتوورەکەی بنیاتی دەنێت و لەڕێگەی ئامادەبوونی جەستە لە نائامادەبوونی تۆکۆنۆما.**

## ئاراستەیەک لەشانۆی پۆست مۆدێرنیتی

**بۆ ئەوەی ئاراستەیەکیتری تیۆریی لەو ئەزموونە بخەینە ڕوو، لێرەدا دەبێت لەسەر ئەوە بووەستین، کە ئەزموونی سوزوکی ئاراستەیەکی گرنگی ناو شانۆی پۆست مۆدێرنیتیە.**

**کاتێك بەو ئاراستە گرنگە ناوی دەبەین، دەبێت دەست نیشانی ئەو هۆکارە بکەین، کە چۆن دەگەینە ئەو ئاستە تیۆریە؟ پۆست**

مۆدێرنیتی لە بنەچەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕووخانی بیناسازیی کۆن و لەدایکبوونی بیناسازی نوێ، بەتایبەت کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ ساڵی1980 کە کۆمەڵە ئەندازیارێك کە ژمارەیان 30 کەس بوون لە شاری ڤینیسیای ئیتاڵی ویستیان دیزاینە نوێیەکانیان بخەنە ڕوو، ئەوە سەرەتایەکی زانستی بوو بۆ خوڵقاندنی پۆست مۆدێرنیتی وەك بیناسازی نوێ.

هەرچەندە چارڵز چینکس لە کتێبەکەیدا بەناوی "پۆست مۆدێرنیتی چییە؟" مێژووەکەی بۆ ساڵی 1972 دەگەڕێنێتەوە، ئەو دەمەی لەشاری سانت لویس بە دینامێت خانووەکانیان ڕووخاندووە.

لێرەدا نیك کای شێوەکاری ئیتاڵی ڕۆبرتۆ تۆڤنتۆری کە یەکێك بوو لەو سێ شێوەکارەی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم، بە پێشەنگی ئەو بوارە دەزانێت و مێژووەکەی دوورتر دەگەڕێنێتەوە، لەوەی چینکس باسی دەکات، بۆ ئەوەش کارەکانی تۆڤنتۆری بۆ سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم ئاماژە پێ دەدات.

هەرچەندە دەبێت ئەوە فەرامۆش نەکەین ڕووداوی شاری سانت لویس لە 1972 کردنەوەی دەرگایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی تیۆریی لە پۆست مۆدێرنیتی، کە وای لە چینکس کردووە لە



کتێبەکەیدا بنووسێت "مەرگی مۆدێرنیتی و سەرهەڵدانی پۆست مۆدێرنیتی ئەو کاتە ڕوویدا کە باڵەخانەکانی نیشتە جێبوون کە بە پڕۆیت ئیگۆ ناسرا بوو بە دینامێت تەقێندرایەوە" (9)

لەم گۆشە نیگایەوە کاتێك سوزوکی باس لەنەمانی تۆکۆنۆما دەکات، مانای وایە ژاپۆنی کەوتۆتە بەردەم دۆخی پۆست مۆدێرنیتی، ئەوەش وا دەکات شانۆکەی بەپێی دۆخی کۆمەڵایەتیی کولتوور گەیشتبێتەوە کۆتایی مۆدێرنیتی و لەناو پۆست مۆدێرنیتی لەدایك بوونی خۆی ڕایگەیەنێت، کە شانۆیەك بێت زادەی کولتووریی مرۆڤی ژاپۆنی و کۆمەڵگاکەی بێت.

### سوزوکی خۆرهەڵاتیەك لەخۆرئاوا

شانۆکارانی خۆرئاوا بۆ ڕزگار بوون لەو شانۆیەی کە ووشە ببووە سێنتەری بیرکردنەوە ڕوویان کردە خۆرهەڵات، تاوەکو ئەو کولتووره نەخوێنراوەی خۆرهەڵات لەناو شانۆ بخوێننەوە.

سەفەرە شانۆییەکانی ئارتۆ وگرۆتۆفسکی وبروك بۆ خۆرهەڵات وهەندێکیان بۆ کوردستانیش وایکردووە، کولتوور بخرێتە پرۆسەی تێکشکاندنەوە، تاوەکو سەر لەنوێ مانای نوێ بەشانۆ ببەخشن، بۆ ئەوەش جولە وسەما ڕۆڵێکی گەورەیان بینییوە بۆ

**هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری ئەو شانۆیەی خۆرئاوا، لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە هەڵەی شانۆکارانێك دەبێت دەست نیشان بکرێت کاتێك پێیان وایە گەڕانەوە بۆ جەستە لاسایی کردنەوەی شانۆی خۆرئاوایە، لەڕاستیدا ڕەگ وبنەچەکەی ئەو شانۆیە بۆ خۆرهەلات خۆی دەگەڕێتەوە، باشترین نمونەش شانۆگەریەکانی تاداشی سوزوکیە.**

**دیارە جیاوازی نێوان سوزوکی وهەر ئەزموونکارێکیتری شانۆیی لەوێوە دەردەکەوێت، کە سوزوکی سەفەری نەکردووە بۆ خۆرهەلات تاوەکو کولتوورەکەی بخوێنێتەوە، بەڵکو ئەو بۆ خۆی شانۆکارێکی نێو خۆرهەلاتەو کارەکانی بەدرێژایی چل ساڵ لەشانۆدا وایکرد ئەزموونەکەی بەرەو خۆرئاواش بگوازێتەوە، ئەوەش وایکردووە کارەکانی گرنگی تایبەتیان لەئێستای ڕەوتی شانۆدا هەبێت.**

**ئەوە دیدێکی خۆرهەلاتیانەیە بۆ ئێستای شانۆ، دیدێك سەرچاوەکەی بۆ خۆرهەلات خۆی دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەگەر شانۆکارانیتر لەخۆرئاواوە بیانەوێ کولتووری خۆرهەلات بخوێننەوە، ئەوا سوزوکی بەدیدێکی شانۆیی بۆ کولتووریی شانۆیی دێت کولتووری خۆرهەلات دەخوێنێتەوە، ئەوەش پەیوەندی نێوان کولتووری کۆمەڵگا ومیراتی شانۆیی بەیەك دەگەیەنێت، تاوەکو ئەو پێشنیارەی پیتەر بروك بۆ شانۆیەکی**



**فرە کولتووریی بەرەو ڕووبەرێکی فراوانترو جیاوازتر بەرێت، کە خەسڵەتە جیاوازەکانی شانۆکارێکی خۆرهەلاتی بگرێتە خۆی.**

## پەراوێزو سەرچاوەکان:


(1) **مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی (کۆمەڵێك وەرگێڕ) دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی موکریانی، هەولێر** 2002**، لا** 103

(2) **هەمان سەرچاوە**

(3) **مەنوچێهر موحسنی، کۆمەڵناسی گشتی، وەرگێڕانی (موسڵح ئیروانی) دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی موکریانی، هەولێر** 2005**، لا** 177

(4) تاداشي سوزوكي، الثقافة هي الجسد، ترجمة (علي كامل) المدى العدد (21) 1995، ص 129

(5) على كامل، تاداشى سوزوكى: قراءة في كتاباتة ونشاطة المسرحي، ايلاف 9 يوليو 2014

(6) **کێ لەمیشیل فۆکۆ دەترسێت؟، محمد الراویی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، ئێستا ژمارە** 4

(7) علي كامل، تاداشي سوزوكي: قراءة في كتاباتة ونشاطة المسرحي، ايلاف 9-يوليو- 2014

(8) تاداشى سوزوكي، التقاليد والقوى الخلاقة في المسرح، ترجمة: علي كامل، ايلاف، 26 يوليو 2014

(9) مابعد الحداثية و الفنون الآدائية/ نك كاي، ترجمة: د. نهاد صليحة، الهيئة المصرية العامة لكتاب 1999، ص 227

# تیۆر و شانۆ

## خوێندنەوەیەکی شیکاریە بۆ شانۆگەریەکانی

خەزعەل ئەلماجدی

بیرکردنەوە لەنوسینەوەی ئەزموونی شانۆیی تیۆریزە کردنی چەمکە سەرەکیەکانی هەر پڕۆژەیەکی درێژخایەنی ئەزموونیە، ئەوەش دەرگای تر دەکاتەوە بۆ ڕووبەری گوتاری ڕەخنەیی، بۆیە شاعیرونوسەر خزعل الماجدی بەرگی یەکەمی کارە شانۆییەکانی بەتەنیا چاپکردنی تێکستە شانۆییەکانی نییە، ئەو دێت ئەو کارانە تیۆریزە دەکات لەڕێگەی پۆلین کردنی بۆ سێ قۆناغ، کە هەر قۆناغێك چەندین تێکست دەگرێتە خۆی، لەپاڵ بۆچوونی جیاواز لەبارەی کارەکان دەخاتە ڕوو، ئەوە دەرگاکردنەوەیە بۆ دیدی فرە ڕەهەندی ڕەخنەیی، کە لەگفتوگۆکردن لەبارەی کارەکانەوە زەمینەیەکی پتەوی ڕەخنە هەبێت بۆ قسەکردن، جیا لەوەش خۆشی لەبارەی تێکستەکانەوە هەندێك ئاماژەی سەرەکی دەخاتە ڕوو.

کە لەدنیای نووسینی ئێمەدا بە زەحمەت بەدی دەکرێت، وەك چۆن شانۆکار ترسی لەنووسینەوەی ئەزموون هەیە، چونکە نایەت قسە لەچەمك و تیۆرەکان بکات، نەبوونی تواناکان وای لێدەکات بکەوێتە گێڕانەوەو نووسینەوەی یادداشت، ئەوەش جیانەکردنەوەی نووسینەوەی ئەزموونە لە یادداشت، بۆیە ترس لەڕەخنە هۆکارێکیتری بیرنەکردنەوەیە لەو پڕۆسەی نووسینە، هەموو ئەمانە وادەکەن لەکاتی قسەکردن لەئەزموونی شانۆکاری کورد نەتوانین دیدی ڕەخنەیی بخوێنینەوە، چونکە نەبوونی نێوەندێکی ئەرشیفی وای کردووە ئەو ووتارانەی نووسراویشن



بەزەحمەت بەدی بکرێت، ئەوە جگە لەنەبوونی دیدی شانۆکارو نووسەرەکە بۆ ئەو دنیابینیەی کە کاری تیا کردووە.

ئەم هەوڵەی لێرەدا لەبارەیەوە دەدوێین، دەکرێت پیاچوونەوەیەکی گرنگ بێت بۆ نووسەرو شانۆکاری کورد، کە بیر لەنووسینەوەی ئەزموونەکانی بکات، بەبێ ئەوەی بچێتە ئاستی یادداشتەوە، ئەوەش لەکاتێکدا دڵنیاین کە نووسینەوەی ئەزموون پێویستی بەمەعریفەی قووڵی شانۆیی هەیە، وەك کاتی سەیری تیۆریزەی قۆناغەکان ئەکەین لەلای خەزعەل ئەلماجدی هەست بە مەعریفەیەکی فراوانی شانۆ دەکەین، کە دەبێت نووسینەوەی ئەزموونەکان لەو ئاستە مەعریفی و ئاگاییە شانۆییەوە بنووسرێت.

### ئەزموونی شیعریی و شانۆی وێنەیی

ئەوەی لەم قۆناغەدا دەبینین بریتییە لەپڕۆژەی چەندین تێکستی شانۆیی، ئەو دەسپێکە بۆ ئەزموونی وێنەیی لەلای نووسەر بریتییە لەقسەکردنی بۆ چەمکی شیعریی ووتراوو و شیعریی وێنەیی، ڕوانینیەتی بۆ تێگەیشتن لەوێنەی شیعریی و ناسینی وێنەی شانۆیی، ئەوەش لەناو تێکستەکان یەکەیەکی کەرنەڤاڵی بۆ وێنەو شیعر بنیاتناوە،

که تێکست بریتی بێت له شانۆیەکی شیعریی لەقووڵایی مانا وێنەییەکانەوە. ووتراو چەندە بەرەو دوورکەوتنەوەمان بەرێت لەزمانی سادە، شیعریی وێنەیی زیاتر بەرەو ڕەهەندی فەلسەفی شیعرمان دەبات، ڕەهەندێکی ئەنتۆلۆژی بە شانۆ دەبەخشێت.
ئەو شیعریەتەی وێنە وادەکات بڕواتە ناو زیندەگی شاعیرانەوە، بەبێ ئەوەی گێڕانەوەی مێژوویی بنیات بنێت، وەك لەم شانۆگەریەی لەبارەی دوا ڕۆژەکانی ژیانی رامبۆی شاعیر نووسیویەتی، دەبینین کۆی قۆناغی کۆتایی ژیانی ڕامبۆی شاعیر دەبێتە ڕووبەری نووسین، ئەوەی لەلای ئەو گرنگە ئەوە ڕەخنەگرتنە لەژیارو مێژوو، بەتایبەت لەشانۆگەری (گۆشەگیریی لە کریستاڵ) زیاتر درکی پێدەکرێت.
شانۆگەری (گۆشەگیریی لە کریستال) دیدی سریالیەتی شیعریی لەوێنەی شانۆییدا یەکێکە لەمیکانیزمە سەرەکیەکانی ناو دنیای ئەو نووسەرە، ئەوەش دوورکەوتنەوەیە لەزمانی سوونەتی ڕۆژانە، ململانێیە لەنێوان ژیان و مەرگ لەڕێگەی گۆڕهەڵکەن و گۆرانی بێژەوە، شانۆیەکە بەرەو بنەماکانی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی هەنگاو



دەنێت، چەندە لە ئاماژەو بانتۆمایم نزیك دەبێتەوە، هێندەش هەست بەو ڕۆحیەتی ئۆپێرایە دەکەین کە لەڕێگەی دوو گۆرانی بێژی ژن و پیاو خوڵقاندوویەتی.
وێنە لەگەردوونێکی پڕ لەنهێنی دەچێت، کە (شیعر، فەلسەفە، تابلۆ، ئۆپێرا، سوریالیزم، بانتۆمایم، سینەما) دەگرێتە خۆی، ئەوەش پێویستی بەدیدێکی دەرهێنانی بەئاگا هەیە، کە درك بەنهێنی تێکست بکات.
هەر دەرهێنەرێك بیەوێ ئینتیمای ڕاستەوخۆ بۆ نووسەر بکات، جگە لە دەرهێنەرێکی کالفام شتێکی تر نییە، چونکە ئەوە تەنیا زەمینەیەکە بۆ چۆنیەتی ئیشکردنەوە لەگەڵ تێکست، بەهۆی ئەو ڕووبەرە فراوانە شیعریەی نووسەر بنیاتنی ناوە، کە زەمینەی بنیاتنانی شیعرە لەپانتایی شانۆدا.
پانتاییەك مەشقی بەردەوام توانای دۆزینەوەی نهێنی ئەو گەردوونەی هەیە کە لەناو فەلسەفەو شانۆ زیندەگی خۆی دەدۆزێتەوە.
گەڕان وپشکنینەکانی بەناو زماندا، بیرکردنەوەیە لەمیتا زمان، ئەوەش کەشفکردنی مرۆڤە وەك کائینێکی زمانەوانی.

بۆیە لە شانۆگەری (ئاهەنگی ئەڵماس) ژن وپیاو دوو مرۆڤ نین، هێندەی دوو فایرۆسی جەستەی مرۆڤن، ئەوە وا دەکات زمان لەنێوان ئەو دوانەیە وەك فایرۆس و ڕزگاربوونیان لە فایرۆس بوون بۆ مرۆڤبوون هەوڵە بۆ مردن وەك کردەیەکی فیسیۆلۆژی ناو سرووشت، زمان لێرەدا لەمردن ڕاناکات، هێندەی مردن وەك دۆخێکی سرووشتی ناو سرووشت سەیر دەکات، بۆیە دەیانەوێ وەك مرۆڤەکانی تر مردنی خۆیان بژین.

ئەو دۆخە بەشداربوونە لەناو یەکتری, لەنووسینی دەقیتردا درێژ دەبێتەوە, ئەوە گرفتێکی ئەنتۆلۆژیانەی زمانە لەلای خەزعەل، بۆیە لەشانۆگەری (ئەنیما) هەر لەناونیشانەوە زمان ڕووبەرووی ئەو دوالیزمە دەبێتەوە، بەوەی ئاماژەیەکە بۆ ژن کە هەڵگری ڕەگەزی بەرامبەریشە، بەواتای ئەنیما ڕەگەزێکی مرۆییە هەڵگری ڕەگەزەکەی تریشە, ئەو دوو ڕەگەزە لەناو کارەکتەرێکدا، پرۆسەی گەڕانە بەناو نهێنیە شاراوەکانی زمان, گومانکردنێکە لەبوون, گومانێك زمان کارەکتەرەکان لەناو مرۆڤێکدا چڕ دەکاتەوە.

لەم شانۆگەریەدا ئەنیما ئەو بەشە نووستوەی ناو پیاوەکەیە, ئەو ژنبوونە شاراوەیەی ناو پیاوە, بەو پێیەی هیچ مرۆڤێك نیە خاڵی بێت لە ئەنیما, لێرەوە



شانۆگەریەکە لەبری ئەوەی یەك کارەکتەری هەبێت، دەبێت بەدوو کارەکتەر کە لەراستیدا کارەکتەری دووەم کە ژنەکەیە، بریتیە لەئەنیما، کە بەشە شاراوەکەی ژنبوونی ناو پیاوەکەیە.

ئەگەر ئەو زمانە لەناو بەیەکداچوونی کارەکتەر بێت، ئەوە لەبنەرەتدا سەرکێشیەکانی زمانە، پرۆسەیەکی کەشفکردنە بۆ نەبینراوەکانی ڕووبەری زمان، بەدواندنی دواهەمین وێنەی وەستاوە، زمان دێت بەشداری لەناو پێکهاتە جوانکاری وهونەریی وبیناسازییەکان دەکات، بۆیە دەیەوێت دیواربەندی پەیکەری ئازادی کە کارێکی هونەرمەند جەواد سەلیمەو لەناوەڕاستی شاری بەغدا دانراوە، دوو لەکارەکتەرەکانی ناو ئەو دیواربەندیە بێنێتە خوارەوە، زمان دێت ژن وپیاوێك کە لەکارەکەی جەواد سەلیم ئاماژەن بۆ باوك ودایك ئەیانهێنێتە ناو ژیانی هەنووکەوە.

ئەوەش بەو مەبەستەیە لەلایەك بەشداریکردنی ڕابردووە وەك ژیار، کە لە (گۆشەگیریی لەکریستال) بەجۆرێکیتر کاری تیا کردووە، لێرەش لەڕێگەی دوو مرۆڤەوە کە لەدیواربەندیەکەدا دەیانهێنێتە خوارەوە، جگە لەوەی تەواوی ئەو کارەی جەواد

سەلیم دەهێنێتە سەر شانۆ، بەهەمان فۆڕمەوە، ئەوەش گواستنەوەی وێنەیەکە، کە لەوێوە ئەو وێنەیە ژیان بداتە دوو لە مرۆڤەکانی ناوی.
پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی ژن وپیاوێك لە بەبەردبوونی خۆیان دەهێنێتەوە ناو ژیان؟ ئەو کاتانەی بەرامبەر پرسیاری لەم چەشنە بوەستین، ئەوا ستراتیژی زمان بەشداریکردنی ژیارە لەناو ئێستادا، بەوەی ئەو میراتە مێژووییەش توانای بەشداریکردنی نیە لەئێستادا، ئەویش ناچارە ڕابکات خەون بە بەردبوونی خۆیەوە ببینێتەوە، نەوەك بێتە ناو زیندەگی ئێستاوە.

## شیعریەتی شانۆ و پێکهاتەکانی نمایش

ئەوە مانیفێستی دووەمی شانۆیی نووسەرە، تیایدا بانگەشە بۆ گەڕانەوەی ڕۆڵی شانۆو شیعر دەکات، دەچێتەوە سەر پەیوەندیی ئەو دوانەیە بەیەکەوە، پەیوەندیەك کە هەریەکەیان سەربەخۆیی خۆیان هەیە، سەربەخۆییەك تەواو لەیەکتری ئازاد بوونە، ئەو ئازادبوونە خولقاندنەوەی پەیوەندیەکی ئۆرگانی نێوان شیعرو شانۆیە.
ئەو دوانە شیعرو شانۆ ئەمڕۆ لەئاستێکی دەست نیشانکراوی نوخبەویی نەماونەتەوە، بەڵکو



نوخبەبوونیشیان پەیوەستە بە پەیوەندیی کولتووریی وکۆمەڵایەتییەوە، ئەوەش وایکردووە شیعریەتی شانۆ لەفۆڕمێکی ڕواڵەتی شیعریی خۆی نەخاتە ڕوو، هێندەی شیعریەت بەرەنجامی خولقاندنی مانا کولتووریی وکۆمەڵایەتییەکانی ناو پێکهاتەی نمایشی شانۆیی بێت، بۆیە ئەویش ئەو شیعریەتە دەباتە ناو سێ تەوەری سەرەکی کارکردن، کە پەیوەستە بە شیعروگێڕانەوەو دراما.
ئەگەر شیعر وگێڕانەوە دوو تەوەری سەرەکی بن، کە بۆخۆشی کەوتۆتە گومانی ئەوەی تەوەری سێیەم بوونی نەبێت، بەهۆی ئەوەی تەوەری سێیەم بەرەنجامی پەیوەندیی ئەو دوانەی ترە، بەواتای تەوەری دراما بەرەنجامی پەیوەندیی شیعرو گێڕانەوەیە.
ئەو پەیوەندیە دۆخێکی تازەی لەدایکبوون نەبوو، بەڵکو پێشتر لەدایکبوون (داستان) هەر بەرەنجامی ئەو پەیوەندیە بووە، بۆیە دراما و داستان ڕۆڵەی شەرعی شیعرو گێڕانەوەن، ئەگەر داستان دواتر ببێتە ئەدەبی نووسراو، یاخود نووسینەوەی شیعریی بۆ گێڕانەوە، ئەوا دراما گێڕانەوە لەڕێگەی شیعرەوە دەگوازێتەوە هەڵچوون وکردارەکانی مرۆڤ لەژیاندا.
بۆیە شانۆ لەسەرەتادا نەیتوانی پابەند نەبێت بەڕێسا تایبەتیەکانی شیعرەوە، تا لەسەدەی نۆزدەهەم شانۆنووسی نەرویژی هنریك ئەپسن ئەو

شانۆیە لەو زمانە شیعریە دەرباز دەکات، کە سەدەی بیستەم بۆ خۆی شانۆ هەڵگری شیعر بوو لەڕێگەی کردارەوە، بەتایبەت وەك ماجدی ئاماژە بۆ هەوڵەکانی بیکت ویۆنسکۆ و ئەدامۆف و ئەوانیتر دەکات، بەبێ ئەوەی شانۆکانیان بەشێوەی شیعری بنووسن، کەچی هەڵگری ڕۆحی شیعریی بوون، بەڵام نیگەرانی خۆی لەئاست تێکستە شانۆییەکانی شانۆی عەرەبی دەخاتە ڕوو، بەوەی دەیانویست بەتەواوی بگەڕێنەوە بۆ ناو ئەو زمانە شیعریە.

دیارە لەبزووتنەوەی شانۆی کوردیدا ئەو گەڕانەوەیە کەمتر هەستی پێکراوە، کە دیارترینیان دوو هەوڵی ئەحمەد سالارە بەناوی (دڵدارانی باران) و (وانەی ڕەشبەڵەك) هەروەها چەند تێکستێکی شانۆی منالان کە بەو زمانە نووسراوە، بەواتای ئەوەی شانۆی ئێمە کەمتر پەنای بۆ ئەو زمانە شیعریە بردووە، کە شانۆ پەیوەست بکاتەوە بە شیعر، ڕەنگە بەشێکی پەیوەست بووبێت بە کەمی ڕێژەی دەقە شانۆییەکانمانەوە.

بۆیە لەڕوانگەی خەزعەل ئەلماجدی شیعریەتی شانۆ بەو مانا دێرینەی ونکردنی شانۆ خۆیەتی، بەتایبەت ئەوانەی شاعین و دەیانەوێت بەو زمانەوە دەقی شانۆیی بنووسن، چونکە لەو کاتەدا ململانێ ودراما بوونی نیە، بەقەد ئەوەی سەرگەرمی ڕەگەزە شیعریەکانن، واتە ململانێی درامی کەمتر دەتوانرێ هەستی پێبکرێت.

شیعریەتی ئەکتەر ئەو شیعرەیە کەلەڕێگەی نواندنەوە بەرجەستە دەکرێت، نەك بۆ خوێندنەوەی دەیالۆگ بەزمانی شیعریی، بەڵکو ئەو شیعریەتە بەرەنجامی جولەی جەستەیە، جەستە لەڕێگەی جولەو گواستنەوەی جولە فیزیکیەکانی ناو سرووشتەوە توانای بەرجەستەکردنی وێنەی شیعریی هەیە، نووسەر ئاماژە بەکارەکانی ژاك لیکۆك دەکات، کە بەردی بناغەیەکی قووڵی بۆ شیعریەتی جەستە لەکارەکانی بنیاتناوە، هەر بۆیە لیکۆك وایدەبینێت کە هەر شانۆگەریەك لەچوار دەق پێکهاتووە: (دەقی نووسەر)، (دەقی ئەکتەر)، (دەقی دەرهێنەر)، (دەقی وەرگر) کە جەستەش بە خاڵی میزانسینی ڕاستەقینە دەست نیشان دەکات.

ئەو شیعرەش بەرەنجامی مەشقێکی بەردەوامی جەستەیە لەکارکردن، هەڵێنجراوی هێزو ڕۆح و جولەی جەستەیە، ئەوەش خاڵە جەوهەریەکانی ناو قوتابخانەی لیکۆڵکە کە لەڕێگەی تەکنیکەکانی

جەستەوە توانیویەتی چەندین ناوی درەوشاوە بەشانۆ ببەخشێت لەجۆری ئاریان مینۆشکین وفیلیب ئافرۆن ومارتالیر وشانزو ئاتیاس وبوندی.

خاڵی گرنگی ناو ئەو مانیفێستە شانۆییەی خەزعەل پێچەوانەی دیدی نوسەرانیترە، کە دەسەلاتی دەق بەوێنەی ڕەها دەبینن، ئەو کە مانیفێستەکەی بۆ کۆمەڵە دەقێکی خۆی نووسیوە، کەچی بڕوای بەدەسەلاتی نمایشە بۆ شانۆ، بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ووتەیەکی ژاك کۆبۆ کە مێژووی شانۆ لەڕێگەی دەقەوە بەمێژوویەکی موزەیەف دەبینێت، چونکە مێژووی ڕاستەقینە بەلایەوە لە نمایشی شانۆییەوە دەست پێدەکات، ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ جۆرێکیتری شیعریەتی شانۆ کەلەڕێگەی نمایش ودەرهێنەر بنیات دەنرێت، هەروەها شیعریەتی سینۆگرافیا کە نوسەرانی شانۆ بایەخیان بۆی نیەو زیاتر بە کاری پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی سەیری دەکەن، کەچی ئەو ئەوە بەبنەمایەکی گرنگ وجەوهەری ئەو شیعریەتە سەیری دەکات.

پێنجەمین جۆری شیعریەت کە دواهەمینیانە ناوی دەبات بە شیعریەتی فۆنۆگرافیا، لەڕووی مانای



ووشەکەوە، دابەش دەبێتە سەر دوو بڕگە (فۆنۆ) و (گرافیا) یە، فۆنۆ بریتیە لە دەنگ، گرافیاش شێوەی وێنەیی، بەواتای ڕووکەش دەڵێین فۆنۆگرافیا دەبێت بەشێوەی وێنەیی دەنگی، بەلاّم لەڕووی مانای زاراوەیی ناوی دەبات بە (پانتایی دەنگی بۆ کاری شانۆیی)، ئەوە پلانێکی دەنگیە بۆ زمان ومۆسیقاو کارتێکەرە دە نگیەکان ودەنگە ئامادەکان، کە دەچنەوە ناو سینۆگرافیا، بەلاّم لەبنەڕەتدا جۆرە شیعریەتێکی سەربەخۆن.

ئەوانەش وێنەیەکی ڕوونمان بۆ شانۆی شیعریی نوێ بۆ بەرجەستە دەکەن، بەوەی ئەو شانۆیە بەتەنیا لەڕێگەی شیعریەتی دەقی ئەدەبیەوە دروست نابێت، بەڵکو لەو پێنج ڕەگەزە سەرەکیە دروست دەبێت (دەق وئەکتەرو دەرهێنەرو سینۆگرافیاو فۆنۆگرافیا)، نە ئەو شانۆیە بەبێ شیعر دروست دەبێت، نەشیعریش بەبێ ڕەگەزە پێکهاتووەکانی نمایشی شانۆیی توانای دروست بوونی شانۆیەکی شیعریی هەیە.

گەڕانەوە بۆ ڕابردوو نوسینەوەی مێژوو نیە، بەقەد ئەوەی مێژوو دەبێتە زەمینەی  ئاگایی کارەکتەر، بۆیە کاتێ لیلیت وەك یەکەم ژنی کارەکتەری

ئەفسانەی سۆمەری وەردەگرێت، ئەوە نوسینەوەی چیرۆکی ژن نیە لەناو ئەفسانەی سۆمەری، هێندەی مانا ڕەمزیەکانی ئەو کارەکتەرە دەبەخشێتە ژنێك لەشانۆیەکی مۆنۆدرامیدا.

شانۆیەك کە بەدەیالۆگی شیعریی دەست پێدەکات، شیعرێك تا بەرەو قوڵایی وێنەی شانۆیی بڕوات، هەوڵی دروستکردنی دراما دەدات، ئەو دراماییەش لەگەڵ سینۆگرافیای شانۆگەریەکە وێنەیەکی شیعریی بەرز دەخوڵقێنن، کە ببنە مۆتیڤێکی ئەفسانەیی لەئێستادا، کە ئەفسانە یادەوەری بنیاتنانی کارەکتەرە، بەڵام بەبێ گەڕانەوە بۆ ناو مانا مێژوویەکانی ئەفسانە، چونکە ئێستابوون وکێشە ڕەگەزیەکانی مرۆڤی مۆدێرن لەعەشقدا گرفتی سەرەکی شانۆگەریەکەیە.

ئەو شیعریەتە کاتێ بەرەو درامابوون هەنگاو دەنێت، ڕووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە: ئاخۆ شیعریەت لەناو دەیالۆگەیەوە یاحود توانای تەوزیف بوونی هەیە بۆ سەر ئەکتەرو سینۆگرافیاو فۆنۆگرافیا؟

ئێمە لەشانۆگەری (ژنە پاسەوانەکانی ڕەیحان) تەواو لەو شیعریەتەی دەیالۆگەوە دەپەڕینەوەبۆ شیعریەتی بونیادی



جەستەیی کارەکتەر، بەوەی دوو ژن کە هەریەکەیان کێڵگەی بچووکی ڕەیحانی هەیە، جەستەشیان هەڵگری بۆنی ڕەیحانە, دەرکەوتنی پیاوێك بەناوی حەیران و درووستکردنی پەیوەندیی عەشق، سەندنەوەی بۆنی ڕەیحانە لەژن، ئەو وێنە هاودژەی نێوان ڕەیحان وحەیران سەندنەوەی بۆنی ڕەیحانە لەڕێگەی حەیرانەوە. ژنی دووەم کە عاشقی حەیران دەبێت، ئەو پیاوەی دراوسێیەتی وپیشەی دارتاشیە، ڕۆژانە داوای ڕەیحانی لێدەکات، لەپڕدا ژنی یەکەم بەئاگای دێنێتەوە کە ئەو چیتر بۆنی ڕەیحانی لێنایەت، دوای ئەوەی ئەویتر دان بەو پەیوەندیە دەنێت، پەیوەندیەك بۆ گەڕانەوەی بۆنی ڕەیحانەکان دەبێت ئەو عەشقە کۆتایی پێبێت، چونکە حەیران پیاوی ناو بۆن وخۆشەوییستی نیە، هێندەی بەدوای چێژو ئارەزووەکانیەتی لەگەڵ لەشفرۆشەکان، بەتایبەت ئەو دەمەی ژنی دووەم دەزانێ بەر لەو ژنی یەکەم بەهەمان پەیوەندیی تێپەڕیووە.

هاتنی حەیران ئاشکرابوونی نهێنیەکیترە، کە ژنی یەکەم دان بەوە دەنێت، کێڵگەیەکی تریشی کڕیووە، پیازی تیا دەچێنێت، ئەوە چەندە نهێنیەکە، بەڵام هۆکارێکیترە بۆ چارەسەرکردنی گەڕانەوەی بۆنی ڕەیحانەکان.

ژنی دووەم لەکێڵگەی پیازەکەدا ژوانێك لەگەڵ ڕەیحان ساز دەکات، ڕەیحان کە بەمەستیەوە دێت، جگە لەعەشق نکوڵی لەهەموو شتێك دەکات، تەنانەت کە ژنی یەکەم دێت نکوڵی لەو

عەشقەی پێشووش دەکات، بۆیە ژنی یەکەم دەیەوێت لەناو پیازەکان بیچێنێت، ئەو وێنە مەجازیە بۆ بەپیازبوونی پیاو، وێنەیەکی شیعریی بەرزی شانۆییە، کە پیاوانی زەوتکردنی جوانی دەبێت بکرێن بە پیاز، بۆ ئەوەی نەتوانن جوانی داگیر بکەن.

ئەو شیعریەتە لەدوا دیمەنی شانۆگەریەکەدا لەهەموو ئاستێکدا دەچێتە وێنەی باڵاوە، لەڕوویەکدا شیعریەتی ئەم وێنە سینۆگرافیە لەناو کێڵگەی ڕەیحانەکان دەیبینین، چ لەبوونی پێخەفێك یاخود ئاوێنەی درێژەوە، کە ئەوانەش وێنەیەکیتر دەبەخشن بۆسوڕاندنەوە بەناو جوانیەکان بەدەوری خۆیان، بەبێ بەشداریکردنی ڕەگەزی، بەواتایەکیتر بلەشداریکردنی ئەوی ڕەگەزی سەندنەوەی جوانیە لەوان.

بۆیە دەیانەوێ پیاوێك بەویستی خۆیان دروست بکەن، بۆ ئەوەش هەڵدەستن بەدروستکردنی پیاوێك لەڕێگەی تەختە دارێکەوە کە شێوەی پیاوی پێدەبەخشن، بەلاّم پیاوێك ناجولێتەوە، ئەو نەجولانەوەیە نەبوونی هەستی ڕەگەزییە، کاتێ لەدواساتدا هەست بەهەژانی دڵی دەکەن، دەیانەوێ بزانن پیاوەکە کامەیانی دەوێت، کەچی ئەویش



داوای هەردووکیان دەکات، ئەوە نائومێدیەکی ئەبەدیان پێدەبەخشێت، بەگالیسکەکەوە دووری دەخەنەوە لەدیمەنەکە، کە ئەوان پێخەفەکە بۆ پارێزگاری لەبۆنی ڕەیحان دەتوانن بۆخۆیان بەکاری بێنن، بەبێ بوونی هیچ پیاوێك، بۆیە تەواوی شانۆگەریەکە لەشیعرێکی تەنیایی پڕ لەنائومێدبوونی ڕەگەزی دەچێت، کە ژنەکان هیچ نین جگە لەپاسەوانی ڕەیحانەکان، پاسەوانێك پاسەوان بوونی ڕۆحی جوانیان پێدەبەخشێت، کە تائەبەد نەتوانن پیاوێك لەجوانی وەدەست بێنن، چونکە پیاوەکان ئارەزوو لەهەردووکیان دەکەن.

خەون بنیاتنانی دیدی شاعیریانەیە بۆ نووسین، ئەوە وا دەکات شاعیریەت بەتەنیا بریتی نەبێت لەشیعری نووسراو، هێندەی فیکری شاعیریانە توانای بەرهەم هێنانی وێنەی شیعریی هەبێت، کە کۆی فەزای گشتی دەق بکاتە ڕووبەرێکی شاعیریەت بۆ زمان.

ئەوەش لەشانۆگەری (هەڵوێستە ناکۆکەکان) ڕووبەرووی دەبینەوە، مرۆڤێکی سۆفیگەر لەساتەوەختی یاخی بوون لەدنیا، بەرزایی عەمودێك هەڵئەبژێرێت، وەك شوێنی یاخی بوون، ئەو یاخی بوونە بەرزبوونەوەی حالەتێکی سۆفیگەرانەیە بۆ هەڵکشان

**بەرەو ئاسمان، ئەوە دیدێکی شاعیریانەیە بۆ عیرفانیەت، بەڵام دیدێك لەناو خۆیدا هەڵگری ڕەخنەیە بەوەی کاتێ خانمە نانفرۆشەکە دێتە ئەوێ ومرۆڤە یاخیەکە داوای نانی لێدەکات، کە نانی پێدەدات وبۆنی ژنەکە دەکات لەڕێگەی شاڵەکەی کەبەسەر سەبەتەکەوەیە، هەست بە ژنبوون ولەزەتی ژیان دەکات، بەڵام ئەو دەمەی خانمە نانفرۆشەکە لەگەڵ موریدەکەی ڕێك دەکەون کە بەیەکەوە بژین ومالێ درووست بکەن، ئیدی ئەویش نایەوێت لەبەرزایی عامودەکە بێتە خوارەوە، چونکە بڕوای وایە ئیدی شتێك نەماوە بۆی بژییێت، بۆیە لەدۆراندنی ژیان دەیەوێت مردن بەرێتەوەو لەکۆتایشدا بەسەر عامودەکەوە دەمرێت، کە هەم ژیان و هەم یاخی بوون دەدۆڕێنێت.**

**ئەگەر یاخی بوون ودووره پەرێزبوون دیدێکی عیرفانیانەی لەم تێکستەدا هەبێت، ئەوا لەشانۆگەری (کەسێك نیە لەدەرەوەی ئەم شوێنە دابڕاوە) یاخی بوون، تێڕوانینی مرۆڤێکی سەردەمیانەیە لەدژی جەنگ، ئەوە ڕاکردنی مرۆڤێکە لەجەنگ وخۆشاردنەوەیەتی لەخانویەکی دووره دەستی کەنار دەریا، کە رۆژانە هۆگری ئەو شووشانەیە کە نامەی جیاوازی تیا نوسراوەو دەریا لەگەڵ خۆیدا ئەیهێنێت، نزیکترین هاورێی دووجار نامەی بۆ دەنووسێت و دۆخی جەنگ و کوشتنی ئازیزان باس دەکات، کە جەنگیش تەواو دەبێت ئەو کارەکتەره یاخیە نایەوێ بگەڕێتەوە ناو شارەکان.**



**هاورێکەی بەمەبەستی ڕزگارکردنی لەو دۆخە بەدوای ئەگەڕێت تا ئەگاتە لای وسەردانی ئەکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە ناو ژیان، ئەم سەفەری یاخی بوونەی کۆتایی پێبێنێت، دڵنیایی ئەوەی پێدەدات کە خۆشەویستەکەی ئێستاش بەدیار خەونەکانی ڕابردووەوە وەستاوە، هەموو ئەمانە دەبنە هۆکاری ئەوەی بگەڕێتەوە ناو شارەکان و سەر لەنوێ دەست بەو ژیانە بکاتەوە، کەلەساتەوەختی جەنگدا بەجێی هێشتبوو.**

**بەجێهێشتنی ئەو شوێنە سەر لەنوێ ماناکانی یادەوەری عەشق دەسەپێننەوە سەر بیرکردنەوەی، بەوەی گەڕانەوەی بۆ خۆشەویست وەك بەهەشتێك وەسف دەکات، ئەوە پەیوەستە بەو پاکیزەییەی کە خۆی بڕوای پێ بووە، تەنیا بەگەڕانەوە بۆ لای یار توانای ئەوەی هەبووە ماناکانی وەدەست بێنێتەوە.**

**ئەو چونکە باوکی بازرگانی جەنگ بووەو دایکیشی خۆی کوشتووە، بەهۆی ئەوە ئەو سەروەتە زۆرەی بۆ ماوەتەوە، باوکی لەنامەیەکدا شوێنەکەی بۆ دەست نیشان کردووە، کاتێ ئەو نامەیە بەخۆشەویستەکەی نیشان ئەدات.**

**هەموو رابردوو ئەوەی بۆ ئێمە نەزانراوە روون ئەبێتەوە، بەڵام ئەوە نامانباتەوە ناو کۆتاییەکی خۆشبەخشت بۆ کارەکتەرە سەرەکیەکەمان، بەقەد ئەوەی ڕووبەرووی چەمکێکی تازەی دەکاتەوە، کە**

ناپاکی چاوەڕواننەکراوە، ئەو دەمەی لەگەل خۆشەویستەکەی و هاوڕێکەی دەڕۆن بۆ ئاهەنگێکی شەوانە، لەپر کە دەبینیێ شوێنەکە تاریك بووە بەهۆی سرووتی ئاهەنگەکە.

وەك ئەو دەمەی دەریا نامەیەك لەناو شووشەیەکدا دەبینێت، ئەو نامەیە حەقیقەتی داهاتوو وێنا دەکات، کە نامەی خۆشەویستەکەیەتی بەوەی لەساتی جێهێشتنی شار ئەو لەگەڵ هاورێکەی پەیوەندیی خۆشەویستیان بەستوە، بەلام بەهۆی نەبوونی توانای دارایی نەیانتوانیوە ژیانی هاوسەری درووست بکەن، ئێستا کە سامانەکەی ئەویان دەست کەوتووە سەفەر دەکەن بۆ وولاتێکیتر تا بەیەکەوە بژین.

ئەوە هەموو شتێك سەراوژێر دەکات، بەوەی وەك کارەکتەرەکە دەیخاتە ڕوو کە هەموو بەهەکان هەراج کراون و کەوتونەتە بازاڕەوە، نوسەر لەڕێگەی دۆخێکی تراژیدیەوە بۆ کارەکتەر وێنای ئەوە دەکات، کە شیعریەت ڕوویەکیتری گرنگی ناو زیندەگی ئێمەی هەیە، ئەویش ئاوەژووکردنەوەی بەهەکانە، ئەوە شیعرێکی خوێناوی ناپاکیە بۆ کارەکتەر، بەوەی سەر لەنوێ هەست بەتەنیایی دەکاتەوە، بەڵام وەك خۆشەویستەکەی لەنامەکەدا بۆی نووسیبوو ئێمە سامانەکەی تۆمان بردو تۆشمان



گەڕاندەوە ناو ژیان، بەڵام ژیانێك کەتەواو نائومێدیە، ئەوەش باڵی بەسەر ژنە پاسەوانەکانی ڕەیحانیشدا گرتبوو، کە هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەو شیعریەتەی ژیان لەقوولاّیدا وێنەیەکی تراژیدیا ڕووی ڕاستەقینەی شیعر بنیات دەنێت، ئەوە گوتارێکیترە بۆ تراژیدیای شیعر، بەتراژیدیا کردنی شیعر دنیابینی گوتارێکی شانۆییە لەڕوانینێکی جیاوازدا.

کاتێ قۆناغی دووەمی شانۆگەریەکانی حەزعەل ئەلماجدی بەجێ دێلین، تێبینی ئەوە دەکەین یەکێك لەچەمکە سەرەکیەکانی کارەکانی کە فۆنۆگرافیایە کەمتر هەستی پێدەکرێت، ئەوەش زادەی کردەی دەرهێنانیە، چونکە ئەو چەمکە نانووسرێتەوە، هێندەی لەکاتی مەشق وگەڕان بەناو تێکستدا دەرهێنەر لەنێوان دیمەن و خوێندنەوەی بونیادی وێنەیی بنیاتی دەنێت.

## شانۆی کراوە

## وەک هەوڵدانێک بۆ شانۆی پۆست مۆدێرنیتی

کۆمەڵە تێکستێکیتر پۆلین دەکات بەرەو بەمانفێستکردن بۆ شانۆی کراوە، ئەوە وەك هەوڵدان وهەنگاوێك بۆ شانۆی پۆست مۆدێرنیتی لێوەی دەڕوانێت، شانۆیەك لە ناو پێشنیارێك بۆ شانۆی کراوە، شانۆیەك زەمینەکەی بۆ

هەوڵەکانی لەناو شانۆی وێنەیی وشانۆی ئەفسانەیی دەگەڕێنێتەوە، دەیەوێت شانۆیەك بەم ناوە بنیات بنرێت، کە خۆی لەناو تێکستەکانیدا کاری بۆ کردووە.

ئەوەش وەك هەوڵێکیتر بۆ گەڕانەوەی دراما ناو دەبات، کە شانۆیەك بێت "گێڕانەوە، شیعر، کردار" لەخۆی بگرێت، ئەو کرانەوەیەش لەبەرەنجامی روانینیەتی بۆ دەقی کراوە، کە ڕەگەزێکی شیعری نوێیە، بەلاّم بەهێزکردنی دراما بەخاڵی جەوهەری ناو ئەو شانۆیە دەبینێت، بۆ ئەوەش لەپێنج ئاستەوە لەم شانۆیە دەڕوانێت، کە مانای تری پێببەخشێت، ئەوانیش لەئاستی "دەق، نواندن، دەرهێنان، سینۆگرافیا، فۆنۆگرافیا"، وێنەی شانۆیی لەم شانۆیەدا زاڵدەبێت بەسەر دەسەلاّتی دەیالۆگ، بۆیە شانۆی کرانەوە شانۆیەکە بەرەو دیدگاو بینین هەنگاو دەنێت، بۆ ئەوەش باس لەدەقی شانۆیی دەکات، کە زیاتر بەرەو سیناریۆی شانۆیی دەڕوات.

ئەو هەوڵە بۆ دەقی بینین ئەگەر هەمیشە لەلای دەرهێنەرانی شانۆی ئەزموونگەری پێشنیار بکرێت، بەلاّم ئەو دەمەی دەبێتە پێشنیاری نووسەرێك، لێرەوە گرنگی خۆی دەخاتە ڕوو، ئەو



دەمەی دەیەوێت دەقی ئەدەبی بە دەقی بینین بگۆڕێت، کە ڕۆڵی وەرگر لەبەردەم دەقی بینین تەئویلکردن دەبێت، بەواتای وەرگر لەتاکمانایی ڕزگار دەکرێت، شانۆی کراوە مانا بەرەو کرانەوە دەبات، لەپێناو ئەوەی وەرگر بەپێی توانای رۆشنبیریی وکولتووریی خۆیەوە تەئویل بۆ دەق بکات، دواتر بیەوێ تەئویل بۆ بینینی دەرهێنانی وسینۆگرافیا بکات.

نووسەر لەو مانیفێستەیدا دەیەوێ هاوکاری ئەکتەر بکات، بۆ ئەوەی نهێنیەکانی جەستەی بپشکنێت، بۆ ئەوەی دەقی بینین بنیات بنێت، دەقێك کە بەتەنیا بە بەرهەمی نوسەری نازانێت، بەڵکو بەدەقی ئەکتەرو دەرهێنەریشی دەبینێت، گرنگترین توخمیش لەم شانۆیە بە سینۆگرافیا دەبینێت.

خاڵی فەلسەفی ئەم شانۆیە ڕەتکردنەوەی سێنتەرە، نوسەر ناکات بە سێنتەری شانۆ، وەك چۆن ئەکتەر یان دەرهێنەریش بەو سێنتەرە نابینێت، ئەوەش یەکێکە لەبنەمای کارکردن لەهەر هەوڵێك بۆ شانۆیەکی پۆست مۆدێرنیتی، بۆ ئەوەی لەڕووی تیۆرییەوە بتوانێ پشت بەچەمکی فەلسەفی بۆ شانۆکەی ببەستێت، لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ

(هەڵوشاندنەوەی سێنتەر) لای ژاك دریداو (بایەخدان بە پەراوێز) لەلای میشێل فۆکۆ.

ئەو گەرانەوەیە بۆ چەمکی فەلسەفی ڕزگارکردنی نمایشی شانۆییە لەهەر جێگیریەك، بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میراتە ئەنترۆپۆلۆژیەی شانۆ کە لەلای پیتەر بروك ویۆژینۆ باربا لەهەردوو ئاستی تیۆریی وپراکتیکی کاری تیا کراوە، بۆیە ئەو شانۆیە پێویستی بەدەرهێنەرو ئەکتەری بەئاگا هەیە چ لەڕووی مەعریفەی شانۆیی یاخود لەئاستی دنیابینی بۆ تێکستە فەلسەفیەکان، ئەوەشە وای کردووە دەرهێنەر بەئەفسوونگەرێکی شانۆیی ناو ببات، کە ئاراستەی سەرووتی سەرسوورهێنەر بکات، بۆ ئەوەی جولەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی سەراپاگیر وزیندوو بەکاری شانۆیی ببەخشێت.

ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی شانۆیەك لەئاستی ڕەمزی بنیات بنرێت، تیایدا رۆحی ئەزمونکاریەت وگەڕان وپشکنینی هەبێت، بتوانێ بەدژی ڕێسا چەسپاوەکان کار بکات، کرانەوەی ئەو شانۆیە بنیاتنانێکیتری شیعریە لەڕێگەی کیمیای شانۆ، کە توانانەوەو کاریگەری ڕەگەزەکان وسەر لەنوێ



نووسینەوەیەتی لەڕێگەی بنیاتنان وبەرهەمهێنانی نمایشی شانۆییدا.

ئەو دەمەی سەر لەنوێ دەیەوێ تراژیدیایەکی شکسپیری وەکو هاملێت بنووسێتەوە، ئەو پرسیارەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە: زمان لەلای شکسپیر ڕووبەرێکی کراوەیە بۆ تەئویل، چی لەو زمانە دەکات؟ ئاخۆ ئەو پەیوەندیانە تەئویل دەکات؟ یاخود ئەو پەیوەندیانە بەرەو رووی مانایتر دەکاتەوە؟

هەر لەسەرەتای دنیابینی بۆ تێکست کە ناوی دەنێت (هاملێت بەبێ هاملێت) دەمانخاتە ناو پانتاییەکەوە کە کۆی چیرۆکی شانۆگەریەکە بریتیە لە ئامادەبوونی هاملێت لە نائامادەیی هاملێتدا، بەوەی بەدوای مەرگی هاملێت دەیەوێ ئاسۆو پەیوەندییتر لەشکسپیر بدۆزێتەوە، جگە لە ئۆڤیلیا کارەکتەرێکی پاکیزە نادۆزینەوە، تەواوی ڕووداوەکان سەراوژێر دەکات، کردارەکان وهەڵچوونەکان دەگۆڕێت بە کارەکتەریتر، ئەوەی بەهیچ شێوەیەك وونی ناکات زمانە شکسپیریەکەیە، چونکە هاملێت ناکوژرێت، هێندەی لەژێر ئاودا دەخنکێت، ئەو دەمەی هەواڵی

مەرگی باوکی دەبیستێت، کە بەهۆی خوێندنەوە سەفەری کردووە، دەیەوێت لەناشتنیدا ئامادە بێت، ئەو کەشتیەی ئەو بەرەو دانیمارك پێی دێتەوە، لەدەریادا نوقم دەبێت وهاملێتیش دەخنکێت.

غرترودی دایکی هاملێت بەدەستی کلۆدیس دەخنکێنرێت، لیرتس کە ترسناکاترین بکوژە لەلایەك باوکی خۆی دەکوژێت لەلایەکیتریش کلۆدیس دەکوژێت، بکوژی لیرتس دسەلاتی خوێنڕێژێکە ئارەزووی بەرەو مەرگە، بۆیە ڕوو دەکاتە عەرشەکەو دەڵێت "بچکۆلەکەم.. ئەگەر ژنیشم بهێنابوایە، نەمئەتوانی بچکۆلەیەکی وەکو تۆ بهێنمە دنیا" ئەو دیدە شکسپیریە لەڕاستیدا ژنە سیحربازەکانی ناو شانۆگەری ماکبێس دەخەنەوە بیرمان، بەلاّم دیدێکی شکسپیریەو خەزعەل سەر لەنوێ ویستویەتی بۆ ماناکانی دەسەڵات لەرێگەی مەرگەوە بنیاتی بنێت.

کلۆدیسی مامی هاملێت کە سێنتەری ناو تێکستە، ئەو سێنتەرە دەخاتە بەردەم هەڕەشەی لەناوچوون، ئەو سێنتەرەش دەگوازێتەوە ناو پەراوێزەکان، ئەوە گەر بەزمانی دریدا قسە بکەین، دەبێت بڵێن: سێنتەر کە کلۆدیسە هەڵوەشاوەتەوە، سەر لەنوێ ماناکانی دراوە بە غرترودو لیرتس ، ئەوان



لەهەڵوەشاندنەوەی سێنتەر، ئەو پەراوێزانەن کە بونیاد دەنووسنەوە، وەك چۆن هاملێت کەبووە بە پەراوێزی ناو تێکست بەهۆی ئامادەنەبوونیەوە، ئەو پەراوێزەوە دەباتە ئاستی چالاکردنی کارەکتەر.

پەراوێزێك لەتێگەیشتنی ژاك دریداوە لێی بڕوانینەوە تێدەگەین لەو ڕاستیەی، پەراوێز لەئاستی بونیادەوەیە، بۆیە لەکارەکاتەری هاملێت نامێنێتەوەو تواناى پەڕینەوەی هەیە بۆ کارەکتەری تر، وەك لەلای گۆرهەڵکەنەکە دەیبینین، کە کاری ئەو لەگۆرنانی پاشاکانە.

ئەوەش لێدانێکی ترە لەسێنتەر، ئەو دەمەی باس لەنەمریی دەکات، کەچی هەموویان بەدەستی خۆی لەگۆڕ دەنێت، بۆیە ئەو نەمریە دەبێتە پرسیارێك لەلای گۆڕ هەڵکەن، بەوەی: ئایا مردن نەمرییە؟

پرسیارێك دەبێتە کۆتایی شانۆگەریەکە، ئەو پرسیارە رووبەرووی کرانەوەی تەئویلێکی ترمان دەکاتەوە لەبارەی چەمکی نەمریی، کە دیدی چەسپاو بوونی نیە، بەڵکو وەرگر ڕووبەرووی ئەو پرسیارە کراوەتەوەن کە سەر لەنوێ مانای مەرگ و نەمریی لەڕێگەی خوێندنەوەی بۆ پاشاکان و مەرگیان بخاتە ڕوو.

بەگژداچوونەوەی ژیان ومەرگ دیدێکی کراوەی ئەم شانۆییە، ئەوە دیدێکی سریالیانەیە، لە زەمەنێك مرۆۋ تیایدا لەبەرامبەر

هەڕەشەی لەناوچوون وسڕینەوە بێت، مۆسیقا هەوڵێك نیە بۆ جوانی، بەڵكو پڕۆژەی بەگژداچوونەوەی مەرگە، مۆسیقا توانای ئەو رووبەروو بوونەوەیەی هەیە، مۆسیقارەكان لەمانای جەنگ تێدەگەن، ئەوان قوربانی جەنگن.. ئەوانە كارەكتەرەكانی ناو شانۆگەری (مۆسیقا زەردەكان)، تیپێكی مۆسیقی كەبریتین لەكۆمەڵە مرۆڤێكی ئیفلیج وشێت وبێوەژن وهونەرمەندی بێهیوا، نووسەری مۆسیقاكە هەموو شەوێك داوایان لێ دەكات مۆسیقا تایبەتیەكەی بۆ بژەنن، ئەم شەو مۆسیقاكە تێكەڵی دەنگی تەقینەوەو بەرەكانی جەنگ دەبێت، مایسترۆكە داوا لەنووسەرەكە دەكات كە ئەمشەو بواریان بدات وسبەی شەو بەردەوام دەبن لەسەر مۆسیقاكە، بەلام نووسەرەكە ناتوانێ داواكەیان قەبوول بكات، چونكە بەبێ ئەو مۆسیقایە ئەو ناتوانێ بخەوێت.

ئەوەی ڕێگا نادات مرۆڤەكان بمرن ئەوە مۆسیقایە، مۆسیقا پەیوەندی ئەوانە بە ژیانەوە، بەلای نووسەرەكەوە سەیرە كاتێ مرۆڤە ئیفلیجەكە گۆچانەكەی دەكەوێت و ناوی دەبات بەئامێری مۆسیقی، لەڕاستیدا ئەوان بە پێداویستیەكانی ژیان مۆسیقا دەژەنن، تەنانەت هەر پارچەیەكی جەستە توانای لێبوونەوەی هەیە، چونكە لەبنەرەتدا ئەو جەستەی نەماوە، بەڵكو ئەو جەستە دروستكراوانە مرۆڤێكی ئیفلیجی دروستكردووە،



مرۆڤێك پارچەكانی جەستە دەكاتەوە بە مۆسیقاو بەگژ جەنگەكان دەچێتەوە.

جەنگ كاتێ هەموو بەهاكان وێران دەكات، هەیمەنە دەكاتە سەر مۆسیقاش، بۆیە مۆسیقاش گوزارشت لەم دۆخە دەكات، نووسەرەكە درك بەو ڕاستیە ناكات، لەكاتێكدا پلیت بڕی هۆڵەكە دەیەوێت ئەو هۆشیاریەی پێبدات، ئەوەش لەمۆسیقای مۆسیقارەكانەوە دەردەكەوێت.

هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی خەڵكی بەرەو هۆڵی مۆسیقەیەكە نەیەنەوە، ئەگەر گرفتی ڕۆشنبیر لێرەدا لەوێنەیەكی سوریالی بخرێتە ڕوو، بەوەی كائینێكە دەیەوێت لەپانتایی هونەری بژیێت، بەلاّم ئەو كائینە پێویستی بە ئینتیماكردنە بۆ دۆخی كۆمەلاّیەتی ئەو كۆمەڵگایەی تیایدا دەژیێت، ئەوە چێژی خودیە كە نووسەر ئینتیما بۆ مۆسیقایەكی تایبەت دەكات، بەلاّم مۆسیقارەكان لەناو فەزای جەنگدا چیتر ناتوانن ئەم مۆسیقایە بژەنن، ئەوە ڕاستیەكەو دەبێت نووسەرەكە تێی بگات، بەلاّم ئاخۆ ئەو دان بەو ڕاستیە دەنێت، كە لەدۆخی جەنگدا مۆسیقا دەمرێ وئامێرە مۆسیقیەكان پەكیان دەكەوێت، وەك ئەو وێنەیەی لەسەرەتای

شانۆگەریەکەوە کە ئەوان ناتوانن ئەو مۆسیقایە بژەنن.

ئەوە مۆسیقایە توانای چارەسەری دۆخی نووسەرەکەو تیپە مۆسیقیەکەی هەیە، بەوەی دەبێت مۆسیقای مردن و مردووان بژەنرێت، ئەوەش ئەو کاتەی کە بێوەژنەکە نامەی هاوسەرەکەی نیشانی نووسەر دەدات کە بۆی ناردووە، بریتیە لەکۆمەڵە نۆتەیەکی مۆسیقی کە پارچە مۆسیقایەکە، نوسەر دەیەوێت نکوڵی لە نۆتەکان بکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە گوتاری مردووەکانە، مۆسیقای مردنە کە مردووەکان و مۆسیقارەکان ئەوانەی زیندووی ناو جەنگ بوون بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

ئێمە لێرەدا دیدێکی ڕوونمان بۆ دەخرێتە ڕوو، بەوەی مۆسیقارەکان کاتیٚ ناتوانن مۆسیقاکە بژەنن، پەیوەستە بە گۆڕانی دۆخی ژیان و ئاستەکانی، بۆیە پێویستە نۆتەی بێوەژنەکە بژەنن، کە بەنامەیەك لەلایان مێردە کوژراوەکەیەوە بۆی نێردراوە، ئەوە بەستنەوەی زەمەنی و کارەکتەرەکانی ناو شانۆگەریەکەیە، ئەوانەی ڕۆیشتوون و نەگەڕاونەتەوە، ئەوانەش کە ئێمە لەشانۆگەریەکەدا دەیانبینین و هیچیان پیٚ ناکرێت، ئەوە زەمەنی شەڕو مردن و وێرانەکانی ئینسانە.



نووسەری مۆسیقاکە وێنەیەکی دۆنکیشۆتانەی هەیە، سەرەنجام دەگاتە ئەوەی کە خۆی بەتەنیا مۆسیقا بژەنێت، ژەنینێك تەواو قووڵ بۆتەوە لەناو وێنەی مۆسیقاری، وێنەیەك خاڵی نیە لەگریانی منداڵ ودەنگی تر، ئەو دەنگانەی نەیهێشت مۆسیقارەکان مۆسیقا بژەنن، بۆیە نووسەرەکە وەك دۆنکیشۆتێك دەردەکەوێت، ئەو دەرکەوتنە بۆ خەزعەل ئەلماجدی لەپرۆسەی نووسین وەك کۆتایی دنیابینی ناو تێکستەکەی لەبڕی ووشەی کۆتایی دەنووسێت "هەموو شتێك تەواو بوو"

تەواو بوون بەمانای سەروەری مۆسیقارەکان وشکۆمەندی تیپە مۆسیقیەکەو کۆتایی دەرکەوتنی نووسەرەکە کە بە جۆرێکیتری شێتی دۆنکیشۆتانە کۆتایی هات، بەدوای ئەوەی شێتە مۆسیقیەکەی ناو برد بەوەی کە ئەو شێت نیە، ئەو وێنە تراژیدیەی کۆتایی گریانێکی مۆسیقیە بۆ دۆخێکی وێرانەی جەنگ، کە کۆتایی بە ئیرادەو ئارەزووی ژیاندۆستی وجوانی دێنێت.

پەیوەندی نووسەر بەژیار, پەیوەندیی ئێستای مرۆڤە بە یادەوەریەوە, ئەوە ئینتیمایە بۆ ڕابردوو, بەبیٚ ئەوەی ئەو ڕابردووە ببێتە گوتاری

ئامادەبوون, بەڵكو ئامادەيەكی نائامادەيە, لەهەمانكاتدا نائامادەيەكی ئامادەيە, ئەوە دواليزمی پێكهاتەيە بۆ هەردوو تێكستی (تالاَنكردنی فيردەوس) و (سيدرا).

عشتار لەئەفسانەی بابلی كە خودای خۆشەويستی وجوانيە, دەگەڕێتەوە ناو دۆخی ژيانی كۆمەلاَيەتی كۆمەڵگا, ئەوە بەشداريكردنی ژيارە لەناو دۆخێكی تراژيديی, ئەو دەمەی لەشانۆگەری (تالاَنكردنی فيردەوس) بەمەبەستی دەسكەوتنی شوێنەوارەكان, دوو شوێنەوار دەچنە ناو شوينەوارەكان, تا دەگەن بە پەيكەری عشتار, دواتر بۆ ئەوەی هەمان مانا ئەفسانەييەكان بگەڕێننەوەو بەهەمان سرووتی ئەفسانەكە ژيان دەدەنەوە بە عشتار, ژيانێك كە عشتار تەواو پێی نامۆيە, ئەوە نامۆبوونی ژيارە بە ئێستا.

بەوەی ئامادەبوونی يادەوەری ژيار. نائامادەبوونيەتی لەئێستادا, بۆ ڕزگار بوونی ئەو كۆمەڵگايەش دەيانەوێت عشتار نەچێتەوە ناو تابووتەكەی, بەلاَم بەهۆی ئەو تێگەيشتنە بۆ دنيای خواروو, دەبێت كەسێك لەشوێنی ئەودابێت, بۆ ئەوەش شوێنەواری يەكەم سوورە لەسەر مانەوەی لەتابووتدا, دواتر عشتار بەپێی نەريتی ئەفسانەييەكەی خۆی پێشنياری ئەوە



دەكات, كە هەر نيو ساڵێك يەكێكيان لەناو تابووتەكەدا بن, ئەوەش گەڕانەوەی مرۆڤەكانی ئێستا بۆ ناو ماناكانی يادەوەری بۆ ئەفسانە.

ئەو دەمە دەبينێت چ تراژيديايەك ڕووی لەو كۆمەڵگايە كردووە, كۆمەڵگايەك خۆی بەشداری لەتالانكردنی ژياری خۆی دەكات, ئەو دەمە عشتار باس لەوە دەكات, هۆكاری خەمناكی گۆرانيەكانمان پەيوەستە بەوەی ئامێری چەفەنگ كە بەشێكی لەژياری ئەم كۆمەڵگايە لەقولاَيی زەويدا نێژراوە, ژێيەكانی پچڕاوەو دواتر ئەو وێنە ڕەوانبێژيە تێكەڵی وێنەيەكی تەكنەلۆژيی دەبێت, بەوەی چۆن منالان لەڕێگەی كۆمپيوتەرەوە ياری و گۆرانی وتابلۆ بەكار دێنن, لەڕێگەی مۆبايل وكۆمپيوتەرو هيدفۆنەوە. ئەو وێنە تەكنەلۆژيە دەرخەری ململانێيەكی تری ژياريەو لەنێوان ئێستايەك لەگەل ژيارێك كە عشتار دێنێتەوە ناو ژيان, ژيانێك لەناو مانا ئەفسانەييەكانی ژيارو دۆخی تەكنەلۆژيی وتالانكاری ئێستای كۆمەڵگا دەكەونە ململانێوە, عشتار هاتووە بۆ ئەوەی بەشداری لەو ململانێيە بكات, ئەوەش ئامابوونی ژيارە لەيادەوەری كۆمەڵگا, يادەوەريەك دەبێت هێزو ووزەی بەرەنگاری هەبێت.

هەرچی شانۆگەری (سيدرا) يە ميكانيزمی كاركردنی نووسين لەم تێكستە بەتەواوی جياوازە, ئەگەر بۆ بابەت بگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەی سۆمەری.

بەتایبەت لەهەڵبژاردنی بۆ کارەکتەری سیدرا, ئەوا لەڕووی زمانی شیعریی وپەیوەندیی کارەکتەر دەیەوێت مانایەکی تر لەجیهانبینی شکسپیرەوە وەدەست بێنێتەوە, بەڵام نەك بەناوە شکسپیریەکەی, بەڵکو تەنیا لەڕووی سیفاتی کارەکتەرەوە, دێت کارەکتەرەکانی ناو ئەفسانە سۆمەریەکەی پێ دەنووسێتەوە, بەتایبەت (سام: هاملێت, یافت: ماکبێس, حام: ئۆتێللۆ, سیدرا: شالیر) تەنانەت بۆ لافاوی سۆمەری ویستویەتی لە زریانی شکسپیر نزیك ببێتەوە.

ئەو نزیك بوونەوەیە ئاوێتە بوون نیە لەگەڵ تێکستی شکسپیریی, هێندەی نووسینەوەی شانۆگەریەکی کلاسیکیە بە دیدێکی شیعریی شکسپیریانە, بۆیە دەبینین لەڕووی ئەتمۆسفێرو زمانەوە وەك خۆشی ئاماژەی بۆ دەکات لە پێنج دەقی شکسپیریی نزیك بۆتەوە ئەوانیش (هاملێت, شالیر, ماکبێس, ئۆتێللۆ, زریان).

هێڵی پەیوەندیی نێوان ئەفسانەی سۆمەریی ودنیابینی شکسپیریی توانای بنیاتنانی هێلێکیتری هەیە لە مانا, بەوەی سیدرا نووسینەوەی تێکستێکی مێژوویی نەبێت, بەڵکو تێکستێك بێت خاوەن سیستمێکی تایبەتمەندی گوتارە شانۆییەکە بێت, ئەگەرچی دەتوانین ناوی بەرین بە



دەقئاوێزانێك, بەلأم دەقئاوێزانێك لەڕێگەی ئاگاییەوە بەرهەم هاتووە.

نووسەر بەمەبەستەوە لەسەرەتاوە دێت ئیش لەسەر پەیوەندیەکان دەکاتەوە, ئیشکردنێك دەیەوێتی چەندە لەڕووی فەزای گشتی نزیك بێتەوە, هێندەش لەڕووی ماناوە دوور بکەوێتەوە.

بۆ ئینتیماکردنی دنیای ئەو ئەفسانەیە بە لافاوی سۆمەری دەست پێدەکات, ئەوە بابەتێکی ناسراوی ناو ئەفسانەکەیە, بەلأم تەواوبوونی لافاوەکە دەکاتە دەسپێکی شانۆگەریەکە تیایدا ئادەم وحەوا دەنێژرێن, ئەو سەرەتایە ڕووبەرووی مەجازیەتی زمانی وێنەییمان دەکاتەوە, بەوەی لافاو دوو گوناهبارەکەی سەر زەوی لەناودا.. زەویش ئەوانی قەبووڵ نەبوو, لافاو هات تا نەیەلێت لەسەر زەویش بن.

ئەو هەتیوو بوونەی ئینسان ڕووبەروو بوونەوەیە بۆ بازنەی مردن, چونکە دیمەنی دواتر سیدرا دەبینین لەبەردەم هەڕەشەی خەونەکەیەتی کە بینیویەتی, زەوبەکانی بەسەر سێ کوڕەکەی دابەش دەکات, ئەوە گەڕانەوەیە بەدەوەری بازنەی خوڵقاندنی مرۆڤ, چونکە تاوانی کوشتنی باوك بەدوای

ڕووداوەکان.. تاوانێکە براکان ئاراستەی یەکتری دەکەن.

ئێمە لەڕووی فۆڕم وناوەرۆکەوە دەبینین شانۆی شکسپیریی بۆتە زمانی بالآ لەناو ئەو تێکستە، لەلایەك دیمەنی لافاوەکە، وەك پێکهاتەی دیمەن لەشانۆگەری زریان نزیکمان دەکاتەوە، ئەو نزیکبوونەوەیە لێکچوواندنێکە کە هێلێکیتر بنیات دەنێت، ئەویش مردن وچەمکی فەنابوونە.

هەروەها کاتێ سیدرا زەوی بەسەر سێ کوڕەکەی دابەش دەکات، ئەوە گەڕانەوەیە بۆ ناو شانۆگەری شالیر، ئەو دەمەی شالیر میرات بەسەر سێ کچەکەی دابەش دەکات، تەنانەت گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو دیمەنەی نێوان شالیرو کۆردیلیا.

کۆردیلیا: هیچ گەورەم

لیر: هیچ؟

کۆردیلیا: هیچ

لیر: هیچ لە هیچەوە دێ.. قسە بکە.. دەی

کۆردیلیا: وەی لەخۆم دڵتەنگێ کە ناتوانم ڕازی دڵم بخەمە سەر زبانم: گەورەم من ئێوەم خۆش دەوێ.. خۆشەویستی فەرزەندێ بۆ باوکێ.. نەکەم و نە زۆرتر



لیر: چۆن.. چۆن کۆردیلیا؟ "شانۆگەری شالیر.. ولیەم شکسپیر، وەرگێرانی شێرزاد حەسەن"

لەشانۆگەری سیدرا، ئەم دیمەنە سەر لەنوێ داڕێژراوەتەوە، چۆتە پەیوەندی نێوان باوك وکوڕ، ئەو دەمەی هەمان دیدوخۆشەویستی کۆردیلیا بۆ باوك، لەلای هام بۆ باوك دووبارە دەبێتەوە.

سیدرا: ئێستا بچووکترین کوڕ وئازیزترینیان هام چی دەڵێت.

هام: هیچ

سیدرا: هیچ

هام: هیچ

سیدرا: یانی چی (هیچ) قسەیەکی ترمان بۆ بکە.

هام: نامەوێت دوو ڕوویت لەگەڵ بکەم، باوکە نەبادا قسەیەك بکەم وتۆ بەدڵت نەبێت.

سیدرا: قسەبکە، ئەوەچیە لەمنتان شاردۆتەوە؟

هام ووریای دەکاتەوەو کە براکانی خراپ تەئویلی خەونەکەی بۆ دەکەن، براکان بەمەبەستی دابەشکردن وخەڵەتاندنی تەئویلی خەونەکەی بۆ دەکەن، هام لەبەرامبەر باوك چارەنووسی وەك کۆردیلیای بەسەر دێت، چونکە باوك ناتوانێ لەساتەوەختی قسەکردن لەحەقیقەت بگات، ئەگەر

شالیر لەپیریدا لەوە گەیشت, بەلاّم سیدرا بەهۆی کوشتنەکەیەوە ئەو حەقیقەتە بە نادیاری لەلای دەمێنێتەوە, بەکوشتنی سیدرا نووسەر چەمکێکی نویٚ دێنێتە ناو زمانی تێکست, ئەویش کوشتنی باوکە, کوشتنێك لەناو بیرکردنەوە نامێنێتەوە, بەڵکو کوشتن پڕۆسەیەکە ئەنجام دەدرێت, سەرەتا هەریەك لەبراکان یەکتری بەو کوشتنە تاوانبار دەکەن, زیاتریش هام تاوانبار دەکرێت.

بەتاوانبارکردنی هام وێنەیەکی شکسپیریی دەخرێتە ڕوو, ئەو وەك ئاماژەمان بۆ کرد لەکۆردیلیا دەچێت, کە خۆشەویستی بۆ باوك بەڕادەیەکە ناتوانیٚ درۆ بکات, ڕاستگۆییەکانیشی بەرەو سەختی ژیان بردوویەتی.

لێرەدا ناتوانین چاوپۆشی لەو دیدە شکسپیریەی ناو شانۆگەری هاملێت بکەین, ئەگەر باوکی هاملێت بەدەستی هاوسەرەکەی وبراکەی بکوژرێت, ئەوا لەم شانۆگەریەدا عومرای برای سیدراو لیلیتی هاوسەری وێنەیەکیتری ڕووی ئەو ڕوانبنەن, ئەو دوانە حەزی بالاّبوون وادەکات دان بەوە بنێن, کە هەریەکەیان مەیلی بۆ ئەویتر هەبووە, لیلیت ژنێکە لەڕووی پێکهاتەی کارەکتەرو چڕکردنەوەی سیفاتی



غرترودی دایکی هاملێت ولیدی ماکبێسی تیا کۆبۆتەوە.

بەدوای کوشتنی باوك حالەتێکی ئۆدیبی لەکوڕەکان دەردەکەوێت, ئەوەش فریودانیانە لەلایان لیلیت, بۆیە سەرەتا هام ڕووبەرووی هۆگربوون دەبێتەوە بۆ لیلیتی هاوسەری سیدرا, لیلیت بەدوای مەرگی سیدرا دەیەویٚ تەواوی بازنەی پیاوەکان بەدەوری خۆی بسووڕێنێتەوە, کوڕەکان بکات بە ئۆدیبییەك بەدوای کوشتنی باوك هەموو ڕوو بکەنە ئەو.

بۆیە دەتوانێت تەواوی پیاوەکان فریوو بدات, هەمووشیان بخەڵەتێنیٚ, بەدەوری بازنەیەك بیانسووڕێنێتەوە, ئەوە دووبارە کردنەوەی گەمەیەکە کە لیلیت لەگەڵ هەریەکە لە پیاوەکان ئەنجامی دەدات.

ئەو گەمەیە بالاّبوونی لیلیتە لەناو لیدی ماکبێس, تەنانەت وەك شانۆگەری ماکبێس سیٚ جادووگەر سرووتێکی ئەهریمەنانە ئەنجام دەدەن, ئەو وێنەیە دەتوانین لەسیٚ ئاراستەی ماناوە سەیری بکەین.

مانای یەکەم بوونە لیدی ماکبێسیە, مانای دووەم گەمەکردنە لەگەڵ پیاو بۆ دەسەلاّت, مانای سێیەم ئاوێتەکردنی هەردوو ماناکایە بۆ خولْقاندنی

کارەکتەر کە لیلیتە، لیلیت کاتێ هەست دەکات حام کە کوڕی گەورەی سیدرایە هەڵناستێت بەتاوانی کوشتنی عومرا، گەمەکە بەمەداری پێچەوانەی بازنەکە دەخولێنێتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر عومرا ولەگەل ئەودا هەڵدەستن بەکوشتنی حام ویافت، ئەو دوو تاوانە تاڕادەیەکی زۆر دەمانگەیەنێتە حەقیقەتی ئەوەی کە هەر ئەوانیش لەپشت کوشتنی سیدراوە بن، هەرچەندە ئەو کوشتنە بواری بۆ براکان خۆش کرد بۆ نزیکبوونەوە لەدەسەڵات وتا ڕادەیەکیش خۆشحاڵ بوون، بەڵام سەرەنجام بکوژی ڕاستەقینە لەنێوان لیلیت و عومرایە، کە دوو براکەی تر دەکوژن و بەهۆی دۆخی کوشتنەوە هامیش بەرەو شێتی دەچێت، شێت بوونێک هەر لەشێتبوونی هاملێت دەچێت.

ئەگەر هەوڵی لیلیت بۆ وەدەست کەوتنی کتێبەکەی سیدرا بێت، دواجار دەتوانێ بەفریوودانی هام کتێبەکەی دەست بکەوێت، ئەوەش گەیشتنە ترۆپکی ئارەزووەکانیەتی لەنێوان کوشتن ودەستکەوتنی مەعریفە بۆ دەسەلاٌت، ئەو کوشتن ومەعریفە وەك دوانەیەك بۆ گەیشتنە دەسەلاٌت بەکار دێنێت، بەلاٌم ئەو توانای خوێندنەوەی زمانی



کتێبەکەی نیە، کاتێ عومراش ناتوانێ بۆی بخوێنێتەوە، هەوڵی خنکاندنی ئەویش دەدات.

گەیشتنە دەسەلاٌت ستراتیژێك نیە، بەقەد ئەوەی پرۆژەیەکی وێرانکاریە، کتێبەکە وەك تەوتەم وایە، بۆیە کاتێ دەیەوێت لەڕێی پیتەکانەوە کتێبەکە بخوێنێتەوە، چاوەکانی لەدەست دەدات وکوێر دەبێت.

لەو ساتەوەختەدا شانۆگەریەکە بەرەو کۆتایی دەچێت گەیشتۆتە ترۆپکی تراژیدیانەی خۆی، بەوەی خنکاوێك و دوو کوژراو و شێتێك لەگەڵ کوێرێك، ئەو تابلۆیە تێکەڵی دەنگێك دەبێت، دەنگەکە داوا لە سیدرا دەکات لەگۆڕ هەڵسێتەوەو تا ببینێت چۆن ئارەزووە شەیتانیەکان ڕووناکیەکانیان کوژاندۆتەوە، لافاو دەیەوێ هەڵبستێت و زەویش نوقم دەبێت، داواکردنە تاوەکو سیدرا فریای کەشتیەکەی بکەوێت بۆ رزگاربوونی مرۆڤەکانز

سووچێکی کەشتیەکە دەردەکەوێت کە سیدرا بزماری لێ دەدات، ئەوە بەهاناهاتنی دەنگەکەیە، هەولێکیتری ژیارە بۆ ڕزگاربوون لەمرۆڤی خراپەکار، ئەم کۆتاییە دیدێکی جیاوازمان بۆ دەخاتە ڕوو، جیاواز لەشانۆگەری (تالاٌنکردنی فیردەوس) بەلاٌم

**دیدێکە پەیوەستە بە ژیارەوە، بە چۆنیەتی پەیوەندیکردنی مرۆڤ لەئێستادا بە ژیار.**

**رووبەرووبوونەوەی ژیار لەگەڵ مەرگ بابەتێکی گرنگی ناو شانۆگەریەکانی خەزعەل ئەلماجدیە، بۆیە لەشانۆگەری (سەردنپاڵ) یش جارێکیتر ئەو بابەتە دەبێتە تەوەری سەرەکی تێکستی شانۆیی، بەبێ ئەوەی هەوڵی نووسینەوەی ئەو مێژووە بدات، بەڵکو ئەو مێژووەی ئاشوری وکەوتنی ئیمبراتۆریەتەکەی دەکاتە زەمینەی تێکستێکی شانۆیی، کەمەبەستیشی بەشداریکردنی ئاگایی ژیارە لەئاگایی ئێستای مرۆڤەکان، ئەوەش چەندە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو هێندەش قسەکردنەوەیە لەئێستا، بەوەی لەنێوان زەمەنی ئەفسانەو ئێستای ئێمە چۆن بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێین، ئەوەش بەشێکی سەرەکی لەئەزموونی تیۆریزەکردنی شانۆیی ئەو نووسەرە پێک دێنێت، کە تەواوی کارەکان وەك سەرەتا ئامارژەمان بۆکرد پۆلین دەکاتە سەر سێ قۆناغی سەرەکی، هەر قۆناغێك، زادەی تێگەیشتن ودیدی شانۆییەتی بۆ ئەفسانەو ژیارو ئێستا، کە لەمۆتیڤی وێنەییدا بەناو شیعر بەیەکدا دەچن، ئەوەش لەتیۆریزەکردنی تێکستەکانی وێنەیەکی ڕوونی شانۆگەریەکانی دەخاتە ڕوو.**

# شانۆ و بیرکردنەوە

ئاخۆ پرۆسەی بیرکردنەوە پەیوەستە بە ئاگایی شانۆی ئێمەوە؟ ئەو ئاگاییە شانۆییە چییە کە وا دەکات شانۆکاری کورد ببێتە خاوەن دەسەڵاتێك کە مەعریفە بەرهەم بینێت؟ ئاخۆ مەعریفە توانای بەرهەمهێنانی دەسەڵاتی تایبەت بەخۆی هەیە؟ ئاخۆ ئەو چەمکە فەلسەفییەی فەیلەسوفی فەڕەنسی میشێل فۆکۆ تاچەند دەتوانێ بونیادی نەستی شانۆکاری کورد بخوێنێتەوە، بەوەی مەعریفە توانای خوڵقاندنی دەسەڵاتی هەیە و دەسەڵاتیش مەعریفە بەرهەم دێنێتەوە.

ئەو کاتانەی باس لە چەمکی دەسەڵات و مەعریفە دەکەین دەبێت بڕوامان بەو تێگەیشتنە تیۆرییەی فۆکۆ هەبێت کە دەسەڵات ناو دەبات بە پەیوەندیەکانی هێز.

دەی کەوایە با بپرسین: پەیوەندیەکانی هێز لە مەعریفەی شانۆی ئێمەدا لەکوێدایە؟ ئەی ئەو پەیوەندیە لەکوێوەی دەسەڵاتی شانۆکار بەدی دەکەین؟

ئەو کاتانەی دەبینین شانۆ نەبۆتە کولتورێك لەکۆمەڵگای کوردیی دەکەوینە ناو پرۆسەی گومانەوە بەوەی ئێمە شانۆ وەك پرۆسەیەکی



ئیبداعی بیرکردنەوە لەناو زهنی کۆمەڵگاکەمان ئامادەبوونی نیە.

ئامادەبوون بەواتای ئەوەی شانۆ کولتورێك نیە لەکۆمەڵگای کوردیی، بەکولتور نەبوونی شانۆ واتە شانۆ هونەرێکی لاوەکی ناو ژیانی مرۆڤەکانە و هیچ گرنگییەکی لەژیانی ئەودا نیە، کە لەژیانی مرۆڤەکانیش گرنگ نەبوو، مانای وایە پەیوەندیەکانی هێز لەبەردەم هەردوو چەمکی دەسەڵات ومەعریفە تێگەیشتنێکە بوونی نیە.

ئێمە دەبێت ووردبینتر سەیری ئەو بابەتە بکەین ئاخۆ ئەوە چ مەعریفەیەکە شانۆکار هەیەتی توانای خوڵقاندنی دەسەڵاتی هەیە؟ گرفتەکە لەوەیە شانۆ بەشێك نیە لە کولتوری کوردیی، هەموو ئەو دەستەواژانەی پێمان دەڵێن شانۆ لەهەناوی کولتوریی ئێمە بوونی هەیە، دەستەواژەی دەمامکدارن، چونکە تۆ کە لەژیانتدا دەرگات لە کولتور لەناو شانۆ نەکردبێتەوە، بەتەنیا شانۆت وەك ڕووبەری مۆزەخانەیەك بینیبێت کە فۆلکلۆری تیا نمایش بکەیت و ئێستای تیا بکوژیت لەپێناو زیندووڕاگرتنی دوێنێ، بۆچی چاوەڕوانی ئەوە دەکەیت شانۆ کولتور بێت, کە مەعریفەی تۆ

مەعریفەی ئێستا نیە، ئەو ئێستایەی تیای دەژین، بەڵکو مەعریفەی گێڕانەوەی سەر زارەکی ڕابردووت خستۆتە ڕووبەری زەخرەفەیی.

ئەو بابەتە کێشەیەکی میتۆدیمان ڕووبەروو دەکاتەوە، کە دەسەڵاتی شانۆکار پەیوەندیی بە هێزی مەعریفەوە نیە، چونکە لە بنەڕەتدا مەعریفە بۆ خۆی لەناو کۆی پڕۆسەی گوماندایە، شانۆی ئێمە شانۆی زەمەنی غەیبانیە، غەیبانیەت بەو مانایەی هێشتا توانای خوڵقاندنی دەسەڵاتی شانۆییمان نیە، گرفتەکە لە نمایشەکان نیە، بەڵام چونکە نمایشەکان پرۆژەی بەردەوام نین بۆ عەقڵیەتێك، بەڵکو خەمی دروست کردنی نمایشێك بنیاتی ناون, لەلایەکیتریش نمایشەکان گرفتی مرۆڤی کوردیی لەیەکتر دەترازێنێٍت، ئەگەر ویستی زۆر لەو مرۆڤە نزیك بێتەوە پرسیارە شانۆییەکانی وون دەبن، بەهۆی ئەوەی هەستە ڕووکەشەکان دەخاتە سەر شانۆ بەبیٚ ئەوەی مەعریفەی شانۆیی لەو هەستەدا بوونی هەبێت، لەهەدێك باری تریشدا دەسەڵاتی شانۆیی ئەو پەیوەستە بە تێگەیشتنی بۆ شانۆ بە دابڕاو لە بونیادە کۆمەڵایەتیەکانی کولتورەوە.



ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێمە لەهەر قۆناغێکدا نەمانتوانیبێت ڕووبەرووی چەندین نمایشی ئاست بەرز ببینەوە، بەڵام کێشەی ئەو نمایشانە نەبوونی پڕۆژەیەکی بەردەوام و کارنەکردنە لەسەر ئەو تێگەیشتنەی کە شانۆ هونەرێکی شاریە، نەوەك هونەری قۆناغی کشتوکاڵی و بەرهەمی عەقڵی گوند بیت کە ئەو ڕوانینە زۆر بەتوندی لەشانۆی ئێمە بوونی هەیە.

بۆیە بیرکردنەوەی شانۆییمان پڕۆسەی تیفکرین نیە لە خوێندنەوەی بونیادی نەستی بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردیی، بەڵکو سەرسام بوون بە تێکستێکی شانۆیی یاخود هەوڵدان بۆ فۆڕمێك هۆکاری پشت کارکردنە لە پێناو بنیاتنانی نمایشێکی شانۆیی.

لێرەدا ئەوە وەستانی زەمەنی کارکردن نیە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بە ئاگاهاتنەوە کە بۆچی شانۆی ئێمە خاوەنی دەسەڵاتێك نیە کە لەکۆمەڵگادا ئەو هونەرە بکاتە کولتور و کۆمەڵگا بە بەشێك لەخۆی بزانێت تا شانۆ نەبێتە کولتور لەناو کۆمەڵگا هەمیشە ئێمە لە هونەرێکدا کار دەکەین کە لە دەرەوەی کۆمەڵگادایە و هەموو کارکردنێك شتێك نیە جگە لە خۆخافلاٚندنیك کە تەنیا لە یاریەکی منالاٚنە دەچێت

کەوا ڕووبەر و ئاراستەکانی پەیوەستە بە فانتازیای خەیاڵی یاریەکە، دەنا هەر هێندەی مناڵەکە دەستی لە یاریەکە هەڵگرت فانتازیاکەش کۆتایی دێت.

ئێمە لەم کتێبەدا دەمانەوێت لەسێ گۆشە نیگاوە لەپرۆژەی بیرکردنەوە بدوێین، کە هەر سێکیان دەچنەوە ناو پرۆژەی شانۆ وبیرکردنەوە بەهۆی ئەوەی لەسەرەتاوە بیرکردنەوە دەمانبات بەرەو پرۆژەیەکی پێشنیارکراو، کە قسەکردنە لەپێناو گەڕان بەدوای فۆرم و شێوازێکیتری شانۆیی، کە لە بنەڕەتدا ئەوەی ئەو فۆرمە پێشنیار دەکات، پەیوەستە بە مەعریفە و ئاگایی دوو شێوازی شانۆیی.

ئەو دەمەی پێشنیاری پرۆژەیەکی شانۆیی دەکەین، کە لەنێوان شانۆی مۆنۆدراما و شانۆی وێنەییە، کە بنەماکانی لەئەزموونی شانۆی خۆرئاوایی و کارەکانی ئارتۆ وگرۆتۆفسکی و شاینا وکانتور سەرچاوەی گرتووە، کە لەلای ئێمە سەرچاوە بنەڕەتیەکان فەرامۆش کراون و چووینەتەوە سەر ئەزموونی شانۆکاری عێراقی د. صەلاح ئەلقەسەب بۆیە لەو بەشەیاندا ئیش لەسەر ئەوە دەکەین کە چۆن ڕەخنە ئاراستەی ئەو تێگەیشتنە بکەین کە



تازەگەری لەو شانۆکارە عیراقیەوە دەبینین، ئەوەش سەرەتا بەڕەخنەگرتن لەخۆمان دەستی پێدەکەین لەو ڕابردووەی کە پێشتر خستومانەتە ڕوو، ئەوە بەشێکیتری پرۆژەی بیرکردنەوەیە.

بیرکردنەوە بەبێ پرۆسەی گومان توانای خولقاندنی نابێت، وەك چۆن بەدوای ئەو پرۆسەی گومانکاریە دێینە سەر بابەتێکی کولتووریی، کە دیدێکی کۆمەڵناسیانەیە بۆ چەمکی کولتور.

ئەویش قسەکردنەوەیە لەو ڕەهەندە کولتوریەی سیاسیەکان دەیانەوێ کولتووری تیا زەوت بکەن، لەوەشدا ئەردۆگان وەك دەسەڵاتێك بەو نموونەیە دێنینەوە و قسە لەکولتر دەکەین وەك بابەتێکی شانۆیی.

ئەوەی ئەردۆگان و ناوەندە کولتوریەکەی دەیکەن بە ووردە کولتور ئەو ووردە کولتورە چۆن لەشانۆدا ئامادەبوونی خۆی نیشان دەدات، بەو پێیەی زمان بونیادێکی سەرەکی ناو کولتورە.

بۆیە باشترین دۆخێك کە ئەو ئێستایەی پێبخوێنینەوە شانۆگەری "زمانی چیا" ی هارۆڵد بنتەر، کە وێنەیەکی ڕوونی پەیوەندیی کولتور وبیرکردنەوەی شانۆییمان بەرجەستە دەکات..

لێرەوە ئیشکردنی ئێمە دەچێتە سەر دوو ئاست ئاستی یەکەمیان پەیوەندیی بە شانۆگەریەکەی بنتەرەوە هەیە، ئاستی دووەمیش ئیشکردنی کولتوریە لەتەك ئاینی زەردەشتی، کە ئەردۆگان کورد بەبەرهەمی ئەو ئاینە ناو دەبات، کە لێرەوە چارەسەری ئیشکالیەتی کولتووری و شانۆیی باس دەکەین.

## مۆنۆدرامای خەون: پێشنیارێکی شانۆیی

بۆ ئەوەی بتوانین لەبونیادەکانی ئەو پێشنیارە نزیک ببینەوە، پێوستە سەرەتا ستراتیژیی ئەو فۆڕمە بخەینە ڕوو، کە مەبەستمان لەو فۆڕمە ناتەبایە چیە؟

بۆ ئەوەی گوتارێکیتر بنیات بنێین، بانگەشە بۆ دروست کردنی شانۆیەکی تایبەت ناکەین، چونکە ئەوەیان کارێک نیە بە بانگەشەکردن دروست بکرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە چۆنیەتی بیرکردنەوەیە لە پڕۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ، پڕۆژەیەک زادەی خەیاڵی کارکردن وگەڕان بێت لەناو ڕووبەی نمایشدا نەوەکو بانگەشەکردنی پشت کورسی ومێز بێت.

بۆ ئەوەی باس لەو پێشنیارە شانۆییە بکەین هەر لەسەرەتاوە ئەوە دەخەینە ڕوو کە ئەوەی لەپشت ئەو بیرکردنەوەیە وەستاوە، شانۆی مۆنۆدراما و شانۆی بینین "وێنەگەرایی" ە, بەواتای لەنێوان ئەو دوو فۆڕمە شانۆییە دەمانەوێ دەروازەیەکیتر بدۆزینەوە بۆ مانای سێیەم کە ناوی دەبەین بە مۆنۆدرامای خەون.

لەڕووی مەعریفەی بەراییەوە ئەوە دەخەینە ڕوو کە مۆنۆدراما شانۆی تاکە ئەکتەری چ لەسەرەتای



دەرکەوتنی شانۆ کاتێک ئەکتەرێک بەتەنیا شانۆی کردووە، تا دەگاتە ئەوەی ئەکتەری ئەڵمانی ژۆهان براندیز ویستی شانۆ بکاتە شانۆی تاکە ئەکتەری و تەواوی چیرۆکەکان لەڕێگەی یەک ئەکتەرەوە بەرجەستە بکات، کە دواتر ئەوەیان تیۆریزە کراو لەفەرهەنگی شانۆیی وەک شانۆی مۆنۆدراما ناسرا.

شانۆگەری "گۆرانی چایکا" ی چیخۆف وەک دیارترین نمونەی ئەو شانۆیە دەرکەوتووە، کاتێک ئەکتەرێک هەڵدەستێ بە نواندنی کۆمەڵە کارەکتەرێک، کە شانۆی مۆنۆدراما سیما وتایبەتمەندیەکانی بەڕادەیەکی هێندە تیۆریی ڕوونە هەمیشە دەرهێنەر و ئەکتەرەکان بۆ سەپاندنی تواناکانیان پەنای بۆ دەبەن.

ڕەنگە بۆ ڕەخنەگرانیش خوێندنەوەی نمایشی مۆنۆدرامی وەک خوێندنەوەی مەنەلۆژی درێژی مرۆڤ بەتایبەت لەڕووی دەروونی وگوزارشت ئامێزەوە بوارێک بکاتەوە کە ڕەخنەگر بتوانێ مەعریفەی تیۆریی خۆی بکاتە پاڵپشتی بۆ خوێندنەوەی نمایش.

هەرچی شانۆی بینین "وێنەگەرایی" ە شانۆیەکە پشت بە وێنەی بینراو دەبەستێت و لەڕێگەی بینین

**ودیدگای شێوەکاری و نزیك بوونەوە لەهونەرەکانی بینین خۆی دەخاتە ڕوو، ئەو شانۆیە توانای ئەوەی هەیە دنیای نەستی مرۆڤەکان نیشان بدات، تاکە ڕابەر وبنیاتنەرێکیشی نیە، زەمینەکەی خەونی شانۆیی ئەنتوان ئارتۆ بوو، دواتر گۆردن گریك و گرۆتۆفسکی و پیتەر بروك، لەئەمڕۆشدا ڕۆبرت ویلسن و تاداشی سوزوکی دیارترین ناوەکانی ئەو شانۆیەن.**

**بەبێ فەرامۆشکردنی شانۆی وێنەگەرایی دانیمارکی ئەزموونێکی فەلسەفی ئەو شانۆییە، کە ئێستا گرنگی خۆی لەسەر نەخشەی شانۆی بینین لەدنیادا هەیە.**

**ئێمە کاتێك لەبەردەم ئەو دوو فۆڕمە شانۆییە کە یەکێکیان دایەلۆگی درێژی ئەکتەرێك ونواندنی کەسێتیەکانە، ئەویتریشیان شانۆیەکە تەواو هاودژ دەیالۆگ بەهای نیە، ئەوەی بەهای هەیە بریتیە لە گوتاری بینین، ئەو دەمە لەخۆمان دەپرسین: ئاخۆ چۆن لەنێوان ئەو دووانە پێشنیارێکی شانۆیی بخەینە ڕوو, کە نەپەیوەست بێت بە مانا مۆنۆدرامیەکە مەنەلۆژی کارەکتەر، نە پەیوەستیش بێت بە ماناکەیتر لەشانۆی وێنەگەرایی کە**



**ئەکتەرەکان لەڕێگەی پەیوەندیان بە یەکتری و بە سینۆگرافیاوە ڕەهەندە دەلالیە شێوەکاریەکان بخولقێنن.**

**کەواتە مانای سێیەم بۆ ئێمە ئەو پێشنیارە شانۆییە کە دەیخەینە ڕوو، ئێستا پێویستە بپرسین: مانای سێیەم چیە؟ بۆچی ناوی دەبەین بە مۆنۆدرامای خەون؟ ئاخۆ ئەوە هەر مۆنۆدرامایە؟ یاخود شانۆی بینینە لەڕێگەی ئەو خەونە نەستیەی ئەو شانۆیە نیشانی دەدات؟**

**سەرەتا بۆ ئەوەی لەمانا زاراوەییەکەی مۆنۆدرامای خەون تێبگەین، جارێ مانا زاراوەییەکەی لەرووبەری کارکردن ڕوون دەکەینەوە، دواتر دێینە سەر مانا فەرهەنگیەکەی.**

**ئێمە ئەوەی لە مۆنۆدرامای وەردەگرین تەنیا هونەری تاکە ئەکتەریە، بەواتای لەڕووی فۆڕمەوە تەنیا لێکچوواندنێك هەبێت ئەوەیە وەك شانۆی مۆنۆدرامی یەك ئەکتەر نواندن دەکات، هەرچی پەیوەستە بە تەکنیکی خەون ئەوە تاکە بونیادێکی شانۆی وێنەگەرایە کە نەست وێنای پێکهاتەی نمایش دەکات، ئەو دووانە وەك مانای زاراوەیی بۆ پێشنیارە شانۆییەکەمان مانای ڕووکەشانەیە لە**

پڕۆسەی خوێندنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی قووڵ وفەلسەفیانە بچینە ناو باسەکەوە، دەبێت لەمانا فەرهەنگیەکەی تێگەیشتن بۆ مۆنۆدراما و بینین قسە بکەین، بەدوای قسەکردن لەمانا فەرهەنگیەکەی دەتوانین دید وڕوانینی خۆمان لەو پێشنیارە نیشان بدەین.

مانا فەرهەنگیەکەی ئەو دوانە وەستانەوەیە بەڕووی گوتاری فەلسەفیانە بۆ زەمەن، بەوەی ئامادەبوونی من لەئێستادا بەگژداچوونەوەی یادەوەریی و وێناکردنەوەی دنیایەکترە بۆ داهاتوو، داهاتوو ئەوە نیە کە دواتر دێت، بەڵکو داهاتوو ئەو ترسەیە کە هەمیشە منی مرۆڤ ترسم لەهاتنی هەیە، ئەوە ساتەوەختێکی گریمانکراوە، کە دەبێتە پێکهاتەی مانا فەرهەنگیەکەی.

ئەو مانا فەرهەنگیە دەرگا کردنەوەیە لە مانای سێیەم کە مانای یەکەم دووەم مۆنۆدراما وبینین جێ دێلێت و بۆ خۆی مانایەکی نوێ دێنێتە بوون، ناوبردنیشی بە خەون پەیوەستە بەو وێناکردنە ئایندەخوازیەی کارەکتەر لەبەردەم خۆیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆیە مانای سێیەم هەڵدەستێ بە کوشتنی هەردوو ماناکەی پێش



خۆی، کوشتنی ماناکان بەواتای ئینتیما نەکردن بۆ هەردوو شێوازی مۆنۆدراما و بینین، بەڵکو خۆی خوڵقاندنەوە پێک دێنێت و ئەوەی لەماناکانی ئەو دوانەش نزیکی بکاتەوە تەنیا نزیکی زاراوەییە وهیچیتر.

خەون بونیادی سەرەکی گوتاری نمایش پێک دێنێت، خەون نایەت خۆی وەك شێوەیەکی سوونەتی بخاتە ڕوو، بەهۆی بونیادی نەستیەوە هەمیشە بەدوای شێوەی ناتەبا دەگەڕێت، هیچ کاتێک فۆڕنێکی ئامادە ناهێنێت بۆ نمایش، بەڵکو لەگەڕاندایە بەوەی چیرۆك چۆن دەگێڕێتەوە، گێڕانەوە لەڕێگەی بینینی گوتاری نمایشە، ئەوەی دەیبیستین ووشەکان نین، تەنیا ئەو دەنگانەی ناو یادەوەرین.. دەنگی پاشماوەی خەونەکانی بوونەتە هەڵگری جەستەی منی مرۆڤ بەبێ گوێدانە ئەو ئینتیما زەمەنیە بۆ یادەوەری دەمەوێت بیانبەمە ناو داهاتوو.

ئەوەش پرسیارکردنە لە زەمەنی ئێستام کە زەمەنی نمایشی شانۆییە، ئەو زەمەنەیە لەگەڵ بینەران تیایدا ڕووبەڕووی یەکتری دەبینەوە، ئێستا دەوەستێنم و دەیکەمەوە گریمانەیەك بۆ بینەر کە

**من ئاوا ڕووبەرووی هەنوکەی خۆم دەبمەوە، بەیانییەك لەخەو هەڵدەستم و دنیا کەسی تیا نەماوە، هەموو شتێك بوونی هەیە، ئەوەی لەجێی خۆی نیە تەنیا مرۆڤەکانن، ئەوان چوون بۆ کویٚ؟ بۆ تەنیا من لێرە ماومەتەوە؟**

**بوونی من پرسیاری منە لە شوێنە ئەوە ئەو خەونە ترسناکەیە کە من بە درێژایی نمایش ڕووبەرووی دەبمەوە، دنیایەکی کافکاییانە ڕووبەرووی منی سەر شانۆ دەبێتەوە، لە گریگۆری سامسا دەچم، ئەو چۆن بەیانییەك لەخەو هەڵدەستێت و بۆتە جانجالۆکە، منیش بەیانییەك لەخەو هەڵدەستم و شوێن وەك خۆیەتی ئەوەی لەشوێنی خۆی نیە مرۆڤەکانن، لەڕێگەی کارتێکەرە دەنگیەکانەوە یاخود دەنگە نەستیەکانی خۆمەوە یادەوەری دێنمەوە ناو ئێستا تاوەکو خۆمی لیٚ دەرباز بکەم و وێنای داهاتوو بکەم کە بەچ ترسێکەوە دەڕۆمە ناو داهاتوو.**

**ئەو پێشنیارە بیست ساڵ پێش ئێستا ڕووبەرووم بۆوە، ئەو کات لە کورتە وتارێك لەگۆڤارێکدا هەندێك شتم تیا خستە ڕوو، بەلاٌم هەستم بەو لاوازییە فکرییەی دەکرد، بەهۆی ئەوەی هەندێك**



**ڕێسام لەناو نوسینەکە بەسەریدا سەپاندبوو، لەڕووی بنەماکانی نمایش، بەدوای بلاٌو بوونەوەی هەستم بەخەوشەکانی دەکرد، ناچار بێدەنگیم تیای کرد.**

**دەبوو ئەو ڕوانینە بۆ ئەوەی تۆکمە بێت دەبوو لەبیرۆکەی نووسینی پشت مێز دەربازی ببێت، بۆیە لەگەرمەی ئەزموونەکانی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك نۆ ساڵ بەر لەئێستا ئەو کارە لەنووسینی پشت مێزەوە گواستمانەوە ناو ڕووبەری نمایش ئەوە بوو کارێکی پێرفۆڕمانسی لێکەوتەوە بەناوی "ئەنتیگۆنای قەلاٌ" ئەوە سەرەتایەکی پراکتیکیانەی ئەو پێشنیارە بوو، بەیانییەك ئەنتیگۆنا لەگەڵ دەنگی خۆی خەبەری بۆتەوە، ئەو خەونی بینیووە لەخەونیدا لەگەڵ یەزدان خەوتووە و کە هەڵیش دەستێت دیدێکی نیتچەییانەی هەیە کە یەزدان مردووە، بەلاٌم ئەو خەونەکەی چۆتە ناو نمایش و ئێستا هەست دەکات بە سێکسی ناو خەونەکە سکی پڕ بووە، بۆیە هەموو هەوڵێکی بۆ لەباربردنی مناڵەکەی ناو سکیەتی.**

**ئەو سەرەتایە هەوڵێکی پراکیتیکی ئەو پێشنیارە شانۆییە بوو بۆ مۆنۆدرامای خەون، دووەمین هەولی**

پراکتیکی ئەو پێشنیارە بەناوی “دەبمە ئەکتەر لە چاوەڕوانی گۆدۆ” کارمان تیای کرد، هەڵبەت ئەو نمایشە تەواو بەرجەستەکردنی ئەو پێشنیارە شانۆییە بوو، بەڵام زۆرینە چاوەڕوانی مۆنۆدراما بوون وەك ئەوەی ناسیویەتی، یاخود شانۆیەکی بێدەنگ ببینێت، بەڵام لەدەرەوەی ئەو دوو مانایە ئەو کە نەتوانێ بەرەو مانای سێیەم بێت خێرا تووشی ڕاچەنین دەبێت، بەوەی نمایش لەدەرەوەی سیستمی گوتارە، لەڕاستیدا لەدەرەوەی سیستمی گوتاری مەعریفی ئەوانەیە کە توانای ئینتیمایان نیە بۆ مانای سێیەم.

ئەوە شتیك نیە داوا بکرێت، بەلکو پێویستی بە شانۆکار وەك کارەکتەرێکی مەعریفی و تێگەیشتن لە ئەزموون ولەو دیو ئەزموونەوە تۆ چیدەکەیت، بۆ ئەوەی ئەو وێنە کاریکاتۆریە نەبەخشین کە مامۆستایەکی پەیمانگا لەکۆمێنتێکی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان نووسیبووی "ئەوە نە مۆنۆدراما بوو نە بانتۆمایم" ڕێك ئەوە بوو کە ئێمەش ویستمان، بەڵام ئەگەر لەبەردەم ئەم کۆمێنتە بپرسین: دیمەنی بێدەنگی صامۆئیل بیکت چیە؟ مۆنۆدرامایە یان پانتۆمایم؟



لەڕاستیدا من چاوەڕوان بووم بەوە تۆمەتبار بکرێم کە فۆڕمی بیکت دەگوازمەوە، بەڵام دەرکەوتووە بەشێك لەوانەی لەناوەندە ئەکادیمیەکانن ئاگایان لە ئەکادیمیەتیش نیە، تەنیا خۆیان لەناو مەعریفەی سەرەتایی شانۆ بەند کردووە، ئەوە بێتاقەتمان ناکات، چونکە کاتێك تۆ بتەوێت شتێك بکەیت کە بوونی نەبێت، دەبێت ڕووبەرووی ئەو ئاستە لاوزایەی مەعریفەش ببیتەوە.

ئەو پێشنیارە شانۆیە خەونە.. خەونیش بەو پێیەی هونەرێکی نەستیە، بەواتای زمانێکی بێسنوورە زمانێك لەگەڵ ووشە ڕەفتار ناکات، چونکە دەزانێت ئاسۆکانی بیرکردنەوەی ووشە بریتیە لەتاکمانایی، بۆیە لەگەڵ جولە و دەنگدا ڕەفتار دەکات، ئەوە فرە ئاماژەیی بۆ دەخولقێنێت، ئەویش پەیوەستە بەو زمانە نەستیەی خەونەوە، زمانێك لەڕووی تەکنیکیشەوە پەیوەستە بە هونەرەکانی بینینن.

بۆیە وێنەی شانۆیی توانەوەی هونەرەکانە لەناو وێنەدا.. وێنەی شانۆیی بەتەنیا پەیوەست نیە بە بنەماکانی هونەری شانۆوە، دەڕواتە ناو هونەری سینەماوە، هونەری فۆتۆگراف و هونەری شێوەکاری دەهێنێتەوە ناو وێنەی شانۆیی، ئەوە

**توانەوەی هونەرەکانە لەناو هونەرێکی شانۆیی کە هەڵگری پرسیاری فەلسەفیانەی مرۆڤ بێت لە ئێستادا.**
**ئەو داهاتووە چییە کە من هەمیشە لێی دەترسم؟ کاتێك لەڕێگەی وێنەکانەوە وێنای تەواو داهاتوو دەکەم بۆچی ئێستام دەبێتە بینینی داهاتوو؟**
**ئەو ئێستایەی تیای پرسیار دەکەین، گومانکردنە لەو غەیبانیەتەی وێنای یۆتۆپیا دەکات لەژیانمان، خواوەند لەچەمکێکی ڕۆحانیەوە بەرەو غەیبانیەت دەبات، ئەوە شانۆیەك نیە بەدژی ڕۆحانیەت، بەڵکو دەرکردنی غەیبانیەتە لەناو ڕۆحەوە، تاوەکو پرسیارەکانی ئێمە لەناو نادیار نەمێننەوە، ئەو بەهەشتەی حزبە مارکسیەکان بە گۆڕینی سیستم ناوی دەبەن و جیهادیەکان بە مردن و زیندووبونەوەی دوای مردن وێنای دەکەن، نمایش بۆمان دەخاتە ڕوو، کە ئێمە بوونی مرۆییمان ڕووبەڕووی پرسیاری ئەخلاقی بۆتەوە لەبەردەم تراژیدیادا، ئەگەر ئەنتیگۆنای قەلاّ بەهۆی خەونێکەوە سکی پڕ ببێت ئەو چی لەگۆڕینی سیستم بکات و بەهەشتی دوای مەرگ بۆ ئەو مانای چیە، کە لەئێستادا ژیانی دۆزەخ بێت؟**



**ڕەنگە ئەو پرسیارە بەس بێت بۆ ئەوەی نمایش ڕووبەری سکێچ و تێکستی نووسراوی کاغەز بەجیٚ بێلێت ولەناو ڕووبەری مەشقەکاندا نمایش بنووسێتەوە، ئەوەش خولْقاندنەوەیەکی شانۆییە نەوەکو ئەدەبی بێت، گەشتێکی مرۆڤە بەناو کولتور وئەفسانەدا.**
**بەیەکداچوونە بەناو مەعریفە جیاوازەکاندا، سەفەری گەریدەیەکی خەیاڵە، بینینی شارە خەیاڵیەکانی زیهنی مرۆڤێکی شاعیرە کە هەرگیز شیعر نانووسێتەوە و وێنە شانۆییەکانی شیعریی فەزا بەرهەم دێنێت تاوەکو نمایش بریتی بێت لە شیعرێکی فەلسەفی کە پەیوەست بێت بە پرسیارە ئەخلاقی وکۆمەلاّیەتیەکانمان، ئەوە نووسینەوەیەکیتری خودی تێکشکاوە، نوسینێك بە فۆڕم وشێوەیەکی جیاواز دەیەوێت بێتە دنیا و دواتر وەك پێشنیارێکی شانۆیی خۆی نمایشت دەکات.**

## صلاح القصب و گەڕان بەدوای تازەگەری

سەختە مرۆڤ بتوانێ بیر لەیادەوەری کارکردنی بکاتەوە ودانبە هەڵە تێگەیشتنەکانی بێنێت، بەڵام کاتێک لەکاری هونەری قوڵدەبیتەوە و باشتر ڕووبەندی گومانی سەر چەمك وشێوازەکانت بۆ لا دەچێت، ئەو کاتە باشتر دەتوانی لەسالآنی ڕابردوو تێبگەیت، وەك چۆن دەبینیت نەوەکان بەهەمان شێوە تێدەپەڕن.

لەم ماوەیە بینیم زۆر بەتوندی گەنجانێك قسەیان لەسەر ئەزموونی شانۆکار عێراقی د. صلاح القصب دەکرد و تا کار گەیشتە سەر سازدانی سیمینار و وەرگێڕانی وتار بۆ سەر زمانی کوردیی، تائێره بابەتەکە بۆ من جێگەی دڵخۆشیە، چونکە پەیوەستە بە سوور بوون لەسەر تێگەیشتن لەشانۆ، بەڵام بەشی دووەمی گفتوگۆکان ڕاینەگرتم، بەڵکو هەندێك شتی سالآنی ڕابردووی بیر هێنامەوە، وای کرد کە بیر لەو ڕۆژگارە بکەمەوە، کە بەهەمان شێوە داکۆکیمان لەئەزموونی شانۆی وێنەیی و ئەو شانۆکارە عێراقیە دەکرد.

دیارە ئەزمونی ئەو شانۆکارە عێراقیە پێگەیەکی گرنگی لەنەخشەی شانۆی عێراقی وعەرەبی



جێهێشتووەو لەنیوەی دەیەی هەشتاکان کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر نەخشەی شانۆی ئەزموونگەری کوردیشەوە جێهێشووە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە لەئێستا نەوەی نوێ نەتوانێ درکی پەردەی نێوان تیۆرە مەعریفیەکانی شانۆ بکات و قووڵتر سەیری ئەو ئەزموونە بکات.

لەکۆتایی هەشتاکان ئەو کاتەی سیماکانی ئەزموونکاریەت لەشانۆی کوردیی بەتەواوی دەرکەوتبوو، ئێمەش گەنجانێك بووین سەرەتامان بوو دەمانویست بێینە ناو شانۆ، هەڵبەت ئەوەی لەبەردەستدا بوو سەرچاوەیەکی ئەوتۆ نەبوو، هەر لەو سالآنەدابوو ئازاد بەرزنجی لەڕۆژنامەی ئاسۆ بەیاننامەی دووەمی شانۆی وێنەیی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردیی، بۆ ئێمە ئەو جۆرە نووسینانە وەك دەروازەیەك بوو تا بتوانین جیاواز تێبفکرین لەشانۆ، بەڵام میکانیزمەکەشمان وون بوو، چونکە کەمی بینین و تێنەگەیشتن لەقوولآیی تیۆرەکان وای دەکرد لەزۆر شت تێنەگەین، لەگەڵ ئەوەشدا خەمی گەیشتن بە جیهانی کەشفنەکراو هەر لەگەڵ خۆی دەیبردین، ئێمە نەوەیەك بووین خەونمان دەبینی، بەڵام گرفتەکەمان ئەوە بوو نەماندەزانی خەون خۆی چیە؟

هێندەی نەبرد ڕاپەرین هات، سەر شانۆکان پڕ بوون لەدرووشمی شۆڕشگێڕێتی شانۆ بوونی نەما، لەو

رۆژگارەدا ئێمە کە خەونمان هەبوو، سەرەتای تێگەیشتنمان کەوتینە ناو فەزای کارکردن، بەڵام سەخت بوو دیسان تێبگەین ئەو دەمەی لەگەڵ شانۆکار فواد جەلال کەوتینە مەشقی کارکردن لەشانۆگەری "ئەمیبای کەلاوەکان" ئەو ڕۆژگارە زۆر گەنج هەبوو خێرا پرۆڤەکانیان بەجێهیشت، ئەو دەرهێنەرە دەیویست شتێکمان بۆ بخاتە ڕوو، لەڕاستیدا ئێمە لەناو نوسینەکانی صلاح القصب بەدوای دەگەڕاین، هەندێکجار پێمان خۆشبوو بیانوتبا کارەکەیان ئەزموونی شانۆی وێنەییە، چونکە ئێمە ئەو کاتە هەستمان دەکرد لەناو گوتاری تازەگەریداین.

هێندەی نەبرد ئەفسانەی شۆڕش کاڵبۆوە، شەڕی حزبە کوردیەکان دەستی پێکرد، ئێمەش خەونەکەمان هەر لەگەڵ بوو، کە واماندەزانی لەگەڵ ڕاپەڕین دێتە دی، دواتر تێگەیشتین لەگەڵ شەڕی حزبە کوردیەکان دەستی پیکرد، لەو ڕۆژگارەدا من بۆخۆم کە بڕیاری کارکردنم دابوو وەك دەرهێنەر داکۆکی قوولّم لە شانۆی وێنەیی و شانۆی ڕەشی چیکسلۆفاکی دەکرد، کەوتمە نووسین لەبارەی ئەزموونی شانۆی وێنەیی صلاح القصب و داکۆکی



توندم لەو ئەزموونە کرد ئەوە بوو چەندین وتارم لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دەیەی نەوەتەکانی سەدەی بیستەم بڵاو کردەوە لە "گۆڤاری ڕامان، کوردستانی نوێ، ڕێگای کوردستان، گۆڤاری کاروان، ئاڵای ئازادی، وڵات" دەستمان بەکارکردن کرد، لەپاڵ کارە پراکتیکیەکان قسەمان لەشانۆری وێنەیی دەکرد وەك کاریزمایەکیش لە صلاح القصبمان دەڕوانی، گرفتەکە ئەوە بوو ئێمە بۆ شانۆی ئەزموونگەری لەمانیفێست و وتارەکانی ئەو شانۆکارەوە سەیری شانۆمان دەکرد، بەواتای هەر لەسەرەتاوە سەرچاوە لەلای ئێمە وون بوو، هێندە هەبوو دەمانزانی زەمینەکەی لەلای گۆردن گریك وساندامانۆ و ئارتۆ و بروکە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو شانۆکارە عێراقیە خۆی وای دەووت نەك ئێمە بەدوای گەڕابین.

لەم ساڵانەی دوایی دوو کردە کە دەتوانم بۆ ژیانی هونەریم بە دوو ڕووداوی سەیر ناوی بەرم، یەکەمیان شەوێکیان لە بەغدا لەگەڵ هاوڕێیەکی شانۆکار لەڕێگەی تۆماری فیدیۆیی سەیری شانۆگەری "خەمەکانی لێبوکی سێرك" مان دەکرد کە لەنیوەی هەشتاکان وەك ئەزموونێکی دیاری

شانۆی وێنه قەسەب كاری تیا كردبوو ئێمەش زۆرمان لەبارەی خوێندبۆوە، تاڕادەی سەرسامیەك كە تەواوی زاكیرەمانی داگیر كردبوو، بەڵام كاتێك فیدیۆی ئەو نمایشەمان بینی، نهێنیەك دەركەوت ئەوەی لەنووسیندایە شتیكە و نمایش لەئاقارێكیترە، كەوتمە گومان كردن لە ڕۆشنبیریی هەموو ئەوانەی لەبارەی ئەو كارەوە نووسیویانە، دەشێت ئەو نمایشە بۆ شانۆی عێراقی ئەو ساتەوەختە گرنگ بوو بێت، بەڵام دۆزینەوەی ئەو گەوهەرە نیە كە باسی لێوە كرا.

ڕووداوی دووەم پەیوەستە بەكاتی نووسینی كتێبێكمەوە بەناوی "شانۆی نوێی پۆڵەندی" دیارە بەهۆی نووسینی ئەو كتێبەوە ساڵانێكی زۆر خەریكی خوێندنەوە و سەیر كردنی فیدیۆی نمایشەكانی شانۆی پۆڵەندی و بەتایبەت نوسین و نمایشەكانی "گرۆتۆفسكی و شاینا و كانتور و گیگێۆفسكی" بوومە.

كاتێك لەنووسینی ئەو كتێبە بوومەوە، سەیرم پێدێت شانۆكارێكی وەكو قەسەب بڵێت لەئەزموونی شاینا سوود مەند دەبین و لێیەوە فێر دەبین، چونكە كۆی ئەزموونی ئەو پێكهاتەی ئەزموونی شاینایە بە مورتوبەكردنی ڕۆحیانەی گرۆتۆفسكی و كانتور.



هەموو ئەوەی بە ڕۆحی داهێنانی عێراقی و عەرەبی خۆی و ڕەخنەگرانی ناو زەدی دەكەن شتێك نیە، جگە لە گواستنەوەی ئەزموونی شانۆی پۆڵەندی، نەك هەر ئەویش، بەڵكو بەشێك لەشانۆكارانی كوردیش كە قسە لە گرۆتۆفسكی دەكەن لەڕاستیدا دەیانەوێت دەستخەڕۆمان بكەن، چونكە ئەوان یا ئەوەتا دەستخەڕۆن و تێناگەن لەوەی ئەوە گرۆتۆفسكی نیە.

یاخود ئەوەتا دەیانەوێت لە كانتور شاراوەمان بكەن تا سەرچاوەی كارەكانیان نەزانین، ئەوە تا ئەو ساتەوەختەشی لەگەڵ بێت ئەزموونی ئۆرگاستی پیتەر بروكیش بۆ خۆی كاریگەری گەورەی لەسەر نەخشەی شانۆی تازەگەری وئەزموونگەری ئێمەوە هەیە.

بۆ ئەوەی لەم بابەتە دوور نەكەومەوە، ئەوەی تریان دەكرێت لەكتێبی سەربەخۆ بگەڕێینەوە سەری، ئێستا قسەكردنەكە لەسەر ئەم شانۆكارە عێراقییە، لەڕاستیدا ئەم دوو ڕووداوە بۆ من هەڵگرتنی ڕووبەندی گومان بوو دەركەوتنی سیما ڕاستەقینەكانی سەرچاوەو بنەچەكەی ئەزموونەكەیە.

**کە بەداخەوە ئێستا گەنجانێك دەكەونە هەمان دۆخ كە ئێمە لەڕابردوو پێی تێپەڕین، هەڵە لە نەزانین نیە، هەڵە لە هەوڵ نەدانە، بۆیە پێویستە هەمیشە ئەو مەعریفەییەی ئێمە هەمانە ڕوو بەڕووی گومانی بكەینەوە، هەمیشە پرسیارمان هەبێت كە گومان هەبوو پرسیار دیتە ئاراوە، كە پرسیارمان كرد ناچار دەبین بگەڕێین بۆ ئەوەی تێبگەین، ئەوەش خوێندنەوەی ڕەخنەییە بۆ تیۆرو تێگەیشتنە لەمیتۆدە شانۆییەكان، هەر لەو ڕێگایەشەوە دەتوانین گەڕان بەدوای شوناسی نوێگەربوون لەگوتاری نمایشی شانۆیی بێنینە دی، هەر ئەزموونێك نەبووە هۆی خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ پێش خۆی ناتوانیت سیماكانی خۆی بخاتە ڕوو، كاریگەربوونی گرۆتۆفسكی بە ستانسلافسكی نەبووە بە پیرۆزكردنی، بەڵكو بووە توێژینەوەو گەڕان بەدوای ئەوانەی ئەو پێی گەیشتوون تا سەرەنجام بە دەرەنجامی تایبەتی خۆی گەیشت، ئێمەش پێویستمان بەوەیە سەرسام نەبین، بەڵكو سەرسامبوون بە كاریگەری بگۆڕین، تاوەكو بتوانین موقەددەس لەشانۆ درووست نەكەین، بەڵكو بگەڕێین بەناو ئەوانەی گوتاری بنیات ناوە تاوەكو لەهەوڵی گەیشتن بین بە دەرنجامی خۆمان لەشانۆدا نەك دەرەنجامی ئەوانیتر بە پیرۆز بكەین.**

## ئەردۆگان و کێشەی شوناس لەگوتارە شانۆییەکەماندا

سەرەتا ئەوەی تێبینی دەکرێت ناونیشانەکە هێندە ڕوویەکی شیعریی هەیە هێندە مانایەکی فەرهەنگی نیە، بەوەی دەکرێت پەیوەندیی نێوان ئەردۆگان و شانۆ تەنیا وێنەیەکی مەجازی شیعریی بێت، نەوەك وێنەیەکی سیمبولی بێت بۆ مانا فەرهەنگیەکانی شانۆ، بەڵام لەو سەرەتایەوە داوای ئەوە دەکەین کە ئارامگربن، چونکە بابەتەکە ڕێك پێچەوانەوەیە ئەوە وێنەیەکی مەجازی شیعریی نیە، بەڵکو وێنەیەکی سیمبولیە بۆ مانا فەرهەنگیەکەی شانۆ.

ئەو دۆخەی باکوری کوردستان کە بە بڕوای دەسەڵاتی دەوڵەتی تورك دەکرێت شەڕی کولتوریی لەتەکدا بکرێت، بۆ نیشاندانی کورد وەك وێنەیەکی ئەویدی نامۆ، ئەوی ناموسوڵمان، بۆیە ئەردۆگان وەك ئیتیکی هەمیشەیی مرۆڤی تورك، کورد وەك پاشماوەی ئاینی زەردەشتی ناو دەبات، ئەو ناوبردنەی ئەردۆگان تەنیا ساتەوەختێکی هەلچوون نیە لەکورد، بەڵکو هەوڵێکە بۆ شەڕکردنی کولتوریی، چونکە بۆی دەرکەوت کێشەی سەربازی توانای چارەسەری دۆخە سیاسیەکەی نیە، ئەوە لەکاتێکدایە تورکیا تۆمەتبار کراوە بەوەی دۆستی هێزێکی تاریکبینی وەك داعشە.

داعش کە وێنەیەکی ئەودیو ماناکانی ئیسلامە، بەو پێیەی ئەگەر لەڕابردوودا ئێمە وێنەیەکی



ئیسلاممان ناسیوە، کە وێنەی تاکپەرستی و بڕوابوون بەخواوەندە، بەڵام داعش ڕوویەکیتری وێنەی دین دەخاتە ڕوو، لێرەوە ئەوەی بانگەشەی شەڕی کولتوریی لەتەك ڕادەگەیەنرێت ئەوە کوردە، کوردبوون وەك گوتارێکی کولتوریی.

کەوایە ئێمە چۆن ڕووبەرووی ئەو شەڕە دەبینەوە، ئاخۆ شەڕکردن لەسەر ئەوەیە کە ئێمە موسوڵمانین و زەردەشتی نین؟ زەردەشتی بوون و موسوڵمان بوون چی بەگوتاری کوردیی دەبەخشێت؟

کوردبوون پەیوەستە بە بیرکردنەوەی ئەخلاقی ئەو مرۆڤانەی کە سەر بەو شوناسەن، بەڵام کە شەڕی کولتوریی بەرپا دەکرێت، دەبێت شەڕی شوناس ناوبردنی ئەویتر بێت بە ووردە کولتور بەو مانایەی کە کولتوری سەرەکی کولتوری تورکە، چونکە کولتوری زۆرینەیە، کولتوریی کوردیی کە کەمینەیە دەبێتە ووردە کولتور، بەڵام ئایا کێ ڕەوایەتی بەو ووردە کولتورە دەدات؟ لەکوێ ئێمە ووردە کولتورین؟

لەو شوێنەی کە ئێمە زۆرینەنین دەبینە ووردە کولتور، بەڵام ئایا ئێمە لە ئامەد و سنە و هەولێر ووردە کولتورین یان کولتوریی سەرەکین؟ ئەگەر

**بەپێی میتۆدی کۆمەڵناسی سەیری ئەو بابەتە بکەین، کولتووریی کوردیی بەپێی جوگرافیای شوێن دەبێتە سێنترالّی کولتووریی، وەك چۆن کولتووریی کوردیی لە بەغدا و تاران و ئەنقەرە جوگرافیای شوێن کولتورەکەمان کە هی زۆرینە نیە دەبێتە ووردە کولتور.**

**بۆ ئەوەی شەڕی ئەو کولتورە بکەین ئەوەندە بەس نیە کە زمان بکەینە تاکە ئامرازی ئەو شەڕە بەو بیانوەی کە شەڕی ئێمە شەڕی داکۆکیکردنە لە زمان، لەناو مانا فەرهەنگیەکەی ئەو شەڕەدا دەبێت ئەو زمانە ببەینەوە ناو ماناکانی چاوگەی سەرەکی، کە ئێمە و تورکیا لەهەموو کەس باشتر ئەوە تێدەگەین، زەردەشتی بوون پێکهاتەی یادەوەری مرۆڤی کوردییە، بەڵام ئێستای ئەو مرۆڤە نیە، وەك چۆن بۆ بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤە لەو ساتەوەختە هەنووکەییەدا ئیسلامبوون ناتوانێ نوێنەرایەتی ئێستای کوردبوون بکات، چونکە کودبوون بۆ خۆی ئەخلاقی بیرکردنەوەیە، لەئاستە زەمەنیەکاندا.**

**ئەردۆگان درکی ئەو ڕاستیە دەکات، کە کوردبوون وەك فارس بوون یان تورك بوون زادەی دوو قۆناغە، ئەگەر کولتوری فارسی لە کولتورێك کە ڕەزا شا**



**نوێنەرایەتی دەکرد و دواتر لەشۆڕشی ئیسلامی کولتورێکی دینی شوێنی دەگرێتەوە، ئەگەر تورك لە کولتورێکی دینی کە خەلافەتی عوسمانی نوێنەرایەتی تیا کردووە دواتر لەڕێگەی ئەتاتورکەوە دەوڵەتی مۆدێرن بۆ تورکیا درووست دەکات، دەزانێت کوردبوونیش لەنێو کایەی بیرکردنەوەدا چ لە یادەوەری و چ لەداهاتوودا دوو وێنەی جیاوازە بەکولتوری ئەوانیتر، بۆیە ناوی دەبات بە مرۆڤی زەردەشتی.**

**ئەگەر بەر لەداگیرکردنی ئیسلام بۆ ناوچەکە، کوردیی مرۆڤێکی ئاگرپەرستە و تێکستی دینی خۆی هەیە، دواتر سەرباری داگیرکردن و زەوتکردنی هەموو شتەکانی، سەرەنجام دەبێت بە موسڵمان، بەڵام دەوڵەتی دینی چ ئەوەی کۆماری ئیسلامی یاخود لەمۆدی خەلافەتی عوسمانی پێك نایەت، ئەوەش زادەی حەقیقەتی نامۆبوونە بە کولتور.**

**بۆیە دەزانێت ڕووی دووەم پێکهاتنی دەوڵەت یان ئەو ڕووبەرە سەربەخۆیە سەرەنجام نابێت بە فۆڕمێکی دینی، جا ئەو مۆدیلە ئۆجەلانی بێت یاخود بارزانی یا تاڵەبانی، سەرەنجام شتێك دەبێت**

**بەدڵی ئەو نابێت، بۆیە وێنەی گوناهبارکردنی کوردیی زادەی بەشەیتان ناوبردنیەتی، ئەو وێنە ڕەمزیەی ئەردۆگان لەڕێگەی ووشەوە مومارەسەی دەکات، هێزێکی وەکو داعش لەڕووی سەربازیەوە مومارەسەی دەکات، ئەگەر ئەردۆگان کوردبوون لەناو مرۆڤی زەردەشتی ئاگر پەرست ببینێت، داعش بەهەمان شێوە شەڕی لەگەڵ یەزیدی و تراژیدیای شنگال زادەی ئەوەیە کە ئەوان بە زەردەشتی دەزانێت و مەلەك تاووس بۆ ئیسلام شەیتانە، چونکە ئاگر پەرست بووە.**

**ئەو دوو وێنە ڕەمزی و عەسکەریە تەواوکردنی یەك وێنەی ڕاستەقینەیە کە کوردبوون بۆ گوتاری دینی و خەونی خەلافەتی تورکی هاو واتایە بە مرۆڤە ئاگر پەرستەکان، ئەو مرۆڤانەی زمانەکەیان بە ووردە کولتور دەناسن و بە زمانی شاخی ناوی دەبەن، وەك چۆن تەواوی زنجیرە دراما تورکیەکان هەمیشە توندڕۆکان بریتین لەخەڵکی شاخاویی و تێکدەر و ژیانی مەدەنی دەشێوێنن، هەر ئەوەش لەکۆتایی هەشتاکاندا ئەو وێنە خراپەی بە کورد دەدرێت وا لەنووسەری شانۆیی هارۆلد پینتەر دەکات شانۆگەری "زمانی چیا" بنووسێت، کە ئەو**



**کات و ئێستاشی لەگەڵ بێت دەسەڵاتی تورکی ڕق و بێزاریەکی زۆری بەرامبەر بەو شانۆگەریە هەیە.**

**دەوڵەتی تورکی لەوە تێدەگات کە شانۆ چ گرنگیەکی هەیە لەژیانی کولتورییماندا، بۆیە هەمان ئەو تێگەیشتنەی پینتەر ڕاستەوخۆ بەوان دەگات، کەوایە کە دەبینین کێشەی شوناس کە کێشەی کولتوریە، ئاخۆ نامانباتە سەر ئەو پرسیارەی ئێمە چۆن چارەسەری کێشەی کوردبوون بکەین لە شانۆدا؟**

**بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە هەوڵ دەدەین لە دوو ئاراستەوە ئیش بکەین یەکێکیان لەدەروازەی شانۆنامەکەی بینتەر و ئەویتریشیان لەدیدگایەکی تەواوی کولتوریی بۆ ئاینی زەدەشتی، هەر ئەوەش ئەو هۆکارەیە کە لەسەرەتای ئەو ووتارەدا ئاماژەمان بۆ کرد کە ناونیشانی ووتارەکە پەیوەست نیە بە مەجازیەتی وێنەی شیعرییەوە، پێموابێت ئێستا هەمووان لەگەڵمدا هاوڕان کە بابەتەکە تەواو شانۆییە، چونکە چارەسەری کێشە نەتەوەیی و سیاسیەکان کە کەوتۆتە ناو شەڕی کولتورییەوە، چۆن لەڕێگەی وێنەیەکی شانۆیی بۆ کولتور دەیخەینە ڕوو.**

ئێمە هەر لەسەرەتاوە بەر لەوەی بچینە ناو تێکست، ناونیشان بۆ خۆی ئینتیماکردنە بۆ ناو بابەت بەوەی هەڵگری ناوی "زمانی چیا" یە، ئەو ناونیشانە ڕووبەرووی ئەو دەلالەتەمان دەکاتەوە کە زمانی قسەکردن هی مرۆڤگەلیکن کە خەڵکی چیان، واتە ئەوان چیاین، ئەوە زمانی گروپێکی کۆمەڵایەتی دەست نیشان کراوە، بەواتایەکیترە کارەکتەرەکان ئەو مرۆڤانەن کە ئینتیمای شاریان نیە، شار وەك سیمبولێکی دنیای مۆدێرن ئەوانی لێدابڕاوە، بۆیە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو گروپە پەیوەندی مرۆڤگەلێك نین کە پەیوەست بن بە دنیای مۆدێرن وخاسیەتەکانی شاربوون.

ئەو دەمەی لەدیمەنی یەکەمدا دەبینین هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵە ژنێك دەردەکەون، دەیالۆگ ململانێی نێوان ژن ودەسەڵاتە بەو پێیەی گاز لە ژنێکە گیراوەو پۆلیسیش بەپێی نەریتی خۆی کە دەچێتە ناو ووردەکاریەکەوە، کە وێنەیەکی کاریکاتۆریانەی دەسەڵاتێکی زەبروزەنگ دەخاتە ڕوو، بەوەی سەگێك لەلای ئەوان نرخی لەو مرۆڤانە زیاترە، کارەکتەر وەك فەرد ئامادەبوونی نیە، بەڵکو کارەکتەر بریتیە لەکۆی ئەو ژنانە ئەوانەی لە چیاکان دادەنیشن.

بۆیە ئەوانیش پۆلین کراونەتە سەر کۆمەڵە مرۆڤێك کە نامۆن بەدنیای نوێ، ئەو نامۆبوونە وێنەیەك نیە کە ڕەهەندی کولتووریی وئەخلاقی هەبێت، بەڵکو وێنەیەکی زەبروزەنگی دنیای مۆدێرنە کە



فەیلەسوفێکی وەکو فۆکۆ هەراسان دەکات بەوەی کاتێك شێتەکان لە عاقڵەکان جیا دەکەنەوە بیانویەك نیە، چونکە شێتی نەخۆشیەك نیە تا مرۆڤەکان لەیەکتری بگرنەوە.

ئەو تێگەیشتنەی فۆکۆ بۆ دنیای مۆدێرن وێنەیەکی ئامادەی ناو دەسەڵاتی تورکیە لەتێکستەکەی پینتەر، بەوەی ئەوانەی بە زمانی چیا قسە دەکەن هەڵگری نەخۆشیەکی پێست نین تاوەکو شاریەکان لێیان بترسن و یاخود شتێك هەبێت ئەوان لەوان نزمتر بن، ئەوە تەنیا بیرکردنەوەی ئەو وێنە تۆقێنەرەیە کە لەڕێگەی فۆڕمی دەوڵەتی ئەتاتورکی کە فۆڕمی مۆدێرنەی تورکە بنیاتنراوە.

دواتر ئێمە لەوە تێدەگەین لەبنەڕەتدا ژنەکان بۆ سکالاّ نەهاتوونە، بەڵکو هاتوون پیاوە زیندانیەکانیان ببینن، بەڵام بەدەم ئەم چاوەڕوانیەوە سەگێك گازی لەو ژنە گرتووە، لێرەدا ئەو دابەشکاریە ڕەگەزیەی دەسەڵات مۆدێکی تۆتالیتاری دەخاتە ڕوو، کە لەچەمکە فۆکۆییەکەی ناوی دەبەین بە دەسەڵاتی سزا.

بەواتای ئەو دەسەڵاتە هێشتا توانای ئەوەی نیە دەسەڵاتی مۆدیرنەی لەفۆڕمێکی مۆدێرن بنیات

بنێت، بۆیە دەسەڵاتی سزا کە دەسەڵاتێکی خێڵەکیە و بەرهەمی بیرکردنەوەی خەلافەتی عوسمانیە، بۆیە ئەو دەوڵەتە مۆدێرنەیە لێرەدا لەناو دوو فاقیەتی "عوسمانی/ ئەتاتورك" فۆڕمی دەوڵەت بوون درووست دەکات، هەر ئەوەش وای کردووە ژنەکان لە چیاکان بن و پیاوەکان لە زیندان.

دەسەڵاتی مۆدێرن کە لەفۆڕمە نازیەکەی بە بیۆدەسەڵات ناسراوە، ئەویش بەدوای هەردوو فۆڕمی دەسەڵاتی سزا و دەسەڵاتی کاریزما دێتە بوون، ئەگەر دەسەڵاتی کاریزما وێنەیەکی ئەتاتورکیە، بەڵام ئەو وێنەیە قۆناغی خۆی ناژیێت، بۆیە بیۆ دەسەڵات کە فۆڕمی هۆڵۆکۆست ونازیەت وەك جۆرێکی دەسەڵات کۆ دەکاتەوە، بەڵام لەو تێکستەدا دەسەڵات کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی تورکیە بەرهەمی دەسەڵاتی سزایە، ئەو جیاکاریە ڕەگەزیە و زیندان کردنە کۆلاژێکی دەسەڵاتە لەنێوان عوسمانی و ئەتاتورکی کە ئێستای دەوڵەتی تورکی بنیاتناوە "مێردەکانتان، کوڕەکانتان، باوکەکانتان، هەموو ئەو پیاوانەی ئێوە چاوەڕوانیان دەکەن گەندە وهیچوپووچن، ئەوانە دوژمنی وڵاتن، هیچ وپووچ وگەندەن" خاکی بێ



خاوەن.. زمانی چیا.. خۆڵەمێش، هاڕۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی عەلی عوسمان یاقووب، زنجیرەی شانۆی بیانی (62) 2012، لا 125

ئەو دەسەڵاتە چونکە لەنێوان دوو عەقڵیەتدا کار دەکات یەکێکیان بەرهەمی خەلافەتە ئەویتریشیان پەیوەستە بە فۆڕمێکی مۆدێرن بۆ دەوڵەت، بۆیە ئەوە هەرچەندە لەڕووی دەسەڵاتی سزا پەیوەستە بە خەلافەتەوە، کەچی لەڕووی سڕینەوەی زمان هەڵگری ئەو عەقڵیەتە مۆدێرنەیە، کە تێدەگات زمان شوناسی کولتوریی مرۆڤەکان دەخاتە ڕوو، بۆیە زیندان هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی زمانی چیا، سڕینەوەی ئەو زمانە لێسەندنەوەی شوناسی کولتورییە لە مرۆڤەکان، ئەوە ئەخلاقێکی مۆدێرنەیە، بۆیە بە ژنەکان دەوترێت بۆیان نیە لەگەڵ پیاوەکانیان بە زمانی چیا قسە بکەن.

زمانی قسەکردنی ژنەکان گرفتی سەرەکیە لەبەردەم دەسەڵاتێك کە هەمووی بە پۆلیس دەور دراوە، ئەوەش یەکێکە لە میکانیزمەکانی فاشیزمی عەسکەری کە لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵگا سەرکوت دەکات و خەسڵەتی بێدەنگی دەخوڵقێنێت، بۆیە ئەگەر بەزمانی چیا قسە بکەن، بەلای پۆلیسەکان وا باشترە ژنەکان بێدەنگ بن.

لەڕاستیشدا هەر وایە ئەو هەوڵەی ئەوان بۆ بێدەنگکردنە، بۆیە دەنگ دەبێتە هەوڵێك بۆ

ناشیرینکردن و شوناسی کولتووریی دەگۆڕنە سەر شوناسی ئەخلاقی، ئەوەش یەکێکە لەو میکانیزمە ترسناکانەی دەوڵەتی مۆدێرن بە عەقڵیەتی خەلافەییەوە بابەتی جەستە دەکاتە هێزی سەرکوتکردن، ئەو کاتە ئەگەر دەرفەت بدرێت بەزمانی چیاش قسە بکەن، ئیتر ئەوان چوونەتە خەسڵەتی بێدەنگیەوە، چونکە شوناسی کولتووریی لە زمان سەندراوەتەوە و زمان وەك سزایەکی دەسەڵات شوناسی ئەخلاقی پێدراوە.

کەواتە چارەسەری گوتاری شوناس لە زمانی چیادا چیە؟ زمان وەك سیمایەکی کولتووریی مرۆڤی کۆمەڵگایەك شوناسی ئەو کۆمەڵگایە دەخاتە ڕوو، کۆمەڵگای تێکستەکەی پینتەر کۆمەڵگایەکە زمان وەك سیمای مرۆڤی نامۆ ودوور لەخەسڵەتی شاری دەبیینین، کە لەڕاستیدا ئەوە بەمەنفی کردنی مرۆڤەکانە بۆ ناو چیا ودواتر زمانەکەشیان وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو مرۆڤانە بە پاشماوەی زەمەن دەیانخاتە ڕوو، بۆیە کوردبوون لێرەدا وەك کێشەی مرۆڤی چیایی دەردەکەوێت، ئەو گروپە چیاییە کە گوزارشت لەکوردبوونی ئێمە دەکات، شوناسی مرۆڤە نامۆکانن، بەڵام ئەو نامۆبوونە چۆن



دەکەینەوە میکانیزمێك بۆ بەگژداچوونەوە، بەرامبەر بەو ترسە ئەردۆگانییەی کە لەو کۆمەڵگایە هەیەتی؟ ئەو تێکستە ڕووبەرێکی زمانەوانی گرنگە بۆ بەگژداچوونەوە، توانای ئەوەی هەیە وەڵام بەبەشێکی گرنگی پرسیارەکانی ئێمە بداتەوە، وەستانەوەیە بەرەو ڕووی ئەوانیتر کە سڕینەوەی شوناسی ئێمە چ مانایەکی هەیە، ئێمە لەشەڕێکی ناسیۆنالیستیەوە بەرەو شەڕێکی کولتووریی هەنگاو دەنێین، کە ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیاکەی لەدەست دەدات و ڕەهەندە فەلسەفیەکەی لەناو گوتارە شانۆییەکە دەردەکەوێت، ئەوەش پێویستی بەخوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی هەردوو کۆمەڵگای کوردیی و تورکی هەیە لەناو تێکستەکەدا، کە لەبنەڕەتدا مانایەکی شانۆیی بەکێشەی کوردبوون دەبەخشرێت.

دەرخستنی ئەو وینە مەجازیەی کە چۆن زمانی چیا زمانی مرۆڤی بەربەری نیە وەك پۆلیس ودەزگاکانی چەوساندنەوە وێنای دەکەن، بەڵکو زمانی مرۆڤگەلێکە کە پاکیزەییان وای لێکردوون مەنفی بکرێن وسەرەنجام لەدەرەوەی مانای مەنفی بوونیشیان، ئەوان کارەکتەری دڕندە نین، بۆیە

دەبینین ئەوەی گاز لەژنەکە دەگرێت مرۆڤی چیا نیە، بەڵکو سەگی پۆلیسیە، ئەو سەگە لەڕووی مەجازیەوە دەتوانرێت وا بخوێنرێتەوە کە گیاندار نیە، بەڵکو بەشێکی تری میکانیزمەکانی دەزگای چەوساندنەوەی دەسەڵاتە، کە لەگەڵ پۆلیس بەیەکەوە وێنە تۆقێنەرەکانی دەسەڵات پێك دێنن.

لەو کاتەدا ئێمە کێشەی شوناسی مرۆڤی کوردیی وەکو تێکست لەناو دنیابینی ئاستی باڵای تێکست دەخەینە ڕوو، لەڕووی هونەریشەوە خوێندنەوەی ئێمە بۆ بونیادەکانی کۆمەڵگا و بۆ تێگەیشتن لەو دەسەڵاتە نە لەڕێگەی زەبرو زەنگی هێزەوەیە، نە لەڕێگەی ڕقلێبوونەوە لە ئەویترە، بەڵکو لەڕێگەی کردەی دەرهێنان ونواندنی شانۆییە.

لێرەدا ئێمە فەزای تێکستەکەی پینتەر بەجێدێلین وهەوڵ دەدەین لەئاراستەیەکیتردا چارەسەری کوردبوون وەك گوتارێکی کولتوریی بخەینە ڕوون بەوەی چۆن پرسیارە شانۆییەکان لەناو گوتارە کولتوریەکەماندا بەرجەستە دەکەین.

ئەردۆگان بۆیە کورد بە زەردەشتی ناو دەبات، بەو پێیەی یادەوەری مرۆڤی کوردیی یادەوەری مرۆڤی زەردەشتی بووە، دواتر ئەو مرۆڤە لەڕێگەی غەزای



ئیسلامەوە بەویستی خۆی بووبێت یاخود بەزەبری شمشێر بۆتە موسوڵمان، بەڵام ئەردۆگان دەیەوێت بیر کۆمەڵگای عیلمانی ئەتاتورکی ناو ڕۆحی خەلافەتی عوسمانی بێنیتەوە کە دین لەسەرووی هەموو شتێکە و کوردەکانیش موسوڵمان نین و زەردەشتین.

ئەگەر ئاین بەشیك بیت لەسیما کولتوریەکانی نەتەوە، ئەوا زەردەشتی بوون ومەسیحی بوون و ئیسلامبوونیش هەر یەکەی بەشێکی بەردەکەوێت لەناو کولتوریی کوردیی، ئێرانیەکان شەڕیانە لەسەر ئەوەی زەردەشت وئاگر پەرستیەت موڵکی ئیرانی موسوڵمانە، بەڵام ئەوە زاکیرەیە، کەچی ترسی ئێمە لەوەی بە ئەردۆگان بڵیین: نەخیر من زەردەشتی نیم و موسڵمانم، پێم وایە ترسیکی بێمانایە، چونکە سەرەنجام ئەوە پەیوەستە بە ڕابردووی کورد وەك چۆن پەیوەستە بە ڕابردووی مرۆڤی فارسەوە.

لێرەدا زەردەشتی بوون گوتارێکی کولتوریە، کە دەتوانین ئەو یادەوەریە دینیە بکەینە هێزی خوێندنەوەی ئێستای مرۆڤی کوردیی، وەك ئەوەی پیتەر بروك لە نمایشی "ئۆرگاست" دەیکات، کە

چۆن سەر لەنوێ ئەو کولتورە لە یەکەیەکی شانۆیی دەخوێنینەوە، زمانێکی گەردوونی لەڕێگەی دەنگەوە بەو کولتورە دەبەخشین، ئەوە هەوڵێك نیە بۆ بەپیرۆز کردنی زەردەشتیەت، بەپێچەوانەوە ئەوە پڕۆژەیەکە بۆ دەرکەوتنی سیمای کوردبوون لەشانۆیەکی گەردوونی کە هەموان بتوانین تێیبگەین، چونکە نایەین شتەکانی تیا سادە بکەینەوە، بەڵکو لەو کاتەدا ئیش لەسەر چەمکی گەردوونیەکان دەکەین بەو پێیەی کوردیش کارەکتەرێکی نێو ئەو دنیاییە.

ئەوەش ڕوویەکیتری گوتاری کوردبوونە کە ئەردۆگان وەك ترس سەیری دەکات دەتوانین بیخوێنینەوە و شانۆیەکی ئاست باڵا لەڕووی فۆڕم و زماندا تیایدا بەرجەستە بکرێت، ئەوە تەنیا بۆ نمایشێك نیە، بەڵکو دەتوانرێت وەك هەوڵدان بۆ پڕۆژەی جیاوازی شانۆیی کاری تیا بکرێت، کە ئێمە لەو بوارەدا لەساڵانی 2006–2011 کۆمەڵێك ئەزموونی پراکتیکیمان لەشاری کەرکوك نمایش کرد لەوانە "ئۆدیبی زەردەشتی، هاملێتی کەرکوك، ئەنتیگۆنای قەڵا" کە چۆن لەناو کولتوری ئەویتر دێینەوە ناو کولتوری من و لەڕووبەری نمایشدا



کولتورەکان لە کەرنەڤاڵێکی دەنگ وجەستە دەیانەوێت پرسیارە شاراوەکانی ئەو مرۆڤە بخەنە ڕوو، کە کێشەکان کێشەی زمان نەبێت بۆ ئەوەی تێی نەگات، بەڵکو ئەو جیاکاریە زمانەوانیەی ئەردۆگان و ئەوانیتر دەیخەنە ڕوو.

ئێمە لەنمایشدا ئەوە بەرجەستە بکەین کە کێشەکە پەیوەست نیە بە زمانەوە، بەڵکو کێشەی عەقڵ وبیرکردنەوە و دەسەڵاتی تۆتالیتاریە، ئەوەش لەنمایشی کولتوریی، نەك نمایشی کەلەپووری، گرفتی بەشێك لەو کارانەی کە ویستویانە کوردبوون بەرجەستە بکەن بەناوی کولتورەوە هەمیشە کەلەپووریان وەك چیرۆکێکی ڕابردوو دابڕاو لە ئێستامان نمایش کردووە، کە ئەوەش هێندەی خزمەتی بە دەسەڵاتی ئەویتر کردووە بەهیچ جۆرێك نەیتوانیوە گوتاری کوردبوون لەنمایشدا وەك زەمەنی هەنووکە بخوێنێتەوە.

ئەو باسە بۆ ئێمە چەندە چارەسەرێکی ئەخلاقیە بۆ گوتاری کوردبوون، بەهەمان شێوەش گوتارێکی شانۆییە کە چۆن بەدوای شانۆیەکی جیاواز دەگەڕێین شانۆیەك کە خاڵی نەبێت لەکێشەکانی مرۆڤی کوردیی و گرفتە ئەخلاقیەکانی لەبەردەم

هێزی تۆلیتاردا، هەر ئەوەش وادەکات ڕاکێشانی ئەردۆگان لێرەدا بۆ ناو بابەتێکی شانۆیی هەرگیز وێنەیەکی مەجازی شیعریی نەبێت، بەڵکو وەك دەبینیت وەك وێنەیەکی سیمبولی بۆ مانا فەرهەنگیەکانی شانۆ هێنامانە ناو بابەتەکەوە.

ئەویش پەیوەستە بە پڕۆژەی بیرکردنەوەی شانۆیی کە چۆن بیرکردنەوە دەبێتە ڕووبەرێکی کراوە بۆ خوێندنەوەی زانستیانەی تیۆری ناسینی کۆمەڵگا.

دەستپێك ........................................٥

**بۆشاییەکانی نووسین**

شەڕ و سێکس و مەرگ ................... ١١
چارەسەری دەرهێنانی شانۆیی ........... ٤٩

**ئامادەبوونی ماڵ لەشانۆدا**

تێڕوانینێکی گشتی بۆ ماڵ ............... ٨٩
گەڕانەوەی ئۆدیب.......................... ٩٣
هاتنە دەرەوەی نورا ........................ ٩٦
هاتنە دەرەوە لەماڵ .......................... ١٠٠
ماڵ ڕووبەرێك بۆ کوشتنی نەوەکان ....... ١٠٤
گەمەی کوشتنی دایە و بابە ............. ١٠٧
گەڕانەوەی مرۆڤی مۆدێرن بۆ ماڵ .........١١٠
پەیوەندی کارەکتەر بە یادەوەریەوە ...... ١١٦
ماڵ لەشانۆی سویدیدا................... ١٢٥
چەمکی گوناهی ماڵ ................... ١٢٧
دۆزینەوەی ماڵێك بۆ کوێرەکان ......... ١٥٠
عەبا بۆ شاردنەوەی نهێنیەکانی ماڵ ..... ١٧٩
ماڵ شوێنێك بۆ کارەکتەر ............ ١٩٠
ماڵ لەشانۆی کوردیدا............... ١٩٣

**تاداشی سوزوکی: کولتوور جەستەیە**



سوزوکی لەنێوان کولتوورو شانۆ ......... ٢٠٨
بەشێتخانەبوونی شانۆ................ ٢١٥
شانۆی یادەوەری کولتووریی.............٢٢٠
کاریگەری جەنگ لەسەر کولتوور........... ٢٢٤
ئامادەبوونی جەستە..................... ٢٢٩
ئاراستەیەك لەشانۆی پۆست مۆدێرنیتی ....٢٣٢
خۆرهەڵاتیەك لەخۆرئاوا.................. ٢٣٤

**تیۆر و شانۆ**

شانۆی وێنەیی ..................... ٢٤٠
پێکهاتەکانی نمایش.................. ٢٤٥
شانۆی کراوە........................ ٢٥٨

**شانۆ و بیرکردنەوە**

پێشنیارێکی شانۆیی ................ ٢٩١
گەڕان بەدوای تازەگەری................ ٣٠٣
کێشەی شووناس ................. ٣١١